# ڕاپۆرتی ساڵی دووەمی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١ - ٢٠٢٥)

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

نیسانی ٢٠٢٤

# ناوەڕۆک


| ناوونیشان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٤ |
| وەزارەتی داد/ داواکاری گشتی | ١٠ |
| وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە | ٢٢ |
| وەزارەتی ناوخۆ | ٣٨ |
| وەزارەتی دارایی و ئابووری | ٦٠ |
| وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | ٦٧ |
| وەزارەتی تەندروستی | ٧١ |
| وەزارەتی پەروەردە | ٨٩ |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | ٩٨ |
| وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار | ١٠٤ |
| وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ١١٥ |
| وەزارەتی پلاندانان | ١٢٢ |
| وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | ١٣٢ |
| وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | ١٦٦ |
| سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | ١٧٦ |
| وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | ١٧٩ |
| وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ١٩٣ |
| وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | ٢٠٩ |
| وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن | ٢١٥ |

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ........ ٢٢٣
وەزارەتی کارەبا........ ٢٣٢
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ........ ٢٣٨
دەستەی وەبەرهێنان........ ٢٤٦
دەزگای گشتی کاروباری مین........ ٢٥١
ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان........ ٢٥٦
دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان........ ٢٦٦
بەرێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر ........ ٢٧٦
دەستەی دەستپاکی........ ٢٨١
کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ........ ٢٨٨
یەکێتیی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ........ ٢٩١
پەرلەمانی کوردستان........ ٢٩٦
ئەنجومەنی دادوەری ........ ٣١٥

## پێشەکی

دوای پەسەندکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ئەیلولی ٢٠٢١، راپۆرتی یەکەم (راپۆرتی پلانی کار) بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ئامادەکرا و ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە هەر دەسەڵاتێک دەستنیشان کران و کەوتە بواری جێبەجێکردن.

دوای وەرگرتنی تێبینی لە هەر سێ دەسەڵات، لە حوزەیرانی ٢٠٢٢ ڕاپۆرتی دووەم (ڕاپۆرتی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) ئامادەکرا کە تیایدا ڕاسپاردە جێبەجێکراو وجێبەجێنەکراوەکان دیاریکران و پێشنیاری پێویست پێشکەش کرا بۆ مەبەستی پیادە کردنی هەنگاوی خێرا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان.

لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ڕاپۆرتی سێیەم (ڕاپۆرتی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) پیشکەش بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران کرا لە بەرواری ٢٠٢٣/١/١٥ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

هەروەها لە مانگی ئایاری ٢٠٢٣ راپۆرتی چوارەم (راپۆرتی پۆلینکاری جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەپێی دام و دەزگاکان) ئامادە کرا کە تێیدا رێژەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان بەپێی دام و دەزگاکانی هەرێم بۆ سێ بەش پۆلین کران جێبەجێکراو، جێبەجێ نەکراو و ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان.

راپۆرتی پێنجەم هەڵسەنگاندنێکی گشتگیری بەراوردکاری خستەڕوو بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بەپێی بابەتەکان لە سەرەتای پەسەندکردنی پلانەکە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ تا تەمموزی ٢٠٢٣. لە ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆی (٤٠٠) ڕاسپاردە (١٣٩) ڕاسپاردە جێبەجێکراون، (٢٢٦) ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون، (٣٥) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردن دابوون، بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (١٧١) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون کەم بوونەوە بۆ (١٢٧)، ئەو راسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١٠٢). رێژەی جێبەجێکردنی راسپاردەکانیش بەم شێوەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە ساڵی ٢٠٢٢ راسپاردە جێبەجێکراوەکان (٣٤،٨٪)، راسپاردە جێبەجێ نەکراوەکان (٥٦،٥٪) ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان (٨،٨٪). بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٣ راسپاردە جێبەجێکراوەکان (٤٢،٨٪)، راسپاردە جێبەجێ نەکراوەکان (٣١،٨٪) ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندان (٢٥،٥٪) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

راپۆرتی شەشەم (راپۆرتی ساڵی دووەمی جێبەجێکردنی پلانەکە) هەڵسەنگاندنێکی گشتگیری بەراوردکاری دەخاتەڕوو بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بەپێی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لە نێوان کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ تا کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣. پلانەکە لە ئێستادا لە (٤٠٠) راسپاردە پێکهاتووە بە راسپاردەکانی لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبیشەوە.

لە دەستپێکی کانوونی دووەم تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، حکومەتی فیدراڵ، دیبلۆمات، کونسڵخانەکان، ئاژانسەکانی یوئێن، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (١٤٠) سەردان و دیدار ئەنجامدراوە. لەلایەکی تر (١٨) کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و (٥٩) خولی ڕاهێنان، وۆرکشۆپ ڕێکخران، بەشداری کراوە لە (١٥) کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد (NCC) و کۆبوونەوەی هاوبەش لە بارەگا سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. (١٥) ڕاپۆرت و زیاتر لە (٩٦) لێدوان و بەیاننامە بڵاوکراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە (٧٧٣) نووسراو لە چوارچێوەی جێبەجێ کردنی هەنگاوەکانی سەرپەرشتی کردنی پلانی حکومەتی هەرێم ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دامودەزگاکانی تری حکومەت کراوە و نزیکەی (١٤٧٢) ئیمێڵ ئاڵوگۆڕ کراوە لەگەڵ لایەنە حکومییەکان، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کونسوڵی (٢٨) وڵات، دیبلۆماتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و دەزگاکانی راگەیاندنی نێوخۆیی و بیانی.

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و سیمینارانەی کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە دەرەوەی هەرێم بە بەشداری لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم ئەنجامدران لە ساڵی ٢٠٢٣ نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان (١٠) ڕێکاری دەرکرد لە بوارە پەیوەندیدارەکان لەوانە نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، بەخشینی ئەندامانی جەستە، بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان، مافی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، نەهێشتنی گوتاری رق لێبوونەوە، نەهێشتنی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان، ئازادی رادەربڕین، نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر.

ئەم ڕێکارانە بە گشتاندن لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن لە چوارچێوەی پلانەکە، لە هەمان کاتدا پرۆسەی جێبەجێکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی دام و دەزگاکان خێراتر بکرێن وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

لە پرۆسەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێکارەکان وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکان، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان هەنگاوی پراکتیکییان هاوێشتووە لە هەمان کاتیشدا هەماهەنگی لەنێوان دەزگا فەرمییەکان پتەوتر بووە و لە ڕووی ئالنگاریش دیدی لایەنەکان روونتر و شەفافتر بووە لەو ڕووەوە تا ڕاددەیەک ئاستەنگەکان هاوبەش و یەکسانن بۆ ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها ڕەهەندی جیاجیان هەیە.

لە ڕووی هەماهەنگی و پاڵپشتی هەرچەندە بەردەوام لە راوێژ و گفتوگۆدا بووینە لەگەڵ دامەزراوە تایبەتمەندەکان بەتایبەتی کۆمەڵگای مەدەنی، سەندیکا، ڕێکخراوەکان، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کونسولگەرییەکان، ئۆرگانی تری نێودەوڵەتی و دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە ئەنجامدا تێبینی و سەرنجی

لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەند وەرگیراوە بەتایبەتی لە میانەی ئامادەکردن و دابەشکردنی رێکارەکان بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی.

لە میانەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە تێبینی ئەوە کراوە کە ژمارەیەک لە ئالنگارییەکان ئێستاش بەربەستن لە خێرا جێبەجێ کردنی راسپاردەکان لەوانە ژمارەیەک لە راسپاردەکان لەرووی جێبەجێکردنەوە بەرپرسیاریەتییان هاوبەشە، وەزارەت و دەزگا جیاجیاکان بەپێی تایبەتمەندێتی رۆڵی لاوەکی دەبینن لە جێبەجێکردنیان، واتە تایبەت نین بە وەزارەتێکی دیاریکراو. بەشێک لە وەزارەت و دام و دەزگاکان رۆڵی سەرەکی دەبینن لە جێبەجێکردنی راسپاردە هاوبەشەکان، لێرەدا کە لایەنەکان بە هەماهەنگی رۆڵی خۆیان ئەنجام نەدەن راسپاردەکان بە جێبەجێ نەکراو ئەژمار دەکرێت.

لە میانەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە تێبینی ئەوە کرا کە هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت وەک پێویست نییە بەتایبەتی لە بابەتی ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکان و هەوار کردنەوەیان کە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر جار دەرچوونی یاساکان دوا بکەوێت. ئەو پرۆژە یاسایانەی کە لە حکومەتەوە گشت قۆناغەکانی بڕیوە دەنێردرێن بۆ پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی راوێژکار و پسپۆرانی یاسایی وردبوونەوە لە پرۆژە یاساکاندا دەکات بۆ ئەوەی تێبینی و سەرنجی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەکو خۆی تێیدا باس بکەین پرۆژە یاساکە دەگەڕێندرێتەوە حکومەت و دەبێ دووبارە گشت رێکارەکان بگرنە بەر پێش خوێندنەوەی پرۆژە یاساکە و دەنگدان لەسەری لە پەرلەمان ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دەرچوونی یاساکان بەپێی راسپاردەکان دوا بکەوێت.

لەلایەکی ترەوە ئەنجومەنی دادوەری لایەنێکی گرنگی پرۆسەی هەماهەنگی و بەدواداچوونە بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەتیان دامەزراندووە بۆ پاڵپشتی کردن لە جێبەجێکردنی راسپاردەکان و پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی لە بابەتی خێراکردنی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان و یەکلایی کردنەوەیان. دەسەڵاتی دادوەری بەردەوام بووە لە بابەتی هۆشیار کردنەوە و پەرەپێدانی ئاستی توانای دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی لە خولی جۆراوجۆردا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە دادوەر تێیدا ئامادە بوونە، هەروەها لە بابەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەم دواییەدا دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی دانراوە کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان، هەرچەندە ئالنگاریشی لە پێشە کە بریتییە لە کەمی ژمارەی دادوەران. سەبارەت بە دانانی سەقفی زەمەنیش لە یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکاندا، دواکەوتنی یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان دەگەڕێتەوە بۆ زۆری کەیسەکان، دابین نەکردنی پێداویستییەکان، کەمی دادوەر و فەرمانبەری دادی کە دەبێتە هۆی دواخستنی دادبینییەکان.

لە پرۆسەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی راسپاردەکانیش بابەتی گونجاندنی تەوەرەکانی پلانی هەرێمی وەک پێویست نەخراوەتە بەرنامەی کاری وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکان، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان. ژمارەیەک لە راسپاردەکان لەرووی جێبەجێکردنەوە پەیوەندیدارن بە پلانی نیشتمانی حکومەتی فیدراڵی لەرووی یاسایی و پەسەند کردن و چوونە نێو رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، لێرەدا لەسەر ئاستی هەرێم لایەنە

پەیوەندیدارەکان ئەوەی بەدی دەکرێت کارا نین لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی ئیتحادی و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.


بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و فەرمانگەی میدیا و زانیاری کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەرانی (٢٤) وڵات لە هەولێر ئەنجامدا بۆ خستنەڕووی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و قۆناغ و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی وڵاتان وێڕای دەستخۆشی کردن لەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم و خستنەڕووی تێبینی و سەرنجەکانیان، ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی ئەو راسپاردانە هەرچەندە هەنگاوی پراکتیکییان نەبووە سەبارەت بە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی پلانەکە. لایەنی نێودەوڵەتی کە بەشێکی گرنگە لە پاڵپشتی یاسایی و خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە لەرووی ئەزموون و شارەزایی کاریگەر نین لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەت بەتایبەتی کونسوڵگەرییەکان. ئەوەی کە تێبینی کراوە ئەم لایەنانە تا ئێستا زیاتر سەرقاڵی ئاڵوگۆڕی زانیارین.

لە رووی میدیاییەوە پێویست دەکات پێوەرە سەرەکییەکانی پلانی هەرێمی لە میدیای فەرمی، سۆشیال میدیا، بینراو، بیستراو و نووسراو بایەخی زیاتری پێ بدرێت. هەروەها بەرنامە و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێم لە جێبەجێکردنی بنەما نێودەوڵەتییەکان بە پانێل و دیبەیت و گفتوگۆی کراوە لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی فراوانتر بخرێتە بواری جێبەجێکردن بۆ مەبەستی وشیار کردنەوەی رای گشتی لەسەر پلانەکە.

لە میانەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ لە رێکەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، حکومەتی ئیتحادی، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، نووسینگە رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران یەکەمین کۆنفرانسی ڕووبەڕووبەنەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان رێکخست.


## دەسەڵاتی جێبەجێکردن

جگە لەو (٤٠٠) ڕاسپاردەیەی ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراون (٤٨) ڕاسپاردەی هاوبەشیش هەیە لە نێوان وەزارەت و دام و دەزگاکانی هەرێم کە کۆی گشتی دەکاتە (٤٤٨) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کراون. لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢٠٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراون، (١٥٩) ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون، (٨٥) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردن دابوون. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢٧١) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون کەم بوونەوە بۆ (٥٦)، ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١٢١). ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە (٧٤٫١٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 204 | 67 | 271 |
| جێبەجێنەکراو | 159 | 56 | 56 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکرادن دایە | 85 | 121 | 121 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 448 | | |

هێڵکاری ١ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی گشت وەزارەتەکان




هێڵکاری ٢ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەتەکان بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان





هێڵکاری ٣ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## پەرلەمانی کوردستان

لە کۆی (٣٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٧) ڕاسپاردە جێبەجێکراون، (٣٠) ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٨) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٢٢)، ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٧) ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانیش لە ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە (٣١٫١٪).

## دەسەڵاتی دادوەری


لە کۆی (٣٨) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەسەڵاتی دادوەری کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١٧) ڕاسپاردە جێبەجێکراون، (١٣) ڕاسپاردە جێبەجێنەکراون، و (٨) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردن دابوون. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢١) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٨)، ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٩) بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە ساڵی ٢٠٢٣ گەیشتە (٦٧٫١٪).




هێڵکاری ٤ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی هەر سێ دەسەڵات


## وەزارەتی داد/ داواکاری گشتی

ساڵی ٢٠٢٢ لە کۆی (٤٥) راسپاردە کە ئاڕاستەی داواکاری گشتی کراون، (٢٦) راسپاردە جێبەجێکراون و (٦) راسپاردەش جێبەجێ نەکراون و (١٣) راسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مانەوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢٨) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان (٦) ڕاسپاردەیە، و ئەوانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان کەم بۆوە بۆ (١١) راسپاردە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٧٤٫٤٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 26 | 2 | 28 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 6 | 6 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 13 | 11 | 11 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 45 | | |

هێڵکاری ٥ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی داد – داواکاری گشتی




هێڵکاری٦ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣




هێڵکاری٧ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. لێکۆڵینەوە لە سەرجەم شێوەکانی ئەشکەنجەدان (ئەگەر هەبوو) لە تێکڕای قۆناغەکانی داوای سزایی، چونکە ئەشکەنجەدان پێشێلکردنی مافی مرۆڤی تاکەکەسەکانە.
٢. زامنکردنی دەستەبەرکردنی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بۆ تۆمەتباران.
٣. قووڵکردنەوەی ئەو ڕێکارانەی ئامانج لێیان بەدیهێنانی ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتوان، و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و سزادانیان.
٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بە پەلە و گشتگیر و بێلایەنانە لە حاڵەتەکانی پێشێلکاری مافی ژیان و سەلامەتی جەستەیی کە ڕوویاندا لە کاتی دەسەڵاتی تیرۆریستیان بەسەر هەندێک ناوچەو خێرا ڕەوانەکردنیان بۆ دادگا و قەرەبوونکردنەوەی قوربانییەکان و دەستەبەرکردنی دادوەری تەواو بۆیان.
٥. درێژەدان بەو هەوڵانەی ئامانج لێیان زامنکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤە بۆ هەمووان بە گوێرەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.
٦. ڕەوانەکردنی تۆمەتباران بۆ دادگا و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.
٧. جێبەجێکردنی ڕێکاری بەرچاو بۆ زامنکردنی دەسەڵاتێکی دادوەری کە نەزاهەت و سەربەخۆیی تێدا بەرجەستە بێت و بە چەشنێکی کارا مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی دەربازبوون لە سزا بکات.
٨. لێپرسینەوە لەو تاوانانەی کە ئەندامانی ڕێکخراوی داعش ئەنجامیداون.
٩. ڕێگریکردن لە جیاکاری ڕەگەزپەرستی لە بەڕێوەبردن و ڕاییکردنی سیستمی دادپەروەری تاوانکاریدا.
١٠. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارا و سەربەخۆ، لەو ڕاپۆرتانەی پەیوەستن بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵکوژی.
١١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و گشتگیر و بێلایەنانە لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی باس لە ڕوودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی نامرۆڤانە دەکەن.
١٢. زامنکردنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و ڕوون و بێلایەنانە لە کردەوەکانی توندوتیژی و کوشتن دەرهەق بە مەدەنییەکان لە نێو هەلومەرجی خۆپیشاندانە بەردەوامەکاندا.
١٣. زامنکردنی پاراستنی تەواو بۆ ڕۆژنامەنووسان و کەسانی دیکەی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پاراستنی داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ و مافی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی بە ئازادی و بە شێوەیەکی سەربەخۆ.
١٤. گرتنەبەری ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکان دژ بە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕادەستکردنی تاوانباران بە دادپەروەری.
١٥. گرتنەبەری ڕێککارە یاساییەکان دژی ئەو پێشێلکارانەی کە لە ڕێگای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنەوە ئەنجام دەدرێن.

١٦. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ئافرەتان و کچان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەنانە و سزادراوان بەسەر ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە.

١٧. گرتنەبەری رێککاری یاسایی دەرهەق بە کارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئەگەر هاتوو سەلمێنرا کە دەستگیراو و راگیراوەکان دووچاری ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ بۆوە.

١٨. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و گشتگیر و بێلایەنانە لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی باس لە رووداني ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی خراپ دەکەن، لە نێویاندا حاڵەتەکانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ لە رێی گرتنەبەری رێککاری خێرا.

١٩. زامنی ئەوە بکرێت کەسانی کەسانی راگیراو و سزا دراو لەژێر چاودێریدا بن، و بتوانن پەیوەندی بە خێزان و پارێزەرەکانییانەوە بکەن و ئەمانەی دواییش ئاگادار بکرێنەوە لە چارەنووسیان و ئەو شوێنەی یاساییەی تێیدا دەستبەسەر کراون.

٢٠. درێژەدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.

٢١. درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ برەودان بە سەروەری یاسا و زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە لە رێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی رێگریکردن لە پرسی دەربازبوون لە سزا.

٢٢. نەهێشتنی توندوتیژی دژی منداڵان و ریشەکێشکردنی هۆکارە ریشەییەکانی قۆستنەوەیان بۆ لەش فرۆشی یان فرۆشتن، لەگەڵ درێژەدان بە جێبەجێکردنی چوارچێوە بەکارخارەکانی ئەم لایەنە.

٢٣. زامنکردنی مافی منداڵ لە گەیشتنی بە هەر یەکێك لە باوانەکەی و یەکسانی نێوان هەردوو باوانەکە لە رووی مافی حەزانەوە.

٢٤. نەهێشتنی چەکدارکردنی منداڵان و زامنکردنی بەشدارینەکردنیان لە ململانێ چەکدارییەکاندا، و زامنکردنی بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان کردووە لەم بابەتەدا.

٢٥. زامنکردنی دەستڕاگەیشتنی سەرجەم کەمئەندامانی عەقڵی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتی بە سەرجەم رێککارە دادوەرییەکان بە یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە نێویاندا دەستەبەرکردنی رێککارە گونجاوەکان لە رووی رەگەز و تەمەنەوە.

٢٦. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی تەواو لە مافی دەستەبەربوونی رێککارە یاساییەکان بەو شێوەیەی لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان هاتوون، و پێویستە توانای ئەوە بۆ کەسە دەستەبەسەرکراوەکان دەستەبەر بکرێت کە راوێژکاری یاسایی بەدەست بهێنن و دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە بەرگری لە خۆیان بکەن.

٢٧. زامنکردنی لێپرسینەوەی تەواو و گرتنەبەری رێککارە یاساییە پێویستەکانی پەیوەندیدار بە پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی مافەکانی مرۆڤەوە.

٢٨. زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانەی دەرکراون بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بە راگرتنی سەرجەم مامەڵەی ئەو ناوچانەی کەوتنە ژێر دەستی گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان.

## ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ پرسی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە لە پەیوەندیدا بە ئایین و رەچەڵەکیانەوە و پارێزگاریکردنی ناکامی ناموسڵمان لە ئایینی خۆی تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی.
٢. رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان لە سەرجەم هەلومەرجەکاندا کە ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و ناوەندەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە و خانەی چاودێری.
٣. بەدواداچوونی تاوانکاری بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژی دژی کەمئەندامان ئەنجام دەدەن.
٤. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لە پێناو رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەدا کە ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت.
٥. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لە پێناو رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەمئەندامان زەوت دەکرێت، لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە و خانەی چاودێری.
٦. دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی یاسای بەرکار لە هەرێمدا.

## ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. پێداچوونەوە بە ئەحکامە یاساییەکانی تایبەت بە تاوانەکان بۆ زامنکردنی ئەوەی تۆمەتبارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی دادگاییکردندا نەبن، بە چەشنێك ئەو پێداچوونەوەیە زامنی ئەوە بکات کە (الحبس الاحتیاطی) نەبێتە رێسا گشتییەکە و پێشکەشکردنی بێ دواکەوتنی راگیراوەکان یان دەستگیرکراوەکان بە تۆمەتی تاوانکاری لە بەردەم یەکێك لە دادوەران یان فەرمانبەرێك کە بە گوێرەی یاسا رێی پێدرابێت کاری دادوەری بکات. (دوای دەرچوونی دەستوری عێراق ٢٠٠٥ پێشکەشکردن راگیراوان یان دەستگیرکراوان لە دەسەڵاتی دادوەرەکانە بە تەنها، نەك فەرمانبەرێك کە بەپێی یاسا رێی پێدرابێت کاری دادوەری بکات).
٢. گرتنەبەری سەرجەم رێککارە و رێوشوێنە پێویستەکان بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەت و کچانەی هێشتا لەژێر دەستی رێکخراوە چەکدارییە تیرۆریستییەکاندان و بۆ ئەوەی تاوانباران بدرێنە دەستی دادپەروەری.
٣. دارشتنی میکانیزمێکی چاودێری بۆ رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە سەرجەم ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت، هەروەها دارشتنی میکانیزمی پێشکەشکردنی سکاڵا کە کەسانی کەمئەندام بتوانن بە ئاسانی پەنای بۆ ببەن.

٤. زیاترکردنی هەوڵەکانی پاراستنی رۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی پیشەی رۆژنامەگەری بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی دیکە کە کاریگەری هەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و رێگریکردن لە دەربازبوونیان لە سزا.

٥. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و روون لەو هەواڵانەی باس لە زیادەڕەوی کردنی بەکارهێنانی هێز دەکەن بۆ بڵاوەپێکردنی گردبوونەوە ئاشتیخوازەکان، بە چەشنێك کە سەربکێشێت بۆ لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی کە دەسەلمێنرێت تێوەگلاون لە دەستدرێژی جەستەیی یان پێشێلکردنی شکۆیی مرۆڤەکان لە کاتی بڵاوەپێکردنی گردبوونەوەکان.

٦. بەهێزکردنی زیاتری ئەو میکانیزمانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی کاریان پێدەکرێت بۆ رێگریکردن لە توندوتیژی خێزانی و پاراستنی سەرجەم قوربانییەکانی.

٧. درێژەدان بە باشتر جێبەجێکردنی یاساکانی رێگریکردن لە شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینەکان و سنووردارکردنی بڵاوکردنەوەی ئەم نەریتە تا ئەو کاتەی بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە.

٨. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە رووبەڕووی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەبنەوە، و گرتنەبەری رێککاری کارا لەم رووەوە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان و ئافرەتانی ئاوارە یان پەنابەران یان کۆچبەران و ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینی یان زمانەوانییەکان.

٩. دەستەبەرکردنی شێوازە کارا و سەلامەتەکانی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی دووچاری قوربانییانی ئەشکەنجەدان بوونەوە لە کاتی هەواڵدان لەبارەی هەر تاوانێکەوە.

١٠. هاندانی قوربانییەکان بە رێگەی جۆراوجۆر لەسەر هەواڵدان و سکاڵاکردن لەبەرامبەر ئەو پێشێلکارییانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لەگەڵ بەدەستهێنانی قەرەبووی تەواو و پاراستنی پێویست.

١١. زامنکردنی ئەوەی قەرەبووکردنەوەکە سەرجەم ئەو کەسانە بگرێتەوە کە زیانمەند بوونە لە راگرتن یان دەستگیرکردنی بێ پاساو یان نایاسایی دوای ئەوەی بە حوکمێکی بنبڕ بێتاوان بوونیان دەسەلمێنرێت.

<u>لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و بەدواداچوونی تاوانکاری</u>

لە درێژە هەوڵەکانی داواکاری گشتی بۆ پاراستنی مافی گشتی و نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١ بڕیار درا بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی دیراسات و بەدواداچوونی تاوانکاری لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی، لە ئێستادا کار دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی بۆردێک بۆ ئەنجامدانی بەرپرسیاریەتییەکان.

<u>ژمارەی داوای تۆمارکراو لە لایەن داواکاری گشتییەوە لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

- ئەو داوایانەی کە لە لایەن دەستەی تاوانەکان بینراوە بریتییە لە (٥٠٦) داوا.
- ئەو داوایانەی کە لە لایەن دەستەی نەوجەوانان بینراوە بریتییە لە (٥٨٤) داوا.

ئاماری سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە ساڵی ٢٠٢٣ لەو کەیسانەی خوارەوە:

- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە ماددەی هۆشبەر بریتین لە (٣٥٣٥) کەیس.
- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە گەندەڵی کارگێری بریتین لە (٤٧٥) کەیس.
- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە خاوەی پێداویستی تایبەت بریتین لە (١٤) کەیس.
- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە ڕۆژنامەنووسان بریتین لە (١٢) کەیس.
- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە تیرۆر و سیخۆری کردن بریتین لە (٦٨٩) کەیس.
- ژمارەی ئەو کەیسانەی تایبەتن بە پەیوەندی کردن بە گروپی تیرۆری بریتین لە (١٧٧) کەیس.

پاراستنی مافی تۆمەتبار

بۆ پاراستنی مافی تۆمەتباران میکانیزمی گونجاو و ڕێکاری کارگێری و یاسایی گیراوەتەبەر بەم شێوەیە:

- لە قۆناغی لێکۆڵینەوە هەر تۆمەتبارێک کە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکرێت و دادگا بڕیار دەردەکات، دوای وەرگرتنی گوفتاری بەچاودێری داواکاری گشتی ئەگەر بڕیاردرا بە ڕاگرتن (توقیف) کردنی تۆمەتبار ڕادەستی یەکەی تایبەتی (بەشی گرتن و گواستنەوە) دەکرێت.
- تۆمەتبار بەپێی ڕەگەز و تەمەن لەلایەن پزیشکی یەکە یان یاریدەدەری پزیشک پشکنینی تەواوی جەستەیی بۆ دەکرێت و هەرچی ئاسەوارێکی زەبر و زەنگ یان ئەشکەنجە ئەگەر هەبێت ئاماژەی پێ دەکرێت لە فۆرمێکی پزیشکی تایبەتی تۆمار دەکرێت.
- ئەگەر ڕاپۆرتە پزیشکییە سەرەتاییەکە ئاماژەی بە حاڵەتی ئەشکەنجەدان تێدابوو، یەکەی کارگێڕی گرتووخانەیە دەستبەجێ داواکاری گشتی لە بەشی گرتن و گواستنەوە ئاگادار دەکاتەوە، دواتر داواکاری گشتی و کەسەکەی بانگ دەکات و ڕاپۆرتەکە دۆکیومێنت دەکات.
- دوای ئەنجامدانی ئەم ڕێکارانە سەرۆکی داواکاری گشتی ئاگادار دەکرێتەوە بۆ گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو کەسەی بەم تاوانە هەستاوە، و سەرجەم بەڵگەکان و سکاڵانامەی ئەشکەنجەدراو بەرز دەکاتەوە، یان ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی دادگای لێکۆڵینەوە دەکات بۆ گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی.
- لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٢٣ تا حوزەیرانی ٢٠٢٣ داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ کێشەی (٨٢٦) سزادراو کردووە لە گشت چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان.
- بە هەماهەنگی نیوان سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بەشی چاودێری بەندیخانەکان میکانیزمێکی گونجاو دانراوە و چۆتە بواری جێبەجێکردن لەسەر پرسی ڕاگرتنی تۆمەتبار و ئازادکردنی بە کەفالەت بەپێی ماددەکانی (١٠٩و ١١٠و ١١١) یاسای بنەمای دادگایی سزایی (قانون اصول المحاكمات الجزائية) بەتایبەتی بۆ ئەو داوایانەی کە سزاکەی لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت.

تۆمارکردنی خانووبەرەی ناوچە جێناکۆکەکان

- لە میانەی پرۆسەی دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە لەم ناوچانە ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستان دەستگیر کراون و دواتر سزادران، لەلایەن داواکاری گشتی بەپێی یاسا بەرکارەکان دەست بەسەر ماڵ و موڵکی گوێزراوە و نەگوێزراوەی ئەو سزادراوانە دەگیرێت دوای ئەوەی بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

ڕزگاربووانی تاوانەکانی داعشی تیرۆریستی

- بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ پرسی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە، تا ئیستا هیچ یاسایەک دەرنەچووە بۆ چارەسەرکردنی کەیسی ئەم منداڵانە لە بابەتی پەیوەندیدار بە ئایین و رەچەڵەکیانەوە.

مافی قەرەبوو کردنەوە

- دوای ووردبینی و بەداواچوون بۆ داواکانی قەرەبوو لە لێژنەی وەرگرتنی داواکانی قەرەبوو لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم کە ئەندامی داواکاری گشتی تیایدا ئاگادار ناکرێتەوە بە مەبەستی ئامادبوون لەم داوایانە کە پەیوەندی بە ماڵی گشتی هەیە، بۆیە پاڵپشت بە ماددەی (١٤) لە یاسای داواکاری گشتی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمووارکراو، لە نیسانی ٢٠٢٣ داواکاری گشتی داوای لە ئەنجومەنی دادوەری کردووە گشتاندنێک بکرێت بۆ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی ئەندامی داواکاری گشتی بۆ ئامادەبوون لەم جۆرە داوایانە.

بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ

هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە هاوتەریبکردنی یاسا نیشتمانییەکان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دەردەخەن. هاوتا نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لە هەموارکردنی یاسایی پێویست دەکەن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر چارەسەری ئەم پرسە بکەن. خولی ڕاهێنان، بەرزکردنەوەی توانای هۆشیاری و بەدواداچوون و پێشکەشکردنی پاڵپشتییەکی باشتر بۆ قوربانییەکان بەشێکە لە پرۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر ئاستی دەزگا فەرمییەکان.

ئەو پەڕاوانەی لە ساڵی ٢٠٢١ تۆمار کراوە بریتی بوو لە (١٩٢) پەڕاو، (١٧) لەو پەڕاوانە داخراوە، (١٤٧) پەڕاویش ئیحالەی دادگا کراوە و (٢٨) پەڕاویش لەژێر لێکۆڵینەوە بووە. ئەو پەڕاوانەی لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمار کراوە بریتی بوو لە (٢١١) پەڕاو، (١٥) لەو پەڕاوانە داخراوە، (٦٣) پەڕاویش ئیحالەی دادگا کراوە و (٧٣) پەڕاویش لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. لە ساڵی ٢٠٢٣، ئەو پەڕاوانەی تۆمار کراوە بریتی بوو لە (٢٩٤) پەڕاو، (٥٤) لەو پەڕاوانە داخراوە، (٥٥) پەڕاویش ئیحالەی دادگا کراوە و ئەوانەی تری یەکلایی (حەسم) کراوە.

رێکخستنی کاری میدیایی

بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی نابێ سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە کاتی روماڵکردنی رووداو و تاوانەکان، هەواڵ و زانیاری بێ بنەما و نادرووست سەبارەت بەو رووداوانە بڵاو بکەنەوە و لێکدانەوەی پێشوەختە و نادروست بۆ رووداوەکان بکەن، یان چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری تاوانلێکراو ئەنجام بدەن، ئەمە پێچەوانەی دەقی ماددەی (٢٣٦) برگە (١) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەموارکراو کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت. بە پێچەوانەوە هەر حاڵەتێک بچێتە خانەی پێشێلکردنی یاسا و رێساکان لەلایەن دەستەی مافی گشتی لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی رێکاری یاسایی ئەنجام دەدرێت.

رێگریکردن لە هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی

سەبارەت بە حاڵەتەکانی هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی، هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری کاتی، داواکاری گشتی کەیس دژی ئەو بابەتانە دەجووڵێنێت کە پێشێلکارییە بەرامبەر بە مافی گشتی، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (٣١٣) کەیسی بەشوودانی پێشوەختە لێکۆڵینەوەی تیایدا کردووە.

گرتنەبەری رێکاری یاسایی دەربارەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

سەبارەت بە گرتنەبەری رێکاری یاسایی لەگەڵ کارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئەگەرهاتوو سەلمێنرا کە دەستگیراو و راگیراوەکانیان ئەشکەنجە داوە و مامەڵەی خراپیان لەگەڵدا کراوە، داواکاری گشتی رێکاری یاسایی دەگرێتە بەر، لە ساڵی ٢٠٢٣ دا لە  چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر (٣) کەیسی ئیدیعای ئەشکەنجە رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوە کراو، لە راپەرین (١) کەیس و لە داواکاری گشتی سلێمانیش (٢٨) کەیس هەبووە کە کۆی گشتیان دەکاتە (٣٢) کەیس.

قەدەغەکردنی سواڵکردن

بە ڕەچاوکردنی دوا هەمواری یاسای چاودێری نەوجەوانان (قانون رعاية الاحداث ژمارە ٧٦ ساڵی ١٩٨٣) بە یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢٢، سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە هەماهەنگی لە گەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگاکان بەردەوام کار دەکات بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن، لەم ڕووەوە ژمارەی ئەو کەیسانەی لەساڵی ٢٠٢٣ تۆمار کراون تایبەتن بە سواڵکردن گەیشتە (٣٢٧) کەیس.

بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری و ڕەگەزپەرستی

دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم گرنگی بە بابەتی نەهێشتنی جیاکاری و رەگەزپەرستی دەدەن، لەم رووەوە کۆی ئەو کەیسانەی لێکۆڵینەوەیان تیایدا کرا لە ساڵی ٢٠٢٣ بریتی بوو لە (٨) کەیس.

## بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی سێکسی

بازرگانی سێکسی بە تاوان دانراوە و تۆمەتبار بەپێی یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ دادگایی دەکرێت، لەم ڕووەوە لە ساڵی ٢٠٢١دا (٦) کەس بەم تاوانەوە سزادراون، کۆی ئەو کەیسانەی کە بە تۆمەتی بازرگانی سێکسی لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوە لە ساڵی ٢٠٢٣ بریتی بوو لە (١٢) کەیس.

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

داواکاری گشتی بەدواداچوون لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی دەکات هەموو داوایەک پێش هەواڵەکردنی بۆ دادگا دەدرێتە لێژنەی ئاشتەوایی و ئەنجامەکەی دەخرێتە بەردەم دادگا، پێش ئەوەی لێژنەی ئاشتەوایی کەیسەکان دابخات لەبەر نەبوونی بەڵگە یان هاتنە دیی ئاشتەوایی.

## ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی لە ساڵی ٢٠٢٣:

خشتەی ١ ژمارەی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی لە داواکاری گشتی

| ئاماری توندوتیژی خێزانی لە ساڵی ٢٠٢٣ | | |
|---|---|---|
| ژمارەی داواکان | دادگای کەتن | ١٧٣٣ |
| | دادگای لێکۆڵینەوە | ١٦٨٨٧ |
| کۆی گشتی | | ١٨٦٢٠ |
| ژمارەی کەیسی یەکلاییکراوەکان | دادگای کەتن | ١٠٧١ |
| | دادگای لێکۆڵینەوە | ٩٨٢٦ |
| کۆی گشتی | | ١٠٨٩٧ |

## ئامارەکانی توندوتیژی بەپێی ڕەگەز

خشتەی ٢ ژمارەی ئامارەکانی توندوتیژی خێزانی بە پێی ڕەگەز

| ژمارەی کەیس | ڕەگەز | |
|---|---|---|
| | مێ | نێر |
| ١٠٨٦ | ٤٩٦ | ٥٩٠ |

ئاماری هۆکارەکانی توندوتیژی لە سەنتەر و نووسینگەکانی نەهێشتنی توندوتیژی تۆمارکراون لە ساڵی ٢٠٢٣:

خشتەی٣ ئاماری هۆکارەکانی توندوتیژی خێزانی

| | | |
|---|---|---|
| باری خێزانی | خێزاندار | ٩٩١ |
| | سەڵت | ٨٤ |
| جۆری توندوتیژی | جەستەیی | ٣١٩ |
| | دەروونی | ٤٢٣ |
| | سێکسی | ٢١ |
| | هی تر | ٣٠٧ |
| هۆکاری توندوتیژی | باوک | ٤٠ |
| | دایک | ٢١ |
| | برا | ٥٠ |
| | هاوسەر | ٧٥٩ |
| | هیتر | ٢٣٠ |
| باری دارایی | هەژاری | ٢٠٨ |
| | مامناوەند | ٣٦٨ |
| | باش | ٥١١ |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | ١٦١ |
| | خوێندەوار | ٩٢٥ |

سزای لە سێدارەدان و دابەزاندنی سزا

- لە ساڵی ٢٠٢٣ (٢٢٩) سزادراو بە سزای لە سێدارەدان هەبووە و پلەی کۆتاییان وەرگرتووە بەپێی ماددەی (٤٠٦) لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، لەوانە (٢١٥) نێر و (١٤) مێن.
- یەك سزادراو کە ئافرەتە سوودی بینیوە لە دابەزاندنی سزای لەسێدارەدان، بە هەوڵەکانی چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانان/داواکاری گشتی بووە، ئەم هەنگاوەش بە سوود وەرگرتن لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووە، کە لە ماددەی دەیەم/ برگەی حەوتەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە بە کەمکردنەوەی سزای لە سێدارەدان بۆ سزای هەتاهەتایە.

## ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی داد/ داواکاری گشتی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە داواکاری گشتی بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

## تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

بە مەبەستی کاراکردنی زیاتری دەزگای داواکاری گشتی و بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی، پێویستە یاسای داواکاری گشتی ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٧٩ هەمواربکرێت کە یەکێک لە ئامانجەکانی بریتییە لە پاراستنی خێزان و منداڵ.

## تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو


- لە کاتی بوونی بانگەشەی ئەشکەنجە لە دژی لایەنێکی لێکۆڵینەوە پێویستە سکاڵاکار و دۆسیەی سکاڵای ئەشکەنجەدانەکە دەستبەجێ بگوازرێتەوە بۆ ژێردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود لێکۆڵەری دادوەری تا راستەوخۆ لێکۆڵینەوەی تێدا بکات بە سەرپەرشتی داواکاری گشتی تایبەتمەند تا مەترسی لەسەر رزگاربووانی ئەشکەنجە دووربخرێتەوە، ولە کاتی بوونی سکاڵا نابێت پارێزبەندی هەبێت بۆ هیچ کارمەندێک کە پارێزبەندی هەیە بە حوکمی پیشەکەی.
- دڵنیابوونەوە لەوەی هەر وتەیەک لەژێر ئەشکەنجە وەرگیرابێت ڕاستەوخۆ لەلایەن دادگاوە ڕەتبکرێتەوە، و داواکاری گشتی ئەرکی سەلماندنی لە ئەستۆ بگرێت کە وتەی تۆمەتبار بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە وەرگیراوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ڕۆڵی پزیشکی دادی لە یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکانی ئەشکەنجەدان.
- پێویستە لەسەر ئەندامانی داواکاری گشتی کە کار دەکەن لە بنکەکانی ڕاگرتن و گرتن و گواستنەوە و چاکسازیەکان خوێندنەوە بۆ ئەو ڕاپۆرتانە بکەن کە لە یەکەی پزیشکی ئامادە کراوە بۆ پشکنینی جەستەیی و دەستبەجێ سکاڵا بجولێنن و کاری لەسەر بکرێت بە ڕێگایەکی خێرا و گونجاو.
- ئەنجامدانی خولی تایبەتی ڕاهێنان لە بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە بۆ لێکۆڵەرەوە دادییەکان و ئەندامانی نووسینگەی داواکاری گشتی و هەر لایەنێکی تر کە بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت، ئەم خولانە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان ئەنجام بدرێن.
- کردنەوەی خولی تایبەتی ڕاهێنان بۆ ڕێپێدراوانی لێکۆڵینەوە و چاودێرانی چاکسازییەکان، تێیدا لەپاڵ لایەنی تر دادوەران و داواکاری گشتی وانەی فێرکاری لە بارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکان و سزادراوان پێشکەش بکەن.

تایبەت بە پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە زانیاری

- یاسای کاری رۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاگادار بکرێتەوە لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی کەیسە پەیوەندیدارەکان بە کاری ڕۆژنامەگەری.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و گشتگیر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ ئەو دەنگۆیانەی باس لە ڕوودانی ئەشکەنجە و مامەڵەی خراپ دەکەن بەرامبەر بە ڕۆژنامەڤانان و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و ڕوون و بێلایەن لە دەنگۆکانی توندوتیژی جەستەیی یان پێشێلکردنی شکۆی کەسیی دەرهەق بە خۆپیشاندەرە مەدەنییەکان لە کاتی بڵاوەپێکردنی گردبوونەوەکان.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆ بکرێت بە مەبەستی داڕشتنی پێناسەیەک بۆ ناوزڕاندن و بەرجەستەکردنی هاوسەنگییەک بۆ چەمکە یاساییەکە.


## وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

لە کۆی (١٩) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٥) جێبەجێ نەکراوە و (٣) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (١٣) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٤) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٢). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٧٣٫٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 11 | 2 | 13 |
| جێبەجێنەکراو | 5 | 4 | 4 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 3 | 2 | 2 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 19 | | |

هێڵکاری٨ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە




هێڵکاری ٩ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ١٠ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. گرتنەبەری سەرجەم ڕێککارە و ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەت و کچانەی هێشتا لەژێر دەستی ڕێکخراوە چەکدارییە تیرۆریستییەکاندان بۆ ئەوەی تاوانباران بدرێنە دەستی دادپەروەری.
٢. سزادانی چەکدارکردنی منداڵان و بەشداری پێکردنیان لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا.
٣. لیژنەکە راسپاردەی ئەوە بۆ دەوڵەتە ئەندامەکە دەکات کە هەموو ڕێککارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و رزگارکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دیلی کردوون، و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی پزیشکی دەروونی پێیان، هەروەها لیژنەکە راسپاردەی زیادکردنی تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەکنیکی و داراییە پێویستەکان دەکات بۆ سەنتەرەکانی چاودێری جێگرەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی منداڵ لە پێناو دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو منداڵانەی پێیان سپێردراون و ئاوێتەکردنەوەیان لە نێو خێزانەکانیان و لە کۆمەڵگەدا.
٤. گرتنەبەری سەرجەم ڕێککارە پێویستەکان بۆ رزگارکردنی ئێزیدییەکان و ئەوانەی هێشتا چارەنووسیان نادیارە.
٥. قووڵکردنەوەی ئەو ڕێککارانەی ئامانج لێیان بەدیهێنانی ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتوان، و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و سزادانیان.
٦. گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی مەدەنییەکان لە کاتی ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارییەکان، ئەویش لەپێناو پاراستنی مەدەنییەکان وەك ئەلەویەتێکی باڵا، لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەردوو پرەنسیپی جیاکاری و گونجاوی.
٧. هەڵگرتنی هەنگاوی زیاتر بۆ برەودان بە بەشدارییەکی تەواو و ئامانجدار لەلایەن ئافرەتانەوە لە ئاشتەوایی نیشتیمانیدا.
٨. نەهێشتنی چەکدارکردنی منداڵان و زامنکردنی بەشداری نەکردنیان لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا، و زامنکردنی بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان کردووە لەم بابەتەدا.
٩. رزگارکردنی ئەو منداڵانەی بە دیل گیراون لەلایەن ڕێکخراوی داعش و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان.
١٠. درێژەدان بە هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی پاراستن و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەکان بەهۆی ناکۆکی ناوخۆییەوە، بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.
١١. درێژەدان بە هەوڵەکانی برەودان بە هۆشیارکردنەوە و ڕاهێنانی فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پەیوەندیدار بە بواری کارەکەیانەوە بۆ هەردوو بواری سەربازی و ئەمنی.

١٢. برەودان بە رێککارەکانی دادپەروەری راگوزەری کە بوار دەڕەخسێنێت بۆ گەیشتن بە راستی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان، سەرباری لێپرسینەوە لەو کەسانەی بەرپرسن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

١٣. ئەو کاریگەرییەی دروست دەبێت بەهۆی ناکۆکی چەکداری و کردەوە توندوتیژەکانی دیکەوە کە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام دەدرێن و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونیان لە دەوڵەتە ئەندامەکەدا زیاتر لەسەر کەمئەندامەکان رەنگدەداتەوە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی دانیشتوان، لەگەڵ زیادبوونی رێژەی پێکرانی کەسانی کەمئەندامان بەهۆی ناکۆکییەوە و لە ئەنجامی کەمی خزمەتگوزارییە پزیشکی و بنەڕەتییەکانی دیکەوە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. جێبەجێکردنی یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان ژمارە (٧٥) بۆ ساڵی ٢٠١٥.

٢. جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری ئیتیحادی هەنگاوێکی بەرهەمدارە بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نیشتیمانی هەروەها سەقامگیری ئەمنی لە ناوچانەی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەو ناوچانەی زۆرترین بارگرژییان تێدایە و و نەتەوە و کەمینەی جیاوازیان تێدا دەژین.

٣. دەستەبەرکردنی قەرەبوو و دادپەروەری تەواو بۆ قوربانییانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی رێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارەکاندا بوو.

٤. پەلەکردن لە پرۆسە یاسایی و سیاسییەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە پێناو زامنکردنی مافی پێکهاتەکان، بەم شێوەیە دەوڵەت بەشداری دەکات لەم پرۆسەیەدا لەلایەن ئەو کۆمەڵە رەگەزی و ئایینیانەی ژیان بەسەر دەبەن لەم ناوچە ناکۆکی لەسەرانەدا.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. پێدانی ئەولەویەت بە پرۆسەکانی زامنکردنی بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی و دادپەروەری راگوزاری، لە رێی داڕشتنی ستراتیژییەتێکەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ کە سەرجەم لایەنەکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان ئەنجامیان دەدەن.

٢. برەودان بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بە پەلە، و داواکردن لەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و تەقەنی بە ئامانجی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی رزگارکراون لە گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان لەپێناو زامنکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی

بەپێی رێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی لە بەدی هێنانی سەقامگیری ئەمنی لە ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەتی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و ئەو بۆشاییە ئەمنییە لەو ناوچانە درووستبووە، لەم دواییەدا هەنگاوی پراکتیکی زیاتر هاوێژراوە بە هاوبەشی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقی بە کردنەوەی (٦) سەنتەری هەماهەنگی (٢)ی سەرەکی لە هەولێر و بەغدان و (٤) سەنتەری لاوەکی لە دیالە، کەرکوک، مەخمور و کەسک کە مەبەستیان ئاڵوگۆڕی و هەماهەنگی هەواڵگرییە لەم ناوچانە، جگە لە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی سەربازی کە بۆتە هۆی کوشتنی دەیان تیرۆریستی داعش لەم ناوچانە و گەڕانەوەی سەقامگیری ئەمنی تا راددەیەک.

یەکگرتنی لیوا هاوبەشەکان و ڕۆڵی هاوپەیمانان لە هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە

سەبارەت بەلیوا هاوبەشەکان لیوای (٢٠) کە بەتەواوی لە هێزی پێشمەرگە پێکهاتووە تا ئێستا (سێ) مووچەیان وەرگرتووە و مەشقیان تەواوکردووە، ئێستا لەسەربازگەکانی (حەبانیە، کیوان، تاجی و کەسک) لەقۆناغی پێدانی کەلوپەل و پرچەک کردندان، ئەم قۆناغەش (٤٥) ڕۆژ دەخایەنێت پاشان بەتەواوی ئامادەی وەرگرتنی ئەرک دەبن لەو ناوچانەی کە بۆشایی ئەمنییان تێدایە.

سەبارەت بەیەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بەپێی یاداشتی لێک تێگەیشتن هەتا ٢٠٢٣/٣/١٧ (٢٥) بیست و پێنج لیوا هاتونەتە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە، پێنج لیوای تریش لە پرۆسەکەدان بۆ هەمان مەبەست، دوو فیرقەش دامەزراوە و هەشت لیوا لە کۆی بیست و پێنج لیوایەکە سەر بە دوو فیرقەکەن، جێبەجێ کردنی یاداشتەکە (MOU)بەردەوام دەبێ و تا ساڵی ٢٠٢٦ دەبێ هەموو هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) بەتەواوی بێنە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە و هیچ هێزێکی حیزبی نەمێنێ.

سەبارەت بە ڕۆڵی هاوپەیمانان -حکومەتی ئەمەریکا لەڕێگەی وەزارەتی بەرگرییەوە (پنتاگۆن) یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئیمزا کردووە و هاوکاری ماددی و مەعنەوی پێشکەش پێشمەرگە کردووە.

وڵاتی ئەڵمانیا هاوکاری ماددی و مەعنەوی پێشکەش وەزارەتی پێشمەرگە کردووە و گرنگترین هاوکارییەکانیان بریتی بووە لە (نەخۆشخانەی مۆدێرنی پێشمەرگە) و کردنەوەی چەندین خولی هۆشیاری و پێگەیشتن. ئیتاڵیا، هۆڵەندا، بریتانیا و فەرەنسا پشتیوانێکی مەعنەوی هێزی پێشمەرگەن و لەبواری ڕاوێژکاریشدا هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەکەن.

لیوا یەکگرتووەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان:

خشتەی٤ ژمارەی لیوا یەکگرتووەکان

| ژمارەی لیوا یەکگرتووەکان |
| --- |
| ٢٥ لیوا یەکیان گرتووتەوە لە ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەن |
| ٥ لیواش لەژێر پرۆسەی هێنانە نانەوەی وەزارەتی پێشمەرگەن |

بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارییەکان

بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایش و ئارامیی زیاتر لە ناوچەکەدا، بە بەردەوامی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان هەبووە لە ناوچەکانی هێڵی تەماس بەتایبەتی ئەوانەی بۆشایی ئەمنییان تێدایە. ئۆپەراسیۆنەکانی بەردەوامن لەم دواییەدا لە ڕۆژی٢٠٢٣/٨/٢٠، لیوای (٢٢)ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق، لە ناوچەی قەرەحەسەن - لەیلان، ئۆپەراسیۆنێکیان ئەنجامدا. ئۆپەراسیۆنەکە بە بەشداریی سەرجەم یەکەکانی لیوای ٢٢ـی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە بوو و گوندەکانی جەوەڵبۆر، چەمی زەنگەنە، قشڵاخی کۆن، خدربەگ و جوگرافیای سنوورەکەیان کێوماڵ کرد، هێزەکانی لیوای(٣١)ی فرقەی (٨) ی سوپای عێراق لە بەنداوی شیرینەوە بە ئاراستەی بەرزاییەکانی جەوەڵبۆر، بەرەو ڕێگای سەرەکیی کەرکووک- سلێمانی، کێوماڵی ناوچەکەیان کرد.

لە بەرنامەی بە دیجیتاڵ کردن و پێدانی زانیاری بە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش وەزارەتی پێشمەرگە یەکێک بووە لە لایەنە ئەمنییە سەرەکییەکانە بووە کە لە هێڵی بەرگریدا بووە بەرامبەر بە تیرۆریستانی داعش و پشکی شێریان بەرکەوتووە لە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕزگار کردنی ناوچەکان لەژێر دەستی داعش و توانیویەتی بەشێکی زۆر لە داتا، بەڵگە، دیکیۆمێنت، ڤیدیۆ، وتەی شایەتحاڵ و دەیان سەرچاوەی تری زانیاری بە دەست بکەوێـت کە لە ئێستادا بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە پرۆسەی دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش. ڕۆژی ١٧ ئاداری ٢٠٢١، لەسەر داواکاری تیمی یونیتاد بۆ زانیارییەکان و ڤیدیۆکانی تاوانەکانی داعش، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری وەزارەتی پێشمەرگە CD و USB و بەڵگەنامە ڕەوانە کران، لە ڕێککەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١ ئەم زانیاریانە بۆ تیمی یونیتاد نێردران و فۆرمی وەرگرتنی ئەم زانیاریانەیان پێ واژوو کرا.

بەزاندنی سنوورەکان لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە

هێرش و بۆردومانەکانی سوپای ئێران و تورکیا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان زیانی گیانی و ماددی بەدوای خۆدا هێناوە بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان، ئامارەکانی ئەم پێشێلکارییانە لە ساڵی ٢٠٢٣ بریتی بوو لە (١٦) شەهید و (٣١) بریندار و زیانەکانی PKK بریتی بوو لە (٢٣) کوژراو و (١٩) بریندار بەم شێوەیە بووە:

خشتەی٥ زیانەکانی پێشێلکردنی سنوورەکان

| زیانەکانی پێشێلکردنی سنوورەکانی لەلایەن تورکیا و ئێران لە ساڵانی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ | | |
|---|---|---|
| ساڵی ٢٠٢٢ | زیانەکانی خەلکی مەدەنی | ژمارەی شەهید ١٦ |
| | | ژمارەی بریندارپوو ٣١ |
| | گرووپی PKK | ژمارەی کوژراو ١٦ |
| | | ژمارەی بریندارپوو ١٨ |
| ساڵی ٢٠٢٣ | زیانەکانی خەلکی مەدەنی | شەهید (نییە) |
| | | بریندارپوو (نییە) |
| | گرووپی PKK | ژمارەی کوژراو ٧ |
| | | ژمارەی بریندارپوو ١ |

## زیانەکانی داعش لە ئەنجامی بۆردومانی ئاسمانیی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و سوپای عێراقی:

خشتەی٦ زیانەکانی داعش لە ڕێی بەرکەوتنی بۆردومانە ئاسمانییەکان

| | | |
|---|---|---|
| ساڵی ٢٠٢٢ | ژمارەی لێدانەکان | ٢٦ |
| | ژمارەی کوژراو | ٢٢ |
| | ژمارەی بریندارپوو | نییە |
| | ژمارەی شوێنەکان | ٢٥ |
| ساڵی ٢٠٢٣ | ژمارەی لێدانەکان | ٨ |
| | ژمارەی کوژراو | ١١ |
| | ژمارەی بریندارپوو | نیە |
| | ژمارەی شوێنەکان | ٩ |

- کۆی گشتی لێدانەکان (٣٤) لێدان.
- کۆی گشتی زیانەکانی داعش (٣٣) کوژراو.
- کۆی گشتی شوێنە بۆردومان کراوەکان (٣٤) شوێن.

## بنکۆڵکردن و نەهێشتنی پاشماوەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش

هەڵمەتەکانی پاکسازی و بنکۆڵکردن و سڕینەوەی پاشماوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەردەوام هەڵمەتی لەو جۆرە بەڕێوە دەچێت.

لە حوزەیرانی ۲۰۲۳، لە ناحیەی نەوجول، لیوای (١٦)ی پیادە بە هاوکاریی تیمی ئەندازیاریی فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی دوو توانرا دەست بەسەر چەندین چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی یەدەگی داعشدا بگیرێت هەروەها هەڵسان بە لەناوبردنی ژمارەیەك بۆمب و گوللەهاوەن.

بە مەبەستی پشکنین و لە ناوبردنی پاشماوەی تیرۆریستانی داعش کە لە ناوچەکەدا ماون و ماوە ماوە جموجۆڵیان بەدی دەکرێت. لە ڕێکەوتی ۲۰۲۳/۵/۲۸، ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی لە سنووری میحوەری دوو و چواری هێزەکانی پێشمەرگە بەڕێوە چوو و ئەم ناوچانەی گرتەوە: شۆریجە، چیمەن، حەفتا چەشم، باوە، بەنداوی شیرینە، قشڵاخ کۆن، خدر بەگ، بەلەگە، کانی شیرین، کانی قەمەڕ، دوانزە ئیمام، بەرزاییەکانی تلیشان، قۆری چایی، کانی شرینکە، کارێز حوشتر ملە، بەلەوەی خواروو، قوم بەڵەك و ئاوایی ڕەزا و قەڵا و حاجی عەلی کێوماڵ کران.

## جێبەجێکردنی یاسای چەک و نەهێشتنی چەکدارکردنی منداڵان

- سەبارەت بۆ تۆمارکردنی چەک، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (۲)ی چەک لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارە و میرە، ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی پێشمەرگە، سەرۆکی دادگای سەربازیی یەک، نوێنەرانی فەرماندەیی هێزەکانی(۷۰و۸۰) پێشمەرگە و نوێنەرانی سەرجەم لایەنە ئەمنییەکانی تری هەرێمی کوردستان، جەختیان لەسەر جێبەجێکردنی ڕێنمانییەکانی تۆمارکردنی چەک کردووە، مەبەست لەم ڕێکارانە تۆمارکردن و بە مۆڵەتکردن و پاراستنی مافی پێشمەرگەیە.

- ئەنجامدانی سیمینارێک لەلایەن سەرۆکی دادگای سەربازی یەک لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای چەک ژمارە (۲) ی ساڵی ۲۰۲۲ بەرکار لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕاوێژکارانی یاسایی و ئەفسەرانی کارگێڕی بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی ناو دیوانی وەزارەت و ئەفسەرانی بەشی میرەی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە، لە سیمینارەکە جەخت کراوە لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنەوە و تۆمارکردنی سەرجەم ئەو چەکانەی لەلایەن پێشمەرگە و پلەدار و ئەفسەران خۆیانەوە کڕدراون و بۆ ئەرکی سەربازیی خۆیان بەکاری دەهێنن، ڕێکارە یاساییەکانیان بۆ ڕوون کرایەوە، هاوکات ئاماژە بەوە درا کە پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، سەرجەم چەکی ئاگرین و هاوشێوەکانی تۆمار بکرێت و هیچ چەکێکی نایاسایی نەمێنێت.

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی چەکدارکردنی منداڵ و بەشداری نەکردنی لە ململانێی چەکداری، بەپێی یاسای (٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای راژە و خانەنشینی پێشمەرگە لە مادده (٨) یاساکەدا جەخت کراوە کە ئەو کەسەی لە ریزی پێشمەرگە وەردەگیرێت نابێ تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت، هەروەها ماددەی (٣٨) ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت پلەی مولازم بدرێت بە کەسێکی خوار تەمەن بیست ساڵ.

<u>یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان</u>

سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان ژمارە (٥٧) ساڵی ٢٠١٥ هەموار کراوە، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە نوێنەری هەیە لە لێژنەی قەرەبوو کردنەوەی زەرەرمەندانی شەڕ و هەڵەی سەربازی لە ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەکە وەک پێویست کارا نییە.

<u>ڕاهێنان لەسەر بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ</u>

سەبارەت بە ڕێزگرتن لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و لە درێژەی پلانی مەشق و ڕاهێنانەکانی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی وەزارەتی پێشمەرگە و بە سەرپەرشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەم خول و ڕاهێنانەیان ئەنجام داوە:

- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە هەماهەنگی لەگەڵ خاچی سوری نێودەوڵەتی پرۆژەیەکی سێ ساڵی ئەنجام دەدەن تایبەت بە کارکردن لە ڕووی ناساندن و بەرفراوان کردنی یاساکانی مرۆیی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەدا، ئەم پرۆژەیە هەماهەنگی و هاوکارییەکانی نێوان خاچی سوری نێودەوڵەتی و وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەگەیەنێتە ئاستێکی باشتر و ڕاهێنەری نوێ بۆ وتنەوەی وانەکانی مەشقی تایبەت بە پرۆسەی ناساندنی یاساکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی ئامادە دەکرێن.
- کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی سیمینارێکی لەژێر ناونیشانی "یاسای ناکۆکیی چەکداری" بۆ ئەفسەر و کارمەندانی بەشی هۆشیاریی نیشتمانیی لیوای ١١ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە پێشکەش کرد، لە چەند وانە و تەوەرێکدا یاسا و بنەما سەرەکییەکانی یاسای ناکۆکیی چەکدارییان بۆ بەشداربووانی سمینارەکە ڕوون کراوەتەوە، تیایدا بە وردی زانیاری و شرۆڤەی پێویستیان لەو بارەیەوە خستە ڕوو.
- سیمینارەکانی یاسای ناکۆکی چەکداری، بەرنامە و چالاکییەکی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوورە و تا ئێستا سیمینارەکان لە بەشێکی زۆری لیواکانی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام دراوە، سەرجەم لیوا و یەکەکانی وەزارەتیش دەگرێتەوە و بەردەوام دەبن.
- ڕۆژانی ٧-٢٠٢٣/٣/٨ بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای قورتوبە بۆ ئاشتی- جنێڤ نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وۆرکشۆپێکی سەبارەت بە (یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و میکانیزمەکان پاراستنی هاووڵاتیان

له بێسەروشوێن بوون لە کاتی ململانێ سەربازییەکاندا) بۆ (٢٥) ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە لە شاری هەولێر ئەنجامدا.

- لە کۆلێژی ئەرکان خولی ڕاهێنان بۆ ئەفسەرانی فیرقەی (١)و (٢)ی پیادە کرا دەربارەی (درووستکردنی بڕیار) ئەنجامدرا، لە خولەکەدا (٢٩) ئەفسەر بەشداربوون لەسەر شێوازی بڕیار دان و دروست کردنی بڕیار لەبارەی پێشهاتە سەربازییەکان مەشق و ڕاهێنانیان.

- لە بنکەی مەشقی پیادەی دهۆک، خولی مەشق و راهێنان بۆ فەوجی(٣)ی لیوای (٢١) ئەنجامدرا، لە خولەکەدا بەشداربووان مەشق و راهێنانی جەستەیی و تیۆرییان لەسەر بنەمای زانستی سەربازی سەردەمیانە ئەنجام دا.

- لە بنکەی مەشقی پیادەی سلێمانی، خولی مەشق و راهێنانی پێشکەوتووی بۆ فەوجی(٣)ی لیوای (١٠) ئەنجامدرا، خولەکە بۆ ماوەی شەش هەفتە بەردەوام بوو، تیایدا بەشداربووان بەشێوەی پراکتیکی و تیۆری مەشق و راهێنانیان پێکرا و ئاشناکران بە یاساکانی مافی مرۆڤ و زانستە سەربازییە سەردەمییەکان.

- بەمەبەستی چۆنیەتی بەرگریکردن لەگازە ژەهراویەکان و بەکارهێنانی ئامێرە تایبەتەکان و لەبەرکردنی کەلوپەلی بەرگری کیمیای بۆ پشکنین کردنی گازە ژەهراوییەکان و خۆپاراستن لەکاتی جەنگدا، فەرماندەی هێزەکانی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو هەفتە، دوو خولی ڕاهێنانی سەرەتایی پێشکەش بە ژمارەیەک ئەفسەر و کارمەندی سرییەی بەرگری کیمیای سەر بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە کرد.

- بەشداری نوێنەری فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە خولی پەیمانگای دادوەری بۆ ماوەی دوو مانگ لە بوارەکانی (پڕۆژەی ناوبژیوانی، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەستپاکی) بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی راهێنانیان ئەنجامدا.

- لە ساڵی ٢٠٢٣ زیاتر لە (٤٠٠) پێشمەرگە و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە لە بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی مەشقیان پێکراوە لەسەر بابەتەکانی مافی مرۆڤ و بابەتە مرۆییەکان.

<u>پاراستنی کەسانی سڤیل لە کاتی ئاشتی و جەنگ</u>

- ستراتیژی وەزارەتی پێشمەرگە لەم بوارەدا پاراستنی کەسانی سڤیلە لە کاتی ئاشتی و جەنگ دا، لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆتە مەنهەج لە سەرجەم بنکەکانی مەشق، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە پێویستیان بە مەشقی زیاتر هەبوو کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور (ICRC) لە عێراق سیمینارێکی بۆ ژمارەیەک ئەفسەری لیوای (٢٢)ی پیادە پێشکەش کرد لەبارەی یاسای مرۆیی نێونەتەوەیی، تیایدا یاساکانی ناکۆکییە چەکدارییەکان ڕوون کرانەوە، کە پێویستە لە کاتی ڕوودانی شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان لە نێوان دوو وڵاتدا ڕەچاو بکرێن،

بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی سڤیل، بریندارى جەنگ، جەنگاوەری نەخۆش، دیلەکانی جەنگ، بە ڕەچاوکردنی پێداویستیە تایبەتەکانیان.

- بەمەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆی یاسایی و شرۆڤەی یاسا بەرکارەکانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیای فیدراڵ، شاندێکی باڵای یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە کە پێکهاتبوو لە سەرۆکی دادگای پێداچوونەوەی سەربازی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی دادگای سەربازی یەک و بەڕێوبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، سەردانی وڵاتی ئەڵمانیایان کرد، لەگەڵ ڕاوێژکارانی باڵای یاسایی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیای فیدراڵ و چەند بەرپرسێکی باڵای یاسایی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ گفتوگۆ و شرۆڤەی یاسا بەرکارەکانی هەردوو لا کرا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لەلایەن هێزەکان لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری و پێدانی ڕاوێژی یاسایی بە فەرماندەکان لەکاتی ڕوودانی ئاڵۆزی سەربازی لە ڕووی یاساییەوە.

<u>تۆمار کردنی کەمئەندامان لە ریزی هێزی پێشمەرگە</u>

بە مەبەستی چاکسازی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی دوایین زانیاری کە ئاڕاستەمان کراوە لێژنەیەکی تایبەت پێکهێنراوە لە وەزارەتی پێشمەرگە کە (٩٥٧٨) خاوەن پێداویستی تایبەت بینراوە، بەپێی بڕیاری لیژنەی باڵای پزیشکی (٤٦٦٤) خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێژەی پێویستیان هێناوە، (٣٣٨٤) ڕێژەی پێویستیان نەهێناوە وەک خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها (١٥٣٩) لە ئەرکدان و کێشەیان نییە. (٦٣) کەس ئامادەنەبوون لە بەردەم لێژنەی ناوبراو، (٦٥١) کەس لەسەر لیستی فەرماندەی یەکەی (٧٠) ناڕەزاییینامەیان پێشکەشکردووە، (٦٩٧) لەسەر لیستی فەرماندەی یەکەی (٨٠) ناڕەزاییینامەیان پێشکەشکردووە.

<u>پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییە بنەڕەتییەکان بە پێشمەرگە و کەسوکاریان</u>

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠) پزیشکی نەشتەرگەری جۆراوجۆری دیاری کردووە کە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ نەخۆشخانەی پێشمەرگە بکەن، بۆ ئەوەی چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری بۆ پێشمەرگە و کەسوکاریان بکەن، لە پسپۆڕییەکان نەشتەرگەری گشتی، هەناو، چاو، قوڕگ و لوت و گوێ، جوانکاری تایبەت بە بریندار و پەککەوتە لە خۆ دەگرێت.

نەخۆشخانەی پێشمەرگە، لەسەر ئەرکی حکومەتی ئەڵمانیا بۆ هێزی پێشمەرگە دروست کراوە و یەکێکە لە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ وەک دیاری پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە.

ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان

بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی دژی ئافرەتان وەك بەشێك لە چالاکییەکانی (١٥) ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە بارەگای لیوای (٦) پیادە بەشی هۆشیاری نیشتمانی، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە مافەکانی ئافرەتان و بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ووۆرکشۆپێکی ڕێکخست بۆ ژمارەیەک ئەفسەر و پێشمەرگەی لیوای (٦)ی پیادە.

راهێنان، هۆشیاری و بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەران لە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

- ڕۆژی (١١-٢٠٢٣/١١/١٤) نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی یەکتر قەبوڵکردن (AOO) و ئاژانسی (UN WOMEN)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسی ئیتاڵی بۆ پەرەپێدان ووۆرکشۆپێکی رێکخست بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەران لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتێژی جێندەری و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. بە مەبەستی ڕاهێنان و هۆشیاری زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەرانی لایەنی ئەمنی، ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و بەهێزکردنی بەشی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری توندوتێژ لەگەڵ تاکەکان و لەناو کۆمەڵگا. لە ووۆرکشۆپەکە (٤٠) لە ئەفسەرانی ئاسایشی گشتی/ بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەشی یاسایی، ئاسایشی هەولێر/ ئەفسەرانی بەشی جموجوڵ، بەشی تیرۆر، بەشی ئابووری و بەشی زیندان و ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە/ بەشی ڕاگەیاندن، بەشی یاسایی و لیواکان بەشدار بوون.
- بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان بەشی ڕاگەیاندن و هۆشیاری لیوای (٥)ی پیادە، خولێکی هۆشیاری پێشکەشی (٤٨) ئەفسەر و پلەدار و پێشمەرگەی کرد بۆ ماوەی دوو رۆژ ئەنجامدا، تیایدا مێژووی سەرهەڵدانی مادده هۆشبەرکان و شێوازی تێکچوونی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی، لەکاتی بەکارهێنان و ئالودەبوون و کاریگەرییە خراپەکان و لێکەوتەکانی ماددەکە بۆ بەشداربووان روونکرایەوە. هەروەها لە خولەکەدا یاساکانی بەرکار لەبارەی مادده هۆشبەرەکان و سزاکانی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەو ماددانە بۆ بەشداربووان خرانەڕوو.
- بەشی هۆشیاری نیشتمانی فرقەی (١)ی پیادە بە هاوبەشی لەگەڵ بەشی هۆشیاری لیوای (١٠)ی پیادە سیمینارێکیان ئەنجام دا لەبارەی مەترسییەکان و بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر کە ژمارەیەک ئەفسەر و پێشمەرگەی بارەگای لیوا و هەرسێ فەوجەکە ئامادەبوون، تیایدا مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر روونکرایەوە و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە و رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ماددەکە خرایەڕوو.

ميكانيزمی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

لەژێر ڕۆشنایی یاسای بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکانی لە وەزارەتی پێشمەرگە پێکهات، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای سەربازیی یەک و ئەندامیەتی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن، بەڕێوەبەری هۆشیاری نیشتیمانی، نوێنەری هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازی، فەرمانگەی یاسایی، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پزیشکی گشتی.

لیژنەکە ڕاپۆرتێکی لەبارەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە کردووە، کە تیایدا هۆکار و چارەسەر و ڕێکار و میکانیزمی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەم بابەتەیان لە ڕووی هۆشیاری و لایەنەکانی تری بەرەنگاربوونەوە خستووەتە ڕوو، بۆ ئەمەش چەند بەش و یەکەیەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە هاوکار و هەماهەنگ دەبن بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕێگریکردن لەم بابەتە لە ناو یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا.

هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ئیداری و سەرچاوەی مرۆیی

- نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان نیازی خۆی نیشانداوە بۆ پاڵپشتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لە پرۆسەی چاکسازی هێزەکان، بە تەرخانکردنی ڕاوێژکار بۆ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و تیمی پرۆژەکانی چاکسازی کە یەکێکە لە ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاکسازی لە سێکتەری ئەمنی و چەسپاندنی سەقامگیری و ئاشتی لە جیهان.

- لەپێناو ڕێکخستنەوە و باشترکردنی کارەکانی بواری ئیداری و سەرچاوەی مرۆیی وەزارەتی پێشمەرگە، بە هاوکاری کۆمپانیای براد لیفی ئەمریکی بۆ ئەندازیاری ئەلیکترۆنی، پرۆژەی سیستەمی بەئەلیکترۆنیکردنی وەزارەتی پێشمەرگە تاوتوێ کرا. لەم پرۆژەیەدا تەواوی نامە و ئاڵوگۆڕەکانی پۆستە بە ئاسانی لە ڕێگەی تۆڕێکی ناوخۆییەوە دەکرێت، هەروەها دەتوانرێت چالاکییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێک بخرێتەوە. لە ڕووی سەرچاوە مرۆییەکانیش زانیاری تەواوی ئەفسەر و کارمەندانی پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگە لەناو ئەم پرۆگرامەدا جێگایان دەکرێتەوە. بڕیارە ئەم پرۆژەیە لە نزیکترین کاتدا بکەوێتە کار.

- پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (١٢٨) لە ١١ی نیسانی ٢٠٢٣ و لەبەر ڕۆشنایی نوسراوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(١١٩٧) لە ٢٠ی ئازاری ٢٠٢٣ و فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٥٩١) لە ٣ی تەموزی دەرچووە، لە تەموزی ٢٠٢٣ واژوو لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی (٣٧٣) ئەفسەری وەزارەت کراوە.

## هۆشیاریی ژینگەیی

زنجیرەیەک سیمیناری هۆشیاری ژینگەیی ئەنجامدراوە بە سەرپەرشتی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەیی و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی وەزارەتی پێشمەرگە. (٣٠)ی ئەفسەری لیواکانی( ٢ و ١٠ و ١٥)ی پیادە بەشدار بوون، تیایدا چەند بابەتێکی تایبەت بە پاراستنی ژینگە خرانەڕوو، هەروەها ڕەگەزەکانی ژینگە و هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە و شێوازی پاراستنی شیکرانەوە.

## جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە

بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی کە ئاڕاستەمان کراوە لەلایەن فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە میانەی پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمدا هەوڵەکان بەردەوامن لە گرتنەبەری ڕێوشوێن و میکانیزمی گونجاو لەم بوارەوە. وەزارەتی پێشمەرگە یەکێکە لە گرنگترین ئەو وەزارەتانەی کە پرۆسەی چاکسازی تێیدا بە چەند قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕیوە و هەنگاوەکان بەردەوامن کە بەشێکی گرنگی ئەم چاکسازیانە خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە پلانی هەرێمیدا. لە خوارەوە ژمارەیەک میکانیزمی دیاریکراون کە تایبەتن بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان لە بابەتی چاکسازیدا بەتایبەتی لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی ڕاسپاردەکانی کە گرێدراون بە وەزارەتی پێشمەرگە.

یەکەم: یەکەی ژمێریاری بە مەبەستی یەکخستنی یەکەی ژمێریاری، هەردوو یەکەی (٧٠ و ٨٠) لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە کۆبوونەوەی سێیەمی خۆی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٢، بڕیاریدا بە دانانی میکانیزمێکی نوێ بۆ میلاک و بودجەی هەردوو یەکە بخرێتە سەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هاوشێوەی لیوا هاوبەشەکان لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان وەک پاڵپشتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە لە کۆی (٢٦) خاڵی پرۆژەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان (٨) پرۆژەیان لەگەڵ یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یەکانگیرن.

- پرۆسەی ڕێکخستن و یەکخستنی هێزەکانی دەرەوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پێش ٢٠٢٠/٧/١ ژمارەی لیوا هاوبەشەکان لە (١٤) لیوا بووەتە (١٩) لیوا و میلاکی وەزارەت لە (٤٣،٣٤٧) بووەتە (٥٦،٥٧٥) پێشمەرگە.
- فەرماندەییەکانی هێزەکانی پشتیوانی ١و ٢ خراونەتەوە سەر میلاکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

خشتەی٧  ئاماری هێزەکانی پشتیوانی

| ژ | بابەت | لە ٢٠٢٠/٧/١ | لە ٢٠٢٢/٤/١ |
|---|---|---|---|
| ١ | لیوا هاوبەشەکان | ١٤ | ١٩ |
| ٢ | میلاکی وەزارەت | ٤٣،٣٤٧ | ٦٠،٠١٦ |
| ٣ | فەرماندەیی هێزەکانی پشتیوانی | نەبووە | ٢،١ |
| ٤ | ئەو پێشمەرگانەی لە بانک مووچە وەردەگرن | ٥،٨١٨ | ٣٣،٨٠٠ |

دووەم: دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕگەیە سەرجەم فەرمانگەکانی بە نووسراوی ژمارە (٩١/١/١) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٧ ڕاسپاردووە بە ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ ووردبینی کردنی یەکەکانی ژمێریاری هاوشێوەی هێزە ڕێکخراوەکانی سەر بە وەزارەت، بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

سێیەم: بەپێی فەرمانی ژمارە (٥٣٩٤/١٣) لە ٢٠٢٠/٦/٣٠، وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی داوە بە (فەرمانگەی چاودێری دارایی) کە یەکەکانی ژمێریاری لەژێر ووردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان و (فەرمانگەی چاودێری دارایی) بن.

- ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە بڕگەی چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٤): وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزارییان ژمارە أ/١٥٢٤/٤/١ لە کانونی دووەمی ٢٠٢١ ڕێژەی پاسەوانانی دیاریکردووە بۆ پلەکانی لیوا و موقەدەم و فەرماندەی فەوج و جێگرەکانی لە لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە جگە لە هێزەکانی یەکەی ٧٠ و یەکەی ٨٠.

- لیژنەیەکی پزیشکی تایبەت بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە پێکهێنراوە بۆ پشکنین و پێداچوونەوەی سکاڵای کەمئەندامانی پێشمەرگە بۆ ئەوانەی تاوەکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی تەندروستی مامەڵەیان بۆ نەکراوە. لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماوەی کارکردنیان پشکنینیان بۆ (٩٦٤٦) کەمئەندام کردووە کە دەرئەنجامەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- (٤٦٥٠) کەمئەندام ڕێژەی پێویست لە سەرووی ٥٠٪ یان لە پشکنین بۆ دەرچووە کە بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگە ئەم ڕێژەیە دیاریکراوە بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە دەستنیشان کراون وەک کەمئەندام.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە، هەماهەنگی دەکات لەگەڵ هەردوو فەرماندەیی یەکەکانی (٧٠ و٨٠) بۆ جیاکردنەوەی کەمئەندامی سەنگەر کە بەهۆی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بریندار بوون لەوانەی بە ڕووداو و بەدەر لە ئەرکی پێشمەرگایەتی برینداربوون.

- (٣٤١٧) کەس ڕێژەی پێویستیان نەهێناوە، بۆ ئەم کەسانەش لە دوای وەرگرتنی سکاڵاکانیان لەلایەن لیژنەی پزیشکی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەوە دووبارە پشکنینیان بۆ دەکرێتەوە بە مەبەستی جیاکردنەوەی ئەوانەی شایستەن و ناردنی بۆ لیژنەی باڵای پزیشکی وەزارەتی ناوبراو.
- (١٥٧٩) کەس مامەڵەکانیان لە پرۆسەی پشکنین دایە بەپێی یاسا بەرکارەکان تاوەکو لەڕێگای لیژنەی پزیشکییەوە بەپێی ڕێژەی کەمئەندام بوونیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.
- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەفەرمانی وەزاری ژمارە (١١٥٩٥) لە ٢٠٢١/٧/٢٤ لە قۆناغی یەکەمدا دۆسییەی (٢٤٢٤) خانەنشینی (خانەنشینی سەربازی، خانەنشینی بە هۆکاری تەندروستی، خانەنشینی کۆچکردوو) لیستی مووچە و میلاکیان گواستراوەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.
- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانیان ژمارە (١٨٢٦٢) لە ٢٠٢١/١٢/١ لە قۆناغی دووەم دۆسیەی (١٣٦) خانەنشینی تریان گواستووەتەوە سەر بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری.
- بە پشتبەستن بەم ماددەیە لەمەودوا دۆسیەی خانەنشینان پێشمەرگە کاتێک لە خزمەت خانەنشین دەبن ڕاستەوخۆ دەگوازرێنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەک هەنگاوی یەکەم وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانی وەزاریان ژمارە (أ/١٨/٤٦٤٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٣ دۆسیەی (٥٩) خانەنشینیان گواستۆتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری.

ئەم بڕگەیە پێویستی بە هەموار کردنی یاسای خانەنشینی ٢٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ و یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١ مووچە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و یاسای ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ مووچە و خانەنشینی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، یان جێگیرکردنی ئاستی زیادکردنی مووچەی خانەنشینی لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان.

<u>ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی پێشمەرگە</u>

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

<u>تایبەت بە بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتیمانی</u>

پێویستە کار لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لە دەستوری ئیتیحادی بکرێت لەبەر ئەوەی هەنگاوێکی بەرهەمدارە بۆ پێکەوەژیان و ئاشتەوایی نیشتیمانی و سەقامگیری ئەمنی لە ناوچانەی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە،

هەروەها پێویستە کێشە هەڵپەسێردراوەکان لەو ناوچانەی زۆرترین بارگرژییان تێدایە و نەتەوە و کەمینەی جیاوازیان تێدا دەژین چارەسەر بکرێن.

<u>تایبەت بە رزگارکردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان</u>

- ئامادەکردنی پلانی کارکردن لەگەڵ دەستەی کۆکردنەوەی بەڵگە و نووسینگەی رزگارکردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا، بۆ گرتنەبەری رێککارە دیاریکراوەکان بۆ رزگارکردنی ئێزیدییەکان و ئەوانەی هێشتا چارەنووسیان نادیارە.
- زیادکردنی هەوڵەکان لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و دەستەی لێکۆڵینەوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و نووسینگەی رزگارکردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان بۆ رزگارکردنی رفێندراوەکان.

<u>تایبەت بە قەرەبووکردنەوە</u>


کاراکردنی لێژنەی قەرەبوو کردنەوەی زیانمەندانی شەڕ و هەڵەی سەربازی.

<u>تایبەت بە ئەنجامدانی خولەکانی مەشق و ڕاهێنان</u>

ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و خولی راهێنانی زیاتر بۆ ڕاهێنانکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ساڵێکدا لە (١٠) خول کەمتر نەبێت، لەبەر ئەوەی ژمارەی راهێنەری نێودەوڵەتی لە وەزارەت کەمە بەراورد بە کارمەندانی وەزارەت.


## وەزارەتی ناوخۆ

لە كۆی (٦٨) راسپاردە كە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ كراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣١) راسپاردە جێبەجێكراوە و (١٧) جێبەجێ نەكراوە و (٢٠) راسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێكردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێكراوەكان بەرزبوونەتەوە بۆ (٤٨) و ڕاسپاردەی جێبەجێنەكراوی نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێكردنیشدان (٢٠) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێكردنی دەكاتە (٨٥٫٣٪).





| | 2022 | 2023 | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێكراو | 31 | 17 | 48 |
| جێبەجێنەكراو | 17 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێكردن دایە | 20 | 20 | 20 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 68 | | |

هێڵكاری ١١ ژمارەی جێبەجێكردنی ڕاسپاردەكانی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ




هێڵكاری ١٢ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەكان




هێڵكاری ١٣ ڕێژەی جێبەجێكردنی ڕاسپاردەكان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. ڕێگەدان بە جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان.
٢. پێویستی تۆمارکردنی سەرجەم منداڵان کەمئەندام و ڕێگریکردن لەوەی لە ڕەگەزنامە بێبەش نەبن.
٣. گرتنەبەری سەرجەم ڕێکارە پێویستەکان کە زامنی مامەڵەیەکی دوور لە جیاکاری دەکەن لەگەڵ سەرجەم پەنابەران و ئاوارەکان دەکرێت و بە گوێرەی یاسا پارێزگارییەکی یەکسانیان بۆ دەستەبەر دەکرێت.
٤. پاراستنی پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆیان کە کارەبا و ئاو و چاودێری تەندروستی و خۆراکی پێویست و خزمەتگوزارییەکانی دیکە دەگرێتەوە، بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی تایبەت بە کاروباری پەنابەران و ڕێکخراو وئاژانسە مرۆییەکانەوە.
٥. جێبەجێکردنی یاسای حزبە سیاسییەکان بە چەشنێك کە زامنی مومارەسەیەکی سیاسی دروست بکات.
٦. زیادبوونی چالاکییەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە بەرپرسانی جێبەجێکردن یاسا لەبارەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە جێندەر لە میانەی جێبەجێکردنی یاساکاندا، بەتایبەتی پرسەکانی پەیوەست بە توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کارا ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، بە چەشنێك کە پێش هەموو شتێك سەلامەتی قوربانییەکە لەبەرچاو بگرێت.
٧. برەودان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە زیادکردنی چالاکییەکانی هۆشیاری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبارەی ئەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان قبوڵ ناکرێت و کاریگەری و دەرئەنجامە خراپەکانی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، هەروەها هاندانانی هەواڵدان لەبارەی ئەم تاوانانەوە، بەتایبەتی لە ڕێی دەستەبەرکردنی زانیاری بۆ قوربانییەکان بۆ شێوازەکانی هەواڵدان و ئەو پارێزگارییەی بۆیان دەستەبەر کراوە.
٨. پێشکەشکردنی زانیاری وورد لەبارەی دەسەڵات و پێگەی بەڕێوەبەرایەتی تواناسازی ئافرەتان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئافرەتان، هەروەها زانیاری لەبارەی سەرچاوە مرۆیی و تەکنیکی و داراییە تەرخانکراوەکان لە بودجەی حکومەت بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە.
٩. پەلە کردن لە دادگاییکردنی تاوانبارەکانی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە دژ بە مرۆڤایەتی لە ڕێی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەرشیفی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو تاوانانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ.
١٠. پاراستنی ئەو خێزانانەی داعش کە بەشدارییان نەکردووە لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا.
١١. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان و کچانی کەمئەندامی نێو ئاوارە و پەنابەران و ئەوانەی لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژین.
١٢. زامنکردنی پشت بەستن بە هێزی ئەمنی ڕاهێنراو لەسەر مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گردبوونەوەکان و بەرپرسیارکردنی ئەم هێزانە لەبەرامبەر زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی هێزدا لە دژی خۆپیشاندەران.
١٣. بەرز ڕاگرتن و ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین و گردبوونەوەی ئاشتیانە و لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکاریی تایبەت بە بەکارهێنانی زیادەڕۆی هێز وچەکی کوشندە دژی خۆپیشاندەران.

١٤. پاراستنی ئازادی گردبوونەوەی ئاشتیانە.

١٥. رێگریکردن لە حاڵەتەکانی نەبوونی رەگەزنامە و زامنکردنی جێبەجێکردنی یاسا و رێنماییەکانی پەیوەست بە بەدەستهێنانی رەگەزنامە.

١٦. بەخشین و کارئاسانیکردن بۆ دەستڕاگەیشتنی سەرجەم هاووڵاتییان بە خزمەتگوزاری یاسایی وەك بەڵگەنامە مەدەنییەکان.

١٧. دەرکردنی ناسنامە بۆ پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان.

١٨. گرنگی تۆمارکردنی سەرجەم منداڵانی کەمئەندام و بێبەش نەبوونیان لە رەگەزنامە و تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی، تەکنیکی و داراییە پێویستەکان بۆ درێژەدان بە تۆمارکردن.

١٩. برەودان بە کارکردن لەگەڵ لیژنەی ناوەندی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و پاڵپشتی کردنی.

٢٠. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ئافرەتان و کچان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەنانە و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە.

٢١. بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و پاراستنیان.

٢٢. گرتنەبەری رێکاری یاسایی دەرهەق بە کارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئەگەر بە بەڵگە سەلمێنرا کە دەستگیرکراو و راگیراوەکانیان ئەشکەنجە داوە یان مامەڵەی خراپیان لەگەڵیان کردووە.

٢٣. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەنانە لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی باس لە روودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی خراپ دەکەن، لە نێویاندا حاڵەتەکانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ.

٢٤. زامنی ئەوە بکرێت کە راگیراوان لە شوێنێکدا رادەگیرێن لەژێر چاودێریدا بێت و بتوانن پەیوەندی بە خێزان و پارێزەرەکانیانەوە بکەن و ئەمانەی دواییش ئاگادار بکرێنەوە لە چارەنووسیان و شوێنی راگرتنیان.

٢٥. برەودان بە هاوکاری دادوەری دوولایەنە و/یان چەند لایەنە لە پرسە تاوانکارییەکاندا، بە گرتنەبەری چەند شێوازێك وەک ئەنجامدانی رێککەوتننامەی دوو لایەنە لەبارەی گواستنەوەی زیندانییەکان بە لەبەرچاو گرتنی هاوسەنگی پێویست لە نێوان نەهێشتنی ئەو تاوانانەی سنوورە نیشتیمانییەکان دەبەزێنن و رەچاوکردنی ئامانجە مرۆییەکان.

٢٦. پاراستنی شوێنەوارە کەلەپوری کەلتورییەکان و راگرتنی لەناوبردنی ئەو پارچە شوێنەوارانەی گرنگییەکی کەلتورییان هەیە.

٢٧. زیادکردنی هەوڵەکانی پاراستنی شوێنە کەلەپوری و کەلتورییەکان.

٢٨. هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەران و بەخشینی پۆستی وەزاری و دامەزراندن لە پۆستە سیاسییە باڵاکاندا.

٢٩. لێکۆڵینەوە لەسەرجەم ئەو هەواڵانەی باسی لە روودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵە یان سزای دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە دەکەن دەرهەق بە منداڵان لەپێناو رێگریکردن لە دەربازبوونی تاوانباران لە سزا.

٣٠. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لە پێناو ڕێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەمئەندامان زەوت دەکرێت، لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی شیاندنەوە و خانەی چاودێری.

٣١. درێژەدان بە هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی پاراستن و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی.

٣٢. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی کەمئەندامی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئاینی یان زمانەوانی دەبنەوە.

٣٣. دەستەبەرکردنی خانەی داڵدەدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی رزگاربووان.

٣٤. پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ئەو ئافرەت و کچانەی قوربانی توندوتیژین، کە ئازاد دەکرێن یان رزگار دەکرێن لە کۆیلایەتی  یان رفاندن، و سادەکردنەوەی ئەو ڕێککارانەی تایبەتن بە بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە یاسایی و مرۆییەکانەوە لەلایەن رزگاربووانەوە.

٣٥. گرتنەبەری ڕێککارە کاراکان، بە بەشداریکردنی راستەقینەی ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی لەخۆگرتنی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جێندەرییەکانەوە، لە نێویاندا پرۆژەی یاسای پاراستن لە توندوتیژی خێزانی، و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی پرسی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەمئەندامێتیەوە.

٣٦. چڕکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی ئازادی دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە و چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانەوە.

٣٧. گرتنەبەری ڕێککاری پێویست بۆ باشترکردنی پرۆسەی ئاوێتەکردنی  قەرەج لە کۆمەڵگەدا، و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کار بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەژارییەی ڕووبەڕووی دەبنەوە و زامنکردنی ئەوەی کە کار و چاودێری و تەندروستییان بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەویش لەبەر رۆشنایی راسپاردە گشتییەکەی ژمارە (٢٧) بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لەبارەی جیاکاری دژی قەرەجەکان، بەوەی ڕێککاری کرداری بگیرێتەبەر لە پێناو بەرەنگاربوونەوەی کارای جیاکاری و پەراوێزخستن لە دەوڵەتی ئەندامدا، لەگەڵ دەستەبەرکردن خوێندن و شوێنی نیشتەجێبوون. لیژنەکە راسپاردەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتە ئەندامەکە بە بێ جیاوازی بەڵگەنامەی فەرمی یەکخراو بە سەرجەم قەرەجەکان ببەخشێت.

٣٨. کاراکردنی رۆڵی ڕێکخراو و ئیدارەکان لە روبەڕوبوونەوەی تاوانە تیرۆریستییە ئەلیکترۆنییەکان لە رێی سیستمێکی ئاسایشی خۆپارێزییەوە.

٣٩. برەودان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە روبەڕوبونەوەی کێشەی تێکڕای شێوەکانی تاوانی تیرۆریستی ئەلیکترۆنی و کارکردن لەسەر شرۆڤەکردن و بەدواداچوونی ئەو پەرەسەندنانەی لەسەر گۆڕەپانی جیهانی ڕوودەدەن.

٤٠. گرتنەبەر و جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای پەنابەران، بۆ زامنکردنی بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاو بۆ پاراستنی پەنابەران و داواکارانی پەنابەرێتی بە شێوەیەك کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ پرەنسیپە دانپێدانراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

٤١. لەبەرچاوگرتنی گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی لە دژی ئەشکەنجەدان و سزادانی ئەنجامدەرەکەی بە سزایەك کە بگونجێت لەگەڵ مەترسییەکەیدا، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەوەی نابێت هیچ هەلومەرجی نائاسایی بکرێتە پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەشکەنجەدان، بەتایبەتی کە پاراستن لەبەرامبەر ئەشکەنجەداندا یەکێکە لەو مافانەی کە نابێت سنوردار بکرێت بە گوێرەی ئەحکامەکانی ماددەی (٤) بڕگەی (٢) لە میساقەکە. هەروەها لیژنەکە راسپاردەی چڕکردنەوەی پرۆگرامەکانی راهێنان دەکات بۆ فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی دیسپلینە یاساییەکانی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا، هەروەها رێساکانی تایبەت بە مەرجەکانی دەستبەسەرکردن.

٤٢. پێشکەشکردنی هاوکاری بە ئافرەت و منداڵە رزگاربووەکان لە رێی دانانی پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا.

٤٣. نەهێشتنی توندوتیژی دژی منداڵان و ریشەکێشکردنی هۆکارە ریشەییەکانی قۆستنەوەیان بۆ لەشفرۆشی یان فرۆشتن، لەگەڵ درێژەدان بە جێبەجێکردنی چوارچێوە بەرکارەکانی ئەم لایەنە.

٤٤. برەودان بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بەپەلە، و داواکردن لەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و تەقەنی بە ئامانجی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی رزگارکراون لە گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان لەپێناو زامنکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

٤٥. کۆکردنەوەی داتای ئامارئاسا و پۆلێنکراو لە پەیوندیدا بە بازرگانی پێوەرکردنی ناوخۆیی و سنووربڕەکان، و ژمارەی داوا تاوانکارییە پێشکەشکراوەکان، و ئەو بڕیارانەی دەرچوونە لە دژی ئەنجامدەرانی تاوانەکانی دژ بە بازرگانی پێوەکردنە.

٤٦. کۆکردنەوەی داتاکان لەبارەی سەرجەم شێوەکانی توندوتیژی جنسی دژی ئافرەتان، کە پۆلێن کرابێت بە گوێرەی تەمەنی و ناوچە و کەمئەندامێتی و پەیوەندی نێوان قوربانی و تاوانکار.

٤٧. جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی بنیاتنانی تواناکان کە سەرجەم کەسە پەیوەندیدارەکان بە ئامانج بگرێت لە نێو فەرمانبەرانی دەوڵەت و راسپێردراوەکان بە دامەزراندن لەبارەی خەسڵەتەی جیاکارینەکردنی رێککارە تایبەتەکان و گرنگییان لە بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت.

٤٨. درێژەدان بە هەوڵەکانی برەودان بە رۆشنبیرکردن و راهێنانی فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پەیوەندیدار بە بواری کارەکەیانەوە بۆ هەردوو بواری سەربازی و ئەمنی.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردندان

١. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن لە ڕێی زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجداردا.
٢. گرتنەبەری پرۆژە یاسای پەیوەست بە توندوتیژی خێزانی و گۆڕینی ئەو یاسایە پاساوی شەرەف دەهێنێتەوە وەك بەرگرییەکی یاسایی بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.
٣. پاراستنی ئەو ئافرەتانەی هەواڵ دەدەن لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی.
٤. گرتنەبەری ڕێککاری کارا بە بەشداری ڕاستەقینەی ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جنسییەکانەوە، لە نێویاندا پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی، و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەمئەندامێتییەوە.
٥. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی لە کۆمەڵگەدا.
٦. زیادکردنی هەوڵەکان بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ.
٧. گرتنەبەری ڕێککارەکانی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکان دژ بە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ڕادەستکردنی تاوانباران بە دادپەروەری.
٨. زیادبوونی ناوەندە تایبەتمەندەکانی داڵدەدان و دووبارە ئامادەکردنەوەی قوربانییەکان لە ڕووی دەروونی و جەستەیی و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت لەم بوارەدا.
٩. زامنکردنی پاراستنی کەلتوری ئاینی و کەلەپوری و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی.
١٠. زامنکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان.
١١. گرتنەبەری سیاسەتێکی نیشتیمانی بۆ تواناداركردنی ئافرەتانی گوندەکان و برەودان بە ڕۆڵی ئابووری و کۆمەڵایەتییان.
١٢. زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان و منداڵان و کەسانی کەمئەندام لە دانای یاسا و پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ژینگە و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کارەساتە ژینگەییەکان.
١٣. داڕشتنی ستراتیژییەتێك بۆ ڕێگریکردن لە مەترسی جیاکاری و لەکەدارکردن و پەراوێزخستنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی نێو ئاوارە ناوخۆییەکان کە سەر بە ڕێکخراوی داعشن، و ڕزگاربووان و گەڕاوەکان و ئاوارەبووەکان و ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا.
١٤. گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی گشتگیر بۆ نەهێشتنی بۆچونە چەقبەستووە جیاکارییەکان و سەرجەم نەریتە زیانبەخشەکان وەك هاوسەرگیری منداڵان و هاوسەرگیری کاتی.
١٥. پشتبەستن بە جاڕنامە و کارنامەی پەکین لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا.

١٦. دارشتنی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو ئافرەت و کچانەی به زۆرەملێ هاوسەرگیرییان کردبوو لەگەڵ چەکدارەکانی داعش، و ئەوانەی به کۆیلەکرابوون یان لاقەکرابوون یان ڕووبەڕووی شێوەی دیکەی توندوتیژی جنسی و جەستەیی بوونەوە، ئەم سیاسەتەش پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە بە ئامانجی ئاوێتەکردنیان لە کۆمەڵگەدا و دەستەبەرکردنی خانەی/ سەنتەری داڵدەدان بۆ ئەو قوربانییانەی بە دوای پەنایەگەیەکی سەلامەتدا دەگەڕێن و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو سەنتەرانە.

١٧. بەهێزکردنی زیاتری ئەو میکانیزمانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی کاریان پێدەکرێت بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی خێزانی و پاراستنی سەرجەم قوربانییەکانی.

١٨. درێژەدان بە باشتر جێبەجێکردنی یاساکانی ڕێگریکردن لە شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینەکان و سنووردارکردنی بڵاوکردنەوەی ئەم نەریتە تا ئەو کاتەی بە یەکجاری هەڵدەوەشێتەوە.

١٩. بەهێزکردنی هەوڵەکانی پەیوەست بە ڕێگریکردن و نەهێشتنی سەرجەم شێوەکانی جیاکاری و توندوتیژی دژی ئافرەتان و ئەویش بە جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو شێوەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و گرتنەبەری ڕێککاری زیاتر بۆ ڕێگریکردن و ریشەکێشکردنی نەریتە زیانبەخشەکان بۆ نەهێشتنی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە و هاوسەرگیری پێشوەختە و هاوسەرگیری زۆرەملێی منداڵان.

٢٠. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەبنەوە، و گرتنەبەری ڕێککاری کارا لەم ڕووەوە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان و ئافرەتانی ئاوارە یان پەنابەران یان کۆچبەران و ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینین.

<u>لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێنە ڕوو:</u>

<u>ئەندام بوون لە پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان</u>

ئەندام بوون لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە دەسەڵاتە حەسرییەکانە بەپێی دەستووری عێراقی و ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی فیدراڵییە بە چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سنووربڕ، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە وەزارەتی ناوخۆ ئەندامە لە لێژنەی ناوەندی حکومەتی ئیتیحادی، تا ئێستا کۆبوونەوەکان زۆر سنووردار بوونە هەرچەندە کۆبوونەوەکان راسپاردەیان هەبووە و ژمارەیەک ڕێکار گیراوەتە بەر بەتایبەتی لە بابەتی کارا کردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

رێوشوێن و میکانیزمی بەدواداچوون لە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان

- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان ئەندامە لە لێژنەی ناوەندی حکومەتی ئیتیحادی، بەڕێوەبەرایەتییەکە (٢) بەش لەخۆ گرتووە ئەوانیش بەشی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەشی لێکۆڵینەوە لە تاوانی سپیکردنەوە پارە و پارەدارکردنی تیرۆر. لە ئێستادا (٨) نووسینگەی هەیە لە هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەڕین، سۆران و زاخۆ.

- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربووەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان چوار مانگ جارێك داتا و ئامارەکانی و چالاکییەکانی نووسینەگەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان وەردەگرێت و کۆی دەکاتەوە بۆ مەبەستی ئاگادار بوون لە سەر ئەو بوارانە کە دەچێتە ژێر جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٨) بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان ساڵی ٢٠١٢.

- لە ڕێگای پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێری و تەکنەلۆژیای زانیاری چەندین خولی کردۆتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە بەشداری کردنی کارمەندانی چەندین دام و دەزگای حکومی و دەسەڵاتەکانی تری دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆ.

- هەماهەنگی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی ناحکومی کردووە وەك ڕێکخراوی (المصیر) لە بەغدا بە مەبەستی پێشکەش کردنی ڕاوێژ و هاوکاری بۆ قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

- بەشداری کردن لە دوو کۆنفرانسی ساڵانەی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی (UNODC) لە وڵاتی نەمسا (٢٠٢١ و ٢٠٢٢) .

- ژمارەی تەلەفۆنی تایبەتی بۆ نووسینگەکان تەرخان کردووە، هەروەها لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییانەی کە هاوبەشن هێڵی پەیوەندی تایبەتیان هەیە.

- وەزارەتی ناوخۆ یاداشتی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ڕێکخراوی (سید فاوندەیشنی نێودەوڵەتی) واژوو کردووە بۆ حەواندنەوەی قوربانیان لە دالدەی (ستێپس) کە سەر بە ڕێکخراوی ناوبراوە.

- بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان داتاو ئامار ئامادە دەکات لەسەر تاوانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، بەڵام لەبەر نهێنیی دۆسیەکان و پاراستنی قوربانیان بڵاو ناکرێنەوە.

- هەروەها لەوەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆمەڵگەیی هەیە کەسەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمە و بەشی لەپارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و هۆبەی لەقەزاکان هەیە و کاری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە چارەسەرکردنی کێشەکانی توندوتیژیە پێش ئەوەی ڕووبدات لەڕێگای بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕێگەگرتن لە ڕوودانی توندوتیژی خێزانی.

- هەماهەنگییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناحکوومی ئەو پەیوەندییەی دروستکردووە وەك (IOM, UNODC,HARTLAND,SEED و المصیر).

- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەی (UNODC) لە بواری ڕاوێژکاری و کردنەوەی خوولی پێشکەوتوو و هەروەها ئەنجامدانی وۆرکشۆپی ئامانجدار بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان.

- ئەنجامدانی چەند خولێک بۆ کارمەندانی نشینگە (اقامة)ەکان بۆ مەبەستی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، لەم خولانەدا کە (٥) مانگی خایاند نزیکەی (٤٠) کارمەند بەشدار بوون.

- کرێکارانی بیانی چاودێری دەکرێن، لە (٤٠) ڕۆژ جارێک بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت و پێویستە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا چارەنووسیان دیاری بکرێت.

<u>ئاماری بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان لە هەرێمدا:</u>

- (١٧٢) کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەشەوە.
- (٩٣) کۆمپانیا بەهۆی ناچالاکییەوە ڕاگیراون.
- (١٥٧) کۆمپانیا لەسەر بنەمای فەرمانی دادگا داخراون.
- (٩٩٨) کۆمپانیا لەژێر چاودێریدان.
- (٥٣٤) کۆمپانیا لەژێر لێکۆڵینەوەی دادوەریدان.

<u>بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێ</u>

بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گرتنە بەری ستراتیژیەتێک لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان یەکێکە لەو هەنگاوانەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە سزادانی ئەنجامدەری ئەشکەنجەدان، کاتێک تاوانبار یان ڕاگیراو سکاڵا پێشکەش دەکات ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە پێکدەهێنرێت و ئەگەر بە بەڵگە بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی سەلمێندرا کە ئەشکەنجە دراوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەنجامدەری تاوانەکە دەگیرێتە بەر. سەبارەت بە دانانی پێناسەیەك لە یاسا نیشتیمانییەکاندا بۆ تاوانی ئەشکەنجەدان، لە ڕێکەوتی ١ ئاداری ٢٠٢٣ لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسایەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خەراپ کراوە.

نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و جیاکاری

لە دامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، پێکهاتەکان (تورکمان و مەسیحی بە نموونە) نەک جیاکاریان بەرامبەر نەکراوە، بەڵکو شوێن و پێگەی بەرزیشیان پێدراوە لە ئاستی فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاوەکو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکان.

بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاو و ئافرەت

وەزارەتی ناوخۆ پەرتووکی (سیاسەتی یەکسانی لەنێوان ئافرەت و پیاو لە ئەرك و مافدا) دارشت و بەچاپ گەیاند، ئەم پەرتووکە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گشتاندنی پێکراوە بۆ سەرجەم وەزارەتەکان بەمەبەستی پەیڕەوکردنی، ڕێژەی ئافرەت لەگشت بەشەکانی وەزارەت ڕەچاوکراوە. لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠١١) بەرکارە.

لە ئێستادا بۆ ئەوەی یاساکە زیاتر لەگەڵ ستراتیژ و کارنامەی حکومەتی هەرێم و پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی گونجاو بێت کار دەکرێت بۆ هەموارکردنەوەی. دوای چەندین کۆبونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان، کەموکوڕیەکانی یاساکە دەستنیشانکراون، دوا جار ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا بۆ گفتوگۆ کردن و دەنگدان لەسەر هەموار کردنی.

سەبارەت بە ماددەکانی (٣٨٠ و ٣٩٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) کە پەیوەستن بە (پێشێلکردنی مافی ئافرەت)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان کار دەکات بۆ هەموارکردنی ئەو ماددانە بە مەبەستی نەهێشتنی ئەو پێشێلکارییانە لە هەردوو ماددەکەدا هەیە بە جۆرێک مافی ئافرەت تێیدا پارێزراو بێت و بگونجێت لەگەڵ واقعی کۆمەڵگا.

تەرخان کردنی هێڵی گەرم و تیم مۆبایل بۆ ئاگادارکردنەوە لە حاڵەتەکانی توندوتیژی

هێڵی گەرم و تیم مۆبایل دوو بەشن لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت هەیە، ئەرکیان فریاکەوتنی خێرایە بۆ حاڵەتەکانی توندوتیژی و دەستدرێژی، لەم دوو بەشە سکاڵا لە هەواڵدەرەکانی نزیک لە ڕووداوەکە وەرناگرن، بەڵکو دەبێت دەستدرێژی لێکراو خۆی سکاڵا بکات. بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەت بەپێی یاسا کار دەکات، بۆیە تا فەرمانی دادوەر دەرنەچێت ناتوانن دەستبەرن بۆ هیچ کەیسێک و ڕێگەیان پێنادرێت لەوانەش کەیسی توندوتیژی.

بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکان لە کاتی خۆیدا پێویستە بڕیارێک دەربکرێت بۆ ئەوەی تیمەکان دەربچن و بەداواداچوون بکەن، کاتێک ئافرەت یاخود ئەو کەسەی توندوتیژیی بەرامبەر کراوە ناتوانێت پەیوەندی بکات.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یاسایی و مرۆیی بۆ ئێزیدیە رزگاربووەکان

لە سالانی ( ٢٠١٨ تا ٢٠٢٢) بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی چەندین پرۆژە و خولی پێویست جێبەجێکراوە بۆ پاڵپشتی کردنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی کەسوکاری بێسەروشوێنبووانی ئێزیدی و پێشکەشکردنی ڕاوێژی پێویست بۆ رزگار بووەکان و پاڵپشتی کردنی قوربانیان ئەنجام دەدرێت لە کەمپەکانی (بیرسف و باجید کندال و کبرتو). لەلایەکی دیکەوە و لەلایەن لیژنەی باڵای بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش ڕاوێژی یاساییان پێشکەش دەکرێت.

بەشداری کردنی کەمئەندامان لە داڕشتنی سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جێندەرییەکانەوەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و رەشنووسی هەموارەکەشی بۆ تەواوی کۆمەڵگەیە بۆیە بەبێ جیاوازی سەیری تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگە دەکات، جیاکاری لە نێوان پێکهاتەکان یان خاوەن پێداویستی تایبەت و کەسی ئاسایی و خاوەن پۆست و پلە و پایە ناکات. هەروەها دەستوور و یاسا سزاکانی عێراق و  یاسای باری کەسیش بە هەمان شێوە جیاکاری تێدا بەدی ناکرێت و لەنێو رەشنووسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیش نییە.

پرۆسەی ئاوێتەکردنی  قەرەج لە کۆمەڵگەدا

تایبەت بە قەرەجەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ هاوکاری وپاڵپشتی قەرەجەکان کراوە، لەساڵی (٢٠١٤) بەفەرمانی وەزاری ژمارە (١١٧٤٦) لە رێکەوتی ٢٠١٤ /٦/١٢ مۆڵەتی دامەزراندن دراوە بە (سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەج) لەپارێزگای هەولێر، و سەبارەت بە بابەتی هەژاریان پەیوەندی بەچەندین لایەنەوە هەیە کە پێویستە هەلی کارکردنیان بۆ فەراهەم بکرێت وپلانێکی هەمە لایەنە بۆ ئەم بابەتە دابرێژرێت بەجۆرێک کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش ڕۆڵیان تێیدا هەبێت.

لە دهۆک کۆمەڵگەی تایبەتی نیشتەجێبوونی بۆ قەرەج درووستکراوە بە ناوی کۆمەڵگای رزگاری و حکومەتی هەرێم لەو کۆمەڵگایەدا (٢٦٤) خانووی بۆ درووستکردن. پێشتر کۆمەلگای قەرەج کە ژمارەیان زیاترە لە (٣٠,٠٠٠) کەس گرفتی بەدەستهێنانی بەڵگەنامە فەرمییەکانیان هەبوو، بەڵام لە کابینەی نۆیەمدا حکومەتی هەرێم کارئاسانی زۆریان بۆ کراوە لە بابەتی دەچوونی ناسنامە، هەروەها رەگەزنامەش بەشێوەی (استثناء) بۆ قەرەجەکان دەردەچێت. لە بارەی کار پێکردن و دامەزراندنیش بەبێ جیاوازی کار دەکەن و هەلی دامەزراندنیان بۆ رەخساوە.

مافی گردبوونەوە و خۆپیشاندان

لە پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکان و ئیدارە سەربەخۆکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بەشی پۆلیسی پارێزگاری چالاکییە مەدەنیەکان دامەزراوە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ گردبوونەوە و خۆپیشاندان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك بۆیان نییە هێزی زیاد لە پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوە خۆپیشاندەران بەکاربهێنن، ئەم هێزانە ڕاهینراون بەردەوام مەشق دەکەن سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. لە هەر گردبوونەوەیەکی ئاشتیخوازانە

بەشێوەی فەرمی بەپێی یاسا داوایان کردبێت ئەرکی هێزی چالاکییە مەدەنییەکانە پارێزگاریان لێ بکات دوای زانینی کات، شوێن، ئامانج و ڕێرەوی گردبوونەوەکە.

سەرجەم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێنمایی ئاگادارکردنەوە کە پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندکاران و چالاکوانی مافی مرۆڤ بکەن. بەهیچ شێوەیەك نابێت پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان چەکی کوشندە  لە دژی خۆپیشاندەران بەکاربهێنن.

هەر کاتێك زانیاری درا کەوا سکاڵای یاسایی تۆمارکرابوو دەرهەق بەو کەسانەی ڕەفتاری نەشیاو دەکەن دژی چالاکوان و مافی مرۆڤ ڕێکارە یاساییەکان ئەنجام دەدرێت تۆمەتباران دەستگیر دەکرێن ڕادەستی دادگا دەکرێن. وەزارەتی ناوخۆ ڕێنمایی و خولی ڕۆشنبیری بۆ ئەفسەرو کارمەندان دەکاتەوە بۆ ئەوەی کارمەندانی پۆلیس بەردەوام وشیاری یاساییان هەبێت و بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و مۆدێرن پێیان بگەیەنێت، هەروەها شارەزاییان هەبێت لەبنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی و کۆمەڵگای مەدەنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و ڕاهێنانیان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٠ هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ دابینکردنی مافە رەواکانی هاووڵاتیان.

لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ مۆڵەت وەرگرتن، ئەگەر لە ماوەی (٤٨) کاتژمێر وەڵامیان نەدرایەوە ئەوا بە رەزامەندی دادەنرێت لەسەر ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکە. لیژنەی سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان بۆی هەیە تانە لە بڕیاری رەتکردنەوەکە بدات لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (٣) رۆژ لە مێژووی پێڕاگەیاندنی رەتکردنەوە، پێویستە لە ماوەی (٤٨) تانەکە یەکلایی بکرێتەوە و بڕیارەکەش یەکلاکەرەوە دەبێت. لە ساڵی ٢٠١٥ تاکو ئێستا تەنیا لە سنووری پارێزگای هەولێر (١٠٥) خۆپیشاندانی بە مۆڵەت ئەنجامدراوە، (١٢٠) خۆپیشاندانی بێ مۆڵەتی ئەنجامدراوە (٣٢) داواکاری خۆپیشاندان رەت کراوەتەوە.

<u>دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە</u>

یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١) ساڵی ٢٠١٣ خۆی دەستکەوتێکە، چونکە وەک یەکێک لە یاسا هەرە باشەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی پێدەکرێت. هەروەها گرنگیدان بە یاساکە لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ هەنگاوێکی گرنگە.

هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان لەڕێگای بەرێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان سنووری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا و ئیدارەکان بڵاودەکرێنەوە بۆهاووڵاتیان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ روون کردنەوەی پێویست دەدرێتە هاووڵاتیان و وتەبێژی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکانمان لەڕێی کۆنفرانسی رۆژنامەوانی داتا و زانیاری پێویست بڵاودەکەنەوە بەتایبەتی لە بابەتی توندوتیژی خێزانی و خستنەڕووی ئامارەکانی هاتوچۆ.

لە رووی ئەمنییەوە ڕێگا نادرێت زانیاری دەربارەی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان بە هیچ شێوەیەک بڵاوبکرێتەوە بەتایبەتی لە رووی ژمارە و شوێنەوە. دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە ٢٠١٤/٩/٢١ رەشنووسێکی رێنمایی ئامادە کردووە و لە ساڵانی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی شورا کراون.

لە وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی فەرمی کەسی پەیوەندیدار بە پێدانی زانیاری دەستنیشان کراوە و چەندین خول بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدراوە، لەڕووی داواکردنی زانیاری فەرمی لە دامودەزگاکان، بەپێی یاسای دەستکەوتنی زانیاری رێککاری خۆی هەیە هیچ سکاڵایەکیش لەسەر داواکردنی زانیاری بەرامبەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە.

<u>ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانی تیرۆری ئەلیکترۆنی</u>

رێکاری یاسایی دەگیرێتە بەر بۆ پاراستنی مافی هەر هاووڵاتییەك کە ڕووبەڕووی تاوانی ئەلیکترۆنی ببێتەوە و ئەنجامدەرانی سزا دەدرێت بەپێی جۆری تاوانەکە لە چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٨ و سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی عێراق ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراو.

<u>پاراستنی مافەکانی پەنابەران و کۆچبەران</u>

بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ (IOM) رەشنووسی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ کۆچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی پەنابەران و کۆچبەران. شەش وەزارەت لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بە وەزارەتی ناوخۆشەوە لە رێگای ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بەشدارن لە دانانی ئەم ستراتیژیەتە، ئامانجەکەی بریتییە لە بەڕێوەبردنی یەکگرتووی سنورەکان، بەرەنگاربونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، گەشەپێدانی مرۆیی و گواستنەوەی کرێکاران، چاودێری کردنی بازاڕی کار، کاریگەری تێکچوونی کەشو هەوا لە عێراق و پرسی کۆچ.

لێژنەیەکی هاوبەش پێکهێنراوە بۆ داڕشتنی ڕێنمایی تایبەت بە پەنابەران و پەناخوازان، لە ئێستادا رەشنووسی ڕێنماییەکە لە قۆناغی کۆتاییدایە بە لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان و بنەما نێودەوڵەتییەکان ئامادەکراوە.

<u>پرۆژە یاسای پاراستنی پەنابەران و داواکارانی پەنابەرێتی</u>

لە سەرەتای هاتنی پەنابەران بۆ هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم توانا بەردەستەکانی خستە خزمەتی پەنابەرانەوە، چونکە هیچ یاسا و ڕێنماییەکی تایبەت بە پەنابەری مرۆیی لە عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە.

حکومەتی هەرێم تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئاوارە و پەنابەران بێ بەرامبەر دابین دەکات وکو شوێنی مانەوە، خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، پێدانی دەرفەتی خوێندن و کارکردن و هاتوچۆ. وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەناخوازان (UNHCR) بەمەبەستی دەرچوواندنی ڕێنماییەکی

تایبەت بە پەنابەران لێژنەیەکی پێکهێناوە و لە پرۆسەی ئامادەکردنی ئەم ڕێنماییەدا سەرجەم بنەما و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو گیراون. بە پەسەندکردنی ئەم ڕێنماییە، ئەرک و مافەکانی پەنابەران دەچێتە چوارچێوەیەکی یاسایی. کە تەواوی مافەکانی تایبەت بە پەنابەران و نیشتەجێکردنیان و خزمەتگوزاری بە پەنابەرانی لە خۆ گرتووە.

<u>پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ئاوارە و پەنابەران و گەڕانەوەیان</u>

نزیکەی(٨٠٪)ی ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کراوە لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابینکراوە، ڕێکخراوەکان لە ماوەی رابردوودا بەردەوام بوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری بەم شێوەیە:

لە ساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە (٤٦٠,٠٠٠) ئێزیدی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، تا ساڵی ٢٠١٦ نزیکەی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار کەس کۆچیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات، ئێستا ژمارەی ئەوانەی کە کۆچیان کردووە گەیشتۆتە (١٦٠,٠٠٠) سەد و شەست هەزار کەس. بە گشتی ڕێژەی کۆچکردنی ئێزیدییەکان دەگاتە (٢٠٠,٠٠٠) کەس واتە نزیکەی(٥٠٪)ی ئێزیدییەکان، ئەمەش مەترسی گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانیان لێدەکەوێتەوە.

سەبارەت بە شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەی پەنابەرە سوریەکان، پێشتر ڕێکخراوەکان بودجەیان بۆ دابین دەکرد، بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ ەوە ئەم هاوکاریانەیان بڕیوە، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ و سەرجەم شایستە داراییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکانی ئاوارە سورییەکانی (رۆژئاوا) دابینکردووە لە ساڵانی ڕابردوودا.

لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان بەشێك کراوەتەوە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بەناوی پۆلیسی کاروباری ئاوارە و پەنابەران بۆ پاراستنیان بەهەماهەنگی لەگەڵ ئاسایش و ڕێکخراوە حکومی و ناحکومیەکان.

سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەندامە لە لیژنەی تەکنیکی دانوستاندنەکان لە دۆسیەی ڕێککەوتننامە شنگال کە لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی (یۆنامی) لە ٢٠٢٠/١٠/١ واژوو کراوە بۆ مەبەستی گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاسایی کردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان و ڕێکخستنی چوارچێوەی کارگێڕی و کارا کردنی رۆڵی دام و دەزگا شەرعییەکان لە ناوچەکە.

<u>قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئێزیدی</u>

ئافرەتانی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی تیرۆریستانی داعش ئەگەر لە هەرێمی کوردستان بن یان لە هەر شوێنێکی عێراق و تەنانەت دەرەوەی وڵات، ناونووس دەکرێن بۆ ئەوی بەگوێرەی یاسایەکی پێوەندیدار کە لەم دواییەدا لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچوو بە ناوی یاسای (رزگاربووە ئێزیدییەکان) ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١ بە

قەرەبووکردنەوەیان، ناو نووسکردنەکە لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠٢٢ دەستیپێکردووە و لە دهۆک نووسینگەیەکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم کارە هەڵدەستێت.

<u>دوایین ئاماری ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تا کانونی یەکەمی ٢٠٢٣</u>

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان (٩٠٠،٤٦٧) ئاوارە و پەنابەری لە خۆگرتووە، ئەو ژمارەیە (٦٣١،١٧٤) ئاوارەی ناوخۆن و (٢٥١،٤٧٥) پەنابەری سوری و (٧،٧٩٦) پەنابەری تورکی و ( ٨،٣٥٧) و پەنابەری ئێرانی و (٦٥٢) پەنابەری فەڵەستینی، هەروەها ( ١٠،٠١٣) کەس لە پەنابەری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.

زۆربەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە هەرێم لەگەڵ کۆمەڵگەی خانەخۆیی دەژین، (٣٠٪) یان لەناو کەمپەکان دەژین کە ژمارەیان (٣٣) کەمپە، هەروەها (٧٠٪) لە دەرەوەی کەمپەکان دەژین. (٤١٪) ئاوارە و پەنابەران لە پارێزگای هەولێر دەژین، (٤٠٪) لە پارێزگای دهۆک، و (١٩٪) لە پارێزگای سلێمانی دەژین.

لە مانگی تشرینی دووەم، کانونی یەکەم ٢٠٢٣ نزیکەی (٣،٣٨٩) پەنابەری تازە هاتوو لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون.

<u>هەوڵەکان بۆ بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان</u>

لە ئاستی نێودەوڵەتی بە هەوڵدانی بەردەوام، حکومەتی هەرێم بەردەوام بووە لە هەوڵەکانی خۆی بۆ بە جینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی داعش دا بە پێکهاتەکان بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی باڵای دامەزراندووە بۆ رێکخستن و هەماهەنگی لەگەڵ لایەن و میکانیزمە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی حکومات، پەرلەمان و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای. لەم دواییەشدا بە راسپاردنی بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە کابینەی نۆیەم دام ودەزگاکانی حکومەت و لایەنە ئەمنییەکان راسپێردراون بۆ پێدانی زانیاری بە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد).

تا ئێستا زیاتر لە (١٠) وڵات کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانیان بە جینۆساید ناساندووە. لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٦ پەرلەمانی هۆڵەندا دانی نا بە جینۆسایدی ئێزیدییەکان و حکومەتی هۆڵەنداش پەسەندی کرد. رۆژی ٢٠٢٣/١/١٩ حکومەتی ئەڵمانیا بە زۆرینەی دەنگ، کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکانی پەسەند کرد. هەروەها لەمانگی ٨ی ساڵی ٢٠٢٣ حکومەتی بەریتانیا بڕیاریدا بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان.

<u>هاوکاری کردنی ئافرەت و منداڵە رزگاربووەکان دەستی داعش</u>

لە شەڕی داعش، هەزاران هاووڵاتی ئێزدی و پێکهاتەکان لەلایەن تیرۆرستانی داعش رفێندران کە ژمارەیان گەیشتە (٦٤١٧) کەس و ژمارەیەکی زۆریان ئافرەت و منداڵ بوون، بە هەوڵەکانی حکومەت سەرەتای مانگی شوباتی ٢٠٢٤ توانراوە (٣٥٧٦) رزگار بکرێن لەوانە (١٢٠٨) ئافرەت و (٣٣٩) پیاو و (١٠٧٠) منداڵی کچ و (٩٥٩) منداڵی کوڕ بوون، تا ئێستا (٢٦٩٣) کەس بێسەروشوێنن. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانس و

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، چەند هاوکاریەک پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکەن وەکو:

- کردنەوەی چەندین بەرنامەی تایبەت بە پاڵپشتی سایکۆلۆژی بۆ ئافرەتە ڕزگاربووەکان.
- ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق توانیی بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ (٨٩٩) ئافرەتی ڕزگار بوو دابین بکەن وەکو قەرەبوو و بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی تەواوی ڕزگارکراوەکان .
- کردنەوەی پەیمانگای چارەسەری دەروونی و تراوما لە زانکۆی دهۆك تا ئێستا (٦٨) قوتابی دەرچوون و بڕوانامەیان بەدەستهێناوە، ئێستا لە کەمپەکان خزمەتگوزاری سایکۆ_سوشیال پێشکەش دەکەن.
- حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئەڵمانیا لە ٢٠١٥ ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کردووە بۆ چارەسەری ڕزگاربووان و تا ئێستاش (١٠٨٨) کەس لە کچ و کوڕانی ئێزیدی نێردراون بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بۆ چارەسەری دەروونی.

<u>بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان</u>

هەر کەسێك دەستگیر دەکرێت بەپێی بڕیاری دادوەر پاڵپشت بە یاسا ڕەوانەی گرتن و گواستنەوە دەکرێت و ڕادەگیرێت و گشت مافەکانی پێویستی بۆ دابینکراوە وەک بوونی پارێزەر، پەیوەندی کردن و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاری لە هۆکارەکانی دەستگیرکردنی، هەروەها ڕێنمایی پێدەدرێت بۆ زانینی ئەرك و مافەکانی و شوێنی نووستن و خۆشووشتن و گەرمی و ساردی و خواردن و خواردنەوەی تەندروستی بۆی دابینکراوە و لەڕووی تەندروستی چاودێری دەکرێت لە هەموو بەشەکانی گرتن و گواستنەوە تیمی پزیشکی تایبەتی شارەزا هەیە، ئەم تیمانە پشکنین بۆ ڕاگیراوان دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنیان و گرنگیی زیاتر بە کەمئەندامان دەدرێت.

شوێنی تایبەت بە راگیراوانی ئافرەتان هەیە و بەپێی تەمەن جیاکراونەتەوە، ئەو کەسانە کە تەمەنیان خوار هەژدە ساڵە بنکەی پۆلیسی نەوجەوانان هەیە بۆ ئەو راگیراوانە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کەشێکی ئارامیان بۆ دەرەخسێت و مافەکانیان دابینکراوە وەک: بوونی پارێزەر، ئاگادار کردنەوەی کەسوکاری لە هۆکاری دەستگیرکردنی، مافی سەردان، پەیوەندی کردن بە کەسوکاریان بە تەلەفۆن، ناردنی نامە و دابینکردنی گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

<u>ڕاهێنانی فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ</u>

کردنەوەی خولی هوشیاری بەردەوام بۆ ئەفسەر و کارمەندان بۆ ڕۆشنبیرکردن و ڕاهێنانی لەجێبەجێکردنی یاسا لە بارەی مافەکانی مرۆڤ ئەو ڕاسپاردانەی کە لەپرۆسەی جێبەجێکردندا هێزەکانی پۆلیس بەردەوام پشتگیری و هاوکاری دەبێت بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان.

نەهێشتنی توندوتیژی دژی منداڵان

ئەو منداڵانەی توندوتیژیان بەرامبەر کراوە لە چوارچێوەی مافی کەسی دۆسییەکانیان هاتووە و ڕەوانەی نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەکرێت، بەڵام ئەگەر منداڵەکە تۆمەتبار بێت دۆسیەکانیان دەچێتە پۆلیسی نەوجەوانان. واتە ئەو کەیسە هاوبەش و پەیوەندارە بە چەند لایەنێک وەک بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پۆلیسی نەوجەوانان و هێزەکانی پۆلیس کە بەردەوام خولی هۆشیاری و شیاندن و ڕاهێنان ئەنجام دەدەن لە شوێنە گشتی و گەشتیاریەکان بۆ ڕێگری کردن لە نەهێشتنی توندوتیژی دژی منداڵان و پاراستنیان لە لەش فرۆشی و بازرگانی پێکردن.

بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و زامنکردنی یەکسانی

سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای ڕەگەزنامە ژمارە (٢٦) بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بۆ زامنکردنی یەکسانی لە مافەکاندا لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و گواستنەوە و پارێزگاری لێکردنی و گۆڕینی بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی کە ئاڕاستەی عێراق کراون بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێم کاری لەسەر ئەوە بکات لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بۆ ئەوەی جیاوازی نەکرێت لە نێوان ژن و پیاو لە بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە.

بەپێی مادده ٣/أ لە یاسای ناوبراو ئەگەر منداڵێك لەسەر ڕەگەزنامەی باوکی داوای ڕەگەزنامەی عێراقی بکات ڕاستەوخۆ لە فەرمانگەکانی باری شارستانی تۆماردەکرێت ئەگەر دایکیشی بیانی بێت هیچ کێشە و گرفتێکیان بۆ دروست نابێت. بەڵام ئەگەر هاتوو منداڵێك دایکی عێراقی بێت باوکی بیانی بێت و لەسەر ڕەگەزنامەی دایکی داوای ڕەگەزنامە بکات کێشە و گرفتی زۆری بۆ دروست دەبێت.

لێرەدا ڕێوشوێنەکان لەڕووی کارگێڕییەوە توندتر دەکرێن و کاتێکی زۆریش دەخایەنێت لە هەمان کاتیشدا لەڕووی پراکتیکییەوە دەبێت منداڵ و دایکەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی تۆمارکردن. دواتریش چەند منداڵی تر کە لەدایك دەبن بەهەمان شێوە پێویستە ڕێکارەکان ئەنجام بدەن وەك منداڵی یەکەم بۆ ئەم مەبەستە ڕێنماییەکان زۆر توندکراون بۆیە پێویستە جیاوازی نەکرێت لەنێوان ژن و پیاو دوای دڵنیابوونەوە لە ڕەسەنایەتی ئافرەتەکە هاوشێوەی پیاوەکە مامەڵە لەگەڵ منداڵەکان بکرێت.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ

- دارشتنی (پلانی کاری نیشتیمانی) و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت لەو ڕووەوە بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- پێداچوونەوە بە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ بەتایبەتی لە بابەتی بەرپرسیاریەتییەکان.
- دامەزراندنی ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە نێوان پارێزگا سەرەکییەکاندا بە تایبەت لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک، لەبەر ئەوەی بوونی تەنها شەش ئۆفیس بەشی پێداویستی هەرێمی کوردستان ناکات.
- پێویستە نووسینگەکانی بەرەنگاربونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ بە سیستەمێکی یەکگرتوو و ستاندارد کار بکەن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەیسەکان جیاواز نەبێت.
- دانان و ئامادەکردنی چەند پەیوەرێک بۆ شارەزایی تەکنیکی خوازراو و لێهاتوویی و ئەزمونی ئەو کارمەندانەی کە لە نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان کار دەکەن.
- پێویستە وەرگێر دابین بکرێت لە نووسینگەکان کە یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی قوربانیان بیانین.
- کاراکردی لێژنەی ناوەندی و لێژنە لاوەکییەکان و یەکخستنەوەی ڕێنمایی کارکردنیان و دابینکردنی پێداویست لۆجستی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بە شێوەیەکی دروست.
- زیادکردنی (ئەنجومەنی باڵای دادوەری) بۆ ئەندامیەتی لە لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- باشترە نوێنەری وەزارەتی داد لە لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ئەندامێکی داواکاری گشتی بێت نەک فەرمانبەرێکی ئاسایی.
- سازدای خولی ڕاهێنانی تایبەت بۆ ستاف و کارمەندانی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان و هوروەها بەشە لاوەکییەکانی سەر بەم بەڕێوەبەراییەتیەکان
- بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەم کۆمپانیانەی کە تایبەتن بە هێنانی دەستەی کار لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگریکردن لە بردریان بۆ شارەکانی تەر لە عیراق یان وڵاتانی دەوروبەر.
- هەماهەنگی نێوان وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر تایبەت بە کەیسی بازرگانیکردنی بە مرۆڤ، بەتایبەتی میکانیزمی هەواڵەکردنی کەیس لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە نێوان ئەو ئەفسەرانەی کە ڕاسپاردراون بە پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕێکخراوی پۆلیسی تاوانکاری نێودەوڵەتی _ ئینتەرپوڵدا.

- ئامادەکردنی و بنیادنانی پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، هەروەها ئەنجامدانی هەڵمەتی داکۆکیکاری لەسەر ئاستی ئەکادیمیای پۆلیس بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەو پرۆگرامە نێو ئەفسەرانی جێبەجێکاری یاسادا.
- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان و بەرزکردنەوەی توانستی مرۆیی بۆ کارمەندان و ئەم فەرمانبەرانەی کە ڕاستە و خۆ مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەکەن بە ئامانجی یارمەتیدان بۆ باشتر تێگەیشتن و بەکارهێنانی یاساکە لە لێکۆڵینەوە تاوانباراندا.
- دیاردەی سواڵکردن قەدەغە بکرێت، چونکە جۆرێکە لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ و دەرفەتێکە بۆ ئیستغلال کردن.
- لە کاتی دەستگیر کردنی سواڵکەران کاتێک منداڵیان لەگەڵ دەستگیر دەکرێت و منداڵەکە خوار ناکرێت لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدا بکرێت، واباشترە لە داڵدەی تایبەت دابنرێ تا داوای سزایی یاسایی دایکەکە یا باوکەکە یەکلا دەبێتەوە.
- تەرخانکردنی هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردن لەکاتی هەبوونی حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

<u>تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو</u>

- لەژێر هیچ پاساوێکدا نابێت مامەڵەی نامرۆڤانە و توند و دڵڕەقانە و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە بەرامبەر هیچ ڕاگیراوێک ئەنجام بدرێت لەلایەن کارمەندی لایەنی پەیوەندیدار.
- ڕاسپاردنی هەر لایەنێکی پەیوەندیدار کە هەڵدەستێت بە کاری لێکۆڵینەوە بە دانانی میکانیزمی گونجاو بە مەبەستی تۆمارکردنی وتەکانی تۆمەتباران لەلایەن ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی بانگەشەی تۆمەتباران بۆ ئەشکەنجە ئەگەر ڕوویدابێت یان ڕووینەدابێت، هەروەها بۆ پاراستنی بەڵگەی تاوانەکە گەر تۆمەتبار بڵێت ئەم وتانەی نووسراوەتەوە وتەی من نییە یاخود گۆڕانکاری تێدا کراوە.
- ڕاسپاردنی گشت لایەنەکان کە هەڵدەستن بە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان بە پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیای تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری وپاراستنی زانیاری و بەڵگەی تاوان.
- ئامادەبوونی پارێزەر لە سەرەتای وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار، دەکرێت لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان میکانیزمێک دابندرێت بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چاوپێکەوتنی ڕاگیراوان لەگەڵ پارێزەران کە پێویستە لە ساتەوەختی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەکاندا ئامادەبن و دڵنیابوونەوە لەوەی کە ووتەی تۆمەتبار بە ئامادەبوونی پارێزەر وەردەگیرێت.
- پێویستە کارمەندانی سەپاندنی یاسا ڕاستەوخۆ هۆکاری دەستگیرکردن بۆ گومانلێکراوەکان ڕوونبکەنەوە و لە کاتی وتە وەرگرتن و لێکۆڵینەوە تۆمەتەکان بخرێنەڕوو و بەردەوام تۆمەتبار و پارێزەرەکەی لە دوایین گۆڕانکارییەکانی کەیسەکە ئاگاداربکرێنەوە.

- ئاسانکاری کردن بۆ سەردانی کەسوکاری تۆمەتبار و ڕاگیراو و بوونی پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوانیاندا، بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە گرتووخانەکان دایدەنێن.
- دامەزراندنی یەکەی چاودێری پزیشکی لە بنکەکانی ڕاگرتن و گواستنەوە کە لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستیدا بێت.
- دڵنیابوونەوە لەوەی ڕاگیراوە مێینەکان دەستیان دەگات بە چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پاکوخاوێنیی گونجاو، چونکە نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە دەچێتە قاڵبی مامەڵەی نەشیاوەوە.
- تەرخانکردنی خولی تایبەتی ڕاهێنان لەسەر بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە بۆ لێکۆڵەرەوە دادییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و هەر لایەنێکی تر کە بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت.
- دڵنیابوون لەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەری دادوەری ئەرکی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار دەگرێتە ئەستۆ لە ماوەی دیاریکراودا لە دوای دەستگیرکردنی و ئەفسەرە ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەکان ئەنجام نەدەن.
- ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبارەکان لەو مافانەی کە یاسا پێی بەخشیون، لەوانەش مافی مانەوە بە بێدەنگی تا ئامادەبوونی پارێزەر و پێدانی وتە بەشێوەیەکی ئازادانە.
- کارمەندانی سەپاندنی یاسا پێویستە لەوە ئاگاداربن کە تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە مافی خۆیەتی پارێزەر ببینێت، نەک تەنها لە کاتی دادگاییکردن.
- دڵنیابوون لەوەی ڕاگرتن (توقیف) تەنها لەلایەن دامەزراوە یاسایی و ڕێگەپێدراوەکان ئەنجام دەدرێت و تەریبە لەگەڵ یاسا نیشتیمانییەکان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ. هاوکات بە شێوەیەکی شەفاف ئاماژە بەو لایەنە ئەمنییانە بدرێت کە ئەرکی ڕاگرتنیان پێ سپێردراوە، ئەو هەلومەرجانەی کە وادەکەن ڕاگرتن پێویست بێت و ناونیشانی ئەو سەنتەرانەی کە تۆماتباری تێدا ڕادەگیرێت.
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری هێزە ئەمنییەکان لەو ڕووەی کە دانپێدانانی تۆمەتبار تەنها سەرچاوەی ساغکردنەوەی تۆمەتەکەی نییە، دەتوانن کار لەسەر دەستخستنی چەند جۆرێک بەڵگە بکەن، لەوانەش وتەی شایەتحاڵ، بەڵگەی بەرجەستە (فیزیکی)، بەڵگەی وێنە و ڤیدیۆ، و بەڵگەی دۆکیومێنتاری.
- دڵنیابوون لەوەی ئەو ڕاگیراوانەی دووچاری ئەشکەنجەدان بوونەتەوە قەرەبوو دەکرێنەوە.
- دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندی و هەماهەنگی زیاتر هەیە لە نێوان هەموو ئەو دەزگایانەی کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەوە پێسپێردراوە. ئەمەش دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەی ئاسۆیی، بەهێزکردنی چاودێری لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، زیادکردنی کارایی و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی دەستبەسەرکردنی درێژخایەنی نایاسایی پێش دادگاییکردن.

- له کاتی دروست کردنی لیژنەی پەیوەندیدار بۆ دەنگۆکانی ئەنجامدانی ئەشکەنجە، پێویستە ئەندامەتیەکەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ئەنجوومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، پۆلیس، چاکسازییەکان، سەندیکای پارێزەران و کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆبگرێت.

<u>تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی</u>

- دەسەڵات بدرێت بە نووسینگەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی کوشتن لە سەنتەری پارێزگاکان کە شارەزاییەکی تەواویان لە بواری لێکۆڵینەوەدا هەیە، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی خێزانی.
- پێویستە لە سەنتەری پاریزگاکان بنکەی پۆلیس لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ دابمەزرێت تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تەواوی ڕووداوەکانی سووتان و خۆسووتاندن، هەروەها کەیسەکانی توندوتیژی بە جیا تۆماربکرێن.
- پێویستە پۆلیسی ئافرەت دابندرێت لەکاتی هێنان و بردنی راگیراو و سزادراوانی ئافرەت، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی دەرەوەی شار.
- جەختکردنەوە لەسەر دەرکردنی توندترین سزا بۆ ئەو کەسانەی کە چەک هەڵدەگرن بەپێی یاسا و بەکاری دەهێنن بۆ مەبەستی کوشتن، لەوانەش کوشتنی ئافرەتان.
- گشتاندنی فەرمانی دەستگیرکردن و پشکنینی هەر شوێنێەک کە گومان یان زانیاری بوونی تۆمەتبار لەو شوێنە هەیە یان پێیان تێپەر دەبێت، بۆ سەرجەم فرۆکەخانە و خاڵە سنورییەکان و بازگەکان و بنکەکانی پۆلیس و ئەندامانی بەرزەفتکردنی دادوەری لە پێشینەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بن. گرنگە وێنەیەک بڵاو بکرێتەوە بۆ ئاسانکردنی هەماهەنگی هەموو لایەنەکان بۆ دۆزینەوە و ڕادەست کردنی تۆمەتبار بە یاسا.
- ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی بەو پێشێلکارییە یان لەو سکاڵایانەی کە دەدرێت بە یەکەی کارگێری بنکەی ڕاگرتن و گواستنەوە سەبارەت بە حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان و منداڵان.
- جێکردنەوەی بابەتێک لەسەر مافی ئافرەتان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە بەرنامەی ڕاهێنانی هێزە ئەمنییە پەیوەندیدارەکان لەم بارەیەوە.

<u>تایبەت بە مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری</u>

- ڕێزگرتن لە گردبوونەوەی ئاشتییانە و لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی سەرجەم پێشێلکارییەکان، دەستەبەرکردنی پاراستنی پێویست بۆ ڕۆژنامەنووسان، پەیامنێران، میدیاکان، بەرگریکارانی مافی مرۆڤ و هتد. پێویستە لە بازنەی یەکەمی هەر خۆپیشاندان و گردبوونەیەکی ئاشتیانەدا، هێزە مەشق پێکراو و ڕاهێندراوەکان ئەرکی پاراستن و ڕەفتارکردنیان لەگەڵ خۆپێشاندەران پێ بسپێردرێت و ڕەچاوی پاراستنی مافە تاکەکەسی و گشتییەکان بکرێت.
- گرنگیدان بە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ هێزە ئەمنییەکان و ئاشناکردنیان بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاگەیاندنکاران، چالاکوانان، و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ.

- دڵنیابوون لەوەی کە میکانیزمە کاریگەرەکانی لێپرسینەوە لە کاتی بوونی دەنگۆی پێشێلکارییەکانی دژ بە ئازادی ڕادەربڕین پەیڕەودەکرێت، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا، کاریگەر، دەستبەجێ و شەفاف لە دەنگۆی سنووردارکردنی گردبوونەوەکان و ئاشکراکردنی ئەنجامی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە.

تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان


پۆلیسی هەولێر بەشی چالاکییە مەدەنییەکان لەسەر ڕاسپاردەی خۆیان پێویستیان بە مەشق و ڕاهێنانی زیاتریان هەیە بۆ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ.

تایبەت بە دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە

هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ سەرف کردنی شایستە داراییەکان بۆ زانکۆی کینک کۆلێج بۆ کۆتایی پێهێنانی بەراوردکردنی سامپڵەکانی خوێن.


## وەزارەتی دارایی و ئابووری

لە کۆی (٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٤) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٢) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان (١) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٦٤٫٣٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 1 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 1 | 1 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 7 | | |

هێڵکاری ١٤ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری




هێڵکاری ١٥ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی بنەمای ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ١٦ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودان بە مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوورییەکانی کەمئەندامان.
٢. برەودان بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، بە چەشنێك کە بە تەواوەتی یەکبگرنەوە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، ئەویش لە پێناو زامنکردنی یەکسانی لە بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.
٣. درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ برەودان بە سەروەری یاسا و زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕێگریکردن لە پرسی دەربازبوون لە سزا.
٤. پەرەپێدانی توانا و سەرچاوەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.

ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کەسانی کەمئەندام لە بازاڕی کاری کراوەدا و کارئاسانیکردن و بەدەستهێنانی قەرز بۆ ئەوەی بتوانن کاری ئازاد بکەن و دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی پیشەیی گونجاو بۆیان، گرتنەبەری ئەو ڕێککارانەی دەبنەهۆی هاندانی خاوەنکارەکان بۆ دامەزراندنی کەسانی کەمئەندام.
٢. زیادبوونی پشکی تەرخانکراو بۆ کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. درێژەدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

یاسا دەرچووەکان و هەنگاوەکانی دڵنیایی

- یاسای ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەموار کردنی پیادە کردنی ڕەسمی پولی ئیتحادی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (٦) دەرکرا.
- یاسای ژمارە (١٩) ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یەکەمی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠.
- ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی وەرگرتنی ڕێنماییەکان لەسەر بابەتی (غسيل الاموال) یاسای ڕێکخستنی کارەکانی دڵنیایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥.
- پرۆژەی یاسای دڵنیایی لە بوارەکانی تەندروستی، ئۆتۆمبیل، خانووبەرە (الهندسی) پرۆژە یاساکە تەواو کراوە و ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت لە داهاتوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٢٦ پرۆژە یاسای (قانون تنظيم اعمال التأمين) لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کراو. ئاڕاستەس پەرلەمانی کوردستان کراوە بە مەبەستی دەرچوواندن.

کۆمپانیاکانی دڵنیایی

- دامەزراندنی (کۆمپانیای کوردستان) بۆ وەگەڕخستنی کەرتی دڵنیایی و کێبڕکێ لە نێوان کۆمپانیاکانی دڵنیایی کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتی، بە مەبەستی بەدی هێنانی متمانی زیاتر لەلای هاووڵاتییان، زیادکردنی داهات و رەخساندنی هەلی کار.
- لە ئێستادا (٨) کۆمپانیای دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن ئەوانیش کۆمپانیاکانی ( ستار کار، کار، دڵنیا، ئاسیا، جیهان، کۆراز، سۆنگا، ئور).
- (٥) کۆمپانیای دڵنیایی کەرتی تایبەت بارەگای سەرەکییان لە بەغدایە و لقیان لە هەرێمی کوردستانە ئەوانیش (بادية، دار الثقة، الحمراء، الاندلس، التضامن).

دەستکەوتەکانی وەزارەت لە بواری گرێبەستەکانی نێوان حکومەت و کۆمپانیاکان

لە ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی داریی و ئابووری گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دڵنیایی کەرتی تایبەت واژوو کرد بۆ زیاد کردنی رێژەی داهاتی مانگانە لە (١٠٪ بۆ ٢٥٪). کردنەوەی دەروازەی (سەریز)ی نێودەوڵەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا کە لە ماوەیەکی نزیکدا دەبێـتە یەکێک لە دەروازە بەهێزەکانی بازرگانی، هەروەها وەرگرتنی (٢٥٪)ی داهاتەکەی وەک داهات بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری. بڕیار دراوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ یەکەمین کۆنفرانسی دڵنیایی ئەنجام بدات.

هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

- وەزارەتی دارایی و ئابووری لەپێناو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی لێژنەیەکی پێکهێناوە لەگەڵ دەستەی دەستپاکی بۆ بەدواداچون و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتیمانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٧١٧) لە ٢٠٢٢/٨/٢ ئەم لیژنەی بەردەوام دەبێت تاکو ساڵی ٢٠٢٥.
- چەندین لێژنە پێکهاتوو لەسەر ئاستی وەزارەت وەک پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران، پێداچونەوە بە دۆسیەی پلە باڵاکان وەک ئەندام پەرلەمان، وەزیر، راوێژکار، بەرێوەبەرە گشتییەکان.
- سیستەمی ئەلیکترۆنی لە زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکان جێبەجێ کراوە بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی.

ئیحاله کردنی کەیس بۆ دادگا

به مەبەستی نەهێشتنی گەندەڵی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری تاوەکو ٢٠٢٣/١٢/١ چەندین داوا پێشکەشکراوە کە ئیحالەی دادگا کراوە وەک:

خشتەی ٨  ئاماری ئیحاله کردنی کەیسی نەهێشتنی گەندەڵی بۆ دادگاکان

| دادگا | ژمارەی کەیس |
|---|---|
| داداگای بەرایی | ٩٢ |
| دادگای لێکۆڵینەوە | ٩٥٩ |
| دادگای کەتن | ٤٠٤ |
| دادگای تاوان | ٢٠ |
| دادگای دادوەری فەرمانبەران | ٤٣ |
| دادگای دادوەری کارگێڕی | ١٤ |
| دادگای لێکۆڵینەوەی دەستپاکی | ٦٠ |
| کۆی گشتی | ١٥٩٢ |

پاراستنی مافەکانی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

- بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ مانگانە بڕی (١٥٠٠٠٠) هەزار دینار خەرج دەکرێت وەک بەخشین بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە هیچ مووچەیەکیان نییە واتە فەرمانبەر نین، و بڕی (١٠٠٠٠٠) هەزار دینار بۆ ئەوانەی کە فەرمانبەرن.
- گشتاندن کراوە بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ژمارە (١٤٥٠٤ لە ٢٠٢٣/١٢/٦) تایبەت بە دابینکردنی شوێنی ئۆتۆمبیل بۆ کەمئەندامان لە نزیکترین خاڵی چونە ژورەوە و دابینکردنی کورسی جولاو بۆیان.
- ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران بۆ ئەم توێژە و کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.

- بەخشینی ڕەسمی گومرگی و هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەم ئۆتۆمبێلانە کڕین و فرۆشتنیان پێ ناکرێت. هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ/ وەزارەتی دارایی و ئابووری زیاتر لە (١٠) فەرمانبەری کەمئەندامی هەیە.

## گێڕانەوەی قەرزی بانکە بازرگانی و پسپۆرییەکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە ڕێگەی بانکەکانەوە لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک لە ساڵی ٢٠٢٢ تا ئیستا توانیویەتی بڕێک قەرزی ئاسانکاری وەرگرێتەوە، چ بە پارەی کاش یاخود بە وەرگرتنی موڵک و فرۆشتنی یاخود تەحویل کردنی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری.

خشتەی٩ ئاماری قەرزی بانکە بازرگانییەکان

| قەرزی بانکە بازرگانییەکان تا حوزەیران ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| قەرز | پارە بە دینار |
| قەرز | ٤٠٣,٨٦٧,٥٧١,٢٧٧ |
| سوود | ٦٩٠,٣٨٣,٥١٣,٨٦٤ |
| قەرزی گەڕاوە | ٢١,٤١٨,١٥٦,٢٦٧ |
| کۆی گشتی قەرزە ماوە | ١,٠٧٢,٨٣٢,٩٢٨,٨٧٤ |
| کوژمەی موڵکی فرۆشراو | ٣٦,٥٢٢,٢١٣,٨٩١ |

خشتەی ١٠ ئاماری قەرزی بانکە پسپۆریەکان

| بانکە پسپۆریەکان حوزەیران ساڵی ٢٠٢٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی بانک | ژمارەی سوودمەند | کۆژمەی پێشینەی خەرج کراو | کۆژمەی کراوە بە فعلی | گوژمەی مارە لای قەرزاردار |
| کۆی گشتی خانوبەر | 196.721 | 3.214.598.458.300 | 1.509.304.652.626 | 1.667.725.872.399 |
| گەشت و گوزار | 20 | 2.230.000.000 | 259.060.000 | 1.931.940.000 |
| کۆی گشتی کشتوکاڵەکان | 8.471 | 209.858.853.600 | 144.012.311.910 | 63.427.510.190 |
| کۆی گشتی نیشتەجێکردنەکان | 22.054 | 577.397.891.750 | 261.174.137.900 | 310.292.486.850 |
| کۆی گشتی پیشەسازیەکان | 135 | 43.633.076.000 | 24.746.791.500 | 18.079.575.250 |
| کۆی گشتی | 227.401 | 4.047.718.279.650 | 1.939.496.953.936 | 2.061.457.384.689 |

## پێداچوونە بە مامەڵەی خانەنشینی

بەهەماهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی (UNDP) سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بە ناوی سیستەمی زانیاری خانەنشینی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی وەزارەتی دارایی دروس کراوە کە لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە مامەڵەی خانەنشینی بە ئەلیکترۆنی کراوە و بە کەمترین ڕۆتین مامەڵەی خانەنشینی ئەنجام

دەدرێت. هەروەها ڕێکخستنی مامەڵەکانی خانەنشینی بە شێوەی سیستەمێک کە کەمترین هەڵەی تێدا بێت و بەستنەوەی گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی بە یەکتری.

پرۆژەی هەژماری من

ئەم پرۆژەیە لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە، بڕیارە تا کۆتایی ئەم ساڵ سەرجەم مووچە خۆران بنە خاوەن هەژماری بانکی و مووچەیان بە ئەلکترۆنی بکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێگا خۆشکەرە بۆ برەودان بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و گارگێڕی لەپێناو زامنکردنی یەکسانی.

چاودێری گومرگ و دەروازە سنوورییەکان

- لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری گومرگ پشکنین و بەدواداچوون و ووردبینی دەکرێت لەسەر مەنەفێست، پسوولەی ژمێریاری (٣٧ أ)، پسوولەی پشکنین، و کاری یاسایی ئەنجام دەدرێت بەرامبەر دیاردەی گەندەڵی و قاچاغچێتی.
- سیستەمی بەڕێوەبردنی دەروازە سنوورییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان کراوەتە ئەلیکترۆنی.

ڕێکخستنی خەرجییەکان

سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی هەرێمی کوردستان (KMFS) یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکان کە توانراوە خەرجییە ناپێویستەکان کۆنترۆڵ بکرێت، لە ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ نزیکەی (٢٧٥) ملیۆن دۆلار خەرجیی ناپێویست کەمکراوەتەوە.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ

دابینکردنی بوودجە و گرتنەبەری میکانیزم و ڕێوشوێنی پێویست و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە.

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان


تەرخان کردنی (سندوقی بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان) لەو پارەی کە دەستی بەسەردا گیراوە لەم تاوانەدا، غەرامەکردنی سزای تاوانبارانی مادده هۆشبەرەکان کە لە یاساکاندا دیاری کراوە، ئەم یارمەتیانەی کە لەلایەن بەخشەرەکانەوە ناوخۆیی یاخود نێودەوڵەتی دابین دەکرێت بۆ ئامادەکردنی سەنتەرەکانی شیاندنەوە، دابینکردنی ئامێری پزیشکی پێشکەوتوو و کەلوپەلی پێویست بۆ سەنتەرەکان.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

- پێداچوونەوە بە مووچەی کەمئەندامان بە لەبەر چاوگرتنی ڕێژەی کەمئەندامی و باری خێزانی بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کامئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.
- دامەزراندنی ڕێژەی(٥٪)ی کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت لە کەرتی گشتی و ڕێژەی (٣٪)ی لە کەرتی تایبەت.
- گەڕانەوەی خەرج کردنی پێشینەی هاوسەرگیری بۆ کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت.
- دابینکردنی میکانیزمێکی گونجاو لە بانکەکان کاتی وەرگرتنی مووچە.
- دانانی بنکەی دەستنیشانکردنی ڕێژەی کەمئەندامی.
- کردنەوەی بەشی ناوخۆیی لە پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو نابینایانەی لە دەرەوەی شارن.


## وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

لە کۆی (٣) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (ا) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە، و ڕاسپاردەی جێبەجێنەکراوی نیە و (٢) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢) و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٨٣٫٣٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 1 | 1 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 2 | 1 | 1 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 3 | | |

هێڵکاری ١٤ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان




هێڵکاری ١٥ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ١٦ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. درێژەدان بە گرتنەبەری رێککارەکانی پاراستنی ژینگە لە رێی پلانێک کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە.
٢. کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی رێنمایی تایبەت بە راوکردن و پاراستنی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

کارکردن لەسەر مافی ژیان لە ژینگەیەك خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس بە گوێرەی ماددەی (٣٣) لە دەستوری عێراق.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

رێنماییەکان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی کە پەیوەندیدارن بە کەرتی پیشەسازی و نەوت

- رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بە مۆڵەتدانی و کارکردنی پاڵاوتگەی نەوت.
- رێنماییەکان سەبارەت بە هاوردەکردن یان دووبارە هەناردەکردنەوەی کەرەستەی مەترسیدار بۆ بەکارهێنان لە پیشەسازی نەوت و غازدا.
- رێنمایی قەرەبووکردنەوەی زەوی و زار تایبەت بە ئیلزامکردنی کۆمپانیاکان بە پێدانی کرێی ساڵانە بەو خاوەن زەویانەی کە زەوی و زاریان دەکەوێتە ناوچەی بلۆکەکانی هەڵکەندنی بیری نەوتەوە.
- رێنمایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری.

مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لایەنی جێبەجێکارە دەربارەی پاراستنی ژینگە و کار دەکات لەسەر مافی ژیان لە ژینگەیەك خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس بە گوێرەی ماددەی (٣٣) لە دەستوری عێراق، لەم ڕووەوە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی. پێش دەستپێکردنی هەر پرۆژەیەك لەلایەن هەر کۆمپانیایەکەوە، لەهەر خاڵێکی پرۆژەی نەوتەوە دەبێت راپۆرت پێشکەشی وەزارەت بکەن کە بەشێکی راپۆرتەکە تایبەتە بە پاراستنی شوێنەوار و ژینگەی رووەکی و ئاژەڵە کێوییەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی راپۆرتەکەدا لەماوەی سێ مانگدا وەزارەت بەو راپۆرتانەدا دەچێتەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی گونجاوی بۆ دەکرێت.

## جێبەجێکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کێڵگە نەوتییەکاندا

هەناردەکردنی نەوت لە ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ەوە کە بەبڕیاری دادگای نێوبژیوانی ژووری بازرگانی پاریس بووە هۆی ڕاگرتنی دەرهێنانی نەوتی خاو و ڕوودانی شووتداون لەبەشی هەرە زۆری کێڵگە نەوتییەکان و لەگەڵ ئەمەشدا بە بەردەوامی تیمی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی و ژینگەیی بەدواداچوونیان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان و ڕێنمایی وەزارەت کردووە لە کێڵگە نەوتییەکاندا.

یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ئەم بابەتەی ڕێکخستووە و پابەندی خستووەتە سەر کۆمپانیاکان بەگشتی کەوا ژینگەی هەرێم بە گشتی و ژینگەی ناوچەی کێڵگە نەوتییەکان بپارێزێت. هەروەها ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ ڕێنمایی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی بۆ پرۆسە نەوتییەکان کە لە وەقائیعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، لە بواری جێبەجێکردندایەو کاری پێدەکرێت و ڕێگری دەکات لە پیس بوونی ژینگەی هەرێم.

## ڕێکارەکانی پاراستنی ژینگە لەرووی یاساییەوە

پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا بە سێ یاسا و بەڵگەنامەوە پاڵپشتی دەکرێت یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە، یاسای نەوت و غاز و گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش. ئەم بەڵگەنامانە کۆمپانیاکان پابەند دەکەن بەوەی کە پێش دەستکردن بە هەر چالاکییەکی بازرگانی یان پیشەسازی، هەڵسەنگاندنی کاریگەریی لەسەر ژینگە ئەنجام بدەن لەپێناو قەرەبووکردنەوەی هەر زەرەر و زیانێک کە بە کشتوکاڵی خاوەن زەوییەکان و زەوی و زاری دەوروبەریان دەگات.

بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاوردەکردنی بەرهەمی سووتەمەنی زیانبەخش و قەدەغەکردنی مامەڵەکردن بەو بەرهەمانە لەبازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمدا، لەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی نەوت وکانزاکانی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی سەر بەوەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣دا (٤١٥٠٨) پشکنین ئەنجامدراوە بۆ سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکان و تەنها (٢٨٤١) پشکنین نەرێنی بووە.

## پێدانی بڕوانامە بە کۆمپانیاکان

پاش تەواوکردنی کاری لێکدانەوەو شیکردنەوەی ڕاپۆرتی کۆمپانیاکان، وەزارەتی ناوبراو سێ جۆر بڕوانامە دەبەخشێت بۆ هەر ڕاپۆرتێك، ئەگەر ڕاپۆرتەکە بێ کێشە بوو ئەوا بڕوانامەی ڕەزامەندی دەداتە کۆمپانیاکەو دەست بەکار دەبێت. ئەگەر ڕاپۆرتەکە کەموکورتی تێدابوو ئەوا بڕوانامەی ڕەزامەندی بە مەرج دەدات بە کۆمپانیاکەو تاوەکو کەموکورتییەکان چارەسەر بکەن، بەڵام ئەگەر ڕاپۆرتەکە بەپێی یاساو ڕێنمایی وەزارەت نەبووە بڕوانامەی ڕازی نەبوون دەدرێتە کۆمپانیاکە.


پاراستنی ئاژەڵە کێوی و باڵندەکان

بەپێی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کۆمپانیاکان دەبێت پابەند بن بەوەی هەموو ساڵێک بەشداربن لە بەخشینی پارە بە سندوقی ژینگە. پێویستە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت بهێننە دی و پەیڕەوی لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەپێناو بەرگرتن لە پیسبوون و پاراستنی ژینگەدا. ئەمەش پاراستنی ڕووەک و ئاژەڵ و موڵک و ماڵ و ناوچەکانی کشتوکاڵ و ماسی بەخێوکردن دەگرێتەوە.

لە نێو پابەندییەکانی تر کە لە گرێبەستەکاندا دانراوە زەرەر نەگەیاندن بە ژینگە دەگرێتەوە لە کاتی درووستکردنی هێڵی بۆری و هەڵوەشاندنەوە یان تەسلیم کردنەوەی ناوچەی گرێبەستدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کارپێکردنی پیشەسازی نەوت.


## وەزارەتی تەندروستی

لە کۆی (٣٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی تەندروستی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٨) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٧) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢٢) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٣) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٧٦,٤٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 11 | 11 | 22 |
| جێبەجێنەکراو | 18 | 3 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 7 | 11 | 11 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 36 | | |

هێڵکاری ١٧ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی




هێڵکاری ١٨ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ١٩ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. هەڵگرتنی هەنگاوی بە پەلە بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی پزیشکی و دەروونی و ماددی، و شێوازەکانی دیکەی پاڵپشتی قوربانییەکان و پێدانی قەرەبووی گونجاو کە گەڕاندنەوەی مافەکانیان و قەرەبووکردنەوەیان و دووبارە ئامادەکردنەوەیان و رازیکردنیان و زەمانەتکردنی دووبارە نەبوونەوەیان دەگرێتەوە.

٢. پێویستە ئەو دەرمانانەی هاوردە دەکرێن بخرێنە ژێرباری مەرجەکانی چاودێری و کۆنترۆڵی جۆرییەوە.

٣. ئامادەکردنی بەڵگەنەمای پێوەرئاسا بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی و ئامێرە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی رێککەوتنی چوارچێوەئاسا، بە لەبەر چاوگرتنی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانیان لە کەمکردنەوەی کێبڕکێکاری کراوە و سنوردار، لەسەر ئاستی نیشتیمانی بێت یان نێودەوڵەتی، کە دەسەڵاتەکانی ئەنجامدانی گرێبەست لە هەرێمدا  جێبەجێی دەکەن.

٤. تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەکنیکی و داراییە پێویستەکان بۆ دووبارە ئامادەکردنەوە و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و راهێنانی پیشەیی.

٥. پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و زامنکردنی گەیشتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە کەمپی ئاوارە و پەنابەران.

٦. کۆکردنەوەی داتای پۆلێنکراو بە گوێرەی رەگەز لەبارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ئایدز و ئەو نەخۆشییانەی لە رێی مومارەسەکردنی جنسەوە دەگوازرێنەوە، لەگەڵ رێزگرتن لە نهێنی بوونی تەواوی زانیاریی نەخۆشەکان، و زامنکردنی دەستەبەربوونی خزمەتگوزارییەکان و شێوەکانی چارەسەری گونجاو بۆ توێژەکانی بەپێی تەمەن لە بواری تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە.

٧. برەودان بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی پەیوەست بە بوژانەوە و ئاسایشی خۆراك بۆ ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٢).

٨. دەستەبەرکردن و کارئاسانیکردن بۆ ئەوەی سەرجەم هاووڵاتییانی هەرێم دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی وەك چاودێری کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی.

٩. باشترکردنی گشتگیربوون و دەرفەتی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە سەرجەم ناوچەکان، بە کەمپی ئاوارە پەنابەرانیشەوە، بە تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست لە بودجەی نەخۆشخانە و نۆرینگەکان بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکان بە راددەی پێویست و بە تێچوونێکی کەم، وەك خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە لەوانەش لەباربردنی سەلامەت، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشین و دوورە دەستەکاندا.

١٠. درێژەدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە برەودان بە چاودێری تەندروستی بۆ دایکان و تازە لەدایکبووان و منداڵان و هەرزەکاران.

١١. کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ئاوی پاك و خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ و لەبەرچاوگرتنی ژینگە و دەستەبەرکردنی خۆراك بە نرخی گونجاو و پاڵپشتیکردنی یەکە پزیشکییەکان لە کەمپەکاندا بە ئامانجی دەستەبەرکردنی دەرمان و پێکوتە و پێداویستییە پزیشکییەکان.

١٢. دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت بە هەرێم، بە چەشنێك زامنی دەستەبەرکردنی چاودێری تەندروستی بۆ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بکات. یاسای بیمەی تەندروستی ژمارە (٢٢) بۆ ساڵی ٢٠٢٠ کە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادییەوە دەرچوو.
١٣. زیادکردنی بودجەی تایبەت بە کەرتی تەندروستی.
١٤. دەستەبەرکردنی راهێنان بۆ ئەو کەسانەی لە بواری پزیشکیدا کار دەکەن.
١٥. پەرەپێدانی پلانی خۆپارێزی بۆ لایەنە جیاوازەکان.
١٦. دەستەبەرکردنی چاودێری دەروونی بۆ قوربانیانی توندوتیژی جنسی دژ بە منداڵان و زامنکردنی چاکبونەوەیان لە رووی دەروونی و جەستەیی و دووبارە شیاندنەوەیان.
١٧. گرتنەبەری پرۆگرامی چاودێری تەندروستی بۆ کەسانی کەمدەرامەت.
١٨. زامنکردنی ئەوەی سەرجەم ئافرەتان و کچانی کەمئەندام خزمەتگوزاری تەندروستی کوالێتی بەرزیان بۆ دەستەبەر دەکرێت، لە نێویاندا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە، و دەستەبەرکردنی رێککاری گونجاوی کارئاسانیکردن بۆیان.
١٩. پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا.
٢٠. گرتنەبەری رێککاری پێویست تاوەکو سەرجەم ئافرەتان و کچانی کەمئەندام بەهرەمەندبن لە خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی، لە نێویاندا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە.
٢١. خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی منداڵان، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە بەدەستهێنانی خوێندن و چاودێری تەندروستی و ئاوی پاکی خواردنەوە و پاراستنی لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك.
٢٢. زامنکردنی ئەوەی سەرجەم ئافرەتان و کچانی کەمئەندام خزمەتگوزاری تەندروستی کواڵیتی بەرزیان بۆ دەستەبەر بکرێت، لە نێویاندا خزمەتگوزاری تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە، و رەخساندنی رێککاری ئاسانکاری ماقووڵ بۆیان.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. پێویستە وەك نەخۆش مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری دەروونی و پزیشکییان بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان.
٢. پەرەپێدانی پلانەکانی پرۆگرامەکانی شیاندنەوە.
٣. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لەپێناو رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەمئەندامان زەوت دەکرێت، لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە و خانەکانی چاودێری.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. توندکردنی چاودێری لەسەر کردارەکانی بە قاچاغبردنی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێی دەروازە سنورییەکانی هەرێمدا.
٢. دامەزراندنی سەنتەرەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
٣. دووبارە ئامادەکردنەوە و ڕاهێنانی پزیشك و دەرمانساز و فەرمانبەران و هاندانیان لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و گەڕاندنەوەی توانای تەواوی تەندروستیان لەڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە.
٤. تێکهەڵکێشکردنی پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.
٥. پاڵپشتیکردنی بایەخپێدەران و تایبەتمەندان و ئاڕاستەکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی دیراسەت و توێژینەوە.
٦. لیژنەکە دەوڵەتە ئەندامەکە رادەسپێرێت بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ زامنکردنی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و گرنگیدان بە درووستکردنی سەنتەرێکی ئامادەکردنەوەی ئالوودەبووان بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە ئەدا بکات کە یاسا پێی سپاردووە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت لەلای هەرزەکاران دەرباری زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، لە ڕێی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان و هەڵمەتەکانی راگەیاندن لەم بوارەدا. هەروەها لیژنەکە راسپاردەی ئەوە دەکات دەوڵەتە ئەندامەکە چارەسەر بۆ ئالوودەبوونی مادده هۆشبەرەکان دەستەبەر بکات و کارئاسانی بکات بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان.
٧. ڕێگەپێدانی یاسایی بە لەباربردنی منداڵ لە حاڵەتەکانی لاقەکردن و زینای مەحارم و هەبوونی مەترسی لەسەر ژیان یان تەندروستی دووگیانەکە، یان مەترسی شێوانی کۆرپەلەکە، و دەستەبەرکردنی ئەوەی ئافرەتان خزمەتگوزاری لەباربردنی سەلامەت بەدەست دەهێنن، لەگەڵ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پاش لەباربردن کە لەلایەن کارمەندە پزیشکییە راهێنراوەکانەوە پێشکەش بکرێن.
٨. هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی رەفتاری پیشەیی پزیشکیی ساڵی ١٩٨٥ و دەستەبەرکردنی رەزامەندی ئازاد و هۆشیارانەی کەمئەندامان پێش ئەوەی بەشدارییان پێبکرێت لە هەر توێژینەوەیەکی پزیشکی یان زانستیدا.
٩. کەمکردنەوەی خەرجییە زۆرەکان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتدا.
١٠. دیاریکردنی ڕێککاری تایبەت بە رەچەتەی پزیشکان و فرۆشتنی مادده یان کارتێکەرە عەقڵییەکان لەلایەن دەرمانسازەکانەوە.
١١. ئەولەویەت بدرێت بە دانانی پلانێکی کار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان لە کەرتی تەندروستی لە ناوچە رزگارکراوەکان لە دەسەڵاتی گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان، بە ئامانجی دروستکردن و نوژەنکردنەوەی دامەزراوە تەندروستییەکان و دەستەبەرکردن کارمەند و پێداویستی پزیشکی بۆیان.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی

ڕەشنووسی یاسای بیمەی تەندروستی کوردستان ئامادە کراوە و قۆناغە پێویستەکانی بڕیوە و گەیشتۆتە ئەنجومەنی شورا لە وەزارەتی داد.

زیادکردنی بودجەی تایبەت بە کەرتی تەندروستی

لە ٢٠٢٢/٦/٢٠ و ٥/٧/ ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی داواکاری بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردەوە بە مەبەستی زیاد کردنی بودجەی تایبەتی وەزارەت، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە داواکە پەسند کراوە.

دەستەبەرکردنی ڕاهێنان بۆ ئەو کەسانەی لە بواری پزیشکی کار دەکەن

لە پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژی پزیشکی وانەی نەخۆشییە دەروونییەکان بەوردی دەخوێندرێت، هەروەها پزیشکی تازە دەرچوو ئەم ڕاهێنانەیان پێدەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە پزیشکی نیشتەجێی دێرینی دەروونی بەشێك لە ڕاهێنانەکانیان بریتییە لە چۆنیەتی دەستنیشان کردن و چارەسەرکردن ئالوودەبووان.

هەمووارکردنی لیستی خشتەکانی ماددە هۆشبەرەکان

بەپێی ماددی (٤٦/ بڕگەی دووەم) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٠ دەسەڵات دراوە بە وەزیری تەندروستی بە گۆڕینی خشتەی ماددەکان لەم ڕووەوە بڕیاردرا بە:

- دانانی ماددەی (Methamphetamine/ کریستال) لە خشتەی ژمارە (١) و لابردنی لە خشتەی ژمارە (٦)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە و کارتێکەرە عەقڵییەکان بەپێی بەیانی ژمارە (٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٩.
- هاوپێچکردنی دەرمانی (Garbamazepine, Trihexphenidyl, Gabaentin, Pregabalin)، بۆ خشتەی ژمارە (٨)ی یاساکە بەپێی بەیانی ژمارە (٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٩.
- هاوپێچکردنی دەرمانی تڕامادۆڵ بۆ خشتەی ژمارە (٨)ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە و کارتێکەرە عەقڵییەکان بەپێی بەیانی ژمارە (٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٤.

توندکردنی چاودێری لەسەر بە قاچاغبردنی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێی دەروازە سنوورییەکان

ڕێکارەکانی هاوردەکردنی ماددە کۆنترۆڵکراوەکان بە ڕێکارێکی زۆر توند لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق و ڕێکخراوی (INCB) گیراوەتەبەر بۆ هاوردەکردنی دەرمانە کۆنترۆڵکراوەکان و دوای گەیشتنیشیان بە هەرێمی کوردستان و تا بەکارهێنانی لەلایەن نەخۆشەوە لەژێرچاودێری ووردی دەزگا پەیوەندیدارەکانە.

سەبارەت بە پێشینەی کیمیای کۆنترۆڵکراو کە وەك ماددەی سەرەتایی بۆ درووستکردنی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنرێت بەبیانووی بەکارهێنانی لەبواری پیشەسازی نەوت بەپێچەوانەی رێکارە یاساییەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم بابەتە وەزارەتی تەندروستی هەریەکە لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو ماددانەی کە لە لیستە هاوپێچەکانی یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠)دا هاتووە پێویستە رێگەپێدانیان لە وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا کار بەو نوسراوە نەکراوە.

<u>دامەزراندنی سەنتەری تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان</u>

- وەزارەتی تەندروستی بە نوسراوی ژمارە (٢٠٥٦٢) لە ٢٠٢٣/٩/١٨ داوای دابینکردنی (١٠) دە ملیار دینار کراوە بۆ درووستکردنی دوو سەنتەری چارەسەری ئالوودەبووان لە شاری سلێمانی و دهۆك، ئەنجومەنی وەزارەت بە نووسراوی ژمارە (١٢٩٠٨) لە ٢٠٢٣/١٠/١٢ رەزامەندی سەرەتایی داوە، لە ئێستادا بەرێوەبەرایەتی کاروباری ئەندازە لە وەزارەتی تەندروستی سەرقاڵی دانانی دیزاین و دەرخستەی هەردوو سەنتەرەکەیە.
- لە شاری هەولێر بریار وایە کە وڵاتی ئیمارات تێچوی نۆژەنکردنەوە و ئامادەکردنی و گۆڕانکاری دوو قوتابخانە و بنکەیەکی تەندروستی دابین بکات لە شارۆچکەی شەقڵاوە.
- رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیراوە بە درووستکردنی سەنتەرێك لە شاری هەولێر بە بری (٤,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠) چوار ملیار هەشت سەد ملیۆن دینار کە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کاری تێدا دەکات.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەنتەری شیاندنەوەی بەکارهێنەران و ئاڵوودەبوانی ماددەی هۆشبەر تایبەت بە چاکسازیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی کرایەوە.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەرنامەی چارەسەری کۆنترۆڵکردنی عەقڵی ئالوودە بووانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازیی گەورانی دهۆک، ئەم پرۆژەیە لە رێکەوتی ٢٢ی ئابی ٢٠٢٣ کارا کراوە، ئامانجی پرۆژەکە بریتییە لە کار کردن بۆ گۆڕینی هزری ناعەقڵانی و نێگەتیڤ دەربارەی مادده هۆشبەرەکان و زیاد کردنی توانای  مامەڵە کردن لەگەڵ گرفتە دەروونییەکان.

<u>ئالنگارییەکانی  بەردەم کردنەوەی سەنتەرەکانی شیاندنەوەی ئالوودە بووان:</u>

- قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی بودجەی پێویست بۆ ئەم پرۆژانە.
- کەمی ژمارەی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پرۆژەی شیاندنەوەی کاتێکی زیاتر بخایەنێت.
- زیادبوونی بەردەوامی ژمارەی بەکارهێنەران و ئالوودە بووان.
- لە ئێستادا دام و دەزگاکان زیاتر سەرقاڵی رێگری کردنن لە تەشەنەسەندنی دیاردەی ئالوودەبوونن.

<u>تێکهەڵکێشکردنی ماددەی هۆشبەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندن</u>

وەزارەتی تەندروستی لەم دواییەدا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە  بۆ ئەوەی بابەتی زیانەکانی ماددەی هۆشبەر و خۆپارێزی بخرێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن.

پەرەپێدانی پلانی خۆپارێزی لە ماددەی هۆشبەرەکان بۆ لایەنە جیاوازەکان

لەم رووەوە لێژنەی باڵا بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ئەم هەنگاوانەی ناوە:

- درووستکردنی چەندین کورتە فیلم بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی میدیاو زانیاری و لە کەناڵە بینراوەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێنەوە، هەروەها دروستکردنی چەندین فلێکس کە تێچووی تەواو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابینکراوە.
- پێکهێنانی لێژنەیەك لە وەزارەتی تەندروستی بە فەرمانی وەزاری ژمارە ( ٢٤٣٣٦) لە ٢٠٢٣/١١/٢٠ بۆ بەرزکردنەوی ئاستی هۆشیاری دایك و باوکان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تووشبوونی گەنجان کە بە شێوەی نامیلکە بڵاودەکرێتەوە.
- پێکهێنانی لێژنەیەك تایبەت بە هەڵمەتی هۆشیاری نیشتیمانی کە نوێنەری هەموو وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی تێدایە.

پاڵپشتیکردن بۆ ئەنجامدانی دیراسەت و توێژینەوە

لێژنەی باڵا بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکەر عەقڵییەکان کاری جددی کردووە بۆ گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی، لەم ڕووەوە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٩٠٦) لە ٢٠٢٣/١١/٢٨ لێژنەی تایبەت پێکهاتووە بۆ ئامادەکردنی ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی زانستی بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

دەستەبەرکردنی چاودێری دەروونی بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی جنسی دژ بە منداڵان

- سەنتەری تایبەت بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف دابینکراوە لە هەولێر و دهۆك و سۆران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تووشبووانی توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی ئافرەتان و منداڵان کە تیایدا پزیشك و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی لەو شوێنانە کار دەکەن، گشت ئەو پزیشك و توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتییانە راهێنانی تەواویان بۆ کراوە .لەم سەنتەرانە خزمەتگوزاری پزیشکی و دەروونی پێشکەش دەکرێت و لە حاڵەتی پێویست ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت.
- بڕیارە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سێ نەخۆشخانەی دەروونی درووست بکرێن، وەزارەتی تەندروستی ئەرکی چارەسەری نەخۆشەکان لە ئەستۆ دەگرێت، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش چاودێرییان دەکات.

پرۆگرامی چاودێری تەندروستی بۆ کەسانی کەمدەرامەت

وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆڕایی و بە نرخی ڕەمزی پێشکەش بە کەسوکاری شەهید و کەمئەندام و خاوەن پێدوایستی تایبەت دەکات بۆ نمونە (٤٥٠٢) نەشتەرگەری قەیسەری لە نەخۆشخانەکانی حکومی و (٧٨٠٢) منداڵ بە شێوەی سروشتی لە نەخۆشخانەی حکومی لە دایکبوون و چەندان نەشتەرگەری تر،

دانیشتووان (١٤،٤٩٩،١٥٢) جار سەردانی دەزگای تەندروستییەکانی حکومی کردووە، هەروەها (٥١٤،٧٨٩) هاووڵاتی لە نەخۆشخانە حکومییەکان نوستوون.

<u>هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی</u>

- ڕێکەوتنێکی گرنگی لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوی (Swiss Cross) خاچی سویسری، دەزگای خێرخوازی بارزانی و وەزارەتی تەندروستی واژوو کرا بۆ ئەنجامدانی نزیکەی هەزار نەشتەرگەری بۆ قوربانییانی جەنگ، ئاوارە و پەنابەران و ڕووداوەکان، سووتان و کێشە دەگمەن و زگماکییەکان.
- ئەمەش هەنگاوێکی گرنگی پتەوکردنی پەیوەندی نێودەوڵەتییە بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی تەندروستی، دابینکردنی پێداویستی نەشتەرگەری، کردنەوەی سەنتەرەکانی نەشتەرگەری ڕێککاری، هەماهەنگی بۆردی کوردستانی بۆ بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی پزیشکی پسپۆڕانی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی ناوەندی چارەسەری لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- پڕۆژەی پاڵپشتی نەشتەرگەرییە ئاڵۆز و دەگمەنەکان بە ڕێکاری نوێ و سەردەمیانە و بە بەرنامەیەکی تۆکمە دەست پێدەکات . بە ئامانجی چارەسەر کردنی ئاسەواری ڕووداوەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی پەککەوتن بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هێنانی تیمی پزیشکی بۆ چارەسەرکردن و ئەنجامدانی نەشتەرگەری و بەهێزکردن و ئاڵوگۆڕی توانای پزیشکانی کوردستان بۆ ئەوەی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەرەوەی وڵات نەبێت و زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆشی لەناو هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن و ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:
    - نەشتەرگەری ئێسک و شکان و جومگە و حەوز و ئەژنۆ.
    - نەشتەرگەری جوانکاری و شیاندنەوە دوای سووتان.
    - نەشتەرگەری ڕووخسار و شەویلاگ.
    - نەشتەرگەرییەکانی دەست و ڕێککاری.
    - نەشتەرگەری ڕێککاری بۆ نەخۆشی زگماکی  شەقی لێو و مەڵاشوو.
    - نەشتەرگەری ڕێککاری سینگ دوای نەشتەرگەری دڵ و شێرپەنجە.

- بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە بڕیارە لە داهاتوو کار لەسەر دوو بواری دیکەی نەشتەرگەری بکرێت، ئەوانیش ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵ بۆ منداڵان و گەوران، لەگەڵ دامەزراندنی سەنتەرێک بۆ چارەسەری شێرپەنجەی سینگ و مەمک.

<u>ڕێگا پێدان بە لەباربردن لە حاڵەتەکانی لاقەکردن و (زنی المحارم)</u>

- هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە بۆ ڕێگەپێدان بە لەباربردن لە حاڵەتەکانی لاقەکردن و (زنی المحارم) و هەبوونی مەترسی لەسەر ژیان یان تەندروستی ئافرەتان دووگیان، چونکە ئەم کارە قەدەغەکراوە بەپێی یاسای سزادانی

عێراق، هەروەها بەپێی فەتوای ئەنجومەنی فەتوای هەرێم، بەڵام لە کاتێک کە سکپڕی مەترسی لەسەر دایک هەبێت لێژنەیەکی زانستی هەیە لە هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان کە پێکهاتووە لە پسپۆڕە جیاکان بڕیار دەدات لەسەر بەردەوامی دووگیانی یان لەباربردن.

- ژمارەی لە باربردن لە ٢٠٢٢ بە بڕیاری لیژنە لە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە(٣٤٦) حاڵەت.

<u>هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی پزیشکیی ساڵی ١٩٨٥</u>

پڕۆژەی تایبەت بە نوێکردنەوەی یاسای ئاکارەکانی پیشەیی پزیشکی لە هەرێم کاری لەسەر دەکرێ. بەشی توێژنەوەی زانستی لە وەزارەتی تەندروستی سەلامەتی نەخۆش و ڕەزامەندی ئازاد و هۆشیارانەی کەمئەندامان بە هەند وەردەگرێت. لەماوەی ڕابردوو دوای تاوتوێکردنی ڕێکار و ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافی مرۆڤ و ڕێکارەکانی بەشداری پێکردنی کاندیدەکان بۆ توێژینەوە، وەزارەتی تەندروستی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەموو داواکاری توێژینەوەکان لەڕێگای زانکۆ یا دەزگایەکی باوەرپێکراو بێت و دەبێت هەموو توێژینەوەکان پرۆپۆزەڵیان لەگەڵدابێت بۆ ئەوەی لە وەزارەت ڕێگە بە توێژەر بدرێت داتا لە دەزگاکانمان کۆبکاتەوە دوای پێداچوونەوەی پرۆپۆزەڵەکان و دڵنیابوونەوە لە توێژینەوەکە. بۆ ئەم مەبەستەش وەرگرتنی فۆرمی تایبەت ئامادە کراوە.

<u>پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ئافرەتان و کچانی کەمئەندام</u>

ئەم خزمەتگوزاریانەی خوارەوە پێشکەش بە کچان و ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکرێت بەبێ بەرامبەر و لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەت و کەسانی پەیوەندیدار و شارەزا لەم بوارەدا:

- چاودێری و ڕێنمایی کردنی تەندروستی بۆ کچان و ئافرەتانی دووگیان لە سەنتەر و بنکە تەندروستییەکانی چاودێری خێزانی لە هەرێمی کوردستان بە چاودێری پزیشکی پسپۆر.
- خزمەتگوزاری شیاندنەوەی پزیشکی و ڕێنمایی کردنیان لە سەنتەرەکانی تایبەت بە شیاندنەوەی پزیشکی و چارەسەری سروشتی .
- دابینکردن و درووستکردنی کەلوپەلی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت وەك ( Orthosis-Prothesis ) لە سەنتەرەکان(کە ژمارەیان چوار سەنتەر)ە سەر بە وەزارەتی تەندروستی کە لەلایەن خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە ئامادە کراوە.
- دابینکردنی کورسی کارەبایی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان.

<u>پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ددان بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت</u>

بۆ یەکەم جار بەشێکی تایبەت بە پسپۆڕیی ددان بۆ خاوەن پێداویستیی تایبەت لە شاری هەولێر کراوەتەوە کە لەلایەن پزیشکی پسپۆری ددان، خزمەتگوزارییەکان بێ بەرامبەر پێشکەش دەکات بەتایبەتی بۆ تووشبووانی (ئۆتیزم، داون، ئیفلیجی مێشک). لەو بەشەدا ڕۆژانی دووشەممە نەشتەرگەری ئەنجام دەدرێت و تا ئێستا چەندین

دەیان نەشتەرگەری کراوە و زیاتر لە (٢٠٠) منداڵ ئەو مەبەستە ناویان تۆمار کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش ناوی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە ڕێگەی نەخۆشخانەی هێلیناوە تۆمار دەکرێت.

کەمکردنەوەی خەرجییەکان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەتدا

ئەم بابەتە کاری زۆری لەسەر کراوە، بۆ نموونە پەیڕەوی ڕێکخستنەوەی کەرتی گشتی و تایبەتی تەندروستی دوای دوو ساڵ کارکردن لەلایەن لێژنەی تایبەت ئامادە کراو، دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزارەتی تەندروستی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

- دانانی نرخ و ئەستێرە و پلەبەندی نەخۆشخانە تایبەتەکان.
- ڕێکخستنەوەی شایستەی دارایی پزیشک و کارمەند ونەخۆشخانە.
- چەسپاندنی میلاک و هەیکەلیەی نەخۆشخانە تایبەتەکان.

ڕێککاری تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکی

لێژنەیەک دانراوە لە وەزارەتی تەندروستی بۆ دانانی ڕێنمایی تایبەت بە ڕەچەتە و چۆنیەتی سەرفکردنی دەرمانە کۆنترۆڵکراوەکان لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکان، کارەکانی ئەم لیژنەی لە قۆناغی کۆتاییدایە.

چاودێری کردنی تەندروستی منداڵان

وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بە منداڵان لەکاتی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و پێدانی ڤاکسینە پێویستەکان، هەروەها چاودێری کردنی گەشەی منداڵان لە ڕێگەی بنکەکانی تەندروستی، ئەمە جگە لە چاودێری ڕەوشی خواردنیان کە دەبێت تەندروست بێت.

لە سەرەتای ساڵی نوێی خوێندن، لێژنەیەکی وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە سەردانی قوتابخانەکان دەکەن بە مەبەستی زیادکردنی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی قوتابیان، بە ئەنجامدان پشکنین قوتابیان لۆ پاراستنی تەندروستی قوتابیان. لە سەرەتای ساڵی خوێندن تانکی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانەکان خاوێن دەکرێتەوە و ڕێگە بە فرۆشتنی ئاوی خاوین لە ناو فرۆشگای قوتابخانەکان دراوە.

پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی ستیکەری نوێ دەرمان

١. تەکنەلۆجیای دژە ساختە

تەکنەلۆجیای بەکارهاتوو لەم ستیکەرە لە جۆری نانۆ مەگنەتیکە کە تەکنەلۆجیایەکی نوێیە و داهێنانی کۆمپانیایەکی کۆرییە کە بە ناوی خۆی تۆمار کردووە، ئەمەش وایکردووە کە ئەم کۆمپانیایە ببێتە تاکەی سەرچاوەی ئەم تەکنەلۆجیایە لە سەرتاسەری جیهان. کۆمپانیای Sticker Technology وەکو تاکە بریکاری کۆمپانیا کۆرییەکە لە هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق ئەم تەکنەلۆجیایەی لە ستیکەری نوێی دەرمان بەکارهێناوە کە ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم سیتکەرە کە بە هیچ شێوەیەك ساختە ناکرێت.

٢. کارکردن بە شێوازی ئۆفلاین

تایبەتمەندی مادەی بەکارهاتوو لەم ستیکەرە ئەوەیە کە بە نزیك کردنەوەی موگناتیس لە بەشی (MTX) ڕەنگی ستیکەرەکە دەگۆڕێت. بەم هۆیەوە هاووڵاتی لە کاتی کڕینی دەرمان دەتوانێت بە سوود وەرگرتن لە موگناتیس و ستاندی فێرکاری کە ئێستا لە تەواوی دەرمانخانەکان بەردەستە یا خود بە بەکارهێنانی هەر موگناتیسێکی ئاسایی تر لە شێوەی ئۆفلاین دڵنیا بێت لەوەی کە دەرمانەکە ساختە نییە.

٣. کارکردن بە شێوازی ئۆنلاین

ئەم ستیکەرە QR کۆدی لەسەر چاپ دەکرێت کە ڕاستەوخۆ بەستراوە بە سیستەمی KMCA. بۆیە هاووڵاتی دەتوانێت بە سکان کردنی کۆدی زانیاری تەواو وەربگرێت لەسەر ناوی دەرمان و ژمارەی باج و وڵاتی سەرچاوە و ماوەی بەسەرچوون و نرخ و باری بەرهەم بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی.

٤. کوالیتی ستیکەر و هەبوونی بڕین (cut) لەسەر ستیکەرەکە

باشترین جۆر و بەرزترین کوالیتی ستیکەر بەکارهاتووە بۆ چاپی ستیکەر دەرمان و لە هەمان کاتدا چەندین بڕین لە ناو ستیکەر هەیە کە دوای لکاندنی ستیکەر لەسەر دەرمانەکە بە هیچ جۆرێك لێی نابێتەوە و کاتی هەوڵدان بۆ لێکردنەوەی دەدرێتەوە. ئەمەش وادەکات کە کەس نەتوانێت ستیکەری دەرمانێك بۆ دەرمانێکی تر بەکار بهێنێت.

٥. جێگر کردن و یەکخستنی نرخ

بەڕێوەبەرایەتی KMCA نرخی دەرمان دیاری دەکات و دواتر ئەو نرخە لەسەر ستیکەر چاپ دەکرێت. بەمەش نە تەنها نرخی دەرمان گران نەبووە، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی نرخی دەرمان لە تەواوی دەرمانخانەکان یەك بخرێت و دەرمانخانەکان نەتوانن بە ئارەزووی خۆیان دەرمان بفرۆشن.

٦. زانیاری لەسەر ستیکەر

جگە لە نرخی دەرمان زانیاری لەسەر ناوی دەرمان و کۆمپانیای هاوردەکار و ژمارەی باج و ژمارەی داواکاری لەسەر ستیکەر چاپ دەکرێت.

<u>چاودێری کردنی دەرمان لە دەرمانخانە، کۆمپانیا، نۆرینگە و کۆگاکانی دەرمان</u>

بۆ کۆنترۆڵکردنی هێنان و دەستبەسەرداگرتنی دەرمان دەرمانی ساختە و ماوە بەسەرچووە، تیمەکانی وەزارەتی تەندروستی چاودێری ئەو شوێنانە دەکەن کە تایبەتمەندن بە هاوردەکردنی دەرمان و فرۆشتنی لە بازاڕەکان و سزادانی سەرپێچیکاران لەم ڕووەوە.

<u>ئاماری سەردانەکانی چاودێری بازاڕ</u>

لە درێژەی هەڵمەتەکانی لیژنەی چاودێریکردنی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی چەندین چالاکییان ئەنجامداوە لە هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری کردنی بازاڕ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ تا ٢٠٢٣/١٢/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ١١ ئاماری سەردانەکانی چاودێری بازار

| | | |
|---|---|---|
| دەرمانخانە | سەردان | ٢٨٦ |
| | داخستن | ٦٣ |
| کۆمپانیا | سەردان | ١٠٨ |
| | داخستن | ٢٠ |
| نۆرینگە | سەردان | ٧٨ |
| | داخستن | ٢٩ |
| کۆگای دەرمان | سەردان | ٦٨ |
| | داخستن | ١١ |

خشتەی ١٢ بڕی پارەی دابینکراو لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە بۆ هەرێم

| دەرمان بە دینار | پێداویستی پزیشکی بە دینار | پێداویستی تاقیگەی بە دینار | کۆی گشتی بە دینار |
|---|---|---|---|
| ١٤٧,٩٠٠,٦٣٣,٥٢١ | ١٨,٠٧٤,٨٨٢,٨٧٤ | ١,٧٨٥,٤٣٨,٠٥٩ | ١٦٧,٧٦٠,٩٥٤,٤٥٤ |

هەماهەنگی نێوان وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ

١. لە ڕووی خۆپاراستنی تەندروستی: دابینکردنی کوتان و ڕێگەگرتن لە درووستبونی کەمی ژمارەی کوتان. لەلایەکی ترەوە ئاماری هەفتانە و مانگانە نەخۆشییە گوازراوەکان بۆ بەغدا دەنێردرێت لە ڕێگای بەرنامەی Epi Info، و بەردەوام ئاڵوگۆری داتا دەکرێت سەبارەت بەو نەخۆشیانەی کە پێویستە دەم و دەست لێیان ئاگاداربکرێتەوە (Immediately Notifiable Disease).

٢. لە ڕووی تەندروستی چارەسەری: لە ساڵی ٢٠٢٣ حکومەتی ئیتیحادی (٥٠٠) پێنج سەد کورسی کارەبایی دابینکردووە بۆ سەنتەرەکان پەلی دەستکرد لە هەرێم، هەروەها دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگە بەم بڕەی کە لەم خشتەی خوارەوە هاتووە دابین کراوە.

٣. لە ڕووی پلانی تەندروستییەوە:

- تۆمارکردنی لە دایکبووان و مردووان، ئەنجامدانی پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردنی تۆماری لە دایکبوون لە ڕێگای سیستەمی (CRVS Civil Registration and Vital Statistics).

- ڕووپۆشێک بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای سیستەمی هیرامس بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ بە پاڵپشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وەزارەتی تەندروستی.
- بە ئەلیکترۆنیکردنی ئاماری تەندروستی بە پاڵپشتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ.

- ئاماری تەندروستی وورد ساڵانە بۆ وەزارەتی تەندروستی فیدراڵ دەنێردرێت.

<u>تەندروستی و سەلامەتی خۆراک</u>

بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی خۆراک، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی سەلامەتی خۆراک ئەمەش لە ڕێگەی پشکنینی گشت ماددەیەکی خۆراکیی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت لە ڕیگەی تاقیگەکانی خۆراک کە بوونیان هەیە لە گشت خاڵە سنوورییەکان و بازگەکان و ڕێگە گرتن لە هێنانی هەر خوراکێکی خراپ و ماوە بەسەرچوو.

چاودێری کردنی بازاڕەکان بۆ لەناوبردن و ڕاگرتنی هەر ماددەیەکی خۆراکی بەسەرچوو کە پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێت لە ڕێگەی تیمەکانی چاودێری تەندروستی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستیەکان.

<u>داواکاری کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان</u>

نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رۆژی ٢٠٢٢/١٠/٢٥ لە میانەی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ مێزگەردێکی ئەنجامدا بۆ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان لەوانە کۆمەڵەی ژینی کوردستان، کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵان، یەکێتی نابینایانی کوردستان، کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان، ڕێکخراوی شیاو، کەمەڵەی نابیستانی کوردستان، کۆمەڵەی ئۆتیزم، کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، کۆمەڵەی هیمۆفیلیای کوردستان و تۆڕی بەڵێ ئێمە دەتوانین.

<u>لە کۆتایی مێزگەردەکەدا ڕێکخراوەکان ئەم داواکارییەیان پێشکەش کرد:</u>

١. دابینکردنی شوێنی تایبەت بە کەمئەندامان لە شوێنە گشتییەکان و دام و دەزگاکان.
٢. دانانی هێمای تایبەت کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت لە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان و دام و دەزگاکان.
٣. باشتر کردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کەمئەندامان.
٤. کردنەوەی سەنتەری راهێنان و خولی تایبەت بۆ کەمئەندامان لە رووی دەروونییەوە لە قەزا و ناحییەکان.
٥. دابینکردنی داو و دەرمانی تایبەت بۆ بیرکۆڵەکان.
٦. گرنگی پێدانی زیاتر بە منداڵانی ئۆتیزم، تا ئێستا لە کۆی (٦٥٠) منداڵی ئۆتیزم فۆڕمیان پر کردۆتەوە، بەڵام تەنیا (٧٦) تۆمار کراون.

بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان

لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، رۆژی سێشەممە رێکەوتی ۲۰۲۲/۱۰/۱۸ نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وۆرکشۆپێکی ئەنجامدا سەبارەت بە راسپاردەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی پاو و تۆڕی مرۆڤ بۆ پەرەپێدانی تەندروستی و کاری مرۆیی. لە وۆرکشۆپەکەدا نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و رێکخراوەکان ئامادەی بوون.

لە وۆرکشۆپەکەدا ژمارەیەک پێشنیار و تێبینی خرایە ڕوو دەربارەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە ( ۱ی ساڵی ۲۰۲۰) و بە پێویست زانرا هەموار بکرێتەوە وەک:

یەکەم: سزای بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان توندتر بکرێت و حوکمەکان بەپێی جۆری ماددەکان بێت، بۆ نموونە کریستال کە مەترسیدارترین ماددەیە لە پلەی (٦) مدایە و سزای بەکارهێنانی تەنیا (٥) ساڵە کەچی هیرۆیین و کۆکایین سزاکەیان (١٦) ساڵە.

دووەم: پێداچوونەوە بەحوکمەکانی نێو یاساکە بکرێت بۆ نموونە لە ماددە (٦) زیندانی کردن کاتی و هەتاهەتایەی تێدا باس کراوە، لە یاسای کۆنی عێراقدا سزاکە لە نێوان هەتاهەتایە و لەسێدارەدانە.

سێیەم: خشتەکانی نێو یاساکە رێک بخرێنەوە، چونکە زۆر شت هەیە دووبارە کراوەتەوە بۆ نموونە هیرۆیین لە ماددەی (۱) و (۳)دا هاتووە. بەپێی یاساکە دەربارەی خشتەی نێو یاساکە لە دەسەڵاتی وەزیری تەندروستییە بۆ گۆڕینی خشتەی ماددە هۆشبەرەکانی نێو یاساکە وەک سەرۆکی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەوەی بکەونە بواری جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە  نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە بۆ جەبەجێکردنی پلانەکە دیاریکراوە.

تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

- دڵنیابوونەوە لەوەی هەر وتەیەک لەژێر ئەشکەنجە وەرگیرابێت ڕاستەوخۆ لەلایەن دادگاوە ڕەتبکرێتەوە، و داواکاری گشتی ئەرکی سەلماندنی ئەوە لە ئەستۆ بگرێت کە وتەی تۆمەتبار بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە وەرگیراوە، هەروەها ئەنجوومەنی دادوەری لە بەدواداچوون بۆ دەنگۆکانی ئەشکەنجەدان ڕۆڵ بگێڕێت، هاوکات ڕۆڵی پزیشکی دادی لە یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکانی ئەشکەنجەدان جەختی لێبکرێتەوە.

- دامەزراندنی یەکەی چاودێری پزیشکی لە چاکسازی و سەنتەرەکانی ڕاگرتن کە لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستیدا بێت.
- لە کاتی وەرگرتنی ڕاگیراو لە بەرێوەبەرایەتی و بنکەکانی پۆلیسی ڕاگرتن و گواستنەوە یاخود سزادراو لە چاکسازییەکان، پێویستە پشکنینی جەستەیی بۆ بکرێت لەلایەن یەکەی تەندروستی و دەرئەنجامی ئەم پشکنینە بە ڕاپۆرتێک ئامادە بکرێت و بخرێتە ناو دۆسیەکی تایبەت و لەلایەن تۆمەتبارەوە پشتڕاست بکرێتەوە بە واژوو کردن.

<u>تایبەت بە بەرێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن</u>

- درووستکردنی سەنتەری پزیشکی لە گشت چاکسازییەکان لە ڕووی کارمەندی پزیشکی و تەندروستی و کارمەندانی تاقیگە و تیشك و هۆبەی ددان و هۆڵی داخڵکردنی نەخۆش و دەرمان و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن.
- زامنکردنی سیستمێکی کارا بۆ گەیاندنی هەر حاڵەتێکی ئەشکەنجەدان بە پزیشکی دادی.
- دابینکردنی پزیشکی پسپۆر لە چاکسازییەکان.

<u>تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ</u>

- ئامادەکردن و دارشتنی ڕێنمایی پێویست دەربارەی چۆنیەتی گرتنەبەری پرۆسەکانی هەڵگرتنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، چۆنیەتی مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ تا نەچێتە قاڵبی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە.
- کار بە مادده (١١)ی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ ناکرێت کە تایبەتە بەوەی لیستێک ئامادەبکرێت کە ناوی بەخشەران و وەرگران لە خۆ بگرێت، لە ئیستادا هەر کەس لە ڕووی داراییەوە بەتوانا بێت دەتوانێت نەشتەرگەری ئەنجام بدات.
- ڕێکخستنی نەشتەرگەری چاندنەوەی ئەندامانی جەستە بەتایبەتی چاندنی گورچیلە، جگەر، خانە/پێست و چاندنەوەی مۆخی ئێسک بۆ پاراستنی هاووڵاتیان لە مامەڵەی خراپ و ئیستیغلال کردن. لەبەر ئەوەی زۆرینەی نەشتەرگەرییەکان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان ئەنجامدەدرێن و زۆرینەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.
- کاراکردنی میکانیزمی پەیوەندیدارەکان لە ڕێگەی پێکهێنان یاخود چالاککردنی لێژنەی ناوەندی و لاوەکییەکان لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمدا.
- پێویستە کارکردنی لێژنەکان بە دامەزراوەیی بکرێت و پرۆتۆکۆڵ و پێوەری تایبەت بە کارکردنی بگرێتەبەر بۆ ڕەزامەندی بەخشین لەسەر نەشتەرگەری چاندن و بەخشین.
- ئامادەکردنی لیستی سوودمەندان و پێشینەدان بە سوودمەندان بەپێی مەترسی و پێویستی هەر حاڵەتێک، ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی لە نێوان لێپرسراوانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکاندا هەبێت.

بۆ جێبەجێکردنی ڕێکارەکان وەزارەتی تەندروستیی تایبەت بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ ئەم هەنگاوانەی ناوە:

- سەبارەت بە ماددەی (١١) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەش ڕێکارەکانی تایبەت بە بەخشینی ئەندامەکان لە دوای مردن (مردنی مێشک)، تا ئێستا ئەم پرۆگرامە لە عێراق و هەرێم نەچووەتە واری جێبەجێکردنەوە لەبەر چەند هۆکار و بەربەستی ئایینی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی.
- بۆیە پێویستە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، یەکێتی زانایانی ئایینی و لیژنەی فەتوای هەرێم، بۆ ئەوەی نەخشە ڕێگایەک بۆ چۆنیەتی دانانی نەخشە ڕێگایەک بە مەبەستی جێبەجێکردنی.
- سەبارەت بە ڕێکارەکانی دامەزراندنی بانکی  ئەندامەکانی، تەنیا هەڵگرتنی گلێنەی چاوە کە تەنیا لە بەخشەری مردوو وەردەگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا پرۆسەی بەخشینی ئەندامەکان لە مردوو نەکەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە، بۆیە ناکرێت ئەم بانکە دابمەزرێت.
- سەبارە بە ڕێکخستنی کاری نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بڕگە و ماددەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی لەش جەستەی مرۆڤ، وەزارەتی تەندروستی وەک لایەنی سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە ئەم ڕێکارانەی گرتۆتە بەر:
    - دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە بەخشین و نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە.
    - دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە بەخشین و نەشتەرگەری چاندنی جگەر.
    - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە بەخشین و نەشتەرگەری چاندنی جگەر.
    - پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەخشین و چاندنی ئەندامەکان لە دیوانی وەزارەت بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری تەندروستی و ئەندامیەتی ب. گ کاروباری تەندروستی، ڕاوێژکار و ژمارەیەک پزیشکی پسپۆڕ و ڕاوێژکار لە بواری نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان و پسپۆڕی یاسایی بۆ دانانی سیاسەت، پلان و ڕێنمایی چاودێری و جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە.
    - دانانی ڕاوێژکاری وەزارەت و پزیشکی ڕاوێژکاری نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە وەکو بەرپرسی پرۆگرامی بەخشین و چاندنی ئەندامەکان لە دیوانی وەزارەت، لە هەمان کات نوێنەری هەمیشەیی وەزارەتە لە لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان و نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.
- وەزارەتی تەندروستی  بە نووسراوی ژمارە (١٣٤٩٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٥ داوای لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە دامەزراندنی ناوەندێکی نیشتمانی بۆ پرۆگرامەکانی بەخشین و نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان لە شاری هەولێر، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (١٥٣٥٥) لە ڕێکەوتی

٢٠٢٣/١١/٢٦ ڕەزامەندی لەسەر ئەم پرۆژەیە دەربڕیوە و لە ئێستادا چاوەڕێ وەڵامی وەزارەتی دارایی و ئابوورین بۆ تەرخان کردنی بودجەی پێویست.

- بۆ بڕیاردان و ڕەزامەندی لەسەر بەخشینی ئەندامەکان و ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی لیژنەی تایبەت پێکهێنراوە کە بێجگە لە پزیشکی پسپۆڕ نوێنەرانی ئاسایش و پۆلیس، ڕەگەزنامە و مشورەتکاری یاسایی تێیدا ئەندامن.
- ئەندامانی ئەم لیژنە (٦) مانگ جارێک دەگۆڕێن و کارەکانی بەپێی بڕگەکانی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ ڕێکخراون.
- سێ سەنتەری حکومی لە پارێزگاکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی هەن کە بەردەوامی نەشتەرگەری چاندنی ئەندامەکان ئەنجام دەدەن و ژوانی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکان لە ١-٢ تێپەڕ ناکات. هەروەها مۆڵەت بە (٥) نەخۆشخانەی تایبەت دراوە (٣) لە هەولێر، (١) لە دهۆک و (١) لە سلێمانی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە
- ئامادەکاری بۆ چاندنی گلێنەی چاو لە هەولێر کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بەخشەر دوای مردن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هاوردەکردنی گلێنەی چاو تەنیا لە دەرەوە بەردەستە.
- سەبارەت بە نەشتەرگەری چاندنی جگەر لەبەر بەردەست نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییە لە ئێستادا نەشتەرگەری چاندنی جگەر تەنیا لە نەخۆشخانە تایبەتەکانی ناوخۆ یان لە دەرەوەی هەرێم ئەنجام دەدرێن حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی تێچو و خەرجیەکانی ئەم نەشتەرگەرییە بو هاووڵاتیان خەرج دەکات کە بو هەر نەخۆشێک (٣٢,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکییە.
- بۆ چاندنی ئەندامەکانی تری جەستە وەک گورچیلە و جگەر پێویست بە دامەزراندنی بانک ناکات لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ و دوای چەند کاتژمێرێک لە وەرگرتنی ئەم ئەندامانە لە بەخشەر پێویستە پرۆسەی نەشتەرگەری چاندنی ئەم ئەندامانە بۆ نەخۆش ئەنجام بدرێت. بۆ زانین ئەم ئەندامانە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە شوێنێکی پاک و سارد لە (٤ پلەی سیلیزی)دا دەپارێزرێن.
- بۆ ڕێگری کردن لە بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستە و کڕین و فرۆشتن کردن پێیان، حکومەتی هەرێم بڕی (٥) تا (٧) ملیۆن دینار وەک پێشینە دەبەخشێتە ئەو کەسانەی کە ئەندامانی خۆیان دەبەخشن بەتایبەتی گورچیلە.

**تێبینی:** زۆربەی هەرە زۆری ئەو نەخۆشانەی نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە ئەنجام دەدەن هاووڵاتیان ناوەڕاست و خوارووی عێراقن کە کەسی خۆبەخش لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان


- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی فیدراڵی و سەندیکای دەرمانسازان و پزیشکان بۆ دانانی ڕێنمایی لەبارەی سەرفکردنی دەرمانەوە.
- دیاریکردنی ڕێککاری تایبەت بە ڕەچەتەی پزیشکان و فرۆشتنی مادده یان کارتێکەرە عەقڵییەکان لەلایەن دەرمانسازەکانەوە.
- دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی پێویست بۆ دەرمانسازان بۆ دیاریکردنی ئەو ماددانەی دەبنە هۆی ئالوودەبوون.
- دامەزراندنی سەنتەرە تەندروستییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی ئالوودەبووەکان و بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
- پێویستە چارەسەری دەروونی و پزیشکی بۆ ئالوودەبووان دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان لەناو کومەڵگا.
- ئامادەکردن و ڕاهێنانی پزیشك و دەرمانساز و کارمەندانی تەندروستی و هاندانیان لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان و گەڕاندنەوەی توانای تەواوی تەندروستیان لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و کۆمەڵایەتییەوە.
- دەستەبەرکردنی ڕۆشنبیری تەندروستی لەسەر ئاستی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بۆ زیادکردنی هۆشیاری گشتی بە مەترسییەکانی ئەو ماددانەی دەبنە هۆی ئالوودەبوون.
- ئامادەکردنی پرۆژەی پەرەپێدانی دامەزراوە تەندروستییەکانی تایبەت بە دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و دووبارە ڕاهێنانەوە.
- زامنکردنی ئەوەی سەرجەم ئافرەتان و کچانی کەمئەندام خزمەتگوزاری تەندروستی بە کوالێتی بەرزەوە بۆیان دەستەبەر دەکرێت، لە نێویاندا خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی جنسی و منداڵخستنەوە، و دەستەبەرکردنی ڕێکاری گونجاو و کارئاسانیکردن بۆیان.
- داڕشتنی سیستمێکی کارا بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە.


## وەزارەتی پەروەردە

لە کۆی (٢٠) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٥) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (١٣) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٣) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٤). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 10 | 3 | 13 |
| جێبەجێنەکراو | 5 | 3 | 3 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 5 | 4 | 4 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 20 | | |

هێڵکاری ٢٠ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە




هێڵکاری ٢١ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٢٢ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبووردەیی، کە ڕەنگدانەوەی کارکردنە بە پرەنسیپی هاووڵاتی بوون و ڕێزگرتن لە فرەیی لە ڕێی زیاکردنی پرۆگرامە حکومییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئامانج لەم پرۆگرامانەش بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤە لە ڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە، بە چەشنێك ئەو پرۆگرامانە جێبەجێ بکرێن بە بەشداری دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٢. تێکهەڵکێشکردنی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا، و بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنیان، لە نێویاندا خوێندنی پەیوەست بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و مافەکانی منداڵ.
٣. دەستەبەرکردن و کارئاسانیکردن بۆ ئەوەی سەرجەم هاوڵاتییانی هەرێم بەهرەمەند بن لە خزمەتگوزارییەکان بنەڕەتییەکان، وەك خوێندن. درێژەدان بە هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ منداڵان، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکاندا.
٤. برەودان بە سیستمی خوێندن لە ڕێی زیادکردنی بودجەی کەرتی خوێندن بۆ ئەوەی سیستمی خوێندن ڕەنگدانەوەی کەلتوری سەرجەم پێکهاتەکان بێت.
٥. مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێژەی بەرزی ئەو منداڵانەی پەیوەندییان نەکردووە بە قوتابخانەکانەوە، و زیادکردنی ڕێژەی پەیوەندیکردنی منداڵان بە سەرجەم ئاستەکانی خوێندنەوە.
٦. گرتنەبەری ڕێککاری پێویست بۆ دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ چینە پەراوێزخراوەکان، و دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ کۆچبەران و پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان.
٧. برەودان بە دەستڕاگەیشتنی ئاوارە ناوخۆییەکان بە خوێندن.
٨. کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی داتای پەیوەست بە کەرتی خوێندن، کە پۆلێنکرابێت بە گوێرەی ڕەگەز و تەمەن و شوێنی جوگرافی، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی کاریگەری سیاسەت و پرۆگرامە پەیوەندیدارەکان.
٩. هەموو ڕێککارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و ڕزگارکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دیلی کردوون، و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پاڵپشتی پزیشکی دەروونی پێیان، هەروەها لیژنەکە ڕاسپاردەی زیادکردنی تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەقەنی و داراییە پێویستەکان دەکات بۆ سەنتەرەکانی چاودێری جێگرەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی منداڵ لە پێناو دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو منداڵانەی پێیان سپێردراون و ئاوێتەکردنەوەیان لە نێو خێزانەکانیان و لە کۆمەڵگەدا.
١٠. خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر بۆ باشترکردنی خۆشگوزەرانی منداڵان، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە بەدەستهێنانی خوێندن و چاودێری تەندروستی و ئاوی پاکی خواردنەوە و پاراستنی لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك.

١١. کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەی قوتابخانەکان، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکرابن و گونجاوبن بۆ منداڵانی کەمئەندام، وەك جێبەجێکردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٤٠) لە میساقەکە.
١٢. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی، تەکنیکی و دارایی پێویست بۆ دووبارە شیاندنەوەی کەمئەندامان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی.
١٣. گرتنەبەری ڕێککاری دەستبەجێ بۆ زامنکردنی ئەوەی سەرجەم منداڵە کەمئەندامەکان خوێندنی خۆڕاییان بۆ دەستەبەر بکرێت.

ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. زامنکردنی ئەوەی منداڵانی کەمئەندام لە رووی دەروونی یان عەقڵییەوە، بەهرەمەند بن لە سەرجەم مافەکان و روبەڕوبونەوەی لەکەدارکردن و جیاکاری لە دژی ئەوانەی لە ناوچەکانی کاریگەر بە ناکۆکییە چەکدارییەکان دەژین و ئەوانەی لە ناوچەی ناوچە گوندنشینەکاندا دەژین بەو پێیەی ناتوانن دەستیان بە خزمەتگوزارییەکان بگات و دەرفەتی خوێندنیان لەدەستچووە.
٢. پاڵپشتیکردنی بایەخپێدەران و تایبەتمەندان و ئاڕاستەکردنەوەیان بۆ کاری دیراسەت و توێژینەوە.
٣. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و تەقەنی و دارایی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی تاکەکەسی بۆ منداڵانی کەمئەندام، لە نێویاندا ئەو منداڵانەی کەمئەندامن لە رووی عەقڵی یان دەروونی- کۆمەڵایەتییەوە و ئەو منداڵانەی دووچاری ئۆتیزم بوونەتەوە و ئەو منداڵانەی لە رووی بینایی و بیستنەوە و کەمئەندامن، بە چەشنێك کە بتوانن خوێندنێکی کۆکەرەوە و باش بەدەست بهێنن، و لابردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێی قوتابیانی کەمئەندام بۆ بەدەستهێنانی خوێندن، لە نێویاندا پێویستی بڕینی ڕێگایەکی دورودرێژ، و خراپی هۆکارەکانی گواستنەوە، و نەبوونی مامۆستای ڕاهێنراو لەسەر دەستەبەرکردنی خوێندنی کۆکەرەوە و بەکارهێنانی زمانی ئاماژە و ڕێگەی برایل و سیستمی خوێندنەوەی ئاسان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردندان

١. تێکهەڵکێشکردنی پرسەکانی پەیوەست بە زیانەکانی ماددەی هۆشبەرەکان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا.
٢. بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە برەودان بە هەلی کار بۆ لاوان لە ڕێی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەییەوە.
٣. تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی، تەکنیکی و دارایی بۆ منداڵان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی.
٤. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ زامنکردنی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و گرنگیدان بە دروستکردنی سەنتەرێکی ئامادەکردنەوەی ئالوودەبووان بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە ئەدا

بکات کە یاسا پێی سپاردووە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت لەلای هەرزەکاران دەرباری زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، ئەویش لە ڕێی جێبەجێکردنی بەرفراوانی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان و هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا. هەروەها لیژنەکە ڕاسپاردەی ئەوە دەکات دەوڵەتە ئەندامەکە چارەسەر بۆ ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەستەبەر بکات و کارئاسانی بکات بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان.

<u>لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>یاسای وەزارەتی پەروەردە</u>

لە پەرلەمانی کوردستان یاسای پەروەردە وفێرکردن ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٢٢ دەرچوو بەپێی یاساکە ژمارەی سەرپێچیکارانی ناوەندی خوێندنی ناحکومی (٢٢) ناوەند بوون کە سزای ماددی لە (١٠) ملیۆن دینار تا (٧٠) ملیۆن دینار و سزای کارگێری پێویست گیراوەتەوەبەر بەرامبەریان بە گوێرەی ڕێژەی سەرپێچییەکان. بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی پەروەردەیی کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە خوێندن کراوە بە ئیلزامی تا پۆلی نۆیەمی بنەرەتی. بەپێی بڕیارێکی نوێی وەزارەتی پەروەردە ئەگەر دایک و باوک منداڵەکانیان نەنێردە بەر خوێندن ئەوا بە (٢٠٠،٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار سزا دەدرێن.

<u>ژمارەی گشتی قوتابیان لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤:</u>

خشتەی١٣ ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان

| ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان | |
| --- | --- |
| قوتابی کور | ٩٩٤٠٣٤ |
| قۆتابی کچ | ٩٤١٩٨٤ |
| کۆی گشتی | ١٩٣٦٠١٨ |

<u>ژمارەی قوتابیانی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤:</u>

خشتەی١٤ ژمارەی قوتابیان لە هەرێمی کوردستان

| ژمارەی قوتابیان قۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان | |
| --- | --- |
| قوتابی نێر | ٨٢٦٦٤ |
| قۆتابی مێ | ٧٧٥٥٧ |
| کۆی گشتی | ١٦٠٢٢١ |

زیادکردنی بودجەی کەرتی پەروەردە زیادکردنی بودجەی کەرتی پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە بۆ بەرەو پێشبردنی کەرتی پەروەردە و سیستمی خوێندن داوای زیادکردنی بودجەی وەزارەتی پەروەردە کردووە، لە ئێستادا پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن و ژمارەیەک راسپاردە ئاڕاستەی وەزارەتی ناوبراو کراون، گرنگترینیان پاڵپشتی کردن لە خوێندن و کەلتووری پێکهاتەکان، بەڵام لەبەر دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و نەبوونی بودجەی پێویست جێبەجێکردنی ئەم داوایە دواکەوتووە، سەرەڕای ئەمەش بەڕێز سەرۆکی حکومەت بودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ کەرتی پەروەردە بە بڕی (٢٠) ملیار دینار و ساڵانەش (٢) ملیار دینار تەرخان دەکرێت بۆ هەمان مەبەست.

بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن

فەلسەفەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندن بەدیٚ دەکرێت ئەم دوو بابەتە لە پۆلی یەکەم و دووەمی بنەرەتی باس کراوە، هەروەها لە کتێبی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پۆلی (١) تاوەکو (٩)ی بنەرەتی کتێبی مافی مرۆڤ و کتێبەکانی زمان باسکراوە. هەروەها مافەکانی مروڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە پۆلی (١٠)ی ئامادەیی بابەتێکی بۆ دیاریکراوە.

خوێندنی پێکهاتەکان

- لە هەرێمی کوردستان (١٨) قوتابخانەی تورکمانی و (٢٤) قوتابخانەی سریانی هەیە.
- ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە سریانییەکان(١٧٠٨)ی قوتابی و لە قوتابخانە تورکمانەکان (٢٥٦٥) قوتابییە.
- دەستەیەکی تایبەت لە پەروەردەی پارێزگای دهۆک هەیە بۆ سەرپەرشتی کردنی ئایینی ئێزدیاتی دامەزراوە، لە ساڵی (١٩٩٩) قوتابیانی ئێزیدی لە ناوچەکانی خۆیان وانەکە دەخوێنن لە قۆناغی یەک تا دوازدەی بنەڕەتی.

دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ منداڵان لە ناوچە گوندنشینەکاندا

بەپێی یاسای وەزارەتی پەروەردە هیچ جیاکاریەک ناکرێت لە نێو قوتابخانەکانی شار وگوند هەر بۆیە ژمارەی قوتابی لە گوندەکان (٣٦٢٢٩٥) قوتابییە.

مافی قەرەجەکان لە خوێندن

قەرەجەکان (٨٥) دەرچووی زانکۆ و (١١٢٥) قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندن هەیە.

دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ کۆچبەران و پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان

قوتابییە ئاوارەکان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون بۆ ئەم مەبەستەش (١٣٨) بۆ ئاوارەکان و (٥٤) قوتابخانە بۆ پەنابەران لە هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، ژمارەی قوتابیانیان (٤٠٤١٠) قوتابییە ئاوارە لە

کەمپەکان دەخوێنن، وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٢١ و سیاسەتی تێکەڵکردنی قوتابیانی ئاوارە پەیڕەو دەکات واتە هەر قوتابییەکی ئاوارە مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

<u>دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بە خۆڕایی</u>

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار منداڵی سەر شەقامی گەڕێندراونەتەوە بەر خوێندن بەپێی پرۆگرامی تایبەت بە ناونیشانی (Back to Learning).

<u>ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە</u>

لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاساوە ڕێگە لەوە گیراوە کەرتی خوێندنی حکومی فەرامۆش بکرێت، لەهەمان کاتدا دەرفەتی هەلی کاری زیاتر ڕەخسێندراوە لە کابینەی نۆیەم.

- (١٥٥٩٠٤) مامۆستا وفەرمانبەر تەرخان کراوە لە وەزارەتی پەروەردە بۆ خزمەتکردنی منداڵان و زیاتر لە (٣٠) هەزار وانەبێژ.
- لە کەرتی خوێندنی ناحکومی (١٦٣٤٩) مامۆستا و فەرمانبەری دانەمەزراو هەلی کاریان بۆ ڕەخسێندراوە.
- ژمارەی مامۆستایانی خوێندنی ناحکومی بریتین لە (١٢٠٩٠) مامۆستا.
- ژمارەی مامۆستایانی هەمیشەیی کە دانەمەزراون و میلاکی خوێندنی ناحکومین بریتین لە (١١٥٢٤) مامۆستا و ژمارەی مامۆستایانی دامەزراوەی حکومی بریتین لە (٥٦٦) مامۆستا.
- ژمارەی فەرمانبەرانی خوێندنی ناحکومی بریتین لە (٤٢٥٩) فەرمانبەر.
- ژمارەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی ناحکومی کە میلاکی خۆیانن و دانەمەزراون بریتین لە (٤١٤٠) فەرمانبەر.
- ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی کە لە کەرتی ناحکومیش کار دەکەن بە گوێرەی یاسا، بریتین لە (١١٩) فەرمانبەری حکومی.

خشتەی ١٥ ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەری دامەزراو لە قوتابخانە ئەهلییەکان

| | |
|---|---|
| ژمارەی مامۆستایانی دامەزراو لە کەرتی ناحکومی (ئەهلی) | ١٢٠٩٠ |
| ژمارەی فەرمانبەران دامەزراو لە کەرتی ناحکومی (ئەهلی) | ٤٢٥٩ |
| کۆی گشتی | ١٦٣٤٩ |

<u>بەدواداچوون و چاودێری کردنی پرۆسەی خوێندن</u>

لە ساڵی ٢٠٢٣ – ٢٠٢٤ ڕێکارەکانی بەدواداچوون و چاودێری کردن بەردەوام دەبن لەسەر کۆی گشتی ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی بۆ ئەم مەبەستە چەندین لیژنەی باڵای هەمیشەیی پێکهاتوون بە شێوازی ئەلیکترۆنی کارەکانیان ئەنجام دەدرێت لە ڕێگای سیستەمی E-Parwarda لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە، هەروەها میکانیزمی نوێ بۆ ئامادەبوونی قوتابیانی پەیمانگە ناحکومییە پێنج ساڵییەکان دەگیرێتەبەر.

ئامادە کردنی شوێنی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام بەتایبەتی لە باڵەخانەی قوتابخانەکان

سەبارەت بە دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەی قوتابخانەکان، و ئامادەکردنی مامۆستا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکراو و گونجاو بن، وەزارەتی پەروەردە هەموو کارئاسانی دەکات بۆ پەیوەندی کردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە پرۆسەی خوێندن.

نۆژەنکردنەوە و درووستکردنی قوتابخانەکان لە ساڵانی ٢٠١٩-٢٠٢٤:

- (٨٠) ناوەندی خوێندن دروستکراوە.
- (١٣٠٠) قوتابخانە نۆژەن کراوەتەوە.
- دروستکردنی ١٢٧ پۆلی خوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندرا.
- لە ساڵی ٢٠٢٤، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەچوارچێوە گرنگیدانی کابینەی نۆیەم بە کەرتی پەروەردە و فێرکردن و فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاوی خوێندن بۆ قوتابیان بەپێی پلان و بەرنامەیەی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و پارێزگای هەولێر داڕێژراوە. بڕیار دراوە بە درووستکردنی ژمارەیەکی زۆری قوتابخانە بەپێی ئەو نەخشە و کوالێتییەی دیاری کراوە لە سنووری پارێزگای هەولێر بەتایبەتی لەو ناوچە و گەڕەك و شوێنە هەژارنشینانەی کە پێویستن.
- بە گۆژمەی (١٢ ملیۆن دۆلار) دەستدەکرێت بە درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و سەنتەرێکی ڕاهێنانی مامۆستایان و نۆژەنکردنەوەی ٢٠ قوتابخانە لە هەرێم.

هۆشیاری ژینگەی لە بواری پەروەردە

وەزارەتی پەروەردە (١٠،٠٠٠) دە هەزار ڕێبەری ژینگەیی چاپ کردووە کە مامۆستایان پشتیان پێ دەبەستن بۆ سوود وەرگرتن، سەرەڕای خولی ڕاهێنان کە بە مامۆستایان کراوە.

هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان

ئەنجامدانی وۆرک شۆپ و مەشق بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (ILO) لە ساڵی ٢٠٢٢ تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ بۆ پشتگیری کردن لە مافەکانی منداڵان لە ڕێگەی پەروەردە و هونەر و میدیا ڕاهێنانەکانی SCREAM دەستنیشانکردنی مەترسییەکان و بارودۆخی ئازاردان و نوێکردنەوەی لیستی جۆرە مەترسیدارەکانی کاری منداڵان، بۆ ئەم مەبەستە (٢٧) کۆبوونەوە و دانیشتن ئەنجامدراوە.

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە خوێندن بۆ کەمئەندامان

- پەیمانگاکانی کەمئەندامان بوونی هەیە بۆ فیرکردنی کەمئەندامان سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە پرۆسەی تیکەڵکردنی قوتابیانی کەمئەندام لە قوتابخانەکانی پەروەردە تەنانەت لە ئامادەییە پیشەییەکانیش ئەنجامدراوە.
- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا لەسەر کەمکردنەوەی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر .
- (١٤) منداڵی ئۆتیزم گەڕاونەتەوە قوتابخانە ئاساییەکان دوای چاکبونەوەیان.

خشتەی١٦ ئاماری قوتابیانی کەمئەندام

| | |
|---|---|
| قوتابی کەمئەندام لە قۆناغی بنەڕەتی | ١٠٤٦٦ |
| نێر | ٥٨٢٨ |
| مێ | ٤،٦٣٨ |
| مامۆستای تەرخان کراو بۆ کەمئەندامان | ٨٤ |

رێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی پەروەردە

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە


- بابەتی (ئاشتی و پێکەوەژیان) بخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن وەک ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە مەترسییەکانی جیاکاری.
- گرنگیدان بە پەروەردە کردنی منداڵ و گەنجان لە بابەتی نەهێشتنی جیاکاری، چونکە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەروەردە کردنیان و پتەوکردنی گیانی پێکەوەژیان.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

- کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بۆ قوتابخانەکان و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکراو و گونجاوبن.
- داڕشتنی پرۆگرامی راهێنان بۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و سەرپەرشتیاران بۆ ئەوەی راهێنانیان پێبکرێت لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و فێرکردنیان.
- تەرخانکردنی یاریدەری مامۆستا بە یارمەتیدانی قوتابیانی پەروەردەی تایبەت.
- کردنەوەی پۆلێکی تایبەت لە قوتابخانەکان بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.
- کاراکردن و جێبەجێکردنی سیستەمی خوێندنی پەروەردەی تایبەت لە قەزا و ناحیەکان.


## وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

لە کۆی (٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان وەک خۆی ماونەوە کە (١) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردەی جێبەجێنەکراوی نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 1 | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 | 1 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 2 | | |

هێڵکاری ٢٣ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن




هێڵکاری ٢٤ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٢٥ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودانی زیاتر بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵک.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. برەودان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بە پەلە، و داواکردن لەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و تەقەنی بە ئامانجی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی ڕزگارکراون لە گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان لەپێناو زامنکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

پلانی ستراتیژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن

- ئەنجامدانی (٤٣) پرۆژەی ڕێگاوبان بە بودجەی (١,٧٠٥,٠٢٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار (پرۆژەی نوێ و پێشنیارکراو). کە بەرهەمەکەی درووستکردنی (١٦٩,٥) کم ڕێگای دوو ساید و (٩٠) کم ڕێگای یەك ساید و (١١٦) کم نۆژەنکردنەوەی ڕێگا دەبێت.
- ئەنجامدانی (١٤٩) پرۆژەی ڕێگاوبان بە بودجەی (٩١٩,٥٣٣,٠٠٠,٠٠٠) دینار (پرۆژەی نوێ و پێشنیارکراو)، کە بەرهەمەکەی درووستکردنی(٣٠٢) کم و ( ١١٩٥) کم نۆژەنکردنەوەی ڕێگا دەبێت لەگەڵ دروستکردنی چەندین پرۆژەی پرد.
- ئەنجامدا (١٧) پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێکردن بە بودجەی (٢٧٨,٨٦٧,٠٠٠,٠٠٠ ) دینار (پرۆژەی نۆێ و پێشنیارکراو). کە بەرهەمەکەی: دروستکردنی (٣٠٠٠) یەکەی نیشتەجێکردن بە خزمەتگوزاریەوە بە شێوازی شووقە یان خانوو دروست بکرێت بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت و خاوەن داهاتی سنوردار لەگەڵ درووستکردنی چەندین بینایە.
- ئەنجامدانی (١١) پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێکردن بۆ دروست کردنی (١٢٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت بە بودجەی( ١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار (پرۆژەی نۆێ و پێشنیارکراو) لەگەڵ تەواو کردنی کاری خزمەتگوزاری بۆ پرۆژەی دروستکردنی (٢٨٨) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە بودجەی (١,٤٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار (پرۆژەی نۆێ و پێشنیارکراو) لەگەڵ درووستکردنی چەندین بینایە.
- بەردەوامی بە گەشەپێکردنی سیستەمی وێستەگەکانی کێش لە ڕێگای نۆژەنکردنەوەی هەبووەکان و دروستکردنی (١٩) وێستگەی نوێ کە لە ساڵی ٢٠٢٢ تەنیا (١٥) وێستگە بوو.
- بەردەوامی بە گەشەپێکردنی سیستەمی وێستەگەکانی کێش لە ڕێگای نۆژەنکردنەوەی هەبووەکان و دروستکردنی (٢٠) وێستگەی کێشی نوێ لە پارێزگاکانی هەولیر و سلیمانی و دهۆک.

- گەشەپێکردنی تاقیگەکانی کەرەستەی بیناسازی لە ڕێگای دابینکردنی ئامێری نوێ و پشکنین و ڕەوشی ئەندازیاری تازە و مۆدرێن.

<u>پاراستنی کواڵیتی لە پرۆژەکان</u>

بە مەبەستی زامنکردنی کوالێتی کەرەستەکان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پشکنینی کەرەستەکانی بەکارهاتوو لە سەرجەم پرۆژەکانی بیناسازی و ڕێگاوبان لە هەرێمی کوردستان دەکات ئەمەش رۆڵی گرنگی دەبێت لە دەستەبەرکردنی کەرەستەی کوالێتی بەرز و جێبەجێکردنی پرۆژەکان بەشێوەیەکی مۆدێرن و پاراستن و سەلامەتی ژیانی خەڵک و بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشی لە کەرەستەی کوالێتی خراپ ناکرێت لە تاقیگەکان.

<u>گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵک</u>

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بەپێی یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموار کراو بەیاسای ژمارە ١٦ی ساڵی ٢٠١١ یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان کارەکانی ئەنجامدەدات.

لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ( بودجەی وەبەرهێنان) توانراوە (٩) پرۆژەی نیشتەجێبوون بە گوژمەی (٩٨,٥٩٢ ٠٠٠,٠٠٠) نەوەد و هەشت ملیار و پێنج سەد و نەوەد و دوو ملیون دینار جێبەجێ بکات کە هەندێکیان تەواوکراون وەک درووستکردنی (١٥٠٠) خانوو لە سیتەک و زرگوێز لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و درووستکردنی شەقامە ناوخۆییەکان بۆ ( ٣٧٢) یەکەی نێشتەجێبوون.

هەروەها چەندین پرۆژەی تری نیشتەجێبوون لەسەر (بودجەی وەبەرهێنان) لە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٤٢) پرۆژەیە بە گوژمەی (٣٦٨,١٤٢,٠٠٠,٠٠٠) ملیار دینار کە دروستکردنی (٣٠٤٤) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی یەکەو باڵەخانە و شوققە لە خۆ دەگرێت لەگەڵ دابین کردنی کارە خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و درووستکردنی شەقامە ناوخۆیەکان بۆ ( ٤٣٣٦) یەکەی نیشتەجێبوون. ئەم پرۆژانە لە ئێستادا راگیراون لەبەر ئەوەی هەندێک لە یەکەکان تەواوکراون، بەڵام نەتوانراوە دابەش بکرێت بەسەر هاووڵاتیان چونکە پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیان تەواو نەکراون بەهۆی نەبوونی بوودجەی پێویست هەرچەندە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە هەوڵدایە بۆ نەهێشتنی ئالنگاریەکان کە تا ئیستا بەربەستن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی راسپاردەکە بۆ ئەوەی بەزووترین کات بەسەر کەمدەرامەتان دابەش بکرێت.

لە نێوان ساڵانی (٢٠٢١ - ٢٠٢٣) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن چەندین پرۆژەی گرنگ و ستراتیژی ئەنجام داوە وەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

خشتەی ١٧ ژمارەی پرۆژەکان بە ساڵ

| پرۆژەکانی دروووستکردن و چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ساڵ | پرۆژە | کم | دینار |
| ٢٠٢١ | ٧٥ | ٢٣٢ | ٥٣٢,٣٣٤,١٣٤,٠٠٠ |
| ٢٠٢٢ | ١٣٢ | _ | ٢٢,٨٥٧,١٩٤,٣٣٧ |
| ٢٠٢٣ | ١٣١ | ٤٦٢ | ١٦,٦١١,٦٠٣,٧٨٠ |

پرۆژە تەواوبووەکان و بەردەوامەکانی ڕێگاوبان و نیشتەجێبوون:

خشتەی ١٨ ژمارەی پرۆژە تەواوەکان و بەردەوام تایبەت بە ڕێگاوبان بە ساڵ

| پرۆژە تەواوبووەکان و بەردەوامەکان ڕێگاوبانەکان و نیشتەجێبوون | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ساڵ | جۆر | پرۆژە | کم ، یەکە | ملیون دینار |
| ٢٠٢١ | ڕێگاوبان | ٧٥ | ٢٣٢ | ٢٢٠,٨٦٢ |
| | نیشتەجێبوون | _ | _ | |
| ٢٠٢٢ | ڕێگاوبان | ١٣٢ | | ٢٢,٨٥٧,١٩٤,٣٣٧ |
| | نیشتەجێبوون | ٨ | ٥٤٠ یەکەی نیشتەجێبوون لەگەڵ ١٥٠٠ خانوو | ٩٨,٢٦٨,٠٠٠,٠٠٠ |
| ٢٠٢٣ پرۆژە بەردەوامەکان | ڕێگاوبان | ٢٠٤ | _ | ١,٥٢٨,٧٤٤,٠٠٠,٠٠٠ |
| | نیشتەجێبوون | ٤٢ | _ | ٣٥٢,٧٣٦,٠٠٠,٠٠٠ |

کارا کردنی فۆرمی دابەشکردنی (٩,٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەم دەرامەت وکرێنشینان بەشێوەی ئۆنلاین

بۆ کار ئاسانی هاووڵاتیانی کەمدەرامەت وەزارەت فۆرمی داواکاری بەشێوەی ئۆنلاین بەردەست خستووە لە ڕێی دانانی سیستمی ئۆنلاینی(kamdaramet.com) بۆ پیشکەشکردن و پربکەنەوەی فۆرمی وەرگرتنی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە یەکەکان زیاتر لە نۆ هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە و لەچوارچێوەی یاسای نیشتەجێبوندا دروووستکراون، کە بەشێکیان تەواوبون و بەشێکیان کارکردن تیایاندا بەردەوامە. دیاریکردنی ڕێژەی لە (٣٪) ی ئەو یەکانەی درووست دەکرێن بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان دەکرێت ئەوانەی کە شایستەن بەپێی یاسا.

پێگەی ئەلیکترۆنی تایبەت بە پێشکەشکردنی فۆرمی یەکەی نیشتەجێبوون کە بەپێی یاسای ژمارە ١٦ـی ساڵی ٢٠١٢ی یاسای نیشتەجێبوون تایبەت بە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت لە هەرێمی کوردستان دەرکراوە، کارا کراوە و ئەو هاووڵاتییانەی خۆیان بە شایستە دەزانن، دەتوانن فۆرم پڕبکەنەوە".

فۆرمەکە بە هاوکاری و پێشنیازەکانی کۆمەڵەی کرێنشینانی کوردستان ئامادەکراوە. کاراکردنی ئەم پێگەیە بۆ ئەوەیە هاووڵاتییان بتوانن داواکارییەکانیان پێشکەش بکەن و پڕکردنەوەی فۆڕمەکەش تا کۆتایی ساڵی رابردوو بەردەوام بوو، ئەو یەکانە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکان دروست دەکرێن، ژمارەیەک مەرج و رێنمایی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت سوودمەندبن.

دوای تۆمارکردنی ناوەکان، بەپێی یاسای نیشتەجێبوون، خاڵبەندی بۆ داواکارییەکان دەکرێت و دواتر لەلایەن لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. دواتر ناوەکان ئاڕاستەی ئەو لیژنەیە دەکرێت کە لە چوارچێوەی یەکە کارگێڕییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان. هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە سنووری شار و قەزا و ناحیەکان دروستکرابێت لەو سنوورە لیژنەیەک دروستدەکرێت بۆ پەسندکردنی خاڵبەندییەکە و لەسەر بنەمای ئەو پەسندکردنە، یەکەکان بەسەر هاووڵاتییاندا دابەشدەکرێت.

بەشێکی ئەو یەکانە تەواوبوون و بەشەکەی دیکە کاریان تێدا دەکرێت. نزیکەی نۆ هەزار و چوار یەکەی نیشتەجێبوونە و بە قیستی ٢٥ ساڵ دەدرێتە کەسانی کەمدەرامەت.

<u>پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گشتی بە گوندنشینان</u>

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پرۆژەو خزمەتەکانی کە پێشکەش بە هاووڵاتیانی دەکات بریتین لە خزمەتی گشتی وەک درووستکردن و چاککردنەوەی پرد و ڕێگاوبانەکان کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە هاووڵاتیان و ئاوارەکانی ناوخۆ دەتوانن سوودمەند بن لەو خزمەتانەی کە پێشکەش دەکرێن و بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان لەسەرجەم ناوچەکان. بەڵام هیچ پرۆژە و پلانێکی سەرەکی نییە سەبارەت بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەتمەندی نێودەوڵەتی و هەرێمی لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی ئاوارەی ناوخۆ بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکان لە تیرۆریستان.

لە ماوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە و تەواوبوون وەك درووستکردن و چاککردنەوەی پرد و ڕێگاوبانەکان کە ژمارەیان (٤٤٠) پرۆژەیە بە گوژمەی (٩١٢,١٣٢,٠٠٠,٠٠٠) دینار، هەروەها چەندین پرۆژەی تر لەژێر ئەنجامدان کە ژمارەیان (٢٠٤) پرۆژەی ڕێگاوبان بە گوژمەی (١,٥٢٨,٧٤٤,٠٠٠,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەکانی (وەبەرهێنان/ ئاسایی/ لەسەر (٣٠٪) داهاتی وێستگەکانی کێش کردنی ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکان) لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن هەڵدەستێت بە دانانی پلان وسەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی تۆری ڕێگاوبانە گشتییەکان کە هاوتا بێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان و درووستکردنی ڕێگاوبانی سەرەکی و لاوەکی و ڕێگای گوندەکان و تونێل و پرد و چاککردنەوەی ڕێگاوبان و کۆنترۆڵکردنی بار لە وێستگەکانی کێش لە خۆ دەگرێت بە مەبەستی خزمەتکردن و دابینکردنی سەلامەتی هاتوچۆ بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

لە ئێستادا زۆرێك لە پرۆژە بەردەوامەكان وەستاون بەهۆی خراپی بارودۆخی هەرێمی كوردستان لە رووی داراییەوە و نەبوونی بوودجەی پێویست بۆ تەواو كردنیان، بەڵام لە هەوڵدایە بۆ لابردنی ئالنگاریەكان ئەوەی بەزوترین كات تەواو بكرێن هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگا بە هاووڵاتیان و ئاوارەكانی ناوخۆ بتوانن سوودمەند بن لەو خزمەتگوزاریانە.

ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی تەكنیكی و ئەندازەیی

لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان چەندین كۆنفرانس، ۆوركشۆپ، خول و راهێنانی جۆراوجۆری تەكنیكی و ئەندازەیی ئەنجامدراوە بە مەبەستی زیادكردنی توانای زانستی فەرمانبەران و ئەندازیارانی وەزارەت لە جێبەجێكردنی خزمەتگوزارییەكانی وەزارەت بۆ ئەوەی بە باشترین ئاست بتوانن خزمەتەكان بگەیەنین بە سەرجەم هاووڵاتیان.

لە كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێم (١٤) سیمینار و ووركشۆپ لەگەڵ (٢١) خولی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە كە (١١٩٧) فەرمانبەر لێی سوودمەند بوون.

هەوڵەكانی پاراستنی ژینگە

لەساڵی ٢٠٢٣ كارگەی ڕیسایكلین و دووبارە بەكارهێنانەوەی قیرِ لە هەولێر كرایەوە كە توانای بەرهەمهێنانی (٢٠٠) تەنی قیر هەیە لە یەک رۆژدا.

ئێستا كارگەكە كەوتۆتە كار و گرنگییەكی زۆری هەیە، چونكە یەكەم كارگەیە لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە ئەو قیرەی لە شەقامەكان هەڵدەگیرێتەوە جارێكی دیكە دەكرێتەوە قیرِ و بۆ شەقامی تازە بەكار دەهێندرێتەوە، دوای ئەوەی وەكو تێست بەكارهات ئەنجامەكانی زۆر باش بوو، گرنگی ئەم كارگەیە لەوەدایە كە ژینگە پیس ناكات و تێچووش بەڕێژەی (٢٥٪)كەم دەكاتەوە و قیرەكەش ئەوەی لە شەقامە تێكچووەكان هەڵدەگیرێت دووبارە بەكار دەهێندرێتەوە بۆ شەقامی دیكە.

هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی ئیتحادی


سەبارەت بە هاوكاری حكومەتی ئیتحادی تا ئێستا هیچ جۆرە هاوكاریەک پێشكەش نەكراوە لە جێبەجێكردن و دروستكردنی پڕۆژەكان بەتایبەتی لە یەكەكانی نیشتەجێبوون.

هاوكاری نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتی دارایی و لۆجیستی

سەبارەت بە هاوكاری وڵاتە كۆمەک بەخشەكان لە بواری پەرەپێدان لەگەڵ دام و دەزگاكانی حكومەتی هەرێم تا ئێستا هیچ جۆرە هاوكارییەک لە رووی دارایی و لۆجیستی پێشكەش نەكراوە لە جێبەجێكردن و دروستكردنی یەكەكانی نیشتەجێبوون و جێبەجێكردنی پرۆژەكانی ڕێگاوبان وەک پرۆسەی پاڵپشتی بەردەوام بۆ پەرەپێدان.


## وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

لە کۆی (٨) راسپاردە کە ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٤) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (٣) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٢) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٣). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٥٦٫٣٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 0 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 3 | 3 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 8 | | |

هێڵکاری ٢٦ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار




هێڵکاری ٢٧ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٢٨ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. پاراستنی شوێنەکانی کەلەپوری کەلتوری و ڕاگرتنی لەناوبردنی ئەو پارچە شوێنەوارییانەی گرنگییەکی کەلتورییان هەیە.
٢. زیادکردنی هەوڵەکانی پاراستنی شوێنە کەلەپورییە کەلتورییەکان.
٣. دەستەبەرکردنی پاڵپشتی تەواو بۆ قوربانییە هەڵاتووەکان لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، لە نێویاندا دەستەبەرکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ و دەستەبەرکردنی خۆراك و پاڵپشتیکردنی یەکە پزیشکییەکان لە نێو کامپی ئاوارەکاندا.

ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. سازکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئاسانکاریکردن بۆ جوڵەی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
٢. داڕشتنی ستراتیژیەتێك بۆ دەستەبەرکردنی تەکنیك و ئامرازی یارمەتیدەری ڕاستەوخۆ و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل و وەرگێڕە پیشەییەکانی زمانی ئاماژە و ئامرازەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە باڵەخانەکان و دامەزراوەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی و بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. زامنکردنی پاراستنی کەلتوری ئایینی و کەلەپوری و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی.
٢. ڕێکخستنی هەڵمەت و پرۆگرامە ڕۆشنبیرییەکان لەپێناو زیادکردنی ئاستی هۆشیاری بە کەلەپوری کەلتوری بە سەرجەم جۆرەکانییانەوە.
٣. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و تەقەنی و دارایی پێویست بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

پاراستنی کەلتوری ئایینی و کەلەپوری و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور و بەڕێوەبەرایەتییەکانی شار و شارۆچکەکان، ئەرکی لە پێشینەیان پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوورە لە فەوتان و لەناوچوون، و کار دەکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و رووپێوکردنی شوێنەوارەکانی کوردستان و بە دیکۆمێنت کردنیان و نۆژەنکردنەوەی (بینا، قولە، پرد، و ... هتد)، هەروەها هەوڵی بەکارخستنی کاراتری ئەم شوێنەوارانە دەدات لە بواری زانستی و ئابووری و گەشتیاری، بەپێی ستانداره کارپێکراوەکان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار بەپێی یاسای شوێنەوار کار دەکات بۆ پاراستنی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان کە هانگاوەکان بریتین لە هەڵکۆڵین، ڕووپێوی، پەرژینی تەلبەند، نۆژەنکردنەوەی خانوو و شوێنە کەلەپوریەکان، بڵاوکردنەوەی وشیاری شوێنەواری، ئەنجامدانی کۆنفرانس و ورکشۆپ، بەدواداچوون و چاودێری پێگە شوێنەوارییەکان.

<u>کار و چالاکییەکانی بواری شوێنەوار و کەلەپوور هەروەک لە خوارەوە روون کراوەتەوە:</u>

خشتەی ١٩ ژمارەی کار و چالاکی شوێنەوار و کەلەپوور

| کار و چالاکی ساڵی ٢٠٢٣ | ژمارە |
|---|---|
| ئەنجامدانی پڕۆژەی شوێنەواری ( پاراستن ، نۆژەنکردنەوە ) | ٢٢ |
| پێدانی مۆڵەت و پشکنینی شوێنەواری بۆ پڕۆژەکان | ١٠٤٧ |
| رووپێوی شوێنەواری | ١٢ |
| داوای یاسایی و بەدواداچوون لە دادگاکان | ٤٣ |
| هەڵکۆڵین | ٣٦ |
| بەدواداچوون بۆ پێگە شوێنەواریەکان | ١٣١ |
| زێدەڕۆیی کردنە سەر شوێنەوار | ٢٢ |
| کۆنفرانس و چاوپێکەوتن و پەیامی رۆژنامەوانی | ١٨٣ |
| بەشداری کردن لە راهێنان و سیمینار و کۆنفرانس | ٣٧ |
| خولی هوشیاری شوێنەواری | ٤٦ |
| سەردانیکردنی خەڵک بۆ مۆزەخانەکان | ٢٤٣٦٧ |
| سەردانیکردنی بۆ دوو کتێبخانەی شوێنەوار | ١٧١ |

سەرەڕای قەیرانی دارایی و دیار نەکردنی هیچ بودجەیەکی دیاریکراوی بۆ کەرتی شوێنەوار، بەڵام حکومەتی هەرێم بڕیاری پێدانی (٩٠٠) ملیۆن دیناری دا بۆ پەرەپێدانی شوێنەوارەکان و پاراستنیان، لەم بارەوە دۆخی خراپی بینا و شوێنەوارە کەلەپووریەکان و ئەو شوێنانەی پێویستیان بە هەڵکۆڵینی بەپەلە هەبووە کاریان لەسەر کرا. بەهەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگا و کۆلێژە پسپۆڕەکانی بواری شوێنەواری جیهانی تا ئێستا (٤٠٪)ی هەرێمی کوردستان ڕووپێوی کراوە و لەم رووەوە نزیکەی (٣٢٠٠) ناوچەی شوێنەواری تۆمارکراون هەروەها (٤١) پرۆژەی شوێنەواری لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی شوێنە مێژووییەکان جێبەجێکراون.

## نۆژەنکردنەوەی شوێنە کەلەپوریە کەلتوریەکان

سەبارەت بە زیادکردنی هەوڵەکانی پاراستنی شوێنە کەلەپورییە کەلتورییەکان، لە ساڵی ٢٠٢٢ لەبارەی نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان نزیکەی (٢٣) پێگەی کەلەپووری لەسەر بودجەی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و (١٩) شوێن لەسەر بودجەی ڕێکخراوە بیانییەکان و کەسایەتی و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان نۆژەن کراونەتەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٣ بە نۆژەنکردنەوەو هەڵکۆڵین (٦٩) پێگەی شوێنەواری پارێزراون کاریان تێدا کراوە. و بەدواداچون بۆ (١٣١) پێگەی شوێنەواری کراوە بۆ دڵنیا بوون لە سەلامەتیان. هەروەها (٧٩) شوێنەوار لە سنووری پارێزگای دهۆک بە هۆی شەڕی نێوان سوپای تورکیا و PKK خاپوور کراوە.

## ئەو پڕۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٣ کاریان لەسەر کراوە:

خشتەی ٢٠ ژمارەی پڕۆژەی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی شوێنەوار و کەلەپوور

| ناوی پڕۆژە | شوێنی پڕۆژە | گوژمەی خەرج کراو | لایەنی هاوکار |
|---|---|---|---|
| نۆژەن کردنەوەی بارەگای مەلیک محمود | سلێمانی | ٣٢٣٥٥٠٠٠ | ڕێکخراوی CDO |
| دەرگای ئامێدی | ئامێدی | ٥٠٠٠٠ $ | زانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکی |
| کنشتی شوش | | ٥٠٠٠٠ $ | کۆمپانیای گیمائارتی چیکی کونسوڵگەری ئەمریکا |
| قشلەی کفری | کفری | ٣٠٠٠٠ $ | بوودجەی حکومەت |
| نۆژەنکردنەوەی قەسری کەمبەلان | دهۆک | ٦٣٨٤٩٧٠٠ | |
| قەرە ئۆغلان | سلێمانی | ٤٠٥٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی ئەسحابان | ئاکرێ | ٤٠٠٠٠٠٠ | |
| هەڵکۆڵینی شوێنەوار | ئاکرێ | ٧٧٨٠٠٠٠ | |
| دروست کردنی سیاج بۆ گردی شندۆخان | دهۆک | ٢٦٤٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی دیواری قشلەی زاخۆ | زاخۆ | ٦٠٠٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوە و چاککردنەوەی ئەشکەوتی شانەدەر | مێرگەسۆر | ٦٧٩٩٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە حامیەی ڕواندوز | ڕواندوز | ٦٦٢٥٥٠٠٠ | |
| سیاج کردنی شوێنەواری ئەج قەڵا | ڕواندوز | ٨٥٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی مۆزەخانەی هەولێر | هەولێر | ١٠٣٧٧٥٠٠٠ | |
| قەڵای بانەمان | هەولێر | ٤٩٢٦٥٠٠٠ | |

| ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | گوژمەی خەرج کراو | لایەنی هاوکار |
|---|---|---|---|
| نۆژەنکردنەوەی قەسری مەزاری باپیرفەقێ | کۆیە | ٩١٥٠٠٠٠ | |
| سیاج کردنی کۆنە قەڵات | کۆیە | ١٥٠٠٠٠٠٠ | |
| دیکۆمێنت کردنی خانووە کەلەپووریەکان لە کۆیە | کۆیە | ٢٩٥٠٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی قەسرا دلیی ی کەلەپووری | دهۆک | ٢٣٢٧٥٠٠٠ | |
| هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە ئیسیا | دهۆک | ٦٩١١٣٠٠ | |
| قەرەبووکردنەوەی کڕینەوەی پارچەی شوێنەواری بۆ مۆزەخانە | سلێمانی | ١٤٢٧٩٠٠٠٠ | |
| دیواری پاڵپشت بۆ قشڵەی کۆیە | کۆیە | ٧٦٥٠٠٠٠٠ | |
| نۆژەنکردنەوەی خانووی کەلەپووری مەلای کۆیە | کۆیە | ١٦٤٥٧٠٠٠٠ | |
| کۆی گشتی | | ١٠٣٤٣٦٦٠٠٠ دینار | ١٣٠٠٠٠٠ دۆلار |

سزادانی سەرپێچیکاران

لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (٤٣) داوای یاسایی بەرزکراوە دژی ئەوانەی کە زێدەڕویی دەکەن و زیانیان بەشوێنەوار گەیاندووە یان بازرگانیان پێوە کردووە و سەرپێچیکاران سزا دراون، (٩٩) پێگەی شوێنەواری لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان زیادەڕۆیی کراوەتە سەر.

لەبارەی چاودێری و سزای سەرپێچیکاران لە ساڵی ٢٠٢٢ دا (١١١) شوێنی شوێنەواری زێدەڕۆییان کراوەتە سەر، لەلایەکی دیکەوە دەزگا ئەمنییەکان چەندین کەسیان دەستگیرکردووە لەسەر بازرگانی کردن بە شوێنەوارەوە، (١٥٦٣) کەس پشکنین بۆ شوێنەکانیان کراوە بەر لەوەی کار لە شوێنەکەیاندا بکرێت، سەردانی (٢١٥) شوێن کراوە کە مەترسییان لەسەر بووە لێکۆڵینەوە کراوە و ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر، (٣٣) داوای یاسایی لە ساڵی ٢٠٢٢ لەسەر ئەوانە تۆمار کردووە کە زێدەڕۆییان کردووەتە سەر ناوچەی شوێنەواری، ئەو داوایانە هەمووی لە دادگان، دوو داوای یاساییش پلەی کۆتاییان وەرگرتووە.

لە ساڵی ٢٠٢٣ بەڵێننامەی یاسایی لە (١٢١) کەس وەرگیراوە کە بەڵێن بدەن زێدەڕۆیی نەکەنە سەر شوێنەوار. بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و پارێزگاریکردنی لە شوێنەوار لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژە (١٠٤١) ڕێگە پێدان بۆ هاووڵاتیان کۆمپانیاکان کراوە دوای دڵنیابوون لە پارێزگاری کردن لە شوێنەوار.

پاراستنی مافەکانی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بە گرنگییەوە دەڕوانێتە بابەتی مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین کار ئەنجام دراوە لەو بوارە و لەو خاڵانەی خوارەوە روون کراوەتەوە:

- لەساڵی ٢٠٢٢ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و بەشداری نوێنەرانی هەریەک لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و دەستەی وەبەرهێنان، ژمارەیەک کۆدی بیناسازی ئامادە کراوە، یەکێک لەو کۆدانە تایبەتە بە گەیشتن (Accessibility Code) و بە نووسراوی ژمارە (١٨٣٢) لە ٢٠٢٢/٦/٢٨ لەلایەن وەزارەتی پلان دانان نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسند کردنی، بە پەسند کردن و جێبەجێکردن، کە ئەمەش زۆری کێشەکان چارەسەر دەکات، چونکە هەموو تێبینییەکان لەخۆ دەگرێت و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بینا و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەبێ پابەند بن بەو کۆدە کە تیایدا مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت فەراهەم کراوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەڵساوە بە گشتاندنی تایبەت بە پەیڕەوکردنی کۆدی بیناسازی تایبەت بە گەیشتن (Accessibility Code) و بە نووسراوی ژمارە (٣٧٢٣) لە ٢٠٢٣/٣/٢٨ کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەسند کراوە کەوتە بواری جێبەجێکردن و زۆربەی هەرە زۆری کێشەکان چارەسەر دەبن، چونکە هەموو تێبینیەکان لەخۆ دەگرێ و لە کاتی پێدانی مۆڵەتی بینا و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەبێ پابەند بن بەو کۆدە کە تیایدا مافی گەیشتن بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت فەراهەم کراوە.
- ڕێنماییەکانی نەخشەدانانی ئاوەدانی بۆ شێوازی دروستکردنی پرۆژەکان و شەقام و باڵەخانەکان گشتاندنی بۆ کراوە کە تیایدا رەچاوکردنی پێداویستیەکانی کەمئەندامان کراوە.
- دابینکردنی زەوی لە شوێنی گونجاو بۆ درووستکردنی بنکە و سەنتەری تایبەت بە دام و دەزگا تایبەتمەندەکان بەم توێژە لەکاتی داواکردنی بەبێ دواکەوتن.
- ئامادەکردن و دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەندامانی کۆمەڵەی ژین و ڕێکخراوەکانی تر و ناونانی ئەو شوێنە بە گەڕەکی (ژین) و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست لەلایەن شارەوانی وەک (ئاوەڕۆ، تۆڕی ئاوی خواردنەوە، شەقام و قیرتاو کردنیان، کارەبا).
- فەرمانی وەزاری ژمارە ( ٢٠٧ ) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٢٥ ژمارەیەک خاڵی تایبەت بە ڕێپێدانی پلانسازی تێدایە و لەوانە لە خاڵی یەکەم بڕگەی (٩ و١٠) بە روونی باسی سەلامەتی گەیشتن بە بینا و رەچاوی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بە نووسراوی ژمارە (١٣٣٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٦ ئاراستەی گشت دەستە و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەت کردووە سەبارەت بە گرتنە بەری ڕێکارەکانی یەکخستن (توحید) و دەستەبەر کردنی مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە گشتی و قوربانیانی مین بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بخرێتە سەر پلانی نیشتمانی کەمئەندامانی ساڵانی (٢٠٢٤ – ٢٠٢٧)

بۆ کاروباری مین لە عێراق، لە خاڵی شەشەم لە ئامانجەکان کە بریتییە لە دروستکردنی شار و کۆمەڵگای نیشتەجێ تایبەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە پێویستیان بە چاودێری تایبەت و چڕ هەیە لە چوارچێوەی پلانی دروستکردنی (٢٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەسانی کەم دەرامەت زۆنی تایبەت بەو چین و توێژە رەچاو بکرێت کە پێویستی خزمەتگوزاری لەخۆ بگرێت .

ئامادەکردنی ماستەری پلانی شوێنەوار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار هەڵساوە بە ئامادەکردن و ئەنجامدانی ماستەرپلان بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کە ئامانجی سەرەکی تیایدا ڕێکخستنی شار و سوود وەرگرتن و بەکار هێنانی زەوی بە شێوەیەکی گونجاو و دەستەبەرکردنی داخوازی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و رەخساندنی هەلی کار لە ڕێی دەستنیشانکردنی بەکارهێنانی جۆراوجۆری وەک (ناوچەی نیشتەجێبوون و ناوچەی بازرگانی و ناوچەی پیشەسازی و ناوچەی گەشتیاری و سەوزایی و ... هتد) بۆ دیاری کردنی دیدگای پەرەسەندنی شار بۆ مەودایەکی درێژ و مامناوەندی و کورتخایەن.

سەردانی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان

بەرنامەی دەستەی گەشتوگوزار بریتییە لە رێزگرتن لەو گەشتیارانەی کە روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، لە ساڵی ٢٠٢٢ یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان _عێراق دەرچووە بە ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٢ کە تیایدا ئەرك و مافی هەموو لایەنەکان دیاریکراوە.

لە ساڵی ٢٠٢١ زیاتر لە (٤،١٨٩،٠٠٠) گەشتیار روویان لە هەرێم کردبوو کە (٨٥٪)ی گەشتیار خەڵکی ناوەڕاست و باشووری عێراقن و (١٥٪) هاووڵاتی بیانی بوون، لە ساڵی ٢٠٢٢ زیاتر لە شەش ملیۆن گەشتیار روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

ئاماری گەشتیاران تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم ساڵی ٢٠٢٣

ژمارەی ئەو گەشتیارانەی ساڵی ٢٠٢٣ لە ناوخۆ یان دەرەوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە لە خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم بریتی بووە لە (٧٤٣١٥٩٧) گەشتیار بەپێی ئەو خشتەیەی خوارەوە:

خشتەی ٢١ ژمارەی گەشتیارانی ساڵی ٢٠٢٣

| شوێن | ژمارەی گەشتیار |
|---|---|
| هەولێر | ٢٢٨٤٦١٠ |
| سلێمانی | ٢٠٢٨٨٩٨ |
| دهۆک | ١٣٠٧٥٥١ |
| گەرمیان | ٣٦٦٥٧٨ |
| هەڵەبجە | ٣٦٠٠٠٠ |
| سۆران | ١٩٥٩٧٢ |
| زاخۆ | ٨٠٣٨٣٨ |
| راپەڕین | ٨٤١٥٠ |
| کۆی گشتی | ٧٤٣١٥٩٧ |

دەستەبەرکردنی تەکنیك و ئامرازی پارەمەتیدەری راستەوخۆ و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل

دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئەپڵیکەیشنێکی دانابوو کە وەک رێبەری ئەلیکترۆنی گەشتیاری ئاسانکاری تەواوی پێشکەش بە گەشتیاران دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی ئەپڵیکەیشنەکە لە کار وەستاوە.

هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

- لە ماوەی (٢٠١٩ هەتا ٢٠٢٣) بە هاوکاری رێکخراوی (VNG) هۆڵەندی و لە چوارچێوەی پرۆگرامی **(LOGOREP)** دا پلانی پەرەپێدانی بۆ پێنج شارۆچکە ئامادە کردووە بە مەبەستی بەهێزکردنی حکومەتی خۆجێی بۆ ئەو شارەوانیانەی کە خەڵکی ئاوارە لەخۆ دەگرن کە ئامانج لێی گەشەپێدانی شارەوانی و رەخساندنی هەلی کار بە ئاوارە و پەنابەرانیشەوە، ئەوانیش شارەوانییەکانی (قوشتەپە، کەورگۆسک، باسرمە، سیبیران، کانی قرژاڵە).
- بە هاوکاری رێکخراوی **(JICA)**ی یابانی کار دەکرێت بۆ هەموارکردنەوەی ماستەرپلانی هەولێر و کارەکانی ماوەی (دوو ساڵ و نیو) دەخایەنێت و هەتا ئێستا بەردەوامە .
- لەگەڵ رێکخراوی **(VNG)** هۆڵەندی لە قۆناغی ئامادەکارین بە مەبەستی دەستکردن بە ئامادەکردنی ماستەرپلان لە شاری هەڵەبجە کە وەک ئەولەویەتی کارەکان دانراوە بە هۆی ئەو بارودۆخەی لە رابردوودا بەسەر ئەو شارە هاتووە بە مەبەستی پەرەپێدانی شارەکە کە لە ئێستادا قۆناغی یەکەم ئامادەکراوە، لەگەڵ هەمان رێکخراو لەسەر هێڵن بۆ ئامادەکردنی پلانی پەرەپێدان بۆ شاری سۆران کە لەو دواییە کراوە بە ئیدارەی سەربەخۆ.

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە دانوستاندایە لەگەڵ هەریەک لە ڕێکخراوەکانی (VNG) و (UNHCR) بە مەبەستی داڕشتنی میکانیزمی تایبەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە پلانی پەرەپێدانی شارەکانی (قوشتەپە، کەورگۆسک، باسرمە، سیبیران، کانی قرژاڵە) پێشنیار کرابوو لە بوارە جیاوازەکانی (ژێرخان، خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە ، تەندروستی ، گەشتیاری ، پیشەسازی ، بازرگانی).
- لە بواری کەلەپوری بیناسازی یونسکۆ کاری کردووە لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاکانی بواری شوێنەواری لەساڵی ٢٠٢٣ بە هەمانەنگی لەگەڵ (٣٦) زانکۆی بیانی کاری هەڵکۆڵین و ڕوپێوی و ڕاهێنانیان بۆ فەرمانبەرەکان ئەنجامدراوە.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخشەدانان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢١ بە هاوکاری ڕێکخراوی (VNG)ی هۆڵەندی هەستا بە ئەنجامدانی (پیشانگای وەبەرهێنان) کە ئامانج لێی راکێشانی وەبەرهێنەر بوو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی پلانی پەرەپێدانی پێنج شارۆچکەی ئاماژە پێکراو .
- لە ڕێگای ڕێکخراوی UNDP **بە** هاوکاری دارایی USAID نەخشەڕێگای چاکسازی کەرتی گەشت وگوزار لە هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە .
- بە هاوکاری ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی کارکراوە لەسەر گەشەپێدانی گەشت وگوزاری کشتوکاڵی .
- بە هاوکاری ڕێکخراوی UPP ئیتاڵی کار لەسەر چەند پرۆژەیەک کراوە.

<u>هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری مەسیحیەکان لە شارۆچکەی عەنکاوە و قەرەبووکردنەوەی زەوییەکانی بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر</u>

- لە سنووری شارۆچکەی عەنکاوە زەوی تەنها بە ناوی پێکهاتەی مەسیحی دەکرێت و ئەویش بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە گۆڕانی دیمۆگرافی ئەو ناوچەیە و دانیشتوانی ئەو قەزاییە کە زۆرینەی مەسیحین و پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عیراق.

- ئەو زەویانەی کە کەوتوونەتە سنووری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە گردجوتیار بە ڕێژەی (١٢٪) قەرەبوو کرانەتەوە و تاپۆکراون و هیچ کێشەیان نەماوە.

- ئەو زەویانەی دەکەونە دەرەوەی سنووری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و کە بە لۆجستی و محرماتی فرۆکەخانە ناسراون ڕێژەیەکی زۆری ماوە قەرەبوو نەکراوەتەوە و بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن کە لە پێکهاتەی کریستیانە و ئەندامیتی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ، داد، شارەوانی و گەشت و گوزار و کارەکانیان تەواو کردووە و نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ بڕیاری کۆتایی.

- لێژنەیەکی تریش پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی بەڕێز پارێزگای هەولێر بۆ هەمان مەبەست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

- بە پشت بەستن بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢٢/٣/٢٧ بڕیاردرا بە زیادکردنی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەندامیەتی لیژنەی چارەسەری کێشەی زەوی وزاری کریستیانەکان کە لە ئێستادا کارایە.

<u>کێشەی زەوی و زاری کریستیانەکان لە سنووری قەزای ئاکرێ و قەزای ئامێدی</u>

- لە گوندی هزار جوت لە سنووری قەزای ئاکرێ دوای هاتنی داعش و ئاوارە بوونی خەڵک بڕیاردرابوو خانوو بۆ ئاوارە مەسیحیەکان دروستبکرێت و ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی یارمەتیان بدات و بەڵێندەرێکیان هێنابوو بۆ ئەو مەبەستە بۆ هەر خانووێک (٣٠٠٠) دۆلاریان وەرگرتووە و ئیستا بەڵێندەرەکە هەڵاتووە و هاووڵاتیان گلەییان لەوەیە کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێوشوێنەکان توندتر بکات بەرامبەر بە وەبەرهێنەرەکان.
- لە بەردەرەش کێشەی پێکهاتەکان نییە تەنها ئەوەی کە ئێزیدیەکانی ئەو ناوچەیە سەر بە ماددەی (١٤٠)ن وەک هەموو شوێنەکانی تری.
- لە سنووری قەزای ئامێدی فراوان کردنی سنووری شارەوانی هەیە و ئەوان داوادەکەن کە زەوییەکانیان بەدەر بکرێت لەو فراوان کردنە و نەخرێتە سەر سنووری شارەوانیەکان.

بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی شارەوانی لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ ماددەی (٩) کە تایبەتە بە تاپۆکردنی زەوییە زێدەڕۆییەکان و تایبەت بە پێکهاتەکان باسی زەوی پێکهاتەکان دەکات و قەدەغەی تاپۆکردنیان دەکات، حوکمەکانی ئەو یاسایە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە مافی خاوەنداریەتی، رەفتارکردنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی لەسەرە و لەلایەن کەسانی تر زێدەڕۆیی کراوەتە سەر، بەم پێیەش زۆریان لە حوکمەکانی ئەو یاسایە سوودمەند دەبن.

<u>ڕێکارەکانی تایبەت بە مافەکانی کەمئەندام و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

وەزارەتی شارەوانی بە نووسراویان ژمارە (٤١) لە ٢٠٢٤/١/٣ وەڵامی ڕێکارەکانی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت دراوەتەوە. سەبارەت بە ڕەچاوکردنی مافی خاوەن پێداویستی تایبەت لەناو بینادا بەپێی ڕاپۆرتی دامەزراندنی سیستەمی کۆنترۆڵکردنی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا کە شەش بیناسازی لەخۆ دەگرێت و گشتاندنی بۆ کراوە بە مەبەستی جێبەجێکردن.
لە پاشکۆکانی تایبەت بە ڕێساکانی سەلامەتی لە ئاگرو (ڕێسای سەلامەتی راکێشانی کارەبایی و میکانیکی و سەلامەتی ستراکچەر و ڕێسای گەیشتن و ڕێکردن) ڕەچاوی خاوەن پێداویستی تایبەت کراوە.

داواکاری کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٥ لە میانەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی تەواوی ڕێکخراوەکانی کەمئەندامان: کۆمەڵەی ژینی کوردستان، کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵان، یەکێتی نابینایانی کوردستان، کۆمەڵەی کورتەباڵاکانی کوردستان، ڕێکخراوی شیاو، کەمەڵەی نابیستانی کوردستان، کۆمەڵەی ئۆتیزم، کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، کۆمەڵەی هیمۆفیلیای کوردستان، تۆری بەڵێ ئێمە دەتوانین، چەند داواکارییەکان پێشکەش کردووە لەوانە گونجاندن و چاکسازیکردنی ڕێوشوێنی کەمئەندامان لە شوێنە گشتییەکان و دام و دەزگاکان و دانانی هێمای کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت لە شەقامەکان و شوێنە گشتییەکان و دام و دەزگاکان.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی شارەوانی


لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

- سازکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئاسانکاریکردن بۆ جوڵەی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕێی هێنانەئارای یاساکان و ژێرخان و گونجاندنی باڵەخانەکانەوە.
- دانانی هێمای کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت لە شەقامەکانی ناو بازاڕ بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل.


# وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

لە کۆی (١١) ڕاسپاردە کە ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٤) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (٤) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٢) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٥) ڕاسپاردە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٥٩,١٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 0 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 3 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 4 | 5 | 5 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 11 | | |

هێڵکاری ٢٩ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی




هێڵکاری٣٠ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٣١ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبووردەیی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی کارکردنە بە پرەنسیپی هاووڵاتییبون و ڕێزگرتن لە فرەیی لە ڕێی زیاکردنی پرۆگرامە حکومییەکان و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئامانج لەم پرۆگرامانەش بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤە لە ڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە، بە چەشنێك ئەو پرۆگرامانە جێبەجێ بکرێن بە بەشداری دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٢. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن لە ڕێی زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجداردا.
٣. تێکهەڵکێشکردنی خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا، و بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنییان، لە نێویاندا خوێندنی پەیوەست بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و مافەکانی منداڵ.
٤. کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی داتای پەیوەست بە کەرتی خوێندن، کە پۆلێنکرابێت بە گوێرەی ڕەگەز و تەمەن و شوێنی جوگرافی، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی کاریگەری سیاسەت و پرۆگرامە پەیوەندیدارەکان.

راسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. زامنکردنی دەستەبەرکردنی خوێندنی زانکۆی بە خۆڕایی بۆ سەرجەم منداڵە کەمئەندامەکان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی ناچاری، و جێبەجێکردنی "ئاوێتەکردنی پەروەردەیی گشتگیر" بۆ منداڵانی کەمئەندام و پشکی کورسییەکانی خوێندن کە بۆیان تەرخانکراوە لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی.
٢. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و تەقەنی و دارایی پێویست بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەی کەمئەندامان و دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی و خوێندنی پیشەیی بۆیان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. لیژنەکە دەوڵەتە ئەندامەکە رادەسپێرێت بە چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ زامنکردنی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و گرنگیدان بە دروستکردنی سەنتەرێکی ئامادەکردنەوەی ئالوودەبووان بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە ئەدا بکات کە یاسا پێی سپاردووە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت لەلای هەرزەکاران دەرباری زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، ئەویش لە ڕێی جێبەجێکردنی بەرفراوانی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان و هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا. هەروەها لیژنەکە راسپاردەی ئەوە دەکات دەوڵەتە ئەندامەکە چارەسەر بۆ ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەستەبەر بکات و کارئاسانی بکات بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان.
٢. بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە برەودان بە هەلی کار بۆ لاوان لە ڕێی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەییەوە.

٣. گرتنەبەری رێککاری پێویست بۆ دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ چینە پەراوێزخراوەکان، و دەستەبەرکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ کۆچبەران و پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان.
٤. گرتنەبەری رێککاری دەستبەجێ بۆ زامنکردنی ئەوەی سەرجەم کەمئەندامەکان خوێندنی خۆڕاییان بۆ دەستەبەر بکرێت.
٥. برەودان بە سیستمی خوێندن لە رێی زیادکردنی بودجەی کەرتی خوێندن بۆ ئەوەی سیستمی خوێندن رەنگدانەوەی کەلتوری سەرجەم پێکهاتەکان بێت.

<u>لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان چەند بڕیارێک دەرکراوە کە چەند پێوەرێکیان لەبەرچاو گرتووە:</u>

- پێوەر و مەرجەکانی ڕێژبەندی نیشتیمانی زانکۆکان.
- بەرژەوەندی قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا.
- لەبەر رۆشنایی یاسای زانکۆ تایبەتەکان کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، تا ئێستا (١٧) زانکۆ و لقی زانکۆیی لە شارەکانی کوردستان کراونەتەوە.

<u>پلانی ستراتیژی</u>

ئەولەویەت دەدرێت بە فراوانکردنی مەودای خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکان، سەنتەری ڕاوێژکاری قوتابیان و خوێندکاران، هەروەها داڕشتنەوەی سیاسەتی وەزارەت و ڕاسپاردنی زانکۆکان بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕووپێوی بازاڕی کار و گونجانی لەگەڵ توانست و پرۆگرامەکانی خوێندن.

ئەولەویەتی پلانی ستراتیژی وەزارەت بریتی دەبێت لە پەرەپێدانی خوێندنی تەکنیکی و پیشەیی و بەردەوامی ڕێفۆرمی خوێندنی باڵا و بەستنەوەی زیاتری ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن بە پێداویستییەکانی بازاڕی کار، ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی وەرگرتن، تاقیکردنەوەکان، سەنتەری ڕاوێژکاری قوتابیان و خوێندکاران و گرەنتی توێژینەوەی زانستی و ئەنجامدانی کۆنفرانسە زانستییەکان بەتایبەت لە بواری TVET و پرۆگرامەکان و یاسا و زمانی کوردی و بابەتەکانی تر.

<u>زیادکردنی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و تایبەت</u>

- لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا (٢٠) زانکۆی حکومی هەیە، هاوکات دو دەستەو ئەنجومەنێکی حکومیش هەیە کە ئەوانیش بەپێی پسپۆڕی کارەکانیان ڕایی دەکەن.

- بەسود وەرگرتن لە یاسای زانکۆ تایبەتەکان و لەبەر ڕۆشنایی ڕێنمایی کردنەوەی پەیمانگەی تایبەت تا ئێستا (١٢) پەیمانگە لە شار و شارۆچکە جیاکانی هەرێمی کوردستان بەپێ پسپۆڕی جیا و پێداویستەکانی بازاری کار کراونەتەوە.

<u>کەمکردنەوەی کرێی خوێندن</u>

بەڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و بەئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران بەشێوەیەکی تایبەت، وەزارەت بۆ هەر سێ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) و (٢٠٢٠-٢٠٢١) و (٢٠٢١-٢٠٢٢)، ئەم بڕیارانەی خوارەوەی جێبەجێکرد:

- کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەڕێژەی (٦٥٪) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان بۆ هەمو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا)، ئەم بڕیارە تەنها بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) جێبەجێ دەکرێت.
- لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان-یش لە پێناو مانەوەی روحیەتی کێبرکێی زانستی لە دامەزراوە ئەکادیمیەکان ولەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هاووڵاتیان وەزارەت بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکان بەرێژەی (١٠ بۆ ٢٠٪) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، بەپێی دوایین ئەنجامەکانی ریزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان.

<u>هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسایی چاکسازی لە موچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان   عێراق</u>

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوای دەرچوونی یاسایی چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوانەی ناوە:

خشتەی ٢٢ ژمارەی بەدواداچوونی ژمارەی دۆسێیەکان

| ژ. دۆسیەکان | ژ. دۆسیەی وردبینیکراو | ژ. زیادەی پلە | ژ. زیادەی سەرموچە | جیاوازی کۆی موچە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣١٣٣٢ | ٢٥٣٧٥ | ٢٩٩ | ١٦٤ | ١٠٣,٣٩٦,٧٨٠ | تەواوبوە |

<u>هەوڵەکانی رووبەڕووبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان</u>

- وەزارەتی خوێندنی باڵا سەنتەرەکانی راوێژکاری قوتابیان لەناو زانکۆکان بۆ بەرەنگاربونەوەی ماددە هۆشبەرەکان کاراکرد بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، پەرەپێدانی تواناکان، توێژینەوە و پەرەپێدان،

ئاوێتەکردنی پرسی مادده هۆشبەرەکان لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن، بەکارهێنانی زانستییانەی هۆیەکانی میدیا و سۆشیال میدیا و تەکنەلۆجیا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٠٢/٢٦ دیداری نەخشەڕێی بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکانی سازکرد کە زانکۆکان بەرپرسیار دەبن لە جێبەجێکردنی نەخشەڕێی بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان، چونکە لە ناو زانکۆکان بە میتۆدی زانستی کار لەسەر پرسی بەرەنگاربونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان کار دەکرێت.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەر بنەمای فرە دیسپلینی کار لەسەر ئەم پرسە دەکات، بەتایبەت لە پسپۆڕییەکانی (سایکۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی، یاسا، ڕاگەیاندن، بواری پزیشکی و بواری دیکەی پەیوەندیدار)، کە هەموان پێکەوە دەتوانن لەسەر ئاستی زانکۆ و گروپی توێژینەوە و گروپی کار دروست بکەن.

<u>نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی</u>

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی گرنگی داوە بە بەرنامە و پرۆگرامی خوێندن بە ئاڕاستەی ڕونکردنەوەی زیاتری چەمکی پێکەوەژیان، بەتایبەت لەکۆلێژە پەروەردەیی و مرۆڤایەتی و یاساییەکان، بۆ نموونە بابەتی (Diversity Education) لە زۆربەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەخوێندرێت و بڕگە و بابەتەکانی هەوڵێکن بۆ پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن ڕەنگدانەوەی کەلتوری سەرجەم پێکهاتەکان بێت. لەلایەکی دیکەوە، هەروەها وەرگرتنی قوتابیانی پێکهاتەکان لە بەشەکانی زمانی تورکی و سریانی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە بێ ڕەچاوکردنی کۆنمرە دەکرێت.

گرنگی دەدرێت بە سەنتەرەکانی جێندەر و یەکسانی جێندەری لە زانکۆکان و دیاریکردنی ڕۆڵیان لەبارەی پرسەکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هاوبەشانەی نێوان جیاوازییەکان، خوێندنی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکاندا تێکهەڵکێشکراوە، لەوانەش بابەتی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، مافەکانی منداڵ و بەردەوامیدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە برەودان بە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ لاوان لە ڕێی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەییەوە.

<u>لەبەر چاوگرتنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

هەوڵدراوە بۆ دەستەبەرکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بە خۆڕایی و لابردنی سەرجەم ئاستەنگەکان و تەرخان کردنی پشکی کورسی خوێندنی تایبەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆی حکومی و ئەهلی بۆیان. بۆ ئەم مەبەستەش (١٠٠٪) کەمئەندام و نابینایان لە خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن بە مەرجیك لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچووبن، لەم ڕووەوە (٦) نابینا سوودمەند بوون.

وەرگرتنی ئاوارە و پەنابەران لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم

ئاوارە و پەنابەران لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکان هاوشانی قوتابیانی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، لە بەشە ناوخۆییەکانیش خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ دابینکراوە وەک شوێنی حەوانەوە و ئاوەڕۆ و شوێنی گونجاو بۆ خوێندن.

لەلایەکی دیکەوە کارئاسانی کراوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیانی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانە کوردییەکان دەخوێنن، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) زیاتر لە (١١٦٠) قوتابی کارئاسانیان بۆ کراوە.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە

گرنگیدان بە ئەنجامدانی توژینەوەی زانستی ئەکادیمی تایبەت بە بابەتی پێکەوەژیان و نەهێشتنی گوتاری جیاکاری و رق لێبوونەوە لە سەنتەری توێژینەوەی زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان


- دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریکردن بۆ توێژینەوەی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
- پاڵپشتیکردنی بایەخپێدەران و تایبەتمەندان و ئاڕاستەکردنەوەی توێژەران بۆ کاری دیراسەت و توێژینەوە لەم بابەتە.
- تێکهەڵکێشکردنی بابەتی کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لەسەر حاڵەتی دەروونی لە بەشەکانی پزیشك، دەرمانسازی، و کۆمەڵناسی.
- لە قوتابخانە، پەیمانگا و زانکۆکان وشیاری زیاتر بڵاوبکرێتەوە و بابەتەکە بخرێتە نێو مەنهەنجەکانی خوێندن بەتایبەتی لە کۆلێژەکانی یاسا بکرێتە بابەتێکی سەرەکی.
- کردنەوەی بەشی تایبەتمەندی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا کە تایبەت بێت بە پزیشکی دەروونی و ئالوودەبوون.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

دابینکردنی کورسی خوێندن بۆ زامنکردنی ئەوەی سەرجەم کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت خوێندنی خۆڕاییان لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا بۆ دەستەبەر دەکرێت


## وەزارەتی پلاندانان

لە کۆی (١٤) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی پلان دانان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٧) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ راسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٣) و ڕاسپاردەی جێبەجێنەکراوی نەماوە، و ئەو راسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٦٠٫٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 1 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 7 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 5 | 11 | 11 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 14 | | |

هێڵکاری ٣٢ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی پلاندانان




هێڵکاری ٣٣ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٣٤ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. ئامادەکردنی بەڵگەنامایەکی پێوەر ئاسا بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی و ئامێرە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بە گوێرەی ڕێککەوتنی چوارچێوەئاسا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانیان لە کەمکردنەوەی کێبڕکێکاری کراوە و سنوردار، ئیدی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بێت یان نێودەوڵەتی، کە دەسەڵاتەکانی ئەنجامدانی گرێبەست لە هەرێمدا جێبەجێی دەکەن.
٢. بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی کارای ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵی ( ٢٠١٨-٢٠٢٢) و پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی بۆ ساڵی (٢٠١٨-٢٠٢٢)، و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان، لەپێناو بەدیهێنانی ئاستێکی گوزەرانی باشتر بۆ دانیشتوانەکەی، و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.
٣. دەستەبەرکردنی ئاماری پۆلێنکراو لەبارەی بێکارییەوە.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. درێژەدان بە ئەنجامدانی چاکسازییەکان لەپێناو باشترکردنی توانای دامەزراوەکان بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی (٢٠٣٠) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.
٢. گرتنەبەری سیاسەتێکی گەشەپێدان بە ئامانجی چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان وەك کارکردنێك لەسەر برەو پێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.
٣. زامنکردنی تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی کارای پلانەکان و ستراتیژیەتەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و کەمکردنەوەی هەژاری.
٤. درێژەدان بە برەودان و جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی هەژاری، لە ڕێی گرتنەبەری ئەو پرۆگرامانەی سوود بە دانیشتوانەکە دەگەیەنن لە پێناو بەدیهێنانی ئەوپەڕی ڕاددەی گەشە و خۆشگوزەرانی.
٥. برەودانی زیاتر بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵك.
٦. باشترکردنی دۆخی ئاوارەکان و زیادکردنی سەرچاوەکان بۆیان و بە ئەولەویەتدانانی کێشەکانیان لە نێو پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتیدا.
٧. درێژەدان بە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی هەژاری، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا.
٨. لەبەرچاوگرتنی پرسیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ منداڵان (یونیسکۆ) و تیمی واشنتۆنی تایبەت بە ئامارەکانی کەمئەندامێتی بۆ مەبەستی ئەو سەرژمێرییەی بە نیازە ئەنجام بدرێت.
٩. بەدیهێنانی زیادبوونێکی گەورە لە دەستەبەربوونی داتای کوالێتی بەرز و متمانە پێکراو و پۆلێنکراو بە گوێرەی دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕەگەز، تەمەن و ئینتیمای ڕەچەڵەکی، ئینتیمای ئیتنی، کۆچکردن، کەمئەندامێتی، و شوێنی جوگرافی.

١٠. بەردەوامیدان بە برەودان بە سیاسەتەکانی پلاندانانی شارستانی بۆ زامنکردنی گەشەی تەواوی سەرجەم دانیشتوان.
١١. دانانی ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبونەوەی هەژاری لەو پارێزگایانەی کرانە ئامانج لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە.

<u>لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>دانانی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبونەوەی هەژاری لەو پارێزگایانەی کرانە ئامانج لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە</u>

وەزارەتی پلان دانان یارمەتیدەرە و ئەولەویەت و گرنگی دەداتە هەموو ئەو پرۆژانەی یاخود ئەوکارانەی کە ڕاستەوخۆ خزمەت بە هاووڵاتیان دەکات لەهەموو ڕویەکەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵیان وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە، کاروباری کۆمەڵایەتی، ئاوەدانکردنەوە یاخود ڕێکخرا و کۆمپانیاکان.

ئەم لایەنانەی سەرەوە هەر پرۆژەیەکیان بۆ خزمەتکردنی ئەم ناوچانە پێشکەشی وەزارەتی کردبێت، ڕاستەوخۆ ئەولەویەتی بەم پرۆژانە دراوە و خراونەتە ڕیزبەندی یەکەم بۆ جێبەجێکردن.

<u>گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>

سەبارەت بە ئامادەکردنی بەڵگەنەمایەك بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی و ئامێرە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و بەکارهێنانیان لە کەمکردنەوەی کێبڕکێییەکی کراوە و سنوردار کە دەسەڵاتەکانی ئەنجامدانی گرێبەست لە هەرێمدا جێبەجێی دەکەن، وەزارەتی پلان دانان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و تیمی پسپۆڕانی کۆری کار دەکات لەسەر پرۆژەی بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠١٨ دەستپێکراوە و لە ٢٠٢٢/١٢/٥ ەوە کاری پێدەکرێت و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن. وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەتوانن لە قۆناغی بانگەوازی تەندەرەوە تا دەگاتە واژۆکردنی گرێبەست سوودی لێ ببینن و بەکاری بهێنن.
هەروەها گشت کۆمپانیاکان لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە دەتوانن خۆیان تۆمار بکەن بۆ کێبڕکێ و ئەنجامدانی پرۆژەکان بە شێوازێکی زۆر ئاسان پرۆسەکانی تەندرین و دیاریکردنی گرێبەستەکان ئەنجامبدەن. دیزاینی پرۆژەکە تەواو بووە و ئامێر و سێرڤەرەکان لە فەرمانگەی تەکنۆلۆجیای زانیاری حکومەت دانراون و پرۆسەی ڕاهێنان بە سەرپەرشتی پسپۆڕانی کۆری بە تیمی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئەم سیستەمە ئەلیکترۆنییە دەستی پێکردووە.

باشترکردنی توانای دامەزراوەکان بە چەشنێك بگونجێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ساڵانی (٢٠٣٠)

بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی و باشترکردنی توانای دامەزراوەکان بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی ٢٠٣٠ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئامادە کراوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (UNDP) و بە پاڵپشتیی دارایی ڕێکخراوی (USAID) ڕووپێوی دامەزراوە ئابوورییەکان ئەنجامداوە. ڕووپێوەکە ئامار و داتای ورد لە خۆدەگرێت لەبارەی ژمارەی دامەزراوەکانی زۆر بچووك، بچووك، مامناوەند، دەستی کار و لایەنی فەرمی و نافەرمیی دامەزراوەکان، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و گرفتەکان و ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە خاوەندارێتی دامەزراوەکان و چەند نیشاندەرێکی تر.

ڕووپێوەکە یەکێکە لە پلانە ستراتیژییەکانی وەزارەتی پلاندانان کە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١ ئامادەکاری بۆ کراوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم، ئامانج لەم ڕووپێوە دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاوە بۆ زیاتر ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و برەودان بە بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و تواناکانی دەستی کار لە کەرتی تایبەت لە ڕێگەی نەهێشتنی ڕۆتین و چاکسازیکردن لە تۆمارکردنی دامەزراوە نافەرمییەکان و ڕۆڵی زیاتری کەرتی تایبەت.

وەزارەتی پلاندانان بە پاڵپشتی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی، ڕەشنووسی یەکەمی دیدگای ٢٠٣٠ی هەرێمی کوردستانی ئامادەکرد و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین وۆرکشۆپیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێکخست بۆ زیاتر گفتوگۆکردن و دەوڵەمەندکردنی کۆڵەگەکانی پێکهاتەکەی ڕەشنووسەکە.

خولەکانی مەشق و ڕاهێنان لە ساڵانی ٢٠٢٢- ٢٠٢٣

لە ساڵی ٢٠٢٢:

- وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاری ئاژانسی کوریای باشور (کۆیکا) چەندین خولی گرنگ ئەنجامدراوە بۆ پلە تایبەتەکان و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گشت سێکتەرەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەم ڕێکخراوە هەڵساوە بە پێشکەشکردنی چەندین پڕۆژەی بەسوود بۆ نموونە دروستکردنی نەخۆشخانە، ویستگەی کارەبا ،قوتابخانە، گرنگترین پڕۆژەش بەهاوکاری وەزارەتی پلاندانان ئەنجامدرا بێت بریتی بوو لە بە ئەلیکترۆنی کردنی گرێبەستە گشتیەکان و ئێستاش بەردەوامە لە جێبەجێکردن. لەلایەکی دیکەوە چەندین دەرفەتی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) ڕەخساندووە بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- سەبارەت بە پڕۆژەکانی تایبەت بە خوێندنی باڵا، وەزارەتی پلاندانان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی (کۆیکا) ساڵانە لەمانگەکانی (٢-٣) گشتاندنی بۆ گشت وەزارەتەکان و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

که تیایدا مەرج و ڕێنماییەکان و گشت پێداویستیەکان ڕوون دەکرێنەوە تایبەت بە پڕۆژە و خوێندنی باڵا که ئەم ڕێکخراوە ئەنجامی داوە.

- گرنگترین خولەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتین لەمانەی خوارەوە: لە ساڵی ٢٠٢٢ خولی سیاسەت و ڕێکارەکان بۆ بەکارهێنانی ئایتی بوو لە دام و دەزگاکانی حکومەت.

لە ساڵی ٢٠٢٣:

- خولی مەشقی تایبەت بە حکومەتی ئەلیکترۆنی.
- پڕۆژەی مۆدێرن کردنی سیستەمی تەداروکی گشتی.

بەڕێوەبەرایەتی کیپا بۆ ڕاهێنان و مەشق

کۆی ئەو خولانەی لەناوەوەی هەرێم لە بەڕێوەبەرایەتی کیپا لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەنجامدرا کە (٧٥٠) کەس بەشدار بوو (٤٥٠) نێر و (٢٣٠) مێ بوو لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی سیاسەتی گشتی، پلانی ستراتیژی، هۆشیاری پڕاکتیزە یاساییەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دڵنیایی جۆری، بەڕێوەبردنی دامەزراوەیی، پەیوەندییە کارگێڕییەکان، سیستەمی ژمێریاری لامەرکەزی حکومی، شرۆڤەکردنی یاسایی بەرزەفت کردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی، بەڕێوەبردنی پڕۆژەکان، چارەسەری ئاریشەو بڕیاردان، پلان و بەڕێوەبردن، پاراستنی وزە، گرێبەستە گشتییەکان، بەڕێوەبردنی ستراتیژی، کارگێڕی ئەلیکترۆنی، بازاڕکاری لە کەرتی گشتی، ڕەوشتەکانی کارکردن لەکەرتی گشتی.

ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵانی ٢٠١٨ – ٢٠٢٢

سەبارەت بە بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵی ٢٠١٨ - ٢٠٢٢ و پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی بۆ ساڵی (٢٠١٨-٢٠٢٢) و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان، لەپێناو بەدیهێنانی ئاستێکی گوزەرانی باشتر بۆ دانیشتووان، بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و نەهێشتنی هەژاری، وەزارەتی پلاندانان لەڕێی سندوقی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقییەوە بەڕێوە دەبرێت، کاری کردووە بۆ گەشەپێدانی گوندەکان و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان.

دوای دەستنیشانکردنی هەژارترین گوند و ناوچە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بانکی نێودەوڵەتی کۆمەک دەکرێن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی بچووک. لە ساڵی ٢٠١٩ لە سنووری پارێزگای دهۆک و ساڵی (٢٠٢٠) لە سنووری پارێزگای سلێمانی چەند پڕۆژەیەک ئەنجامدراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ لە سنووری پارێزگای هەولێر خراوەتە بەرنامەی جێبەجێکردن و بەردەوامی هەیە.

ئەنجامدانی خولی مەشق و ڕاهێنانی بۆ کەسانی کەمدەرامەت لەسەر پیشەییەکان بۆ نموونە سەرتاشین، دروومان بە مەبەستی دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان.

- هەوڵ دەدرێت لە ساڵی (٢٠٢٤) سیستەمێکی گشتگیری ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئامادە بکرێت بەو ئامانجەی کە گەنجان و کرێکاران و فەرمانبەران و ئەوانەی لە ئابووری نافەرمیدا کار دەکەن باشتر دەستیان بەم سیستەمە بگات کە لەسەر بنەمای کار و پڕۆژەکانی بازاڕی کار، بەتایبەتی بۆ باشترکردنی داهاتی کرێکاران، بە ساڵاچووان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
- تا ساڵی (٢٠٢٤) زۆرترین خەڵکی کەمدەرامەت سوودمەند دەبن لە سیستەمی بەڕێوەبردنی زانیاری و توانای دامەزراوە نەتەوەییە بەهێزکراوەکان بۆ باشترکردنی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
- بەرنامەی خۆراکی جیهانی بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تۆماری یەکخراو سیستەمی دابەشکردنی گشتی (پسوڵەی خۆراک) کار دەکات بۆ میکانیزمی بەستنەوەی ئەو دامەزراوانەی کە سوودمەند دەبن لەم پلاتفۆڕمە ئامادە کراوە.

پڕۆگرامەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی هەژاری

وەزارەتی پلاندانان ئەولەویەتی داوەتە ئەو پڕۆژانەی کە پەیوەستن بەهاووڵاتیان لە گشت سێکتەرەکان بەتایبەتی لەلایەنەکانی کەمکردنەوەی هەژاری دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی نەهێشتنی نەخوێندەواری و گەیاندنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکانی هاووڵاتیان وەکو سیستەمی ئاو ئاوەڕۆ درووستکردن و چاککردنی ڕێگاوبان بەگشتی لەناوچە دوورەدەستەکان و گوندەکان بەتایبەتی، لەسەرجەم پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بەشێک لەم پڕۆژە خزمەتگوزاریانە تەواوبوون و بەشێکیشیان لە قۆناغی جێبەجێکردندان لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

- سێکتەری پەروەردە (١٥١) قوتابخانە.
- سێکتەری تەندروستی (٧١ ) بنکەی تەندروستی.
- سێکتەری ئاو ئاوەڕۆ (٤٨٧) پڕۆژە.
- دروستکردن و خزمەتگوزاری و نیشتەجێبون بۆ کەمدەرامەتان (٥٥) پڕۆژە.
- چاکسازی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (١٢) پڕۆژە.
- دروستکردن و چاککردنەوەی ڕێگای گوندەکان (١٦٦) پڕۆژە.
- کۆی گشتی دەکاتە (٩٤٢) پڕۆژە.

ئاماری پۆلێنکراو لەبارەی بێکاری

بەگوێرەی ئەنجامەکانی ڕوپێوێکی تایبەت بە بێکاری کە لەساڵی ٢٠٢١ ئەنجامدراوە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە (١٦,٨٪) لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە پارێزگای هەولێر ( ١٧,٧) و لە پارێزگای سلێمانی (١٢٪) و لە

پارێزگای دهۆك (٢٤٫١) و لە پارێزگای  هەڵەبجە (١٫٤٪)، لەسەر ئاستی ڕەگەز ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕەگەزی نێر ( ١٣٫٦٪) بۆ ڕەگەزی مێ بریتیە لە(٢٩٫٦٪).

<u>چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان</u>

وەزارەتی پلان دانان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵدایە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ڕیفۆڕمی ئابووری ٢٠٢١ - ٢٠٢٣ی هەرێمی کوردستان. هەروەها چەندین ڕاپۆرت و توێژینەوەی ئامادە کردووە، لەوانەش ڕاپۆرتی هەمەچەشن کردنی سەرچاوەکانی داهات و دابینکردنی هەلی کاری زیاتر، توێژینەوەی ڕۆڵی کەرتی گەشتیاری لە پەرەپێدانی بەردەوام، و ڕاپۆرتی پەرەپێدانی توانای هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان.

گرنگیی دراوە بەو پرۆژانە کەڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەی ئابووری و باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێکی تایبەتی  لەشاری هەڵەبجە ڕێکخست بە ئامانجی گرنگیدان بەگەشەی ئابووری و کەمکردنەوەی هەژاری لە ناوچە دوورە دەستەکان و گوندەکان.

<u>گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵك</u>

وەزارەتی پلاندانان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکان کاریان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کردووە بەمەبەستی باشتر کردنی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان:

- دابەشکردنی هەرێمی کوردستان بە سەر چەند شارو شارۆچکەیەک تاکو هاوکارییەکان بەشێوەیەکی یەکسان دابەش بکرێن بەسەر هەموو شوێنەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان هەبێت بۆ خزمەتگوزاری باشتری هاووڵاتیان لەڕێگای نێودەوڵەتییەکان بۆ گشت ناوچەکان بەبێ جیاوازی.
- دانانی سیستەمی داتابەیس بۆ جیاکرنەوەی ئەوانەی سوودمەند بوون تاکو بتوانن بەشێوەیەکی یەکسان هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە سوودمەند نەبوونە لە هاوکارییەکان و گەرەنتی گەیشتنی ئەو هاوکاریانەی دێن بۆ پارێزگاکانی دهۆک و نەینەوا و ناوچە کێشە لەسەر و دوورە دەستەکان.
- کار کردن بۆ گەڕانەوەی ئەو منداڵانەی کە لە خوێندن دابڕاون بۆ سەر خوێندن لەهەر قۆناغێک بن.
- دابینکردنی پێداویستیەکانی تەندروستی بۆ هەموو خێزانێک بەتایبەتی منداڵانی خێزانە هەژارەکان.

<u>سەرژمێری گشتی دانیشتوان</u>

وەزارەتی پلاندانانی عێراق بڕیاریدا کۆتایی ئەم ساڵ سەرژمێریی گشتی لە عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەنجام بدات.  لە ٢٠٢٤/١١/٢٠ بڕیارە سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەنجام بدرێت.

بەپێی بڕیاری وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی ئیتحادی سەرجەم گرفتەکانی پەیوەست بە سەرژمێری لەلایەن حکومەتی عێراق و دادگای فیدراڵی یەکلاکراونەتەوە، هەوڵەکانیش بۆ چارەسەرکردنی لایەنی دارایی بەردەوامە و

هەماهەنگی توند هەیە لەگەڵ سندوقی نیشتەجێبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی پرۆسەکە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامبدرێت.

رووپێووی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان

بە هاوبەشی دەستەی ئاماری هەرێم لەگەڵ دەزگای ناوەندەی ئاماری عێراق و بە هەماهەنگی و پاڵپشتی هونەری بانکی نێودەوڵەتی رووپێووی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان ئەنجامدەرێت، وبە یەکێك لە پرۆژە ئامارییە هەرە گرنگەکان دادەنرێت کە ماوەی کارکردنی مەیدانی یەک ساڵی دەخایەنێت و بڕیارە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی بێت. مەبەست لە ئەنجامدانی رووپێوەکە زانینی بارودۆخی گوزەرانی خێزانەکانە بەشێوەیەکی گشتی. لەلایەکی ترەوە ئەنجامەکانی ئەم رووپێوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ نوێکردنەوەی و دیاریکردنی رێژەی هەژاری و ئەو هاووڵاتییانەی لەژێر هێڵی هەژاریدان.

ئەم رووپێوە (٢٥) بەش لەخۆدەگرێت و لەم بوارانە پێکهاتووە:

- تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی خێزان: کە زانیاری پۆلێنکراو بە گوێرەی تەمەن و رەگەز و باری کۆمەڵایەتی و شوێنی جوگرافی.
- سێکتەری پەروەردە.
- سێکتەری تەندروستی: لەلایەن (تیمی واشنتۆن) بابەتەکانی تایبەت بە کەمئەندامان (ئاستەنگەکان) پێشنیارکراوە.
- کەرتی نیشتەجێبوون.
- پێوانەکردنی جەستە.
- کار و رێژەی بێکاری.
- ئاسایشی خۆراك.
- کەرتی کشتوکاڵ.
- بەشەخۆراك.
- داهات و خەرجی تاك و خێزان.
- قەرز و سولفە.
- هێنانەدیی دادپەروەری.

رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر گەڕی حەوتەمMICS٧

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم رووپێوە زانینی رەوشی تەندروستی ئافرەتانە لە تەمەنی ١٥-٤٩ ساڵان و منداڵانی تەمەن کەمتر لە (٥) ساڵ لەلایەك و لەلایەکی ترەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ هەژمارکردنی  نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی

بەردەوام (SGD) لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، خزمەتگوزارییەکانی خێزان لەرووی ئاو و ئاوەڕۆ، کارکردنی منداڵان و کۆمەڵێك نیشاندەری تری گرنگ.

ئەم رووپێوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوبەشی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و بە هەماهەنگی و پاڵپشتی تەکنیکی ڕێکخراوی (UNICEF) ئەنجام دەدرێت. بەپێی پلانەکە پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ساڵی داهاتوو بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

<u>رووپێوی پێوانەکردنی رۆڵی  کار و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان</u>

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە زانینی بارودۆخی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتە لە ڕووی تەندروستی بە لەبەرچاو گرتنی سەرنجەکانی (تیمی واشنتۆن)، پەروەردە، کار، بێکاری و پێداویستیەکانیان لە بواری تەندروستی و فێرکردن، ئەم رووپێوە لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوبەشی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ئەنجام دەدرێت و لە قۆناغی کۆتایی شیکردنەوەی داتا دایە کە لەلایەن دەزگای ناوەندی ئاماری عێراقەوە ئەنجام دەدرێت.

<u>چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان</u>

دەرچوواندنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە پرۆژەکانی هاوبەشی  نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) هەنگاوێکی گرنگە لە ستراتیژیەتی پلاندانان لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە بەرەوپێشچونی ژێرخانی ئابووری ڕەخساندنی هەلیکاری زیاتر بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ دامەزراوە لە وەزارەتی پلان دانان بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی یەکەی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت)


<u>هەمەهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان</u>

- کار کراوە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری بەهاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، وڵاتانی ئەڵمانیا و ژاپۆن هەموو ئەو پێشنیارانە وەرگیراوە کە گونجاون لەگەڵ یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی بەهەماهەنگی کاری لەسەر دەکرێت.
- کاری جددی کراوە بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی هەماهەنگی نێوان دامودەزگاکانی حکومەت بە هاوکاری لایەنی نێودەوڵەتی.
- کار کردن لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسیف بۆ ئەوەی ئاوی پاک  بگاتە هەموو هاووڵاتییان.
- دروستکردنی چەندین پۆندی گڵدانەوەی ئاوی ژێر زەوی بە هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ  و WFP.
- لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی پلاندانان بەهەماهەنگی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە هاوکارەکان (UNICEF, WFP, ILo) ڕەشنووسێک واژووکرا بۆ کەمکردنەوەی هەژاری کە چەند هەنگاوێک لەخۆ دەگرێت:

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ستراتیژیەتی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری ڕێکخراوی یونیسیف، بڕیارە تا مانگی کانونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٤) ڕەشنووسەکە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و ئاڕاستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت بۆ دیراسەتکردنی و خستنەڕووی تێبینییەکانیان.
- تاساڵی (٢٠٢٤) خەڵکی کەمدەرامەت سوودمەند دەبن لە بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری و توانای دامەزراوە نەتەوەییە بەهێزکراوەکان بۆ باشترکردنی دیزاین و نەهێشتنی دەستێوەردانەکانی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
- بەرنامەی خۆراکیی جیهانی (WFP) بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تۆماری یەکخراو سیستەمی دابەشکردنی گشتی (پسوڵەی خۆراک) دەکات دیزاینی فۆڕمی تۆماری یەکخراو بۆ میکانیزمی بەستنەوەی ئەو دامەزراوانەی کە سوودمەند دەبن لەم پلاتفۆڕمە ئامادە کراوە.


# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

لە کۆی (٨٣) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٥٦) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٧) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٣٩) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (١٨) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٢٦). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٦٢,٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 20 | 19 | 39 |
| جێبەجێنەکراو | 56 | 18 | 18 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 7 | 26 | 26 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 83 | | |

هێڵکاری ٣٥ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی




هێڵکاری ٣٦ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٣٧ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. زامنکردنی مافی کەسانی کەمئەندام بۆ مومارەسەکردنی مافەکانیان لە پەیوەندیدا بە دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانەوە.

٢. هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی کەمئەندام و لەبری ئەوە دەستەواژەی خاوەن پێداویستی بەکار بهێنرێت، کە کاریگەری دەروونی ئەمەی دواییان کەمترە، هەروەها زیاتر گونجاوە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا.

٣. پێویستی تۆمارکردنی سەرجەم منداڵە کەمئەندامەکان و ڕێگریکردن لەوەی دووچاری حاڵەتی بێ ڕەگەزنامەیی نەبنەوە.

٤. کاراکردنی بەشداری کەسانی کەمئەندام لە هەڵبژاردنەکاندا و لابردنی ئەو کۆت و بەندانەی دێنە ڕێی بەشداری کردنیان.

٥. لیژنەکە ڕاسپاردەی ئەوە بۆ دەوڵەتە ئەندامەکە دەکات کە هەموو ڕێککارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و ڕزگارکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دیلی کردوون، شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی پزیشکی دەروونی پێیان. هەروەها لیژنەکە ڕاسپاردەی زیادکردنی تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەقەنی و داراییە پێویستەکان دەکات بۆ سەنتەرەکانی چاودێری جێگرەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی منداڵ لەپێناو دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو منداڵانەی پێیان سپێردراون و ئاوێتەکردنەوەیان لە نێو خێزانەکانیان و لە کۆمەڵگەدا.

٦. برەودان بە کاری دەستەی چاودێری منداڵ و توانادارکردنی بۆ ئەوەی بە چەشنێکی خێرا و کارا چاودێری کارەکانی پەیوەست بە مافەکانی منداڵ بکات و کێشەکانیان چارەسەر بکات.

٧. برەودان بە کەلتوری پاراستنی منداڵ لە ڕێی بایەخدان بە بەهرە هونەری و وەرزشییەکان و کاراکردنی چالاکییە هونەری و وەرزشییەکان لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.

٨. دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتیکردنی کەمئەندامان، بەتایبەتی ئافرەتە کەمئەندامەکان و ئەوانەی لە ڕووی عەقڵی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتییەوە کەمئەندامن، لە دەستەی چاودێری کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و لە ئەنجومەنە کارگێڕییەکەیدا.

٩. زیادکردنی پشکی تەرخانکراو بۆ کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا.

١٠. دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کەسانی کەمئەندام، لە نێویاندا ئافرەتانی کەمئەندام و کەسانی کەمئەندام لە ڕووی دەروونی- کۆمەڵایەتی یان عەقڵییەوە لە بازاڕی کاری کراوەدا، بە چەند ڕێگایەك لە نێوانیدا تواناداركردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری ئازاد و دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی پیشەیی گونجاو بۆیان و کارئاسانیکردن بۆ ئەوەی قەرز

بەدەست بهێنن و گرتنەبەری ئەو رێککارانەی هانی خاوەنکارەکان دەدەن تاوەکو کەسانی کەمئەندام دابمەزرێنن.

١١. زامنکردنی تۆمارکردنی سەرجەم کەسانی کەمئەندام، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی نموونەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمئەندامێتیدا و لە روانگەی مافەکانی مرۆڤەوە.

١٢. لێکۆڵینەوە لەسەرجەم ئەو هەواڵانەی باسی لە روودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵە یان سزای دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە دەکەن دەرهەق بە منداڵان لەپێناو رێگریکردن لە دەربازبوونی تاوانکاران لە سزا.

١٣. هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ دەرکردنی یاسای منداڵ و گرتنەبەری رێککاری گونجاو بۆ جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی کارا.

١٤. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی منداڵانی کەمئەندام لە سەرجەم ئەو مافانەی لە نێو رێککەوتننامەکەدا هاتوون، و بەرەنگاربوونەوەی لەکەدارکردن و جیاکاری لە دژی منداڵانی کەمئەندام، بەتایبەتی ئەوانەی رووبەڕووی جیاکاری فرەلایەن دەبنەوە، لەگەڵ ئەو بۆچوونە چەقبەستووانەی دووچاری دەبنەوە.

١٥. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و تەقەنی و دارایی پێویست بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و راهێنانی پیشەیی.

١٦. زامنکردنی دەستڕاگەیشتنی سەرجەم کەمئەندامانی عەقڵی یان دەروونی یان کۆمەڵایەتی بە سەرجەم رێککارە دادوەرییەکان بە یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە نێویاندا دەستەبەرکردنی رێککارە گونجاوەکان لە رووی رەگەز و تەمەنەوە.

١٧. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لەپێناو رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەمئەندامان زەوت دەکرێت، لە نێویاندا نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە دەروونی و چاکسازییەکان و خانەی بەساڵاچووان و سەنتەرەکانی دووبارە ئامادەکردنەوە و خانەی چاودێری.

١٨. دروستکردنی میکانیزمی پێشکەشکردنی سکاڵا کە بە ئاسانی کەمئەندامان بتوانن پەنای بۆ ببەن و بەدواداچوونی بۆ بکرێت و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و دادگایی ئەو کەسانە بکرێت کە گومانی ئەوەیان لێدەکرێت کاری ئەشکەنجەدان یان مامەڵەی خراپیان کردووە و سزادانیان و هاوکاریکردنی قوربانییەکان لە رێی پێدانی راوێژی یاسایی بۆیان و دەستەبەرکردنی زانیاری بۆیان بە شێوەکی ئاسان.

١٩. گرتنەبەری رێککاری دەستبەجێ بۆ زامنکردنی ئەوەی سەرجەم منداڵە کەمئەندامەکان خوێندنی خۆڕاییان بۆ دەستەبەر بکرێت.

٢٠. برەودان بە مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتورییەکانی کەمئەندامان.

٢١. پەرەپێدانی توانا و سەرچاوەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.

٢٢. پێداچوونەوە بە ماددەی (٣٢) لە دەستوور "دەوڵەت چاودێری کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات و ئامادەسازییان لە ئەستۆ دەگرێت بە مەبەستی تێکەڵکردنییان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت".

٢٣. گونجاندنی یاساکانی حکومەتی هەرێم لە نێویاندا یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە (٢٢) بۆ ساڵی ٢٠١١ بۆ ئەوەی بە تەواوەتی بگونجێن لەگەڵ رێککەوتننامەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٢٤. دانپێدانان بە یەکسانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە بەردەم یاسادا.

٢٥. برەودان بە رێککارەکانی تایبەت بە زامنکردنی مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە رێی هێنانە ئارای یاساکان و ژێرخان و گونجاندنی باڵەخانەکانەوە.

٢٦. کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەی قوتابخانەکان، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکرابن و گونجاوبن بۆ منداڵانی کەمئەندام، ئەویش وەك جێبەجێکردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٤٠) لە میساقەکە.

٢٧. زیاکردنی رێژەی تەرخانکراو لە بودجەدا بە گوێرەی راددەی کەمئەندامێتی کە دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند بە گوێرەی پێوەری تایبەت کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات.

٢٨. بەشداریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەتایبەتی ئافرەتانی کەمئەندام، لە بڕیاردانەکانی پەیوەست بە مافەکانیانەوە.

٢٩. هەمووارکردنەوەی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٩) بۆ ساڵی ١٩٧١ (یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران).

٣٠. ئەو کاریگەرییەی دروست دەبێت بەهۆی ناکۆکی چەکداری و کردەوە توندوتیژەکانی دیکەوە کە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام دەدرێن دەبێتە هۆی ئاوارەبوونییان لە دەوڵەتە ئەندامەکەدا زیاتر لەسەر کەمئەندامەکان رەنگدەداتەوە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی دانیشتوان، لەگەڵ زیادبوونی رێژەی پێکرانی کەسانی کەمئەندامان بەهۆی ناکۆکییەوە و لە ئەنجامی کەمی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی دیکەوە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣١. بەڕێوەبردنی دۆسییەی ئاوارەکان لە عێراقدا کە ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی کردووە بە بڕیاری ژمارە (٤١٤) بۆ ساڵی ٢٠١٥، کە ئاماژەی بە پێویستی پێشکەشکردنی پاڵپشتیکردنی تاکەکەسی نەکردووە بۆ کەسانی کەمئەندام لە حاڵەتە کتوپڕەکاندا.

٣٢. گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی مافەکانی کەمئەندامان لە یاسا و ستراتیژیەت و پلانەکانی کاری هەرێمایەتی پەیوەندیدار بە منداڵانەوە.

٣٣. گرنگیدان بە پرۆگرامەکانی راهێنانی پیشەیی لە بواری وەرگێڕان و زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانی زمانی ئاماژە بۆ کەسانی کەمئەندام.

٣٤. ئازادکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی تۆمەتێکی فەرمییان نەدراوەتە پاڵ بە ئەنجامدانی تاوانێك، و جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دادوەری نەوجەوانان و زامنکردنی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا بەو شێوەیەی کە لە رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵدا هاتووە.

٣٥. خستنەگەڕی هەوڵی زیاتر بۆ پیادەکردنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان، لە نێویاندا لە رێی برەودان بە رێککارەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە.

٣٦. درێژەدان بە بەهێزکردنی بە رێککارەکانی پەیوەست بە برەودان بە مافەکانی کرێکارە کۆچبەرەکان بە چەشنێك کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ پەیماننامەی نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکاندا.

٣٧. دووپاتکردنەوە لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆڕایی بۆ کەسانی کەمئەندام لە رووی تەندروستییەوە.

٣٨. چاو خشاندنەوە بە ماددەی (١٠٥/ بەندکردنی شێت).

٣٩. هەمواركردنەوەی یاسای کار بۆ زامنکردنی ئافرەتانی کارکردوو لە سەرجەم بوارەکاندا.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. زیادکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بە بەشداری کەسانی کەمئەندام بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەبارەی مافەکانی کەسانی کەمئەندام و نەهێشتنی جیاکاری لە دژیان و برەودان بە بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و گشتیدا.

٢. زیادکردنی پشکی تایبەت بۆیان لە بواری کارکردندا، ئەمەش وەك جێبەجێکردنی ماددەی (٤٠)/بڕگە (٤) لە میساقەکە .

٣. جێبەجێکردنی تەواوی رێککارەکانی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن، بەتایبەتی جیاکاری دژی ئەو ئافرەتە کەمئەندامانەی لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژین و ئافرەتانی کەمئەندامی نێو ئاوارەکان یان پەنابەران

یان کۆچبەران، و ئافرەتانی کەمئەندامی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئاینی یان زمانەوانییەکان (ئەم ڕاسپاردەیە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە).

٤. گرتنەبەری ڕێککارە کاراکان، بە بەشداریکردنی ڕاستەقینەی ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی لەخۆگرتنی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسەکانی جێندەرەوە، لە نێویاندا پرۆژەی یاسای پاراستن لە توندوتیژی خێزانی، و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی پرسی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەمئەندامێتییەوە.

٥. هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تەمیزییەکان کە ڕێگری دەکەن لەوەی کەسانی کەمئەندام لە رووی عەقڵی یان دەروونی- کۆمەڵایەتییەوە مومارەسەی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان بکەن، لەگەڵ زامنکردنی بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و گشتی.

٦. ئاسانکاریکردن بۆ بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی چوونیان بۆ نێو ناوەندەکانی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانیان بە ئاسانی و توانای بەشداریکردن و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان و دەستەبەرکردنی بابەت و کەرەستەی هەڵبژاردن و زانیارییەکان بە شێوەیەك کە بە ئاسانی بتوانرێت بخوێنرێتەوە وەك ڕێگەی برایل و زمانی ئاماژە و سیستمی خوێندنەوەی ئاسان.

٧. جیاکردنەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا.

٨. پەرەپێدانی پلانەکانی پرۆگرامەکانی ئامادەکردنەوە بۆ قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان.

٩. گرتنەبەری سەرجەم ڕێککارە پێویستەکان بۆ ئەوەی بێبەشکردن لە ڕێوشوێنە ئاسانکارییەکان بە جیاکاری دابنرێت لەسەر بنەمای کەمئەندامبوون، و زامنکردنی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و ڕێوشوێنی ئاسانکاری بۆ کەسانی کەمئەندام کە گومان دەکرێت تاوانیان ئەنجامدابێت، بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییە تاکە کەسییەکان لە کاتی دەستبەسەرکردنیاندا.

١٠. دروستکردنی میکانیزمی چاودێری لەپێناو ڕێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە هەموو ئەو هەلومەرجانەدا کە ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت.

١١. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسای کار تایبەت بە دیاریکردنی کەمترین تەمەنی کارکردن و مەرجەکانی کارکردنی نەوجەوانان.

١٢. گرتنەبەری سیاسەتی گەشەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ زیادکردنی دەرفەتی کار و دەستەبەرکردنی ئاماری پۆلێنکراو لەبارەی گەندەڵییەوە.

١٣. زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان و منداڵان و کەسانی کەمئەندام لە دانای یاسا و پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ژینگە و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کارەساتە ژینگەییەکان.

١٤. داڕشتنی ستراتیژیەتێك بۆ دەستەبەرکردنی تەکنیك و ئامرازی یارمەتیدەری راستەوخۆ و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل و وەرگێڕە پیشەییەکانی زمانی ئاماژە و ئامرازەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە باڵەخانە و دامەزراوەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی و بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن.

١٥. گرتنەبەری رێککاری پێویست بۆ تواناداركردنی سەرجەم کەمئەندامە دەروونی، کۆمەڵایەتی یان عەقڵییەکان و ئەوانەی کەمئەندامی بینین و بیستن، بۆ ئەوەی پەنا بۆ دادگا ببەن بە لابردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دێنە رێیان، بۆ زامنکردنی مافیان لە بەشداری راستەقینە لە سەرجەم رێککارە دادوەرییەکان، و دەستەبەرکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئاسان، وەك رێگای برایل و سیستمەکانی خوێندنەوەی ئاسان و زمانی ئاماژە، و تواناداركردنیان لەوەی دەستیان پێی رابگات و زیادکردنی ژمارەی وەرگێڕە پیشەییەکانی زمانی ئاماژە.

١٦. کاراکردنی هێڵی پەیوەندی راستەوخۆ بۆ پێڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی بە شێوەیەك کە دەستەبەر بکرێت بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندامیش.

١٧. هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی پزیشکی و دەروونی و ماددی لە نێویاندا شێوەکانی پاڵپشتیکردن لە قوربانییەکان و پێدانی قەرەبووی گونجاو بۆیان کە گەڕاندنەوەی ماف و قەرەبووکردنەوە و دووبارە ئامادەکردنەوە و رازیکردن و زامنکردنی دووبارەنەبوونەوەیان دەگرێتەوە بەتایبەتی بۆ کەمئەندامان.

١٨. ئامادەکردنی ئامارێکی گشتگیر و وورد و نوێکراو لەبارەی کەسانی کەمئەندام بە گوێرەی تەمەن و رەگەز و جۆری کەمئەندامێتی و رێژەی کەمئەندامێتی لە بازاڕی کاردا.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. داڕشتنی میکانیزمێکی چاودێری بۆ رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە سەرجەم ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت، هەروەها داڕشتنی میکانیزمی پێشکەشکردنی سکاڵا کە کەسانی کەمئەندام بتوانن بە ئاسانی پەنای بۆ ببەن.

٢. گرتنەبەری رێککاری کارا بە بەشداری راستەقینەی ئەو رێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جنسییەکانەوە، لە نێویاندا پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی، و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی روانگەی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەمئەندامێتیەوە.

٣. دانپێدانانی فەرمی بە زمانی ئاماژە، کە ژمارەیەکی تەواوی پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لەسەر وەرگێڕان بە زمانی ئاماژ لە ئارادا نین، بەشداری کەمئەندامان لە وتنەوەی زمانی ئاماژە و پشبەستن بە وەرگێڕەکانی زمانی ئاماژە سنوردارە.

٤. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەبنەوە، و گرتنەبەری ڕێککاری کارا لەم ڕووەوە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان و ئافرەتانی ئاوارە یان پەنابەران یان کۆچبەران و ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینی یان زمانەوانییەکان.

٥. دۆزینەوەی هەلی کار بۆ کەسانی کەمئەندام لە بازاڕی کاری کراوەدا و کارئاسانکاریکردن بۆ ئەوەی قەرز بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی بتوانن کاری ئازاد بکەن، و دەستەبەرکردنی ڕاهێنانی پیشەیی گونجاو بۆیان، و گرتنەبەری ئەو ڕێککارانەی دەبنە هۆی هاندانی خاوەنکارەکان بۆ دامەزراندنی کەسانی کەمئەندام.

٦. کارئاسانیکردن بۆ بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندام لە پرۆسەی هەڵبژاردن و چوونیان بۆ نێو ناوەندەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەنگ بدەن.

٧. تاوتوێکردنی ئامادەکردنی ئامارێکی گشتگیر و وورد و نوێ بۆ کەسانی کەمئەندام کە پۆلین لەخۆبگرێت بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز و جۆری کەمئەندامێتی و ڕێژەی کەمئەندامێتی لە بازاڕی کاردا.

٨. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە منداڵان بۆ زامنکردنی مافەکانیان و گرتنەبەری ڕێککاری گونجاو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێت.

٩. پێویستی بەدیهێنانی سەرجەم ئەو مافانەی دەستەبەرکراون لە ڕێککەوتننامەی منداڵانی کەمئەندام لە یاسای تایبەت بە منداڵ ئەگەر هاتوو دەرچوێنرا.

١٠. جێبەجێکردنی باشترین بەرژەوەندییەکانی منداڵ وەك پێوەرێکی بنەڕەتی لە سەرجەم ڕێککارە یاساییەکاندا.

١١. ڕەچاوکردنی مافەکانی کەمئەندامان و گرتنەبەری سیاسەتی نیشتیمانی بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان.

١٢. پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا.

١٣. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و شوێنەکانی دەستبەسەرکردن بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

١٤. چارەسەرکردنی کێشەی قەڵەباڵغی چاکسازییەکان و زامنکردنی مامەڵەکردنێکی مرۆییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی بێبەشکراون لە ئازادی.

١٥. وەك نەخۆش مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی چارەسەری دەروونی و پزیشکییان بۆ دەستەبەر بکرێت بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەیان.

١٦. نابێت وەك زیندانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەران و ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکاندا بکرێت.

١٧. دەرکردنی یاسای بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و شوێنەکانی دەستبەسەرکردن، و گرتنەبەری رێککاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەڵەباڵغی چاکسازییەکان و زامنکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەو کەسانەی لە ئازادییەکان بێبەشکراون.

١٨. راوێژکاری لەگەڵ کەسانی کەمئەندام و بەشداریکردنی راستەقینەیان لە رێی ئەو رێکخراوانەی نوێنەرایەتییان دەکەن، بە گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی نیشتیمانی و رێکخستنی هەڵمەتەکانی برەودان بە هۆشیاری لەپێناو چەسپاندنی وێنەیەکی ئەرێنی لەبارەی کەسانی کەمئەندام بەو پێیەی خاوەنی سەرجەم ئەو مافانەی مرۆڤن کە لە نێو رێککەوتننامەکەدا دانیانپێدانراوە.

١٩. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ زامنکردنی دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان و گرنگیدان بە درووستکردنی سەنتەرێکی ئامادەکردنەوەی ئالوودەبووان بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە ئەدا بکات کە یاسا پێی سپاردووە، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تایبەت لەلای هەرزەکاران دەرباری زیان و مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان، ئەویش لە رێی جێبەجێکردنی بەرفراوانی پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان و هەڵمەتەکانی راگەیاندن لەم بوارەدا. هەروەها چارەسەر بۆ ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان دەستەبەر بکات و کارئاسانی بکات بۆ دەستڕاگەیشتن پێیان.

٢٠. تەرخانکردنی سەرچاوەی مرۆیی و تەقەنی و دارایی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی تاکەکەسی بۆ منداڵانی کەمئەندام، لە نێویاندا ئەو منداڵانەی کەمئەندامن لە رووی عەقڵی یان دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە و ئەو منداڵانەی دووچاری ئۆتیزم بوونەتەوە و ئەو منداڵانەی لە رووی بینایی و بیستنەوە و کەمئەندامن، بە چەشنێك کە بتوانن خوێندنێکی کۆکەرەوە و باش بەدەست بهێنن، و لابردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دێنە رێی قوتابییانی کەمئەندام بۆ بەدەستهێنانی خوێندن، لە نێویاندا پێویستی بڕینی رێگایەکی دورودرێژ، و خراپی هۆکارەکانی گواستنەوە، و نەبوونی مامۆستای راهێنراو لەسەر دەستەبەرکردنی خوێندنی کۆکەرەوە و بەکارهێنانی زمانی ئاماژە و رێگەی پرایل و سیستمی خوێندنەوەی ئاسان. (لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە)

٢١. زیادکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە پێشکەشکراوەکان لەلایەن دەستەی چاودێری کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، لە نێویاندا دابینکردنی یەکەی گونجاوی نیشتەجێبوون، و کارکردن بۆ ئەوەی بە بەردەوامی داتای نوێ کۆبکرێتەوە لەبارەی ئەم خزمەتگوزارییانەوە و بە شێوەیەکی گونجاو پۆلین بکرێت.

٢٢. زیادبوونی پشکی تەرخانکراو بۆ کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا.

٢٣. چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی لاهای  بۆ ساڵی ١٩٨٠ لەبارەی لایەنە مەدەنییەکانی رفاندنی منداڵان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەرێگەی دیاریکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندی و دانانی رێککاری نیشتیمانی پێویستەوە.

٢٤. برەودان بە دەستەی چاودێری منداڵ و دەرکردنی یاسایەك لەبارەیەوە بۆ ئەوەی بتوانێت چاودێری کارەکانی پەیوەست بە مافەکانی منداڵ بکات و کێشەکانی بە چەشنێکی خێرا و کارا و کارامەییەکی بەرزەوە چارەسەر بکات.

٢٥. بەهێزکردنی رێککارەکان لەپێناو برەودان بە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە چاکسازییەکاندا.

٢٦. تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەقەنی و داراییە پێویستەکان بۆ دووبارە ئامادەکردنەوە و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی دەروونی، ئاوەڕۆ، شوێنە سەلامەتەکان، خوێندن و راهێنانی پیشەیی.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

ئەنجامدانی توێژینەوەیەک دەربارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ئافرەتان

یەکێک لە کارە گرنگەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی ٢٠٢٣  ئەنجامیداوە بریتی بوو لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مەیدانی دەربارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەولێر (بە ئیدارەی سەربەخۆیی سۆرانەوە)، سلێمانی (بە ئیدارەی سەربەخۆیی ڕاپەرینەوە)، دهۆک (بە ئیدارەی سەربەخۆیی زاخۆوە)، پارێزگای هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان) لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٣.

یەکەم جارە لەسەر ئاستی هەرێم توێژینەوەیەکی بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێت، سەرچاوەکانی وەرگرتنی ئەم داتا و ئامارانەش پێکهاتبوون لە گشت بنکەکانی پۆلیسی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ئافرەتان و بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە شارەکان و پزیشکی دادی.

ئامارەکانی توندوتیژی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧- ٢٠٢٣):

خشتەی ٢٣ ئاماری خۆکوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان نێوان ساڵانی ٢٠١٧-٢٠٢٣

| ئاماری خۆکوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شار | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | کۆ | رێژە |
| هەولێر | ٣٧ | ١٤ | ٢٢ | ٢٥ | ٢٠ | ٢٧ | ١٥ | ١٦٠ | ٪٢٩ |
| سلێمانی | ٤٥ | ٣٣ | ٤٠ | ١٠ | ٢٨ | ٣٢ | ٢١ | ٢٠٩ | ٪٣٨ |
| دهۆک | ٢١ | ٢٢ | ١٧ | ١٤ | ٢٩ | ٢٦ | ٤ | ١٣٣ | ٪٢٤ |
| هەڵەبجە | ١ | ٢ | ١ | ٢ | ٠ | ٢ | ١ | ٩ | ٪٢ |
| گەرمیان | ٦ | ٤ | ٣ | ٢ | ٧ | ١٠ | ٦ | ٣٨ | ٪٧ |
| کۆی گشتی | ١١٠ | ٧٥ | ٨٣ | ٥٣ | ٨٤ | ٩٧ | ٤٧ | ٥٤٩ | ٪١٠٠ |
| رێژەی سەدی | ٪٢٠ | ٪١٤ | ٪١٥ | ٪١٠ | ٪١٥ | ٪١٨ | ٪٩ | ٪١٠٠ | |

چوونە نێو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

ئەندام بوون لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دەسەڵاتێکی فیدراڵییە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕێککەوتننامانەی پەیوەندییان بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە لەوانە ڕێککەوتننامەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (هێشتا عێراق نەبۆتە ئەندام تێیدا)، پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی ڕێککەوتننامەی مافی کەمئەندامان، پەیماننامەی مەراکیش بۆ نابینایان، پاراستنی مافەکانی سەرجەم کرێکاران و کۆچبەران و ئەندامانی خێزانەکانیان، ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار لەبارەی کاری گونجاو بۆ ئەو کرێکارانەی لە ماڵەکاندا کار دەکەن بۆ ساڵی ٢٠١١، پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەی ئەو کرێکارانەی بەرپرسیارێتی خێزانییان هەیە (١٩٨١)، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارەوە دەرکراوە لەپێناو برەودان بە یەکسانی لە پەیوەندیدا بە دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانی ماڵ و خێزانەوە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا.

پاراستنی ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان لە ڕووی یاساییەوە

یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان ژمارە (٢٢)ساڵی ٢٠١١ هەموارکراوەتە بە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١، هەموارکردنەوەکە تایبەت بوو بە پێناسەی کەمئەندام و کورتەباڵا، ناسنامەیان، بنکەکانی حەوانەوە، سندوقی کۆمەک بۆ چاودێریان، شایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی کەمئەندامان، دانانی پرۆگرامی تایبەت پێیان لە پرۆگرامەکانی پەروەردەیی، مافی مۆڵەتی شوفێری، مافیان لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، دامەزراندنی ناوەندی پێشکەوتوو بۆ دەستنیشانکردنی کەمئەندامی، هەروەها بابەتی تری پەیوەست بە مافەکانیان.

بەپێی یاساکە بە پێویست زانراوە کە دەبێت نوێنەری یەکێک لە کۆمەڵەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان ئەندام بێت لە ئەنجومەنی چاودێری کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان بەجۆرێک ئەم کومەڵانە لە نێوان خۆیاندا دەستنیشانی بکەن.

ڕێنماییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

(٢١) ڕێنمایی لەلایەن وەزارەتی ناوبراو دەرچووە لە ساڵەکانی ٢٠٢١، ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣. سەرجەم ئەم ڕێنماییانە پەیوەندیدارن بەو ڕاسپاردانەی کە ئاڕاستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراون:

ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠٢١

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەت بە ناوەندی دەستنیشاکردنی ڕێژەی کەمئەندامی.
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، هەموارکردنەوەی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە سەنتەرەکانی ئۆتیزم.
- ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١، هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە کەمئەندامان.

- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١، هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە پێدانی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی.

ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠٢٢

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢، ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە خانەکانی دایەنگا ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥.
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢، تایبەت بە خێزانی جێگرەوە.
- ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢، تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢، تایبەت بە ماڵی تووشبووانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ شیاندن و حەوانەوە.
- ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٢، هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە خانەکانی دایەنگا.
- ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢، هەموارکردنی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە کەمئەندام و کورتەباڵاکان.
- ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢، تایبەت بە کرێکاری بیانی.
- ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢، هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠٢١.

ڕێنماییەکانی ساڵی ٢٠٢٣

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣، هەموارکردنی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە خانەی دایەنگاکان.
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو.
- ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣، هەموارکردنی ڕێنمایی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٣ ڕێککاری کردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی.
- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣، هەموارکردنی یەکەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکارانی بیانی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢٢.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣، تایبەت بە مۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان.
- ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣، تایبەت بە کارخستنی سزادراوان و سپێردراوان.
- ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣، هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکارانی بیانی ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢٢.
- ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣، تایبەت بە دابەشکردنی داهاتی دایەنگا حکومییەکان.

- پەسندکردنی پەیڕەوی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان و دەرکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران .
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (٩) تایبەت بە پێدانی بە پێدانی مۆڵەتی پەیمانگای کەمئەندامی ئیفلیجی مێشک.
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ماڵی حەوانەوەی تووشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم.
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە شەڵتەرەکان.

<u>هەموارکردنەوەی یاسای کار و یاسای خانەنشینی ودەستەبەری کۆمەڵایەتی</u>

- پرۆژە یاسای کار تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و لە پەرلەمان رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوە، بەمەبەستی پەسەندکردنی.
- پرۆژە یاسای خانەنشینی ودەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە دواتر رەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ دەرچوواندنی.
- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٨) لیژنەی کارا هەن کە پێکهاتوون لە لیژنەی دەستەبەر، لیژنەی باڵای بەکار خستن، لیژنەی خانەنشینی، لیژنەی بازاڕیش کە بۆ یەکەم جار دامەزراوە.
- ژمارەی پڕۆژە دەستەبەرکراوەکان لەماوەی ئەم (٣) ساڵە لە (١٦٥٠٠) بوو بە (٣٨٥٠٠)، لە هەمان کاتدا ژمارەی کرێکاری دەستەبەرکراو لە (١٧٠٠٠) و بووە بە (١٣٨٠٠٠) کرێکاری دەستەبەرکراو.
- لە ماوەی ( ٣) ساڵدا داهاتی ساڵانەی سندوقی خانەنشینی و دەستەبەری لە ( ٧٤) ملیار دینارەوە بووە بە (١٩٤) ملیار دینار واتا چەندین جار زیادی کردووە.
- لە کابینەی نۆ ژمارەی کرێکاری خانەنشین کراو لە (١٦٠) کرێکارەوە بۆتە (٤١٨٩) کرێکار.
- لیژنەکانی پشکنینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە هەر لیژنەیەک لە پشکێنەرێک و نوێنەری ژووری بازرگانی و سەندیکای کرێکاران پێکدێن، سەردانی پڕۆژە دەستەبەرکراوەکان و دەستەبەرنەکراوەکانیش دەکەن بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی کارکردن (٢٢٦٥١) سەردانیان هەبووە و ژمارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو گەیەندراوەتە (١٣٨٩٢) کرێکار، لە (٢٧٣٥٠) پرۆژەدا.

<u>هەموارکردنەوەی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی</u>

سەبارەت بە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ڕاسپاردەی تایبەت هاتووە کە پێویستە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ژمارە (٣٩) بۆ ساڵی ١٩٧١ هەمواربکرێتەوە، لە هەرێمی کوردستان یاسای خانەنشینی ودەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران (بیمە) ژمارەی (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ هەموارکراوە بەیاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ بەرکارە.

<u>دەرچوونی ڕێنمایی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی</u>

لە کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠٢٤ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێنمایی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٢٣ی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە (١٢) ماددەدا دەرکردووە و لە ژمارەی (٣١٤)ی وەقایعی کوردستان بڵاو بووەتەوە.

لە ماددەی سێیەمی ڕێنماییەکەدا هاتووە لیژنەی پشکنینی کار هەڵدەستێت بە چەسپاندنی تێبینییەکانی لەسەر ئاستی پێویستییەکانی کار و ئەوەی تایبەتە بە تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لە ڕاپۆرتەکانی سەردانی پشکنین بۆ پڕۆژەکان؛ لیژنەی پشکنین بەرپرسە لە دیاریکردنی کەمتەرخەمی لە بوونی پێویستییەکانی کار و پشتگوێخستنی پابەندییان لە جێبەجێکردنی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لە پڕۆژەکاندا.

بەشێکی دیکەی ڕێنماییەکەدا دەسەڵات بە وەزیر دەبەخشێت بڕیاری داخستنی شوێنی کار، یان ڕاگرتنی کارکردنی ئامێرێك یان زیاتر بدات لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی پشکنین لە کاتی پابەندنەبوونی خاوەنکار بە جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان و سەلامەتیی پیشەیی لە شوێنی کارەکە تا ئەو کاتەی هۆکاری داخستنەکە لادەچێت. ئەو کرێکارانەشی بەو هۆیەوە لە کار وەستاون، مافی وەرگرتنی تەواوی مووچەکانیان هەیە لە ماوەی ڕاگرتنی کارەکەدا.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکار و بنەماکانی دابینکردن و پاراستنی سەلامەتی و تەندروستی پیشەیی کرێکاران ئاماژەی پێ دراوە و ماف و ئەرکی کرێکاران و خاوەنکاران لەم ڕووەوە دەستنیشان کراون، ئەوەش بەپێی قەبارەی کارگەکان و ژمارەی ئەو کرێکارانەی تێیدا کار دەکەن.

لایەنێکی دیکەی ڕێنماییەکە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ژینگەییە لە شوێنی کاردا، تاکوو هیچ مەترسییەك لەسەر تەندروستیی کرێکاران دروست نەبێت و لە ئەگەری دروستبوونی گرفتی تەندروستییدا، مافەکانیان پارێزراو بێت.

<u>مافی کارکردن و بیمەی کۆمەڵایەتی</u>

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم (١٣٨) هەزار کرێکار دەستەبەرکراون و نزیکەی (١٠٠) هەزار هەلی کاری ڕاستەوخۆش ڕەخسێندراوە.
- یاداشتی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەیە بەمەبەستی کردنەوەی بەشی پیشەیی و گرنگی پێدانی بۆ ئامادەکردنی هاووڵاتیان بۆ بازاڕی کار.
- مۆڵەتی پیشەوەرییەکان لە (١٧٠٠٠) بووە بە (٢٠٠٠٠) پێدانی مۆڵەتی پیشەوەری.
- نزیکەی (١٣٠٠) خولی پیشەیی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە بۆ هاووڵاتیان بەتایبەتی چینی گەنجان بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بازاڕی کار.

<u>یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ</u>

- یەکێك لە پلانە ستراتیژییەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پاراستنی منداڵە لە تاوان و دەستدرێژییەکان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.
- ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای مافەکانی منداڵ ئامادە کراوەو ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بەمەبەستی پەسەندکردنی و ڕەوانەکردنی بۆ پەرلەمان، لە پڕۆژەی یاساکەدا ڕەچاوی ڕێککەوتننامەی جیهانی بۆ مافەکانی منداڵ کراوە. ڕەشنووسی یاساکە لە (٨٢) ماددە پێکهاتووە و باس لە دروستکردنی ئەنجوومەنێك دەکات بۆ دانانی ستراتیژ و پلان و سیاسەت بۆ پاراستنی منداڵ و دابینکردنی مافەکانی.

- له ماددەی ٣/ دووەمی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای پاراستنی مافی منداڵ بەرژەوەندییەکانی منداڵ بە باشترین شێوە جێگیرکراوە.
- له مادده ٣/ سێیەم له ڕەشنووسی یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ ئاماژە دەکات بەپاراستنی منداڵ لەسەرجەم شێوەکانی توندوتیژی وبەکارهێنان و خراپەی جەستەیی ودەروونی له ڕێگای ئەنجامدانی ڕێککارە چارەسەریەکان.
- له ماددەی ٣/ چوارەم و مادده (٩) ی ڕەشنوسی پرۆژە یاسای مافەکانی منداڵ گرتنەبەری سیاسەتی نیشتیمانی بۆ پاراستنی مافەکانی منداڵان و ڕەچاوکردنی مافەکانی کەمئەندامان جێگیرکراوە.

## پاراستنی مافی منداڵ

- دەستەی چاودێری منداڵ: له ماددەی (٢٥)ی پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ ئاماژە بەو دەستەیە کراوە بەناوی (ئەنجومەنی پاراستنی منداڵ).
- پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە له (٩) وەزارەت و (٢) دەستە پێك هاتووە.
- کردنەوەی لانەیەکی نوێ بۆ منداڵانی کچانی بێ سەرپەرشت له شاری سلێمانی.
- (٧٧١٢٠ ) ئافرەت و منداڵ له ڕێگەی(٢٧) سەنتەرەوە خول و ڕاهێنانیان بینیوە.
- بۆ نەوجەوانانی ناو خانەکانی کوڕان و کچانی بێسەرپەرشت، بەپێی نوسراوی ژمارە (٨٧٨٩)له ٢٠٢٢/١١/٢٨ بڕیاردرا بەدامەزراندنی ئەو مێرد منالانەی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا تەمەنیان گەیشتۆتە سەروو ١٨ ساڵ بەشێوەی گرێ بەست لەسەر میلاکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر سیستەمی دایەنگەکان بۆ خەرجکردنی (٤٠٪) بۆ پاڵنەری کارمەندان (حوافز) و ٤٠٪ بۆ بنیادنانەوەی باڵەخانەی دایەنگا و (٢٠٪) بۆ خەزینەی حکومەت دەگەڕێتەوە.
- ئەنجامدانی ڕوپێوی منداڵی ئیشکەر و سەرشەقام له پارێزگای سلێمانی ، له سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە (١٤٦٦) منداڵی ئیشکەر تۆمار کراوە و پلانی تایبەت هەیە بۆ چارەسەرکردنی پاش گەڕاندنەوەی پرۆژەی سیاسەتی پاراستنی منداڵ له ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت و گرفتەکان دەست نیشان دەکرێن و چارەسەری دەکرێن.

## کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ گەنجان

- کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لەشاری چەمچەماڵ، خزمەتێکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ خزمەتکرنی گەنج ولاوانی ناوچەکە.
- سوودمەندبوونی گەنجان له خول و ڕاهێنانی پیشەیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی بە کردنەوەی (١٦٥) خول و سوودمەندبوونی (٢٢٣٤) کەس له ساڵی ٢٠٢٣.
- بە گشتی له سێ ساڵی ڕابردوودا (٤٤١) خول کراوەتەوە کە (٦٢٣٧) کەس لێی سوودمەند بوون.

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە بە ساڵاچووان

بە هەوڵی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کەسانی خێرخواز بڕیاردرا بە دروست کردنی باڵاخانەیەک بۆ بەساڵاچوانی هەولێر لەسەر ڕووبەری (٧٥٠٠)م کە گشت ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرێت.

یاسای بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان

باشتر کردنی ڕەوشی چاکسازییەکان و بنکەکانی ڕاگرتن و گواستنەوە یەکێکە لەو بابەتانەی بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێویستە گرنگییان پێ بدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت، لەم ڕووەوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانگەکانی چاکسازی لە هەرێم و ڕەوانەی ئەنجومەنی شورا کراوە، مەبەست لەم یاسایە باشترکردنی ڕەوشی چاکسازییەکانە لە گشت ڕوویەکەوە.

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری لە چاکسازییەکان

- سوودمەندبوونی (٥٢٠) سزادراو لە خولەکانی تایبەت بە مەشق و پیشەیی و وەرشە، هەروەها سوودمەندبوونی (٣١٤٥) سزادراو لەووۆرك شۆپ و سیمیناری جۆرا و جۆر.
- پێشکەش کردنی بەردەوامی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سزادراوان بە جۆرێك لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ تاکو ئێستا نزیکەی (٣٨٥٦٧) لە خزمەتی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە لە سەرجەم بنکەکانی تەندروستی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان.
- (٣٤٤)سزادراو خراونەتە سەرکارو لە ئێستادا لە وەرشەکانی ناو چاکسازییەکان کار دەکەن.
- دابینکردنی پارەی گیرفان بەشێوەیەکی مانگانە بۆ نەوجەوانانی سزادراو لە چاکسازیەکانمان و ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیانن و دایکیان سزادراوە هاوشێوەی منداڵەکانی خانەی بێ سەرپەرشتیاران و منداڵان لە پەیمانگاکانی نابینایان و نابیستان و بیرکۆڵان ، چونکە بەشێك لەو نەوجەوانانەی سزادراو لەگەڵ دایکیانن لە چاکسازیەکان هیچ کەسێك سەردانیان ناکات و هیچ بژێویەکیان نیە بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە.
- بە خۆڕایی کردنی خوێندنی سزادراوان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکەیە لەو خزمەتانەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی توانی بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستەبەری بکات.

ڕێکارەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پلانی ستراتیجی بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٦) داڕشتووە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکراوە کە تەوەرێکی سەرەکی تایبەتە بە کارکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران.

- مافی کارکردن ودەستەبەری کۆمەڵایەتی بە یاسا ڕێکخراوە و بۆ زیاتر کارکردن بۆ زامنکردنی مافی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو کرێکارانەی کە لە پرۆژە و کۆمپانیاکان کار دەکەن، وەزارەت ژمارەی پشکێنەرانی کاری زیادکردووە، هەروەها بڕیاری سەردانی کردنی ئەو پشکێنەرانەی دەرکردووە کە ئێواران سەردانی شوێنەکانی کارکردن (پرۆژە و کۆمپانیاکان) دەکەن بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئەو کرێکارانەی لەو شوێنانە کاردەکەن.
- بۆ یەکەمجار (١٢) پشکێنەری کار لە سەندیکاری کرێکاران دامەزراون کە پێشتر نەبوون، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی داتابەیسێکی داناوە بۆ کرێکاران بۆ ڕێکخستنی بابەتی دەستەبەری کرێکاران، هەروەها هێڵی گەرم دانراوە بۆ کرێکاران بە ژمارە (٥٥٠٠) بۆ پەیوەندی کردنی کرێکاران لە کاتی بوونی هەرکێشەیەك وداواکاریەك بەمەبەستی هاوکاریکردنیان، نوێنەرانی یاسایی وەزارەت ئامادەی دادگاکان دەبن لەو داوایانەی کە پەیوەندیان بە مافی کرێکاران هەیە.

<u>تۆمارکردنی کەسانی کەمئەندام بۆ ئەوەی سوودمەندبن لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی</u>

زامنکردنی تۆمارکردنی سەرجەم کەسانی کەمئەندام بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە پرۆگرامەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەربگرن، دواتر ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان لەبارەی دووبارە پشکنینەوەی کەمئەندامان و دەستنیشانکردنیان.

بڕی (١٥٠،٠٠٠) دینار تەرخانکراوە وەك مووچەی کەمئەندامی، هەروەها بۆ چاودێری کردنیان سەرباری ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرن، مۆڵەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدرێت لەگەڵ کەمکردنەوە کاتژمێرەکانی دەوام.

خشتەی ٢٤ ئاماری سوودمەندان لە چاودێری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگا و سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان

| سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | ٤١١ |
| سلێمانی | ١٧٩ |
| دهۆک | ١٠١ |
| هەڵەبجە | ٠ |
| گەرمیان | ٦٨ |
| کۆی گشتی | ٧٥٩ |

خشتەی٢٥ ئاماری سوودمەندان لە چاودێری کۆمەڵایەتی لە سەنتەرەکانی چالاکی و پاراستنی منداڵان

| سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە سەنتەرەکانی چالاکی و پاراستنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | ٧٧٣ |
| سلێمانی | ٢٨٣٣٢ |
| دهۆک | - |
| هەڵەبجە | ٦٥٤ |
| رانیە | ٨١٩ |
| گەرمیان | ٣٥٠٤٠ |
| زاخۆ | ١٩٩٢ |
| سۆران | ٢١٦٥ |
| کۆی گشتی | ٦٩٧٧٥ |

<u>ئازادکردنی کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی دەروونی (شێت) لە شوێنی گشتیدا</u>

سەبارەت بە هەمووارکردنی ماددەی (٤٩٥/٤) یاسای سزادانی عیراقی سەبارەت بە ئازادکردنی کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی دەروونی (شێت) لە شوێنی گشتیدا کاری لەسەر نەکراوە، هەروەها هیچ پرۆژە یاسایەک ئامادە نەکراوە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە بۆ هەمووارکردنی ئەو ماددەیە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی بۆ خانمان بۆ چارەسەرکردن و شیاندنەوە دەرچووە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە وەزارەت رێنماییەکی بە ژمارە (٤) دەرکرد (رێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٤ماڵی (ئارام) بۆ چاودێری کردنی کەسانی پەککەوتەی توند (بەخشراو). پەککەوتەی توند (بەخشراو) ئەو کەسەیە کە گرفتارە بە دەست نەخۆشیەکی سەختی درێژخایەن یان نەخۆشییە دەروونییەکان وەك (شیزۆفرینیا، دوو جەمسەری Manic episode، خەمۆکی دێوانەیی... هتد) گرفتار و بێلانەیە و بە شێوەی بەردەوام لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکان ژیان دەگوزەرێنێت، ناتوانێت پێداویستی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات لە هەمان کاتدا بۆتە بارگرانی بەسەر خێزانەکەی وکۆمەڵگا. بۆ چارەسەرکردن و چاودێریکردنی ئەم کەسانە وەزارەت بەیانی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەرکرد بۆ دامەزراندنی ماڵی ئارام لە چەمچەماڵ.

سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان

بەرزکردنەوەی ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەت ژمارە (٢٢) ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو بەیاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

هەڵوەشاندنەوەی دەستەواژەی کەمئەندام

لە یاسای کەمئەندامان جگە لە دەستەواژەی کەمئەندام ئاماژە بە دەستەواژەی خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایانیش کراوە، و لە ڕێککەوتنامەی جیهانی بۆ مافەکانی کەمئەندامان هەر دەستەواژەی (کەسانی کەمئەندام) کراوە، جگە لەوە دەستەواژەی (خاوەن پێداویستی تایبەت) چەندین توێژی تریش لەخۆ دەگرێت لەمانە بەساڵاچوو، ئافرەتی جیابۆوە، مێرد مردوو هەروەها بەهرەداران.

پۆلێنکردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت

سەبارەت بە پۆلێنکردنی کەسانی کەمئەندام بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز و جۆری کەمئەندامێتی و ڕێژەی کەمئەندامێتی، حکومەتی هەرێم سیستمی داتابەیسی بەکارخستووە بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کە سەرجەم زانیارییە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، و هەموو کەمئەندامێکی سوودمەند دەکاتە خاوەنی ناسنامەی زیرەك.

- ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران بۆ ئەم توێژە بۆ کۆکردنەوەی ئامار و داتای پەیوەست بە کەسانی کەمئەندام.
- سەبارەت بە ئاماری کەسانی کەمئەندام لە بازاڕی کار، لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەوڵدایە بە ئامادەکردنی ئامارێك لە بوونی کەسانی کەمئەندام لە بازاڕی کار بە گوێرەی تەمەن، ڕەگەز، جۆری کەمئەندامی، ڕێژەیان و ژمارەی کۆمپانیاکان.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە هەوڵی دەرکردنی ناسنامە دایە بۆ ئەو منداڵانەی لە خانەکانی چاودێری (کچان وکوڕان) دان و ناسنامەیان نییە. بۆ ئەم مەبەستەش لیستێك بە ناوی ئەو منداڵانە دراوەتە ڕێکخراوی ناوبراو.

کەمئەندامانی تۆمار کراو تا ساڵی ٢٠١٤ بە بەردەوامی شایستە داراییەکان وەردەگرن:

بەهۆی قەیرانی دارایی دوای ساڵی ٢٠١٤ تۆمارکردنی کەمئەندامان ڕاگیرابوو، بەڵام لە ئیستادا دەستکراوە بە دووبارە تۆمارکردنیان لەلایەن لیژنەی تایبەت لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

خشتەی ٢٦  ئاماری کەمئەندامان تا ساڵی ٢٠١٤

| ئەو کەمئەندامانەی تا ساڵی ٢٠١٤ تۆمارکرابوون | |
|---|---|
| کەمئەندامانی ئاسایی | ٧١,٣٠٣ |
| کەمئەندامانی فەرمانبەر | ٥,٧٦٢ |
| کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامان | ٧٧, ٠٦٥ |

خشتەی ٢٧ ئاماری ژمارەی نوێ کەمئەندامان لە ساڵی ٢٠٢٣

| ژمارەی کەمئەندامانی نوێ لە هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٢٣ تۆمار کراون | |
|---|---|
| شار | کۆی گشتی |
| هەولێر | ٧٧٠٤ |
| سلێمانی | ٥٠١٩ |
| دهۆک | ٥٠٠٨ |
| هەڵەبجە | ٣٠٣ |
| گەرمیان | ١٢٤٥ |
| کۆی گشتی | ١٩, ٢٧٩ |

ئەو کەمئەندامانەی  کە لە قۆناغی تۆمارکردندان لە هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣

خشتەی ٢٨ قۆناغەکانی تۆمارکردنی نوێ کەمئەندامان

| ژمارەی نوێی کەمئەندام  کە لە قۆناغی تۆمارکردنن لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| کۆی گشتی تۆمارکراو | ١٩,٢٧٩ |
| لەلایەن لێژنەی تایبەتمەند هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە | ١٥,١٧٥ |
| لەلایەن لێژنەی تایبەتمەند هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە لە پرۆسە دایە | ٤,١٠٤ |

بە کار خستنی سیستمی داتابەیس بۆ پۆلینکردنی کەمئەندامان بۆ لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سیستەمی داتابەیسی بەکارخست کە سەرجەم زانیاریەکانی پێویست تایبەت بە کەمئەندامان لە خۆ دەگرێت.
- ئامادەکردنی زیاتر (١٢٠٠٠) دوازدە هەزار لە تۆماری نوێ کەمئەندامان کە وا بەشێوەیەکی ئۆنڵاین لیژنەی پزیشکیان پێکراوە و دەرچوون و ئامادەن بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

- بەستنەوەی بانکەکان بە تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەولێر لە ئێستادا وەک تێست کارە لەسەر دەکەین لەموچەی کەمئەندامی کەوا ڕۆتینات و گەندەڵی ناهێڵێت.

<u>خەرج کردنی مووچە و بەخشین(منحە)ی تایبەت بە کەمئەندامان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/٦/١</u>

- بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٢/١/٢٥ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری مانگانە بڕی (١٥٠،٠٠٠) دینار خەرج دەکرێت وەك بەخشین بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە موچەیان نییە واتا فەرمانبەر نین، و بڕی (١٠٠،٠٠٠) دینار خەرج دەکرێت وەك بەخشین بۆ ئەو کەمئەندامانەی کە موچەیان هەیە. لەم ڕووەوە مانگانە بڕی یازدە ملیار و سەد وحەفتاوحەفت ملیۆن و هەشت سەدو پەنجا هەزار دینار خەرج دەکرێت.
- مووچەی خانەنشینی کۆدەکرێتەوە لەگەڵ ڕێژەی کەمئەندامی بۆ ئەم خانەنشینانەی کە کەمئەندامن، ئێستا بڕی (١٠٠,٠٠٠) بۆ ئەو خانەنشینانە خەرج دەکرێت وەکو ڕێژەی پەککەوتن.

خشتەی ٢٩ ژمارەی کەمئەندامی بێ مووچە و کەمئەندامی هەژار

| جۆری کەمئەندام | کەس | بڕی هاوکاری تەرخان کراو بە دینار | کۆی شایستەی گشتی |
|---|---|---|---|
| ژمارەی کەمئەندامانی بێ مووچە | ٦٩٣١٠ | ١٥٠،٠٠٠ | ١٠،٣٩٦،٥٠٠،٠٠٠ |
| ژمارەی کەمئەندامانی هەژاری | ٦٧٥١ | ١٠٠،٠٠٠ | ٦٧٥،١٠٠،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | | ١١،٠٧١،٦٠٠،٠٠٠ |

<u>فەراهەم کردنی زمانی ئاماژە بۆ یارمەتیدانی نابیستان</u>

- بەپێی یاسای کەسانی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵایان لە ماددەی (٣/چوارەم) باس لە فەراهەم کردنی زمانی ئاماژە کراوە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین پەیمانگای تایبەتی هەیە بۆ فێرکردن وراهێنان وشیاندنی کەسانی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت، لەم ڕووەوە بە هاوکاری ڕێکخراوی تایبەت کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان و بڵاوکردنەوەی زمانی ئاماژە لەرێگەی ئەنجامدانی ڕاهێنانی پێویست و دانانی ئەپلیکێشنێکی تایبەت بەزمانی ئاماژە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ.
- یاداشتی لێکتێگەیشتنی لە نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە کراوە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی هیوای نابیستان و ڕووناکی بۆ نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و هەردوو پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان. یاداشتنامەکە بۆ ئامادەکردن و پێگەیاندنی وەرگێڕانی زمانی ئاماژە بوو بۆ نابیستان کە لەناو کۆمەڵگە و بواری میدیایی تووشی کێشەی تێنەگەیشتن و لێک حاڵینەبوون و ئاستەنگی جێبەجێکردنی کارەکانیان دەبنەوە.
- لەلایەکی دیکەوە یاداشتنامەیەکی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە واژوو کردووە بۆ ناردنی قوتابی نابیست بۆ ئامادەییەکانی پیشەسازی و هەوڵدان بە پەیرەوکردنی فێرکردنی گشتگیر (کۆکەرەوە) وراهێنانی مامۆستایان بەتایبەتی لە پارێزگای دهۆک. لەم ڕووەوە ڕاهێنان بە (١٩) کەس کراوە بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە تاکو بتوانن هاوکاری نابیستان بکەن بۆ ڕاییکردنی کارەکانیان لە فەرمانگە حکومییەکان.

هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆفەراهەم کردنی زمانی ئاماژە

- وەزارەتی کار بە پشتیوانی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر پرۆژەیەکی تایبەت بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ نابیستان ئەنجام دەدات بودجەکە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا دابین دەکرێت کە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات، یەکەم قۆناغ پێگەیاندنی (٢٠) وەرگێڕی زمانی ئاماژەیە بۆ نابیستان بۆ ماوەی(١٤) هەفتە، هەفتانە (٤) ڕۆژ وانە دەخوێنن تا بتوانن هاوکاری نابیستان بن لە ڕاییکردنی مامەڵەکانیان لە فەرمانگە حکومییەکان.
- تۆمارکردنی وانەکانی فێربوونی زمانی ئاماژە بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان و بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەرەکانی وەزارەت و ڕێکخراوەکان و سۆشیال میدیا تا زۆرترین کەس لێی سوودمەند بن.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی لایەنیکەم لەکاتی پەخش کردنی هەواڵە سەرەکییەکان یاخود بەرنامە پڕبینەرەکانیان وەرگێڕی زمانی بوونی هەبێت، تا نابیستان لە هەواڵ و زانیارییە گرنگەکان بێبەش نەبن.
- ئەپڵیکەیشنێکی تایبەت ئامادەکرا بۆ ئاشنابوونی هاووڵاتیان بە زمانی ئاماژە.

دابینکردنی هەلی کار و دامەزراندن کەسانی کەمئەندام لە وەزیفەکانی کەرتی گشتیدا

لە یاسای مافی کەسانی کەمئەندام ئاماژە بەو مافە کراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە کەرتی حکومی نزیکەی (١٣،٢٤٩) کەمئەندام فەرمانبەرن، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایی دامەزراندن لە کەرتی گشتی وەستاوە. لە کەرتی تایبەت پێویستە ڕێنماییەکی تایبەت دەربکرێت بۆ دامەزراندنیان و ڕێژەی تەرخان کراو لە بودجە بۆ دابینکردنی هەلی کار بۆیان.

بۆ ڕاهێنانی کەسانی کەمئەندام لەسەر کار، وەزارەت یاداشتی لێکتێگەیشتنی واژووکردووە لەگەڵ چەندین ڕێکخراو بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنان لە چەندین بواری جیاجیا بۆ یارمەتیدانی هاووڵاتیان لە دۆزینەوەی هەلی کار، لەم ڕووەوە مەرجی بەشداری پێکردنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەتیشی لەو پرۆژانەدا دانراوە، بەپێی توانای کارکردنی کارایان هەبێت، هەروەها گرنگی بە ئافرەتی کەمئەندام دراوە بۆ ئەوەی زۆرترین هەلی دامەزراندنیان لەو پرۆژانە پێ بدرێت دوای تەواوبوونی خولەکان.

دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کەمئەندامان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش هەیە

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نوسراوێکی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرد بەمەبەستی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون، سەرۆك وەزیران ئەوداواکاریەی پەسەندکرد و نوسراو کرا بۆ دەستەی وەبەرهێنان بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە و ڕێککاری پێویست لەم بارەوە بگیرێتە بەر.

بۆ ئەم مەبەستەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ڕەزامەندی دەربڕیوە کە لە کۆی ئەو (٩٠٠٠) یەکەی نیشتەجێبووانەی بۆ کەسانی کەم دەرامەت دروووست دەکرێن، (٣٪) یان بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان بکرێت.

دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ کەمئەندامان

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی نوسراوێکی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای مافی کەمئەندامان و سوود وەرگرتنیان لە خزمەتگوزاری تەندروستی لە بنکەکانی تەندروستی بێ بەرامبەر بەتایبەتی تووشبووانی ئۆتیزم، وەزارەتی تەندروستی گشتاندنێکی ئاراستەی بنکەکانی تەندروستی کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم داوایە و ئێستا کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ تووشبووانی ئۆتیزم

بە درێژایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوام بووە لە دامەزراندنی سەنتەرەکانی ئۆتیزم و نۆژەنکردنەوەیان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان بۆ چارەسەرکردن و ڕاهێنانی منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم بەو شێوەی خوارەوە :

- نۆژەنکردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هەولێر.
- بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا و وەزارەتی پلاندانان هەوڵدان بۆ درووستکردنی نەخۆشخانەی ئۆتیزم لە دەڤەری شارەزوور.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هیمەت لە شاری دەربەندیخان بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە شاری کۆیە.
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە حاجیاوە کە پێداویستیەکی گرنگ بوو بۆ دانیشوانی ناوچەکە و کەم کردنەوەی بارگرانی ئەو خێزانانەی کە منداڵی توش بوی ئۆتیزمیان هەیە .
- کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم و شیاندنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری هەڵەبجە
- بە دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بێ بەرامبەر بۆ تووشبوانی ئۆتیزم لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندرووستی.
- بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری چینی تووشبوانی ئۆتیزم ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد بۆ فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریکردنی خیزانی منداڵی ئۆتیزم لە فرۆکەخانەکان.

## ئاماری نەخۆشانی کەمئەندام لە هەرێمی کوردستان

خشتەی٣٠ ژمارەی و جۆری نەخۆشی کەمئەندامان

| ژمارەی نەخۆشی کەمئەندام لە هەرێمی کوردستان | | | |
|---|---|---|---|
| جۆری نەخۆشی کەمئەندامان | کۆی گشتی | جۆری نەخۆشی کەمئەندامان | کۆی گشتی |
| نابینایان | ١٠٧٧١ | ئۆتیزم | ٣٩٩ |
| ئیفلیجی مێشک | ٨٣٤٢ | تالاسیما | ١٥٤٩ |
| ئیفلیجی | ٣٨٢٥ | هیمۆفیلیا | ٢٢١ |
| کەمئەندامی بێ قاچ | ٠ | بیرکۆڵ | ١٠٨٧٥ |
| نابیستان | ٣٥٣٤ | شیزۆفرینیا | ٣٤٩٠ |
| لاڵ | ٤ | داون | ٢٤٠٩ |
| کورتە باڵا | ٩٨٢ | نابیستان (کەر و لاڵ) | ٢٩٩٧ |
| کەمئەندامی جەستەیی | ٢٧٢٦٢ | فیزیایی بێ مووچە | ٠ |
| دەروونی | ٣٨ | فیزیایی بە مووچە | ٣١٢ |
| نەخۆشی شەکرە | ٩٣ | | |

## یاسای بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی رەشنووسی پرۆژە یاسای بەڕێوبەرایەتییەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئامادە کرد و ڕەوانەی ئەنجوومەنی شورا کراوە.

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و داڕشتنی سیاسەتێکی نیشتمانیی تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان، لە ماوەی نێوان ٤-٨ی شوباتی ٢٠٢٤ لە شاری هەولێر وۆرکشۆپێکی فراوان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی بە سەرپەرشتی لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە عێراق بەڕێوەچوو.

## پاڵپشتی یاسایی و کۆمەڵایەتی نەوجەوانان

بە پاڵپشتی ڕێکخراوی یونیسێف پرۆژەیەک لە چاکسازییەکانی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر و سلێمانی و دهوک ئەنجامدەدرێت. لەچوارچێوەی پرۆژەکەدا گرێبەست لەگەڵ ژمارەیەک پارێزەر ئەنجامدراوە بۆ دڵنیابوون لە رایی کردنی مامەڵەکانیان لە دادگاکان، هەروەها توێژەران سەردانی ماڵی کەسوکاری سزادراوەکان بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان و زانینی کێشە خێزانیەکانیان بۆ چارەسەرکردنیان. بەپێی هەمان

پرۆژەدا خولی ڕاهێنان و پیشەیی هەیە بۆ نەوجەوانان و منداڵانی چاکسازییەکان بە بەردەوامی دەکرێتەوە، وەک خولی دارتاشی، چاککردنەوەی مۆبایل، کارەبا و ئاسنگەری.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەپێی پەیڕەوی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٨ کار دەکات. هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان، خزمەتگوزاری تەندروستی، ڕێکخستنی مۆڵەتی چوونە ماڵەوەی سزا دراوان، ڕێکخستنی خوێندنەوەی کتێب، ژوانگەی خێزانی (خلوة شرعية)، پەیوەندی کردنی سزادراوان بە خێزانەکانیانەوە لە ڕێگای مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خزمەتگوزاری پەروەردەیی، پاڵپشتی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ نەوجەوانان و ڕێکخستنی وەرشەی ڕاهێنان.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی خزمەتگوزاری چاودێری داهاتوو پێشکەش بەو کەسانە دەکرێت کە ئازاد دەکرێن و دەگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان، مەبەست لەم خزمەتگوزارییە شیاندنەوەیانە بۆ دووبارە چوونەوە ناو کۆمەڵگا و دۆزینەوەی هەلی کار لە رووی ماددییەوە یارمەتی دەدرێن بە نزیکەی (١٠٠٠) دۆلار بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکان.

چالاکیی <u>چاکسازییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

خشتەی٣١ ئاماری چالاکییەکان لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان

| بابەت | ژمارە |
|---|---|
| کۆی بەندکراوی لە هەر (٦) چاکسازییەکەی هەرێم | ٥٤٢٧ |
| ژمارەی قوتابیان لە گشت چاکسازییەکانی هەرێم لە قۆناغی بنەڕەتی تا زانکۆ | ٤٠٢ قوتابی |
| خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سزادراوان(سەردانی سزدراوان بۆ بنگە و نەخۆشخانەکان) | ٥٤٣٣١ |
| سەردانکردنی سزادراوان بۆ کتێبخانە | ٦٢٢٥٢ |
| کارکردنی سزادراوان لەناو چاکسازی | ٥٩٩ |
| مۆڵەتی چوونە ماڵەوەی سزادراوان (إجازة منزلية) | ٢٨٧ |
| ژوانگەی خێزانی (الخلوة الشرعية) | ٥٧١٦ |
| خول و راهێنان (کارمەندان - سزادراوان) | ١٠٥ خول |
| سیمینار و وۆرک شۆپ (کارمەندان - سزادراوان) | ٢٧٦ |
| ئازادکردنی بە مەرج | ١١٧١ سزادراو |
| ئەو کەسەی بە لە سێدارە سزا دراون | ٤٤٣ |

کارو چالاکی جۆراو و جۆری بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکان

- لێخۆشبوون لە کرێی خوێندن بۆ ئەو قوتابییە سزادراوانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن.
- زیادکردنی پێشینەی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی.
- ئەنجامدانی نەشتەرگەری و قەستەرە و بالۆن و پێدانی چارەسەری پزیشکی بۆ ئەو سزادراوانەی کە نەخۆشی دڵیان هەیە لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان بێ بەرامبەر.
- دامەزراندنی (٦٠) پاسەوان بە شێوەی گرێبەست بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی گەوران لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک.
- کار کردن بۆ کردنەوەی ئەکادیمیای مەشق و راهێنانی کارمەندانی چاکسازی.
- نمایش کردنی فیلم و شانۆگەری لە سەرجەم چاکسازییەکان.
- بەردەوامی سەردانی توێژەران بۆ لای خانەوادەی سزادراوان لە سەرجەم چاکسازییەکان.
- پێشکەشکردنی هاوکاری یاسایی بۆ سزادراوان و راگیراوان بەتایبەتی دابینکردنی پارێزەر بە خۆڕایی لە سەرجەم چاکسازییەکان.
- سەردانی و بەدواداچوونی کارمەندانی یاسایی بۆ دۆسیەی سزادراوان لە شوێنی پەیوەندیدار لە سەرجەم چاکسازییەکان.
- کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردنی دەروونی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی دهۆک بە هاوکاری سەرۆکایەتی زانکۆی دهۆک.
- درووستکردنی بینایەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتانی هەولێر کە لە ئێستادا (٥٨٪) کارەکانی تەواو بووە.
- درووستکردنی هۆڵی ڕاهینان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر بە هاوکاری ڕێکخراوی UNODC.
- درووستکردنی هۆڵی راهێنان و چالاکی لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی بە هاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف.
- جێبەجێکردنی پلانی داڕێژراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەرێژەی (٧٢٪) سەرەڕای کەمی بودجە و زۆری ژمارەی سزادراوان و بوونی کەموکوڕی لە بینا و باڵەخانەی چاکسازییەکان.

چارەسەر کردنی قەڵەباڵغی چاکسازییەکان

هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەردەوامە لەپێناو کەمکردنەوەی قەلەباڵغی ناو چاکسازییەکان، لەوانە دروستکردنی بینا و باڵەخانەی نوێ بەم شێوەی خوارەوە:

- پرۆژەی بینایەی نوێی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان هەولێر لەبواری جێبەجیکردندایە، پرۆژەکە بە گوژمەی (١،٤٨٠،٧٠١،٠٠٠) دینار لەلایەن کۆمپانیایەک جێبەجێ دەکرێت، تەواوکردنی پرۆژەکە (٣٦٥) رۆژ دەخایەنێت، بە تەواو بوونی کارەکانی تا ڕاددەیەکی زۆر کێشەی جەنجاڵی چاکسازییەکان چارەسەر دەکرێت.
- ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ درووستکردنی بینایەی نوێی چاکسازی گەوران لە شاری هەولێر کە شوێنی (٥٠٠٠) کەسی تێدا دەبێتەوە بۆ سزادراوانی تیرۆر و لەسێدارەدان.
- لە چاکسازییەکانی دیکەش بەپێی توانا و هەبوونی شوێن کارکراوە بۆ فراوان کردنی هۆڵەکانی سزادراوان و ژووری کارمەندان.
- لە ڕێکەوتی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە سنووری ئیدارەی گەرمیان.
- ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ درووستکردنی بینایەی چاکسازی ئافرەتان لە دهۆك، سلێمانی، هەروەها چاکسازی ئافرەتان و نەوجەوانانی هەولێر کە ڕێژەی ئەنجامدانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

خشتەی ٣٢ ڕێژەی جێبەجێکراوی دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان

| دروستکردنی باڵەخانەی چاکسازی ئافرەتان و منداڵان لە هەولێر | |
|---|---|
| ساڵی ٢٠٢١ - ٢٠٢٢ | جێبەجێکراوە بە ڕێژەی ٢٦٪ |
| ساڵی ٢٠٢٣ | جێبەجێکراوە بە ڕێژەی ٨٦٪ |

<u>مامەڵە کردن لەگەڵ قوربانیانی مادده هۆشبەرەکان</u>

لە ساڵی ٢٠٢٣ لە سەرجەم چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان (١٠٩٧) کەیسی ماددەی هۆشبەر هەبووە، لەم ژمارەیەدا (٤٨٠) کەیس بازرگانن و (٦١٧) کەیس ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەر، لە کۆی گشتی ئەم ژمارەیە (٧٤) کەیس لە ڕەگەزی مێن، و (١٠٢٣) کەیس لە ڕەگەزی نێرن.(٥٥٧) سزادراو سوودمەندبوون لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە ئالۆدەبووانی ماددەی هۆشبەر. روون بکرێتەوە.

<u>دامەزراندنی سەنتەری چارەسەرکردنی ئالۆدەبووانی</u>

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر وکارتێکەرە عەقڵییەکان ژمارە (١)ێ ساڵی ٢٠٢٠، پێویستە جیاکاری هەبێت لە نێوان ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان و سزادراوانی تر، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم شوێنێکی بۆ سەنتەری چارەسەری ئالۆدەبووانی مادده هۆشبەرکان دەستنیشانکردووە لە (قەزای شەقڵاوە).لە ئێستادا ئامادەکاری دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم سەنتەرە.

ڕۆژی٢٩ی شوباتی ٢٠٢٤ سەنتەری شیاندنەوەی بەکارهێنەران و ئالوودەبوانی ماددەی هۆشبەر تایبەت بە چاکسازیەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی کرایەوە.

هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان

- بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکان ڕێکەوتنێکیان هەیە لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ پێشکەش کردنی وتاری ئایینی بۆ سزادراوانی بە گشتی لەوانەش ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان بۆ شیاندنەوەیان و یارمەتیدانیان لە دووبارە گەڕانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوە لە ماددە هۆشبەرەکان و تاوان بەشێوەیەکی گشتی.
- بۆ قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان خولی ڕاهێنان وشیاندنەوە بۆ ئالوودەبوانی ماددەی هۆشبەرەکان کراوەتەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و زانکۆکان، ژمارەیەک لە بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکانیش سوودمەندبوون لەو خولانە.
- ئەنجامدانی سیمینار بۆ ئەو کەسانەی کە چارەسەربوون لە ماددەی هۆشبەر بۆ گێڕانەوەی دۆخی دەروونی و ئابووری خۆیان دوای تووشبوونیان بە ماددە هۆشبەرەکان، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە مەترسییەکانی ماددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.
- چاپکردنی (٢٠٠٠) پرۆشەر بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی بەمەبەستی هۆشیارکردنەوی کرێکارن لەبارەی مافەکانیانەوە.

داناني مەرجەکانی کارکردنی نەوجەوانان

بۆ جێبەجێکردنی ماددەکانی یاسای کار بە دیاریکردنی کەمترین تەمەن بۆ کارکردن، پشکێنەرەکانی کار بەدواداچوون دەکەن لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ شوێنەکانی کارکردن، و دڵنیابوون لە تەمەنی یاسایی کارکردنی منداڵ و نەوجەوانان.

- لە یاسای کار پێناسەی کرێکاری نەوجەوانی کردووە کە هەر کەسێک گەیشتبێتە تەمەنی (١٥) ساڵ و تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێت.
- یاسای کار نزمترین ئاستی تەمەنی کارکردن لە هەرێم دیاریکردووە کە (١٥) ساڵە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشتن و لەسەر شەقامەکان کار دەکەن، وەزارەت یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی واژووکردووە لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بۆ بەدواداچوون و چاودێری کردنی ئەو منداڵانە و دیاریکردنی ڕێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە.

پاراستنی مافی کرێکارانی بیانی

کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان هەمان مافی کرێکاری هاونیشتمانیان هەیە، ئەمەش بەدی دەکرێت لەکاتی دەستەبەرکردنیان و وەرگرتنی شایستە داراییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، هەروەها لە کاتی بوونی هەر کێشەیەک و پێشکەش کردنی سکاڵا بۆ بەردەم دادگا بە یەکسانی بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانیان دەکرێت.

بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی هێنانی کرێکاری بیانی لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا، بە پشت بەستن بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٣) لە (٢٠٢٠/٧/١٧) بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران وەک سەرپەرشتیاری لیژنەی باڵای ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان دانرا، لیژنەکە پێکهاتووە لە وەزیری پلاندانان وەک سەرۆک و ئەندامێتی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
دوای دیراسەت کردن و لێکۆڵینەوەی وورد لە بازاڕی کار و بەکارخستنی دەستی کار، ڕەشنووسی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە کۆبوونەوەی ژمارە (١٢٥) ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٢٤/١/٣١) خرایە ڕوو، دواتر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا و لە وەقائعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.
مەبەست لەم ڕێنماییە ڕێکخستنی یاسایی مامەڵەکردن و شێوازی هاتنی کرێکاری بیانییە لە هەرێمی کوردستان، بەم پێیەش مۆڵەتپێدانی کارکردنیان تەنها لەڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەبێت و سەرجەم ئەو ڕێنماییانەی تر کە پێشتر لەم بارەوە هەبووە کاریان پێناکرێت.

<u>پۆلێنکردنی کەمئەندامان لە بازاڕی کاردا</u>

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی کار دەکات بۆ ئامادەکردنی ئامارێکی تایبەت بە ژمارەی کەسانی کەمئەندام لە بازاڕی کار بەگوێرەی تەمەن، ڕەگەز،جۆری کەمئەندامی، ڕێژەکانیان، ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی تێیدا کار دەکەن و جۆری کارەکانیان.

<u>سەرپەرشتی کردنی منداڵان لە خانەکانی کوڕان و کچان</u>

ئەو منداڵانەی تۆمەتیان نەدراوەتە پاڵ و لەگەڵ دایکیانن لە چاکسازییەکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات کە کەسوکاریان بیانبەنەوە یاخود بەپێی ڕێنماییەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەنێردرێنە خانەکانی کوڕان وکچان، ئەو منداڵانەی لە خانەکانی بێسەرپەرشتن و تەمەنیان دەگاتە سەرووی هەژدە ساڵییە و ناتوانن لە خانەکان بمێننەوە و لەم رووەوە هەوڵدراوە یەکەی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین بکرێت.

خشتەی ٣٣ ژمارەی سوودمەندان چاودێری کۆمەڵایەتی لە خانەکانی بێسەرپەرشتان بەپێی شارەکان

| سوودمەندان لە خانەکان لە کاتی لە دایکبوونی تا ١٥ ساڵ | |
|---|---|
| شار | سوودمەند |
| هەولێر | ١١٣ |
| سلێمانی | ١١٥ |
| دهۆک | ٢٠٤ |
| گەرمیان | ٢١ |
| کۆی گشتی | ٤٥٣ |

خشتەی ٣٤ ژمارەی سوودمەندان چاودێری کۆمەڵایەتی لە داینگەکانی هەرێم بەپێی شارەکان

| سوودمەندان لە داینگەکان | |
|---|---|
| شار | سوودمەند |
| هەولێر | ٢٧٣٥ |
| سلێمانی | ٢٩٧٦ |
| دهۆک | ٤٣٢ |
| رانیە | ٥٢ |
| زاخۆ | ٥٤ |
| هەڵەبجە | ٣٣ |
| گەرمیان | ١٧٨ |
| کۆی گشتی | ٦٤٦٠ |

هەنگاوەکانی پاراستنی مافی منداڵان

- پرۆژەی دادپەروەری منداڵان لە قۆناغی کۆتاییدایە.
- بەپێی یاسای باری کەسێتی ئەو باوکانەی کە لە خێزانەکانیان جیا بوونەتەوە مافی بینینی منداڵەکانیان هەیە، پێشتر کە لە مانگێکدا دوو جار باوك یان دایك دەیانتوانی منداڵەکانیان ببینن، ئێستا لە هەفتەیەك بۆیان هەیە (٢٤) کاتژمێر بیانبینن. جگە لەمە ئەگەر هەر لایەك رێگر بوو بەرانبەر ئەوی تر لە بینینی منداڵەکە و کەسێك خۆی بەستەم لێکراو زانی، دەتوانێت سکاڵا بکات بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەکە بۆ لای خۆی.
- تەرخان کردنی شوێنێکی شیاو بۆ ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە دابین بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.
- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر سیاسەتی پاراستنی مافەکانی منداڵ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٥٤٣٧) لە ٢٠٢٣/٥/٧ (ئەم سیاسەتە لە هەشت تەوەری سەرەکی پێکهاتووە و تایبەتە بە دادوەری حکومەتی هەرێم لە بواری منداڵان و سەرجەم سێکتەرەکانی کاری حکومەت دەگرێتەوە لە بواری یاسایی و تەندرووستی و پەروەردە .. هتد).

چاودێری تەندروستی منداڵان

وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری خۆی پێشکەش دەکات بە منداڵان لەکاتی لەدایکبوون لە نەخۆشخانەکان و پێدانی ڤاکسینە پێویستەکان، هەروەها چاودێری کردنی گەشەی منداڵان لە ڕێگەی چاودێری کردنیان لە بنکەکانی تەندروستی ئەمە جگە لە چاودێری ڕەوشی خواردنیان کە دەبێت تەندروست بێت.

بەرنامەی ڕێکخستنی خێزانی

بەرنامەی ڕێکخستنی خێزانی بەرنامەیەکە پیشکەش بە ئافرەتان دەکرێت دوای منداڵ بوون، بەمەبەستی دوور خستنەوەی نێوان دووگیانی بۆ پاراستنی تەندروستی دایك و منداڵ و کەمکردنەوەی مردنی دایکان و ئەو منداڵانەی کێشیان کەمە.

دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئافرەتان و منداڵانی بێ سەرپەرشت

سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی داوە لەسەر پێدانی ژمارەیەک لەو (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونەی کە بۆ کەخەڵکی هەژار و کەمدەرامەت درووست دەکرێن، لە ڕێگای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە تەرخان دەکرێن بۆ ئافرەتان و منداڵانی بێ سەرپەرشت. و لە دوو حاڵەتدا سوودیا لێ وەردەگیرێت، یەکەمیان بۆ ئەو منداڵانەی کە ١٨ ساڵ تەواو دەکەن، پێیان دەدرێت تا دەگەنە تەمەنی ٢٤ ساڵ و دەبنە خاوەنی خێزان و پیشەی خۆیان و ژیانێک بۆ خۆیان دروست دەکەن، دوای ئەوە لێیان وەردەگیرێتەوە و دەدرێتە بەو منداڵانەی کە دوای ئەوان ١٨ ساڵ تەواو دەکەن.

دووەمیان بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە لە ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە و کێشەکانیان چارەسەر کراوە، بەڵام خێزانەکانیان وەریان ناگرنەوە و بێ لانەن، بەشێکی زۆریشیان منداڵیان لە گەڵدایە، سەرەڕای ئەمە هەوڵ دەدرێت هەلی کاریشیان بۆ بدۆزرێتەوە.

شەڵتەری داڵدەدان و شوێنی نیشتەجێکردن بۆ ئافرەتان

لە هەرێمی کوردستان (٥) شەڵتەری تایبەت بە داڵدەدانی ئافرەتی هەڕەشە لێکراو هەیە، هەروەها (١) شەڵتەری تایبەت بە قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ هەیە، سەبارەت بەو ڕاسپاردەی کە تایبەتە بە زیادبوونی ناوەندە تایبەتمەندەکانی داڵدەدان و دووبارە ئامادەکردنەوەی قوربانییەکان و دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە کۆمەڵگادا.

هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی

- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی ئیتیحادی واژۆی لەسەر (مدونەی بەکارخستن) کردووە.
- هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم و عێراق یاداشتی لێکتێگەیشتن و پڕۆژەی سیاسەتی پشکنینی کار و سیاسەتی ڕێکارەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەییان پەسەندیان کرد.
- هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە بەغدا بەمەبەستی سود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی سەنتەری نیشتمانی بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەغدا بۆ بنیاتنانی تواناکانی کرێکاران لە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە ناوچەکەدا.
- دانانی سیاسەتێکی هاوبەش بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی کارکردنی منداڵان لە لایەن حکوومەتی فیدڕاڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار.

- دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بەتایبەتی هەردوو وەزارەتی داد و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەیە.

هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکان

- هەماهەنگی لەگەڵ ڕیکخراوی IOL لە سەر پرۆژەکانی ڕاهێنان و پیشەییەکانی شارو شارۆچکەکان و ئامادەکردنی پلان و پرۆژەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤.
- هەماهەنگی و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف تایبەت بە کەمئەندامان لە رووی بوونی پلانێکی ستراتیژی نیشتمانی بۆ کەمئەندامان و کارەکانی ئەنجوومەنی کەمئەندامان و داتای تایبەت بە کەمئەندامان و راڤەی گوزەرانی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (solidarity center) بەمەبەستی هاوکاری چینی کرێکار و سەندیکای کرێکاران لە لایەنی هونەری و ئەنجامدانی چەندین چالاکی هۆشیارکردنەوە و خولی تایبەت و پەرەپێدانی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و ڕاهێنان پێکردنی پشکنەران و دەستەبەری کرێکاران.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی International Medical Corps بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک ڕاهێنان تایبەت بە پرسی پاراستنی منداڵ، بەڕێوبردنی کەیس و چەندین ڕاهێنانی تر تایبەت بە فەرمانبەر و توێژەری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
- واژووکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە مەبەستی سنووردارکردنی دیاردەی  کارکردنی منداڵان و بەهێزبوونی توانای کۆمەڵگا سەبارەت بە پاراستنی منداڵ بە گشتی و منداڵی ئیشکەر بەتایبەتی، ئەم پرۆژەیە لە هەرسێ پارێزگا هەولێر، سلێمانی و دهۆك ئەنجام دەدرێت.
- پاڵپشت بە یاداشتی واژووکراو لەگەڵ ڕێکخراوی WFP ڕێکخراوی ناوبراو پاڵپشتی دارایی بەبڕی نزیکەی (٧٥٠) ملیۆن دینار خەرجکرد بۆ دابینکردنی ئامێر و کەلوپەل و پێداویستی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی هەولێر، سلێمانی و دهۆك جگە لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ سوودمەندان و ڕاهێنەران.
- قۆناغی سەرەتایی لە ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش بۆ (٣٢٠٠) خێزانی هەژار و کەمدەرامەت لەشاری دهۆك لەسەر بنەمای هێڵی هەژاری بەشێوەی تێست، لە نێوان وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان لە حکومەتی هەرێم و فیدراڵ، بانکی نێودەوڵەتی، پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، WFP و ڕێکخراوی یونسێف.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

- پێویستە ئەو ئافرەتانەی کە لە شێڵتەرەکان دەژین و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە لە دوای تەمەنی ١٨ ساڵییەوە لەلایەن حکومەتەوە ڕاهێنان و شیاندنەوەیان بۆ بکرێت و لەژێر چاودێری دابن و هەلی کاریان بۆ دابین بکرێت.
- ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی بەو پێشێلکارییە یان لەو سکاڵایانەی کە دەدرێت بە یەکەی کارگێری چاکسازییەکان سەبارەت بە حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان و منداڵان.

تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

- هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنیقەلەباڵغی لە چاکسازییەکان و وەکو ئەولەویەت دروست کردنی باڵەخانەی چاکسازیی نوێ بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بخرێتە پلان و بەرنامەی کاری لایەنە پەیوەندیدارەکان کە تێیدا پۆلێن کردنی جۆری سزاکان ڕەچاو بکرێت.
- دامەزراندنی یەکەی چاودێری پزیشکی لە گشت چاکسازییەکانکە لەژێر چاودێری تەندروستیدا بێت .
- ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی پەیوەست بەو پێشێلکارییە، یان سکاڵایانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی یەکەی کارگێری چاکسازی و گرتووخانە.

تایبەت بە پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە زانیاری

- گرنگیدان بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە بواری وەرگێڕان و زیادکردنی ژمارەی مامۆستایانی زمانی ئاماژە بۆ کەسانی کەمئەندام.
- زیادکردنی ژمارەی سەنتەرەکانی کەمئەندامان لە هەرێمدا و لەنێویاندا سەنتەرەکانی لاڵ و نابیستان.

تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن

- ئەوەی پەیوەست بێت بە باڵەخانەی زیندانەکانەوە، ئەوا پێویستە کار بکرێت لەسەر دروستکردنی زیندانەکان بە رەچاوکردنی پێوەرە ئەندازەیی و تەلارسازییەکانی تایبەت بە زیندانەکان لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دیزاینە ئەندازییەکانی باڵەخانەکان، و رەچاوکردنی شوێنی زیندانەکە بە چەشنێك لە دەروەی گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون بێت، و پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە نابێت زیندانەکان بە شێوەی هۆڵی گەورە و بۆ ژمارەیەکی زۆر دروست بکرێن، ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی لایەنی تەندروستی و ئەمنی تێیاندا.
- کارکردن بە پۆلێنکردنی توێژەکان بۆ حوکمدراوەکان و راگیراوەکان لە زیندانی و چاکسازییەکان و ناوەندەکانی راگرتن و دەستەبەسەرکردن، بە واتای پۆلێنکردنیان بە گوێرەی تاوان و سزاکان و تەمەن و رەگەز و باری یاسایی و مەترسی تاوانکاری و بارودۆخی تەندروستی و تەنانەت کۆمەڵایەتی، کە ئەم هەنگاوانەش بە رادەیەکی گەورە هاوکار دەبن بۆ پرۆسەی دانانی پرۆگرامەکانی راهێنانەوەی تایبەت بە تاکەکەسەکان.

- زامنی ئەوە بکرێت ئەو کەسانەی لە ئازادی بێبەشکراون لە شوێنێکدا دەستەبەسەر بکرێن کە لە ژێر چاودێریدا بێت، و دەستەبەسەرکراوەکانیش بتوانن پەیوەندی بە خێزان و پارێزەرەکانییانەوە بکەن و ئەمانەی دواییش ئاگادار بکرێنەوە لە چارەنووسیان و ئەو شوێنەی یاساییەی تێیدا دەستبەسەرکراون.
- کاراکردنی سیستمی خێزانی جێگرەوە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك.
- زامنکردنی دەستەبەرکردنی پاڵپشتی و ڕێوشوێنی ئاسانکاری بۆ کەسانی کەمئەندام کە گومان دەکرێت تاوانیان ئەنجامدابێت، بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییە تاکەکەسییەکان لە کاتی دەستبەسەرکردنیاندا.
- هۆشیاریکردنەوەی کەسوکاری بەندکراوان و ڕەگیراوان بە ژمارەی لیژنەی تایبەت بە سکاڵا تا بتوانن لە ڕێگەی ئامرازە ئەلکترۆنیەکان یان پەیوەندی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆوە سکاڵای خۆیان تۆمار بکەن.

تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ


- دامەزراندنی خانەی داڵدەدانی گونجاو بۆ لەخۆگرتنی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- بەردەوام بوون لە بەرەوپێشبردنی ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، کە بەشێکیان قوربانین و دەکرێت قوربانیانی بازرگانی پێکراو لەم شوێنە سەلامەت و پارێزراو بن.
- ڕاهێنانی ستافی خانەکانی داڵدەدان بۆ بونیادنانیانی تواناکانیان.
- پێویستە کرێکارانی بیانی نوێنەری خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشیان بێت و بیانپارێزێت لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان

- جیاکردنەوەی بازرگانان و قوربانییەکانی ماددە هۆشبەرەکان لە چاکسازییەکاندا.
- دووبارە شیاندنەوەی قوربانیان و دابینکردنی شوێنی گونجاوی جیا بۆ بەکارهێنەر و سزادراوان.
- لە چاکسازییەکان پێداویستی و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران لەبەرچاو بگیرێت کە دۆخێکی تایبەتە.
- سوود لەو کەسانە وەربگیرێت کە لە ئالوودەبوون چارەسەر کراون بۆ باس کردنی ئەزموونەکەیان لە تووشبوونەوە تاکو چارەسەر کردن بۆ ئاشنابوونی گەنجان بە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر.
- خولی وشیار کردنەوە لە ئاستی بەرز بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی چاکسازییەکان بکرێتەوە.


## وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لە کۆی (٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (١) ڕاسپاردەیە، ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 1 | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 | 1 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 2 | | |

هێڵکاری ٣٨ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان




هێڵکاری ٣٩ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٤٠ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبووردەیی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی کارکردنە بە پرەنسیپی هاووڵاتی بوون و ڕێزگرتن لە فرەیی لە ڕێی زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئامانج لەم پرۆگرامانەش بڵاوکردنەوەی کەلتوری مافەکانی مرۆڤە لە ڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە، بە چەشنێك ئەو پرۆگرامانە جێبەجێ بکرێن بە بەشداری دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مەترسی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی

- یاسای کاری ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥) ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەرک و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران دیاریکراوە.
- یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.

میکانیزمی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووگەری

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بۆردێکیان پێکهێناوە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- وەزارەتی ناوخۆ و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان یاداشتی لێکتێگەیشتنیان ئامادەکردووە بۆ ئاسانکاری کاری ڕۆژنامەوانی بەپێی یاسا.

مۆڵەتی کارکردن و پەخش

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەرکرد تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی فریکیۆنستی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ولە وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٣٠٥) لە ٢٠٢٣ دەرچوو، میدیای ئەلیکترۆنی و ریکلامی بازرگانی. ئەم ڕێنماییانە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان و جیاکارینەکردن و بنبڕکردنی ئەو وتارانەی کە زیانیان بە برایەتی و پێکەوەژیان دەگەیەنن.
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٣ دەرکردووە تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەبەر نەگونجانی ئەم ڕێنماییە لەگەڵ پرنسیپەکانی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی و

کاری میدیایی بۆیە وەزارەت بە بەیانی ژمارە (١)  ساڵی ٢٠٢٤ ڕێنمایی ئاماژەپێکراوی هەڵوەشاندنەوە و بڕیاری دا کار بە ڕێنمایی ژمارەی (١) ساڵی ٢٠١٤ ڕێنمایی ڕێکخستنی فریکوینسی سوەیس لە هەرێمی کوردستان بکرێت.

- لە ئێستادا مۆڵەتی کارکردن و پەخش بە (١٤٤) کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان دراوە کە (٣٦) یان کەناڵی ئاسمانین و (١٠٨) کەناڵی ناوخۆیین، مۆڵەتی کارکردن و پەخش بە (١٥٥) ڕادیۆ دراوە.
- دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار و ویبسایتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان بە ئازادی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

<u>ڕێنماییەکان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان</u>

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چەند ڕێنماییەکی دەرکردووە کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی فریکوێنسی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، مۆڵەتی کاری ئێستگەکانی ڕادیۆ، ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی، و ڕێکخستنی ڕیکلامی بازرگانی. ئەم ڕێنماییانە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان و جیاکارینەکردن و بنبڕکردنی ئەو وتارانەی کە زیانیان پێدەگەیەنن. بەم شێوەیەی خوارەوە:

<u>لە ساڵی ٢٠٢٠</u>

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە فەرمانی کارگێری ژمارە ٥٤٦ لە ٢٠٢٠/٦/٢٢ ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی دەرکرد و ئاڕاستەی سەرجەم تەلەفزیۆنەکان کران کە پێویستە پێوەی پابەند بن و بریتین لەمانە:

- بە هیچ جۆرێک لە کاتی پەخشی بەرنامەی خێرخوازییەکاندا نا بێت ڕوخساری منداڵ دەرکەوێت تەنانەت ئەگەر باوانیشی ڕەزامەندیان پیشاندا.
- پاراستنی کەرامەت و مافی کەسانی کەمدەرامەت (خێرپێکراو) بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵگا شەرمەزار نەبن، بە جۆرێک بێت دەموچاوی کەسانی کەمدەرامەت (خێرپێکراو) یان خانەوادەکانیان بە ڕوونی دەرنەکەوێت.
- پێویستە تەنها ئاماژە بە ناوی یەکەمی کەسانی کەم دەرامەت (خێر پێکراو) بکرێت.
- پێویستە هەژماری بانکی بۆ کەسانی کەمدەرامەت (خێرپێکراوەکان) بکرێتەوە.
- نا بێت هیچ بڕێکی پارە لە لایەن میدیاکانەوە گل بدرێتەوە بۆ هەر مەبەستێک بێت.
- هەر کەناڵێک بەرنامەی خێرخوازی هەبێت پێویستە هەژماری بانکی کەسانی کەم دەرامەت (خێر پێکراوە) لە سەر شاشەکە لە کاتی پەخشی بەرنامەکە بە نووسین و دەنگ پەخش بکرێت.

<u>لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

- ڕۆژی ٢٠٢٣/٦/٥ بە نووسراوی ژمارە (٩٠٨) بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن وچاپ و بڵاوکردنەوە ئاڕاستەی دیوانی وەزارەت کراوە و وەزارەت بە نووسراوی (٣٢١٦) لەرێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٣ ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان ئاماژە بە نووسراوەکە دەکات رێکارەکانی پەخش کردنی ئەم جۆرە بەرنامانە و باشترکردنی ڕۆڵی بەرنامە خێرخوازییەکان کە لە میدیای بینراو بیستراو پەخش دەکرێت رێکخستووە و ڕێکخراوە، هەروەها لە بڕگەی (أ) لە خاڵی (٢٢)ی ماددەی چوارەمی رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ ئاماژەی بە

کاری میدیای لە هەرێمی کوردستان کراوە، چەندین کەناڵ سزادراون کە پێچەوانەی ئەم فەرمانە کاریان کردووە و ڕێکاری یاساییان بەرامبەر وەرگیراوە.

- بە نووسراوی ژمارە (١٨٢٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٢ کە تایبەت بوو بە بەرنامە خێرخوازییەکان و ئەو ڕێنماییانەی کە دەرچوون جەخت لەسەر پابەندبوون بە ڕێنماییەکان کراوە.
- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ دەرچووە تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنی فریکیۆنستی رادیۆ و تەلەفزیۆن، میدیای ئەلیکترۆنی و ریکلامی بازرگانی. ئەم ڕێنماییانە پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی کەلتووری پێکەوەژیان و جیاکاری نەکردن و بنبڕکردنی ئەو وتارانەی کە زیان بە برایەتی و پێکەوەژیان دەگەیەنن.

<u>بەکارهێنانی زمانی ئاماژە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن</u>

بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی تایبەت بە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە بە نووسراوی ژمارە (١٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢ ئاڕاستەی سەرجەم میدیایە بینراوەکان (تەلەفزیۆنەکان) کراوە، و تێیدا هاتووە (لەسەر راسپاردەی نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئاگادارتان دەکەینەوە کە پێویستە زمانی ئاماژە بەکاربهێنن بەتایبەتی لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان).

لەبەر ئەوەی هیچ دەزگایەکی میدیایی وەڵامیان نەداوە و ڕێنماییەکەیان جێبەجێ نەکرد و هۆکارەکەشیان روون نەکردۆتەوە، بۆیە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ساڵی ٢٠٢٤ نوسراوی جەخت کردنەوە ئاڕاستەیان دەکات کە پێویستە زمانی ئاماژە بەکار بهێنرێت.

<u>بۆ پابەند بوون بە پرەنسیبەکانی مافی مرۆڤ کە لە راسپاردەکانی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕەنگی داوەتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چەند ڕێنماییەکی ئاڕاستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیاکان کردووە بەم شێوەیە:</u>

- ئەو جۆرە بەرنامانە لە کەناڵەکانیان پەخش بکرێت ڕەچاوی باری دەروونی و مرۆیی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و نەخۆش بکەن، چونکە پێچەوانەی ئەمە دەبێتە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ.
- ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر کەسێک بۆ زمانی ئاماژە تەرخان بکەن بەتایبەتی لە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵەکان.
- بڵاونەکردنەوەی ئەو ڕیکلامە بازرگانیانەی کە کاریگەری نەرێنی و نێگەتیڤی لەسەر ئاشتەوایی خێزان و کۆمەڵگا دروست دەکات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگادا.
- وەستاندنی ڕوماڵکردنی سواڵکردنی منداڵ بە ڕەچاوکردنی مافەکانی منداڵ و کەرامەتی خێزانەکانیان بەپێی ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ ساڵی ١٩٨٩ و پرەنسیپە کار پێکراوەکانی ڕێکخراوی یونیسێف.
- پیشان نەدانی توندوتیژی و کوشتن و تۆمەتباران و وەرنەگرتنی وتەکانیان پێش بڕیاری دادگا و زەقنەکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

- ئاگادارکردنەوەی کەناڵەکانی بینراو بیستراوەکان کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و وشیار کردنەوەی گەنجان لە ئاکامەکانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن.
- ئاگادارکردنەوەی کەناڵەکانی بینراو کە بە هیچ شێوەیەک جەستەی ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی کوشتن و تاوانی دڕندانە بونەتەوە بڵاو نەکەنەوە.
- قەدەغەکردنی چوونە ژوورەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ناو هۆڵی سزادراوان و نیشاندانی بۆ ڕای گشتی بە شێوەیەکی ئاشکرا، چونکە پێچەوانەی بنەما گشتییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە.
- بڵاونەکردنەوەی منداڵە دۆزراو و فڕێدراوەکان لە کەناڵە ناوخۆییەکان، چونکە پێچەوانەی یاسای چاودێری نەوجەوانانە و ڕێگا نەدان بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە هەواڵانە.
- لەژێر ڕاسپاردەی داواکاری گشتی دەستەی مافی گشتی بە نوسراوی ژمارە ٢٠٨ لە ٢٠٢١/٣/٩ و نوسراوی ژمارە ٢٤٢ لە ٢٠٢١/٣/١٦.
- لەژێر ڕاسپاردەی داواکاری گشتی دەستەی مافی گشتی بە نوسراوەکانی ژمارە (٢٠٨) لە ٢٠٢١/٣/٩ و ژمارە ٢٤٢ لە ٢٠٢١/٣/١٦ پەخش کردنی ئەو بەرنامانە لە کەناڵەکان رادەگیرێت کە نەشیاون و دوورن لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوەی زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنن و شیرازەی خێزان تێکدەدەن.

<u>ئەو ئاگاداریانەی لە ساڵی ٢٠٢٣ ئاڕاستەی دەزگاکانی راگەیاندن کراون:</u>

- بە نووسراوی ژمارە (١١٧٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٢٥ کە ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک لە کەناڵ و وێبسایتانەی کە هەستاون بە پەخش کردنی ریکلامی (قومارکردن) کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی تاوانی ئەلیکترۆنی و پەخش کردن و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بەرهەم و فیلمی بیانی نەشیاو کە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەلگای کوردی ناگونجێ بە ڕێنمایی ژمارە (١)ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە کاری میدیایی هەوڵی کۆتایی هێنان ئەم بابەتە دراوە بە پێکهێنانی بۆردێک لە لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- نووسراوی ژمارە(٦٣٨) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٨ ئاڕاستەی گشت میدیا بینراو و بیستراو کراوە ئاماژە بە نووسراوی فەرمانگەی میدیا و زانیاری ژمار (٢٩) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٩ بۆ ڕاگرتنی ڕووماڵی هەواڵی تاوان (کوشتن و سووتاندن و...هتد) کە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری هاووڵاتیان بۆ ئەنجامدانی تاوان.
- نووسراوی ژمارە (٢٨١٧) لە ٢٠٢٢/٦/٩ کە ڕێکلامی کورت و نووسین و وێنە لە سەرجەم کەناڵەکان بڵاوبکرێنەوە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی ژینگە، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی، کێشەکانی خێزانی، کوشتن و خۆکوشتن، مادده هۆشبەرەکان، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن .
- نووسراوی ژمارە (٧٦٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٢ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ کراوە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ سنووردارکردنی توندوتیژی خێزانی لە کەناڵەکان بەتایبەتی ئاماژە کردن بە ئەپلیکەیشنی (safe you) و هێڵی گەرمی ژمارە (١١٩).

هەڵمەتەکانی هۆشیار کردنەوەی هاووڵاتیان لە ڕێگای سپۆت و کورتە ڤیدیۆ

بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پلانی هەرێمی لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بە مەبەستی گەیاندن و ڕوونکردنەوەی بەشێک لە ڕاسپاردەکان، جگە لە بابەتەکانی تایبەتمەند و پێویست بە بوارەکانی ژیان و بۆ بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان لە ساڵی ٢٠٢٢ تاکو ٢٠٢٤ نزیکەی (٤٢) سپۆت و کورتە ڤیدیۆ بەرهەم هێندراون و لە کەناڵەکان پەخش کراون وەک:

- بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دروست لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تەندروستی منداڵ و خێزان، هۆکارەکانی زیاد بوونی نەخۆشی و مەترسییەکانی پیسبوونی ژینگە، زیاد بوونی خەرجیەکان بەهۆی بەکارهێنانی کیسی پلاستیک، بە بازارکردنی بەرهەمی خۆماڵی و هاندانی جووتیاران، گرنگیدان بە بەرووبوومی ناوخۆیی، هۆشیارکردنەوە و مەترسییەکانی کەم ئاوی و سپۆتی ئاوی، بەکارنەهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، پاراستنی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ.

هۆشیارکردنەوە لە مەترسی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان

- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە رێگای هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاگادار کردۆتەوە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان چالاکی ئەنجام بدرێت.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، چالاکییەکانی ئەنجام دەدات لە رێگای (٨) بەڕێوەبەرایەتی لاوان لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان،ئەوانیش سەرپەرشتی (٤٨) ناوەندی وەرزش و لاوان دەکەن لە سەرتاسەری هەرێم. (١٤) ناوەند لە هەولێر و (١١) ناوەند لە سلێمانی و (١٠) دە ناوەند لە دهۆک (١) ناوەند لە هەڵەبجە و (٣) ناوەند لە گەرمیان و (٢) ناوەند لە ڕاپەرین و (٥) ناوەند لە سۆران و (٢) ناوەند لە زاخۆ.

دانانی نەخشەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان

١. ئامادەکردنی ڕووپێوی لاوان و هەرزەکاران لەسەر ئاستی هەرێم، تایبەت بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێم، بۆ دانانی پلانی ستراتیژی و کارنامە و نەخشەڕێگایەکی زانستی و کاریگەر.
٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام، لەسەر ئاستی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی لاوانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و گشت ناوەندەکانی وەرزش و لاوان لەسەر ئاستی هەرێم) بە هەماهەنگی و بەشداریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەناڵەکانی ڕاگایاندن و سۆشیاڵ میدیا.
٣. کردنەوەی یەکەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبارەکان لە سەرجەم (بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی لاوانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان) بۆ سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی مادده

هۆشبەرەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە مەترسییە دەروونی و جەستییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە.

٤. کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بەردەوام لە ناوەندەکانی وەرزش و لاوان دابینکردنی سەرجەم پێداوستیەکانی هۆشیارکردنەوەی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر.

٥. ئەنجامدانی کۆنفرانسی ساڵانە ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاستی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٦. پێکهێنانی گروپ لە شار و شارۆچکەکان بۆ پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر دۆخی گەنجان و زانیاری وەرگرتن لەسەر ئاڵوودەبوونی گەنجان بە ماددەی هۆشبەر، هەروەها ئاڵوگۆڕکردن و دیالۆک لە نێوان گەنجان لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر.

٧. پێشکەشکردنی سیمینار و وۆرکشۆپ لەسەر کێشەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و مەترسییەکانی لە دوا ڕۆژدا لە ناوەندەکانی وەرزش و لاوان، لە رووی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی، هەروەها سزاکان لە رووی یاساییەوە.

٨. هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ بەرنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەر و ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسییەکان.

٩. بەرهەمهێنانی کورتە فیلم بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان و بەرنگاربوونەوەی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەرەکان و نمایشکردنی لە فیستیڤاڵی ساڵانەی لاوان.

١٠. ئامادەکردن و پێگەیاندی (٢) ڕاهێنەر بۆ هەر ناوەندێکی وەرزش و لاوان بۆ هۆشیارکردنەوەی لاوان لە مەترسیەکانی ئاڵوودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکان.

١١. هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پسپۆڕێک وەک وانەبێژ بۆ پێشکەشکردنی وانە و کردنەوەی خول و سەرپەرشتی کردنی کەمپینەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییە دەروونی و جەستەییەکانی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە ناوەندەکانی وەرزش و لاوان.

١٢. دروستکردن و پێکهێنانی ئەنجومەنێکی لاوان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بە بەشداری سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومیەکان، بۆ دانانی پلان و کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سەبارەت بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بۆ ئەم مەبەستە ئەو ناوچانەی زۆرترین مەترسییان لەسەرە بەپێی پێویست ڕاپۆرت و پێشنیار بەرز بکاتەوە بۆ لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان.

<u>ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە</u>

لە سەرتاسـەری هەرێمی کوردستان، چالاکییەکانی لە ڕێگای (٦) شەش بەڕێوەبەرایەتی ئەنجام دەدات، کە بریتین لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و سۆران، بەڕێوەبەرایەتی مەشق وڕاهێنان و ڕادیۆی نەورۆز. ئەرکەکانیشی بەم شێوەیە ئەنجام دەدات:

١. دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگادار دەکاتەوە لە پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا ماددەی هۆشبەرو زیانەکانی.
٢. بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان سپۆتی تایبەت دروست دەکات لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا ماددەی هۆشبەر.
٣. چاپکردنی کتێب ونامیلکە، بۆڕۆشنکردنەوەی زیاتری زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان.
٤. چاپکردنی پۆستەر، بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی نێوکۆمەڵگا وبەرجەستەکردنی زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان.
٥. پەیوەندیکردن و میوانداری پسپۆڕان بۆ ئەوەی لە سەکۆی ڕادیۆی نەورۆز هۆشیاری و زانیاری پێویست بدەنە هاووڵاتیان.
٦. ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بەبێ بەرامبەر بە خۆڕایی ئەو سپۆتانەی کە تایبەتن بە بەرنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرو زیانەکانی شەوانە پەخش بکرێت و بۆ چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە.
٧. دەرهێنانی فیلمی دیکۆمینتاری دەربارەی لێکەوتەکانی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

مەرجەکانی کوالێتی ڕاگەیاندن بەخشکردن

پێویستە میدیای بیستراو و بینراو، پابەندبن بەم خاڵانەی خوارەوە:

- زیان نەگەیاندن بە ئاسایشی نیشتمانی و بەرژەوەندی گشتی لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان.
- دوورکەوتنەوە لە تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و شیرازەی خێزان.
- پەخشنەکردنی ئەو بەرنامە و بڕگانەی کە هانی جیاکاری ڕەگەزی و توندڕەوی و دەمارگیری لە بوارەکانی ئایینی و تایفی و نەتەویی و ناوچەگەری دەدەن.
- دوورکەوتنەوە لەو کارە میدیاییانەی کە دەبنە هوی قەیرانی ئابووری و شڵەژاندنی بازاڕە ناوخۆییەکان.
- پەنا نەبردنە بەر ناوزڕاندن و جنێودان و بێزارکردنی کەسەکان، یاخود لایەنە مەعنەوییەکان.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە زانیاری

- پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێنماییانە بکرێت کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکی میدیایی و پێدانی زانیاری لە دامودەزگاکانی میری، بە پێچەوانەوە لە ڕووی کارگێڕییەوە هەنگاوی خێرا بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن.
- دانانی میکانیزمێک بۆ خێراکردنی پرۆسەی پێدانی زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان، لە هەمان کاتدا هۆکاری پێدان یان پێنەدانی زانیاری لە سەرچاوە فەرمییەکان دیاریبکرێت، هەروەها چاودێری ئەم پرۆسەیە دەکرێت بە هاوبەشی بێت لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ وەک لایەنێکی سەربەخۆ.
- هەوڵی باشتر بدرێت بۆ دەستەبەرکردنی یاسای مافی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣ لە هەرێمی کوردستان و دانانی میکانیزمی بەهێز بۆ جێبەجێکردنی. هاوکات، دامەزراندنی گروپێکی هەماهەنگی بە ئەندامییەتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسایەکە.
- بە ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە زانیارییە ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوەکان جیابکرێنەوە، هاوکات جیاوازی لە نێوان ئەو زانیاریانە بکرێت کە بۆ بەرژەوەندی تایبەت یان گشتین.
- بە ڕاوێژ لەگەڵ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، هێڵە گشتی و سوورەکانی بەرژەوەندی نیشتیمانی لە پرسەکانی ڕۆژنامەگەری میدیایی و ئەلکترۆنی دەستنیشان بکرێت و دەستنیشانکردنی ئەو زانیاریانەی پەیوەستن بە ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان کە ڕێگەپێدراو نییە بزانرێ و بڵاوبکرێنەوە، تا بەرچاوڕوونی یاسایی بۆ ڕۆژنامەنووسان زیاتر بێت.
- هەنگاونان بۆ پێشخستنی کارکردنی ئازادانەی ناوەندە میدیاییەکان، لەوانەش بە جەختکردنەوە لە ڕۆڵی میدیای ئازاد لە کۆمەڵگادا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ڕۆژنامەنووسان و ئەو کەسانەی پراکتیزەی ئازادییەکانیان لەژێر ڕۆشنایی مافی ئازادی ڕادەربڕیندا دەکەن لەژێر سایەی یاسا و دەوڵەتدا پارێزراون.
- جەختکردنەوە لە چاوپێکەوتن و گفتوگۆی بەردەوامی بەرپرسانی حکومی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران. لەم ڕووەوە، دەستنیشان کردنی فەرمانبەرێک لەلایەن هەر دامودەزگایەکی حکومی بۆ پێدانی زانیاری هاوکار دەبێت بۆ بەرجەستەبوونی ئەم هەنگاوە.
- ئاگادارکردنەوەی دامودەزگا حکومییەکان لە ئەنجامدانی پۆلێنکردنی زانیاری بە جۆرێک هەریەکیان پۆلینی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئەمەش مەرجێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی مافی هاووڵاتی لە دەستخستنی زانیاری.
- دڵنیابوون لەوەی کە هەموو سنووردارکردنەکانی ئازادی ڕادەربڕین کە لە یاسا ناوخۆییەکاندا هاتووە لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکانی مافی مرۆڤدا یەکدەگرنەوە. لەم ڕووەوە، یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان سوودمەند دەبێت لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یاساکانی دیکە کە مامەڵە لەگەڵ بابەتی ئازادی ڕادەربڕین دەکەن (بۆ نموونە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان).
- لە کاتی بوونی دەنگۆی پێشێلکارییەکان دژی ڕۆژنامەنووسان، لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ داواکاری گشتی و ئەنجوومەنی دادوەری بەدواداچوون بکەن بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان و

دەرئەنجامەکانی بۆ ڕای گشتی ڕابگەیەنن، دەکرێت کۆمەڵگەی مەدەنی یان لایەنێکی نێودەوڵەتی، بۆ نموونە یۆنامی، وەک چاودێر بەشدارییان پێبکرێت.

- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەرێمی کوردستان پێگیر بکرێت بە چاودێری کردنی ئەو دەزگا میدیایانەی کە پرۆفیشناڵانە و بێلایەنانە کارناکەن کە سەرەنجام زیان بە ئارامی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەروونی هاوڵاتیان دەگەیەنن، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ داواکاری گشتی داوای گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی بکەن بەرامبەر کەس و لایەنە کەمتەرخەمەکان.
- جەخت لە ئاگادارکردنەوەی گوتەبێژ و بەرپرسی ڕاگەیاندنی دامەزراوە فەرمییەکان بکرێتەوە کە وەڵامی داواکاریەکانی میدیاکاران بدەنەوە، و لە ئەگەری بوونی ئاستەنگێک لە وەڵامدانەوەی داواکارییەکان هۆکارەکە بەڕوونی ئاشکرابکرێت.
- جەختکردنەوە لەوەی کە گوتەبێژ و بەرپرسانی راگەیاندنی دامەزراوە فەرمییەکان دەرچووی بەشی راگەیاندن بن یاخود پشتگیری سەندیکای رۆژنامەنووسان بیسەلمێنێت کە ئەزموونێکی چەن ساڵەیان بە بەردەوامی لە بواری راگەیاندندا هەبێت. دەکرێت ئەنجومەنی باڵای راژەی گشتی هەرێم لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی میلاک و بەپێی وەسفی وەزیفی ئەو ئەرکەی پێ بسپێردرێت.

تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

بەشداربوون لە ئەنجامدانی هەڵمەتی نیشتمانی هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە بازرگانی پێکردن بە مرۆڤ.

تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە

- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە مەبەستی ڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا کە هۆکاری سەرەکین بۆ بڵاوکردنەوەی جیاکاری کە مەبەستیان تێکدان و شێواندنی کاری دامەزراوەکانی حکومەتە.
- هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە قۆستنەوەی ئازادی ڕادەڕبرین کە توندوتیژی و گوتاری ڕق لێبوونەوە و ڕەگەزپەرستی لێدەکەوێتەوە.
- بەدواداچوون لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی جیاکاری بە هەموو جۆرەکانییەوە، شیکردنەوە، دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و چارەسەرکردنی لە ڕێگای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لەگەڵ میدیاکان.

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان

- دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مەترسی و لێکەوتە یاساییەکانی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی  مادده هۆشبەرەکان.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەرفراوان لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندن (بینراو، بیتسراو، خوێندراو) سەبارەت بە زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان، چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی و رێکارەکانی خۆپارێزی.

- هەڵمەتەکانی هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگا لە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان چڕتر بکرێنەوە، لەم رووەوە میدیا و سۆشیال میدیاش رۆڵێکی گرنگیان دەبێت.
- کارکردنی بەردەوام لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و لاوان لە زیانەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، فەرمانگە، دەستە، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی تایبەت بە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان بە ئەنجامدانی کۆڕ، سیمینار، و توێژینەوەی زانستی دەربارەی ماددەی هۆشبەر.

<u>تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

- زیادکردنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە بە بەشداری کەسانی کەمئەندام بە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەبارەی مافەکانیان و نەهێشتنی جیاکاری لە دژیان و برەودان بە بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و گشتیدا.
- بەدواداچوون بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢ دەرچووە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانەوە کە تیایدا ئاگاداری گشت میدیا بینراوەکانی کردووە بە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

<u>ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان</u>

لەسەر ڕاسپاردە و ڕێنمایی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری و داتای تەواو لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری و پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندکارەکان و دەستگیرکردنیان و کێشەکانیان، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ نووسراوی ژمارە (٦٦٧٤)ی ئاڕاستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە بۆ پێدانی زانیاری تەواو سەبارەت بە بواری ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و دەستگیرکردن و پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و چوونیان بۆ بەردەم دادگا.

<u>ئاماری داوا تۆمارکراوەکان لە دادگاکان بۆ ساڵی ٢٠٢٣</u>

لە ساڵی ٢٠٢٣ چەندین داوای یاسایی دژی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ دادگا بەرز کرانەوە لەسەر بابەتی جۆراوجۆر وەک سازشکردن لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، ناوزڕاندن و سوکایەتی و هەڕەشە کردن، سەندیکای رۆژنامەنووسان پارێزەری دابین کردووە بۆ بەرگری کردن لە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن.

خشتەی٣٥  ئاماری داوای تۆمار کراو دژی دەزگاکانی راگەیاندن لە ساڵی ٢٠٢٣ کە سەندیکای رۆژنامەنووسان پارێزەری بۆ دابین کردووە

| ژ | دەزگای ڕاگەیاندن | جۆری داوا | لایەنی سکاڵاکار | جۆری بەرگری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گاڤ نیوز | سازشکردن لەسەر ئاسایشی نیشتمانی | قەوارەی سەربازی | بەرگریکردن تا کۆتایی دۆسیەکە | لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس بڕیاری لەسەر درا |
| ٢ | گاڤ نیوز | ناوزڕاندن | پەروەردەی دهۆک | بەدواداچوون و بەشداریکردنی لێکۆڵینەوەکەدا | لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس بڕیاری لەسەر درا |
| ٣ | گاڤ نیوز | ناوزڕاندن | وەزارەتی کارەبا | بەرگریکردن لێی تا کۆتایی دۆسیەکە | لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس بڕیاری لەسەر درا |
| ٤ | دەزگای NRT (پەیامنێر) | سوکایەتی و هەڕەشەکردن | هاووڵاتی | بەرگریکردن لێی تا کۆتایی دۆسیەکە | لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس بڕیاری لەسەر درا |
| ٥ | دەزگای NRT (کامێرامان) | سوکایەتی و هەڕەشەکردن | هاووڵاتی | بەرگریکردن لێی تا کۆتایی دۆسیەکە | لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووس بڕیاری لەسەر درا |

<u>ئەو داوایانەی لە دادگاکان و داواکار گشتی تۆمار کراون لە بابەتی یەکلاکردنەوەی کەیسی رۆژنامەنووسان</u>

- لە ساڵانی ٢٠٢١ تاکو ٢٠٢٣ ژمارەی ئەو نووسراوانە لە دادگا و پۆلیس ئاڕاستەی سەندیکا کراون بریتی بووە لە (٦٥) نووسراو.
- (٢) داوا لە دادگاکان تۆمار کراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. داخستنی دۆسیەیەک لەسەر ڕۆژنامەنووسێکی کەناڵی ئێن ئاڕ تی (بڕیارەکە لە ٢١ ئەیلولی ٢٠٢٣ دەرچووە و لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسەکە یەکلایی کراوەتەوە).
2. سکاڵایەک کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (ئیسلام کاشانی) تۆمارکراوە لە دادگای زاخۆ.

- (٢) داوا تۆمارکراوە لە لایەن داواکاری گشتی (وەک داوای سزایی تۆمار نەکراوە) بەم شێوەیە:

1. سکاڵایەک کە بەناوی کەناڵی ئێن ئاڕ تی تۆمار کراوە دژی هێزەکانی سواتی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دهۆک لە داواکاری گشتی / نووسینگەی  دهۆک).
2. سکاڵایەک کە بەناوی کەناڵی سپێدە تۆمار کراوە دژی هێزەکانی سواتی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دهۆک لە داواکاری گشتی / نووسینگەی  دهۆک).

<u>ئاماری دەزگاکانی ڕاگەیاندن (گۆڤار، ڕۆژنامە و ماڵپەڕی هەواڵی)ی تۆمار کراو لە هەرێمی کوردستان بەپێی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

- گۆڤار (٧٢٦).
- ڕۆژنامە (٢٦٣).

- ماڵپەڕی هەواڵی (١٣٠).

ئاماری ئەندامانی سەندیکا لە ساڵی ٢٠٢٣

- ئەندامی کارا (٦٩١٠).
- ئەندامی مەشقکار (٢٤٢).
- ئەندامی بەشدار (٢٠٢٠).


نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامانی سەندیکا بە سیستمی (NFC)

بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ٢٠٢٤ بڕیار درا کە نوێکردنەوەی ناسنامەی ئەندامانی سەندیکا بە سیستمی (NFC/Near Field Communication) بێت کە جۆرێکی تەکنەلۆژیای وایەرلێسە کە تەنیا لە مەودایەکی کەمی چەند ئینجی کار دەکات و بە کاردێت بۆ گواستنەوەی زانیاری لەم مەودایەدا و بە شوێنکەوتنی ستانداردی نێودەوڵەتی (ISO ١٤٤٤٣) لەگەڵ ژمارەیەکی بێ سنووری وێستگەی کارتە ئەلیکترۆنییەکان لە سەرتاسەری جیهان کار دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێکارێکی کارگێڕی گیراوەتە بەر گرنگترینیان:

١. پێشکەش کردنی پشتگیری ئەو دەزگایەی کە ڕۆژنامەنووسەکە کاری تێدا دەکات بە مەرجێک لە ساڵێک زیاتر تێپەڕ نەبێت.
٢. دوا ناسنامەی سەندیکا و سیڤیی ڕۆژنامەنووسەکە پێشکەش بکرێت.
٣. تاکو ١٧ی ئاداری ٢٠٢٤ زیاتر لە (٣٥٠) ڕۆژنامەنووس ناسنامەکانیان نوێ کردۆتەوە لەوانە (٣٠٩) ئەندامی کارا، (٣٨) ئەندامی بەشدار و (٣) ئەندامی مەشقکار و پرۆسەکەش بەردەوامە.


## وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان

لە کۆی (٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کراوە لە ساڵی٢٠٢٢، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٤) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان (٢) ڕاسپاردەیە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندابوون نەماوە و جێبەجێکراوە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٦٦٫٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 1 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 2 | 2 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 0 | 0 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 6 | | |

هێڵکاری ٤١ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان




هێڵکاری ٤٢ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٤٣ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. بە تاوان دانانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ بەو پێیەی تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی بە گوێرەی ئەو پێوەرانەی لە ماددەی (٥) لە ڕێککەوتننامەی پاراستنی سەرجەم کەسەکان لە شوێنبزرکردنی زۆرەملێدا هاتوون.
٢. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت کە زامنی مافی قەرەبووکردنەوە بکات، لەبری ئەوە تەنها کار بە ڕێسا گشتییەکانی داواکردنی قەرەبووکردنەوە بکرێت.
٣. زیادکردنی ئەو هەوڵانەی خراونەتەگەڕ بۆ دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
٤. بەردەوام بوون لە گونجاندنی پرۆژە یاساکان بە چەشنێك کە بگونجێن لەگەڵ ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان بە نەهێشتنی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ.

راسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. درووستکردنی تۆمارێکی گشتی و ناوەندی بۆ کەسە بزربووەکان.
٢. درووستکردنی بنکەی زانیاری (داتابەیس) بۆ سردیلە (DNA) بۆ قوربانییەکانی ئەو کەسانەی هەواڵدراوە لە بارەی بزربوونیانەوە لە ساڵانی رابردوودا بۆ کارئاسانیکردن پرۆسەی ناسینەوەی ناسنامەی قوربانییەکان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

ڕێنماییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەن کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان

- پەیڕەوی دیاریکردنی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠.
- پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠.
- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو.
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەت بە ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو.
- ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.
- ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە جێبەجێکردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٥.
- ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢١، تایبەتە بە گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی هێزەکانی (پێشمەرگە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

- ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەتە بە سندوقی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی جینۆساید (کۆمەڵکوژی) لە کوردستانی عێراق.

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان خزمەتکردنی سەرجەم وارس و کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەکات بەبێ جیاوازی لەڕووی: دابینکردنی مووچە، بواری پەروەردە و خوێندن، نیشتەجێکردن، دیاری هاوسەرگیری بۆ کوڕو کچی شەهیدان و جینۆسایدکراوان، چاودێری کۆمەڵایەتی، هەروەها بەدەنگەوە هاتنی هەموو داواکارییەك کە لەلایەن وارسی سەربەرزی شەهیدانەوە ئاڕاستەی وەزارەت بکرێت، لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییەکاندا ئەگەرچی لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەشێك لە خزمەتگوزارییەکان وەستاون.

ناساندن و بەدواداچوونی دۆسیەی تاوانەکانی جینۆساید

یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەزارەتی شەهیدان لەڕێگەی کەناڵەکانی خۆیەوە پرۆسەی بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئەنفال و کیمیاباران و تاوانەکانی تری دژ بە گەلی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە (١٧١٨)، وەزیری کاروباری شەهیدان بە فەرمانی ژمارە (٣٢٠) دەستەی کاروباری جینۆسایدی لە وەزارەت دامەزراند بە مەبەستی ناساندن و بەدواداچوونی دۆسیەی تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردستان و دەرئەنجامە یاساییەکانیان و هەوڵدان بۆ قەرەبوو کردنەوەی قوربانییەکان.

ئاستی چاکسازی

ماددەی دووەم لە بەشی دووەم یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ پەیوەندیدارە بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان، دوای دەرچوونی یاساکە کۆمەڵێک پەیڕەوی لەلایەن وەزارەتەوە دەرچوو بۆ جێبەجیکردنی یاساکە. بەپێی تایبەتمەندی بڕگەکان کۆمەڵێک لێژنەی لاوەکی پێکهێنراوە و سێ ڕاپۆرتی چاکسازی دەرکراوە کە بە ووردی تیشک خراوەتەوە سەر خشتەی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بە ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری.

دەرئەنجامی لێژنەی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی

کاری ئەم لێژنەیە پێداچوونەوەیە بە دۆسیەکانی شەهیدان بە گشت پۆلێنەکانییەوە کە تۆمارکراون لە رابردوودا بەپێی ئەو ڕێکار و میکانیزمانەی کە دانراون، خشتەی خوارەوە ژمارەی ئەو دۆسیانە دەردەخات کە لێژنەی ناوبراو کاری لەسەر کردوون لەسەر ژمارەی دۆسیەی سەنگەر، جینۆساید، هاوڵاتی لە سێ پاریزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک.

خشتەی٣٥ ئاماری ووردبین کردنی دۆسیەکانی شەهیدان

| پارێزگا | ووردبین کراوی پێشوو | ووردبین کراو لە ئێستادا |
|---|---|---|
| هەولێر | ٣٩٥٥ | ٦٨٩٦ |
| سلێمانی | ٨٧٠٧ | ٩١٨٩ |
| دهۆک | ٥٣٩٢ | ٧٠٥٣ |
| کۆی گشتی | ١٨٠٥٤ | ٢٣١٣٨ |

دەرئەنجامی لێژنەی ووردبینی و پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی

لیژنەیەکی ڕاوێژکاری ڕاسپێردراوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و نوێنەرێکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بۆ بڕیار لێدانی کۆتایی.

ئاماری زیندانیکراو و گیراوی سیاسی:

خشتەی ٣٦ ژمارەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە مینحە وەردەگرن

| ژمارەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی | |
|---|---|
| ژمارەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە مینحە وەردەگرن | ٥٢٥٨ |
| ژمارەی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە مینحە وەرناگرن | ١٨٦١٢ |

دەرئەنجامی لێژنەی ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی

لە ساڵی ٢٠٢١ لێژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە بۆ بەدواداچوون و ئامادەکردنی دۆسیەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری و وەزارەتی تەندروستی سەرجەم رێکارە کارگێڕی و داراییەکانی لیژنەکە تەواو بووە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی پێداچوونەوە و ئەنجامدانی پشکنینی تەندروستی بۆ بەرکەوتووانی منحەی مانگانە وەردەگرن وەک قۆناغی یەکەم، دواتر ئەنجامدانی پشکنینی ئەو هاووڵاتیانەی کە داواکاریان پێشکەش بە وەزارەت کردووە بۆ تۆمارکردنیان وەک بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤ لیژنەی چاکسازی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی پشکنینی سەرجەم ئەو بەرکەوتووانەی ئەنجامدا کە مینحەی مانگانەیان لە وەزارەتی شەهیدان هەیە، لە ئەنجامی کاری لیژنە تەندرووستیەکان دەرکەوت (٥٨٥)

بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی ڕێژنەی بەرکەوتنیان (٤٠٪) بۆ سەرەوەیە بەپێی بڕیاری لیژنەی پزیشکی، هەروەها (٢٢٣) بەرکەوتووش ڕێژەی بەرکەوتنیان (٤٠٪) کەمتر بوو.

ئامارو ئەنجامی پشکنینەکان بە نوسراوی ژمارە (١٤٩) بەڕێوبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەسوکاری شەهیدانی سەر بە وەزارەتمان لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٣/٤) ڕەوانەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کراوە .

لە ماوەی داهاتوو لیژنە تەندروستییەکان دەست دەکەن بە کارەکانیان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە).

ئاماری بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی

خشتەی ٣٧ ژمارەی دۆسیەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی

| ژمارەی دۆسیەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی | |
|---|---|
| هەولێر | ٤٣٢ |
| سلێمانی | ٣٦٠ |
| دهۆک | ١١ |
| کۆی دۆسییەکان | ٨٠٣ |

دەرئەنجامی لێژنەی ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی تاقانەکانی جینۆساید

بەپێی ماددەی (٤) یاسای ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیمتیازاتی تاقانەکانی جینۆساید لە هەریمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١ەوە لێژنەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی تاقانەکانی جینۆساید لە وەزارەتی شەهیدان کار دەکات لەسەر ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی تاقانەکانی جینۆساید، (٣٦١) دۆسیە پشتراستکراونەتەوە بەپێی بڕیاری لێژنە بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە یەک لەوانە (٣٢١) دۆسیە پەسند کراوە و (٤٠)  پەسەند نەکراوە و (٥٧) دۆسیەیان تێبینیی لەسەریان هەبووە.

قۆناغی یەکەم: باش ووردبینی لە دۆسیەی وەجبەی یەکەم لەلایەن ئەم لێژنەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بڕیاری لەبارەوە دراوە:

خشتەی ٣٨ ژمارەی دۆسیەی تاقانەکانی جینۆساید

| ژمارەی دۆسیەی تاقانەکانی جینۆساید |
|---|
| ٢٢٣ دۆسیە پەسەندە لەوانە ٣ تاقانە کۆچی دواییان کردووە |
| ٤٩  دۆسیە پەسند نییە |
| ٨٤  دۆسیە بە پەسەند نیە هەژمار کراوە لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست |

قۆناغی دووەم: کار کردن لە وەجبەی دووەم بەردەوامە کە نزیکەی (٢٦) دۆسیەیە لە ماوەی داهاتوو کارەکانی بە کۆتا دێت.

ئاستی خزمەتگوزارییەکان

- بە فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردرا کە (١١،١٤١) پارچە زەوی بدرێت بە وارسی سەربەرزی شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید (ئەوانەی کەتا ئەو ڕێکەوتە سودمەند نەبوون) بۆ ئەم پرسەش وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژوو کرد بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی فەرمانی سەرەوە.
- بۆ ئاسانکاری لە سەفەری حەجی کەسوکاری شەهیدان لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سەفەری حەجی بۆ (١٠٠) لە کەسوکاری شەهیدان فەراهەم کرد و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەشێوازی تیرو پشك دابەشکرا بەسەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی وەزارەت.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەو پشکە زیاد کرا بۆ (١٢٠) کەس لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەپێی ڕێژە دابەش دەکرێت بەسەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت و لە کۆتاییدا بەشێوەی تیر و پشك ناوەکان ئاشکرا دەکرێن.
- دانەوە و گەڕانەوەی قەرزی خوێندنی ساڵانی ڕابردووی کەسوکاری شەهیدان و هەر لە ماوەی کابینەی نۆیەمدا گەیشتە زیاتر لە (١٩،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دیناری عێراقی.
- هەزاران پشتگیری کراوە بۆ کەسوکاری شەهیدان وەك ناساندنیان لە دامودەزگا پەیوەندی دارەکان بۆ ئاسانکاری و ڕایی کردنی مامەڵەکانیان.
- بە مەبەستی جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢٣) ساڵی ٢٠٢٠، لە ساڵی ٢٠٢٣ بە هەمانگی وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە هەر بەش و کۆلێژێك (٥) کورسی بێبەرامبەر بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و سەنگەر و جینۆساید دابینکرا.

ئاستی کارگێڕی

- بۆ خزمەت کردنی زیاتری کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی پاڵپشت بە ماددەی (٩)ی یاسای ژمارە ٣٧ ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای سندوقی پشگیری و هاوکاری خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٢٢، دەرکرد کە تیایدا چەندین خزمەتگوزاری بۆ کەسوکاری شەهیدان ئاماژەیان پێدراوە و کاری لەسەر دەکرێت لە پاش تەواو بونی ڕیکارە یاسایی و کارگێڕی و داراییەکان.
- دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان بە نوسراویان ژمارە (٢٩١٨) لە (٢٠٢٢/٩/٢١) و هەردوو فەرمانی وەزاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ژمارەکانی (٣٣٨٤) لە (٢٠٢٢/١٠/٩) و (٤٠٤٠) لە

(٢٠٢٢/١١/١٦) بڕیاردرا بە دروستکردنی بۆردی تایبەت بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی منداڵە ونبووەکان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و داد و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ سۆراغ و بەدواداچون و دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و ئەو منداڵە ونبووانەی کە لە ئاکامی جینۆسایدەکانی گەلی کورد ونبوون.

- ئەم بۆردە چەند کۆبونەوەیەکی بۆ دانانی ڕێکار و میکانیزمی کارکردن لەگەڵ کونسوڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دیوانی وەزارەت کۆبۆتەوە، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر شێوازی گەڕان و سۆراغ و دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە.
- شاندێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر سەردانی کۆماری ئیسلامی ئیرانیان کرد و لەگەڵ دەزگای بونیادی شەهید و لایە پەیوەندیدارەکانی تری کۆماری ئیسلامی ئیران کۆبونەوە بە ئامانجی سۆراغ و دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە.

<u>قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێم</u>

بۆ زامنکردنی مافی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و کارکردن بە مادده دەستوریەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق بەتایبەتی ماددەی (١٣٢) و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێمەکانی پێشووی عێراق ڕۆژی ٢٠٢٣/٤/١٣ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان سەردانی شاری بەغدای کرد و لەگەڵ بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدڕاڵ لەسەر مافی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کۆبونەوە، بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕاشکاوانە بە سەرۆك وەزیرانی عێراقی ڕاگەیاند کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق ڕووبەڕوی جینۆساید بۆتەوە.

حکومەتی فیدڕاڵی بە ئەرکی یاسایی و دەستوری خۆی هەڵنەستاوە بۆ جێبەجێ کردنی مادده دەستوریەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتە بەتایبەتی ماددەی (١٣٢)ی دەستوری هەمیشەیی عێراق، داواشیکرد هەماهەنگی باشتر هەبێت لەنێوان حکومەتی هەرێم و عێراقی فیدڕاڵ بۆ پاراستن و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی جینۆساید کراوانی کورد لە ناوەڕاست و باشوری عێراق و گێڕانەوەی ڕوفاتی شەهیدانی جینۆساید کراوی گەلی کورد بۆ ئامێزی خاکی پیرۆزی کوردستان.

<u>هەماهەنگی لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی جینوساید لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

- پەرلەمانی هەرێمی کەتەلۆنیا/ ئیسپانیا پرسی جینۆسایدی کورد دەخاتە پێشینەی کارەکانی بۆ ئەوەی ئەو کارەسات و جینۆسایدانەی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتووە بە زیندوویی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بمێننەوە.
- هەماهەنگی نێوان وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و ڕێکخراوی (K.G LOBBY CENTER) بۆ کاروباری ناساندنی کەیسەکانی جینۆسایدی گەلی کوردستان، بۆ بەرەو پێشبردنی کەیسەکانی جینۆسایدی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەم هەنگاوە دەرگایەکی نوێی بەڕووی ئەم پرسەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

دەکاتەوە و دەکرێ لەم رێگەیەوە کاری باشتر بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی ئەم پرسە بکرێت. رۆژی ٢٠٢٣/١١/٢رێکخراوی کۆمەڵەی زانایانی نێودەوڵەتی جینۆساید پەسند کردنی پرۆژەی دانان بە جینۆسایدی کورد ڕادەگەیەنێت.

<u>پشکنینی (DNA) بۆ دیاریکردنی چارەنووسی قوربانیانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ</u>

سەبارەت بە پشکنین (DNA) تا ئێستا چەندین لیژنە و بۆرد پێکهێنراون بۆ دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە، لە ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی تەندروستی بڕی (١٣,٠٠٠) سێزدە هەزار پاوەندی تەرخان کرد بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ (Kings College)ی بەریتانی لە لەندەن بۆ وەرگرتنی سامپڵی خوێنی زیاتر لە (٥٠) خانەوادەی هەڵەبجە و پرۆفایلیان بۆ درووستکرا و ئەنجامەکەی گەڕاوەتەوە بۆ دادگای هەڵەبجە، بەڵام بەهۆی پێنەدانی شایستەکانی (King College) ناتوانرێت بەردەوام بێت لەسەر پرۆسەی بەراوردکردنی سامپڵەکانی خوێن، هۆکار نەدانی شایستە داراییەکانی بۆ رێنماییە داراییەکان دەگەڕێتەوە.

بە هەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیار دراوە بەشی (بەڵگەی تاوان) لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بکرێتەوە کە ئەولەویەت بۆ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ بێت، بۆ ئەم مەبەستە (٢٥) کەس وەرگیراون بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢). دوای تەواوکردنی خوێندن بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکی لە بواری بەڵگەکانی تاوان دەدرێت بە دەرچووانی ئەم بەشە.

بۆ ئەنجامدانی پشکنینی (DNA) لە بەڕێوەبەرایەتی بەڵگەی تاوان، لە ئێستادا کەرەستەی سەرەتایی (سامپل) نییە بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکان، هەروەها راهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆی بەپێی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان پێویستە بۆ چۆنیەتی هەڵگرتنی بەڵگەکان.

<u>جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (ڕێکخستنەوەی ماف و ئیمتیازاتەکانی میراتگرانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوانی سیاسی)</u>

بەپێی ئەو داتا و زانیاریانەی کە ئاڕاستەمان کراوە لەلایەن فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە میانەی پرۆسەی چاکسازی لە کابینەی نۆیەمدا هەوڵەکان بەردەوامن لە گرتنەبەری رێوشوێن و میکانیزمی گونجاو لەم بوارەوە. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان یەکێکە لە گرنگترین ئەو وەزارەتانەی کە پرۆسەی چاکسازی تێیدا بە چەند قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕیوە و هەنگاوەکان بەردەوامن کە بەشێکی گرنگی ئەم چاکسازیانە خۆی لە خۆیدا دەکەوێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنی راسپاردەکان لە پلانی هەرێمیدا.

لە خوارەوە ژمارەیەک میکانیزمی دیاریکراون کە تایبەتن بە جێبەجێکردنی راسپاردەکان لە بابەتی چاکسازیدا بەتایبەتی لە بەرزکردنەوەی رێژەی راسپاردەکانی کە گرێدراون بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی پلەبەندی مینحەی کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- هەڵوەشاندنەوەی مینحەی (١٣،٢٨٢) بەخێوکەر، بەفەرمانی وەزاری ژمارە (٤٨) لە ٢٠٢١/١/٦، کە مانگانە بڕی (٩٩٦،١٥٠،٠٠٠) نۆسەد و نەوەد و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار دینار گەڕاوەتەوە.
- گواستنەوەی دۆسییەی (١٦٣) کەمئەندامی سەنگەر کە کۆچی دواییان کردووە، لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بە فەرمانیان ژمارە (١٥٠٤٣) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠ دۆسیەی (١٠١٨) شەهیدی شەڕی داعش لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە گواستەوە بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ وارسەکانیان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق وەک قۆناغی یەکەم.
- دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ کوڕ و کچی شەهیدانی (پێشمەرگە، ئاسایشی ناوخۆ، ئاسایش، دژەتیرۆر) ئەوانەی کە دۆسییەکانیان بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گواستراوەتەوە بۆ سەر وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

<u>لێژنەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی</u>

- پێکهێنانی سێ لیژنەی لاوەکی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان.
- پێکهێنانی لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانیان.
- پێکهێنانی لیژنەی ناڕازیبوون (سکاڵا) بۆ بڕیاردان لە سکاڵاکان.
- پێکهێنانی لیژنەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکانیان و ناردنی بۆ لیژنەکانی تەندروستی.
- گەڕانەوەی دۆسییەکانی تۆماری نوێی شەهیدان لە وەزارەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، بۆ ئەوەی جارێکی تر ووردبینی و پێداچوونەوە بە دۆسییەکاندا بکرێت لەبەر ڕۆشنایی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەموارکراو (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان).
- دروستکردنی فۆڕمی زانیاری بۆ ووردبینی و پێداچوونەوە بۆ شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید و هاووڵاتی و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی و تاقانەکانی جینۆساید و چاپکردن و ناردنی بۆ لیژنەکان.

## دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی

- ئامادەکردن و پێداچوونەوە بە سەرجەم دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ئەوانەی کە منحەی مانگانەیان هەیە، لەگەڵ ئەوانەی داواکارییان پێشکەشکردووە بۆ تۆمارکردنیان وەک بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی بۆ دڵنیابوون لە دروستی زانیارییەکانیان پێش ڕەوانەکردنیان بۆ لیژنەی پزیشکی.

- وەزارەتی تەندروستی دوو لیژنەی پزیشکی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی پێکبهێنێت بۆ پشکنینی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی کە بەپێی فۆڕمێکی تایبەت ڕەوانەی لیژنەکان دەکرێن.

- شایستە و هاندان لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دابین دەکرێت بۆ ئەندامانی لیژنە پزیشکییەکان.

- دیاریکردنی ڕێژەی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و منحەکانیان بەپێی پەیڕەوی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٢٠) پەیڕەوی دیاریکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان (ڕێنمایی دیاریکردنی مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی).

- تا ئێستا (٧٠٣) دۆسییەی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی، لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندی پێداچوونەوە بە دۆسییەکانی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان پێداچوونەوەیان بۆ کراوە و ڕەوانەی وەزارەتی تەندروستی کراون بۆ ئەوەی لیژنە تایبەتمەندەکان پشکنینیان بۆ بکەن و (١٥٢) دۆسیەش ئامادەیە بۆ ناردنی بۆ وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی پشکنینی پزیشکی کە تاکو ئێستا مامەڵەکانیان ڕایی نەکراوە بە هۆی دابین نەکردنی بودجەی پێویست بۆ لیژنە پزیشکییەکان.

## ئاماری دەرئەنجامی پێداچوونەوە بە دۆسییەکان

خشتەی٣٩ ژمارەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی شەهیدەکان

| ژ | لیژنەی لاوەکی | جۆری دۆسییە | دۆسییە | ووردبینیکراو | لێکۆڵینەوە | پەسەند | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەرایەتی هەولێر | شەهیدی سەنگەر | ١٢,٩٤٠ | ١٣٤٨ | ١٦٦ | ١٠٨٠ | ١٠٢ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٣,٠٣٠ | ٨٢٠ | ٣٠٠ | ٥٠٠ | ٢٠ |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٨,٤٥٨ | ١٧٨٧ | ٦٥٠ | ١٠١٢ | ١٢٥ |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی | شەهیدی سەنگەر | ١٧,٦٩٥ | ٩٠٢ | ٢٦٧ | ٥٩٤ | ٤١ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٧,٨٢٦ | - | - | - | - |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٨,٧٦٢ | ٧٨٠٦ | ١٨١٠ | ٥٤١٩ | ٥٧٧ |

| ژ | لیژنەی لاوەکی | جۆری دۆسییە | دۆسییە | ووردبینیکراو | لێکۆڵینەوە | پەسەند | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی دهۆک | شەهیدی سەنگەر | ٦،٤١٥ | ٢٤١٧ | ١٦٤٩ | ٦٧٤ | ٩٤ |
| | | شەهیدی جینۆساید | ٧٧٨ | ٧٧٥ | ١٤٩ | ٦٢٦ | - |
| | | شەهیدی هاووڵاتی | ٣،٩٠٨ | ١٢٨٢ | ٢٦٩ | ٩٨٨ | ٢٥ |
| ٤ | لیژنەی تاقانەکانی جینۆساید | تاقانەی جینۆساید | ٤١٢ | ٤١٢ | ٥٨ | ٣١٢ | ٤٢ |
| ٥ | لیژنەی بەرکەوتوی چەکی کیمیاوی | بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی | ٩،٢٠٢ | ٧٠٣ | | | |
| ٦ | لیژنەی چاکسازی وەزارەت | بەخێوکەری شەهید | ١٣،٢٨٢ | ئەم منحەیە هەڵوەشاوەتەوە لەبەر ئەوەی بنەمای یاسایی نەبووە. | | | |

<u>ئاماری کۆی گشتی دۆسیەی شەهیدان</u>

خشتەی٤٠ ژمارەی دۆسیەی شەهیدەکان

| ژ | جۆری دۆسییە | کۆی دۆسییە | ووردبینیکراو | لێکۆڵینەوە | پەسەندە | نایگرێتەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شەهیدی سەنگەر | ٣٧٠٥٠ | ٤٥٠١ | ١٩١٦ | ٢٣٤٨ | ٢٣٧ |
| ٢ | شەهیدی جینۆساید | ١١٦٣٤ | ١٥٩٥ | ٤٤٩ | ١١٢٦ | ٢٠ |
| ٣ | شەهیدی هاووڵاتی | ٢١١٢٨ | ١١٧٩٣ | ٣٧١٧ | ٧٣٣٤ | ٧٤٢ |
| | کۆی گشتی | ٦٩٨١٢ | ١٧٨٨٩ | ٦٠٨٢ | ١٠٨٠٨ | ٩٩٩ |

<u>پاککردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کە بە ناوی زیندانی و گیراوی سیاسی بەپێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای ئیمتیازاتی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی کوردستانی) هەمووارکراو سوودمەند بوون</u>

- بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٥) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٣٠ ، ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان و بانکی زانیاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی باڵای بایۆمەتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بایۆمەتری و بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی.

- ئاڕاستەکردنی (٢٩٦) نووسراو لەدوای ٢٠٢٠/٧/١ بۆ حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە دۆسییە و ناوی (٥١٣) زیندانی سیاسی لەخۆ گرتووە بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکانی گیرانیان و دڵنیابوون لەوەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نییە کە دەرەنجامەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- (٩٩) کەس (مقتبس) بەڵگەیان هاتۆتەوە.
- (٣٩) کەس هیچ بەڵگەیان نەبووە.
- (١٢) کەس داوای ناردنی پەنجەمۆریان کردووە.
- (٣) کەس داوای سەردانی کردنی بەغدایان لێکراوە.
- (٢) کەس داوای زانیاری زیاتریان لێکراوە.
- (٣٥٨) کەس تاوەکو ئێستا وەڵامیان نەگەڕاوەتەوە.

خشتەی ٤١ ژمارەی پێداچوونەوە بە دۆسییەکان تایبەت بە مینحە

| ژمارەی گشتی تۆمارکراوان | ژمارەی گشتی ئەوانەی مینحەیان وەرگرتووە | دۆسییەی ووردبینیکراوی پەسەند کراو | دۆسییەی پەسەندکراو کە لە ئێستادا منحە وەردەگرن | دۆسییەی ناشایستە | ئەوانەی یەکلایی نەبوونەتەوە لە هەڵبژاردنی مووچە یان منحە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٥٧٣٤ | ٥١٥٧ | ١٦٣٦ | ١٥٠٤ | ٧٣ | ٥٩ |

<u>بەپێی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١١ی هەموار کراو ئەوانەی کە (١٠) ساڵ منحەی مانگانەیان وەرگرتووە و هیچ مووچە و منحەیان نەبووە بەم شێوەیەی خوارەوەیە هەڵبژاردنیان کردووە لە نێوان یەکێکیان</u>

خشتەی ٤٢ ئاماری چاکسازی تایبەت بە مینحە

| ژمارەی دۆسییەی ووردبینیکراوی پەسەند کراو | ژمارەی ئەوانەی مینحەیان هەڵبژاردووە و مووچەکەی تریان بریوە | ژمارەی ئەوانەی مینحەیان براوە و مووچەی تریان هەڵبژاردووە |
|---|---|---|
| ١٦٣٦ | ٣٥٨ | ٢٣ |

<u>مامەڵە لەگەڵ میراتگری زیندانیکراو و گیراوی سیاسی، بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار</u>

- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زیندانییە سیاسییەکان ڕاسپێردراوە کاری پێویست ئەنجام بدات کە لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٩)ی ٢٠٢٠، بۆ میراتگرانی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی دەرچوواندووە.

- تا ئێستا (١٤٥) زیندانی سیاسی کۆچی دواییان کردووە و بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار مامەڵە لەگەڵ وارسەکانیان کراوە و لەوانە (٦٢) زیندانی سیاسی کۆچکردوو وارسەکانیان شمولی وەرگرتنی مینحە ناکەن و (٨٣) وارسی زیندانی سیاسی کۆچکردووش مینحەکانیان کەمکراوەتەوە بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار.
- ڕێکخستنەوەی لە ئەستۆگرتنی حکومەت بۆ خەرجی چارەسەری تەندروستی و خوێندنی کوڕ و کچ و هاوسەری شەهید کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ حکومی و ئەهلییەکان لەناو هەرێمدا،

دەستنیشانکردنی مەرجەکانی شایستە بوون لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٧) لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان).

- دەرچوواندنی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دارایی ئابووری و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و تەندروستی و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- دانانی سێرڤەر و بەستنەوەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی زانیارییەکانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، بەمەبەستی ڕێکخستن و بەدواداچوونی خەرجییەکانی خوێندن کە تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردن.
- حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بە خەرجکردنی بڕی (١٩,٦٨٦,٤٧٢,٦٠٠) نۆزدە ملیار و شەش سەد و هەشتا و شەش ملیۆن و چوارسەد و حەفتا و دوو هەزار و شەش سەد دیناری داوە بۆ کرێی خوێندنی کچ و کوڕ و هاوسەری شەهید و زیندانیکراو و گیراوی سیاسی خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی، بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ بە داشکاندنی (٢٥٪) ئەو بڕە پارەیە دراوەتەوە بە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ ئەهلییەکان، کە تاوەکو ئێستا بڕی (١٨,٠٦٤,٥٤٧,٦٠٠) هەژدە ملیار و شەست و چوار ملیۆن و پێنج سەد و چل و حەوت هەزار و شەش سەد دینار خەرج کراوە.


<u>ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان</u>

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

- هەماهەنگی کردنی سەرجەم دام و دەزگا حکومیەکان لەگەڵ دەستەی جینۆسایدی وەزارەت بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی پەیوەندیدار بە جینۆسایدەکانی گەلی کوردستان بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی عیراق و پێشکەش کردنی بە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان لە لاهای.
- لە ڕێگای ئەنجوومەنی نوێنەران و لایەنە پەیوەندیدارەکان فشار بخرێتە سەر عیراق بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی دادگای باڵای تاوانە نێودەوڵەتیەکان وە ئیمزا لەسەر یاسای بنەڕەتی ڕۆما بکات.
- بەهێزکردنی توانای دام و دەزگا تەندروستیەکان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانرێت پشکنینی (DNA) بەهەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ قوربانیانی جینۆساید ئەنجام بدات.
- کارکردنی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عیراق کە تیایدا قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوانی دەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراقی دەق نووس کردووە.


- ئەنجامدانی کۆڕو کۆنفرانس و سیمینار لە ناوخۆ و دەرەوەی عیراق بەمەبەستی زیاتر ناساندن و ئاشناکردنی وولاتانی دەرەوە بە تاوانەکانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کوردستان.

لە کۆی (٨) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٥) راسپاردە جێبەجێکراوە و (٣) راسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٦)، و ئەو راسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٢). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٨٧,٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 5 | 1 | 6 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 3 | 2 | 2 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 8 | | |

هێڵکاری٤٤ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو




هێڵکاری ٤٥ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٤٦ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودان بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی پەیوەست بە بوژانەوە و ئاسایشی خۆراك ٢٠١٨-٢٠٢٢.
٢. درێژەدان بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی ستراتیژییەتی خۆراکپێدان و سەلامەتی خۆراك ٢٠١٨-٢٠٢٢.
٣. درێژەدان بە گرتنەبەری رێککارەکانی پاراستنی ژینگە لە رێگای پلانەکەیەوە کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە.
٤. گەڕاندنەوەی ئەو کاڵایانەی بەسەرچوونە بۆ ئەو وڵاتانەی لێی هاوردەکراون، لەبری ئەوەی لە خاکی هەرێمدا لەناو ببردرێت.
٥. سەبارەت بە هاوکاریکردن لەگەل دەسەڵاتە نیشتیمانییە پەیوەندیدارەکان بە کاروباری مین.
٦. کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی رێنمایی تایبەت بە راوکردن و پاراستنی ئاژەڵە کێوی و باڵندەکان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە چوارچێوەی پرۆژەی سیستمی دابەشکردنی گشتی، لەپێناو جێبەجێکردنی مافی خۆراك بۆ هەموو تاکێك، بەتایبەتی کەسە بێبەشکراوە و پەراوێزخراوەکان.
٢. درێژەدان بە هەوڵەکان لەپێناو زامنکردنی گەشەیەکی بەردەوام و کارای سەرچاوەکانی ئاو، و برەودان بە تەکنەلۆژیای نوێی ئاودێری.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

هەموارکردنەوەی یاسا و رێنمایی تایبەت بە کەرتی کشتوکاڵ

هەروەها وەزارەت لە ساڵی ٢٠٢١ و نیوەی ساڵی ٢٠٢٢ توانیویەتی (٣) یاسا و (١٣) ڕێنمایی دەربکات و یاسایەک هەموار بکاتەوە، هاوکات (٨) پرۆژە یاسا و پرۆژە ڕێنمایی ئامادە بکات، بەم شێوەیە:

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم (٤) یاسای تایبەت بە بواری کشتوکاڵ دەرچووە بەم شێوەیە:

- یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی کەرتی تایبەت ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠٢١.
- یاسای بەرهەمهێنان و هاوردە کردنی بنەتۆ و شەتل و تەرزە کشتوکاڵییەکان ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٢١.
- یاسای بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی ئاوی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢.
- یاسای رێکخستن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵی ماڵی و بێلانەکان ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٢٢.

سالی ٢٠٢١

- ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەموارکردنی ڕێنمایی دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣.
- ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وهەموار کردنی ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣.
- ڕێنمایی ژمارە (٥) ی ساڵی٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی باخی میوە.
- ڕێنمایی ژمارە (٦) ی ٢٠٢١ وەزارەتی کستوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هە موارکردنی ڕێنمایی ژمارە١ ساڵی ٢٠١٩.
- ڕێنمایی ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بەپێدانی مۆڵەت بۆ دروستکردنی ڕەزوو.
- بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەبارەت بە ڕیکخستنی هاوردنی ئاژەڵی زیندوو بە مەبەستی قەڵەوکردن وسەربڕین.
- ڕێنمایی ژمارە(٩) ی ساڵی٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی سامانی ماسی.
- ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە دامەزراندن و مۆڵەت دان بە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ پەلەوەر وئاژەڵی.
- بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢١ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە (٦١١) ی ساڵی ١٩٧٧.

سالی ٢٠٢٢

- ڕێنمایی ژمارە(١)ی  ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە ڕێکخستنی هاوردەکردنی دەرمان وڤاکسین و پیداویستی ڤێتێرنەری.
- ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بەمۆڵەتی ڤێتنێرنەری بۆ کارگەکانی دروست کردنی قیمەی گوشت و بەرووبوومەکانی.
- ڕێنمایی ژمارە (٣)  ی ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیکی.
- ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای سەرپەرشتیارانی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت.

- بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢٢وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو  درێژکردنەوەی بڕیاری ٦١١ تایبەت بە ڕاست کردنەوەی هە ڵەکانی تەسویە.

<u>ئەم یاسایانەی پێویستە کاریان لەسەر بکرێت</u>

وەزارەت  هەستاوە بە بەرزکردنەوە و کارکردن لەسەر (١٤) پڕۆژە یاسا و ڕێنمای و بەیانی تایبەت بە پرسەکانی سێکتەری کشتوکاڵی، لەو یاسایانەی کە پێشنیاری کردووە لە داهاتوودا کاریان لەسەر بکرێت:

- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک بۆ پاڵپشتی پێدانی قەرزی دارایی بە سوودێکی کەم بۆ ئافرەتانی گوندەکان وەک پاڵپشتییەک بۆ کەرتی کشتوکاڵی.
- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەک کە کۆتا لەخۆ بگرێت بۆ ئافرەتان لەو پڕۆژە کشتوکاڵیانەی حکومەت لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا جێبەجێیان دەکات.
- ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بە قەرزی بانکی کشتوکاڵ و ناچارکردنی بانکەکە بۆ پێدانی پشکێکی تەفزیلی بە ئافرەتانی گوندنشین.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك تایبەت بە دامەزراندنی هەرەوەزییە کشتوکاڵیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای چارەسەرکردنی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی لە ئێستادا لە ئەنجومەنی شورایە بۆ پەسندکردن.
- پرۆژە یاسای رێکخستن و بەرێوەبردنی عەلوەکان.
- رێنمایی هاوردەو هەناردەکردنی ئاژەڵ و بەربوومی سامانی ئاژەڵی.

<u>ڕێوشوێنەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پاڵپشتی کردنی کەرتی کشتوکاڵ</u>

- لە چوار ساڵی ڕابردوودا، لە سێکتەری کشتوکاڵ (١٩٠) پڕۆژە جێبەجێکراوە.
- لێخۆشبوونی گومرگی بۆ هاوردەکردنی پێکهاتەکانی عەلەف (سۆیا و پڕۆتین و پریمێکس و زەیت) لەژێر بڕیاری ژمارە (٧٩) ی ئەنجومەنی وەزیران.
- کەمکردنەوەی کرێی یەکەکانی کارەبا بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە (١٣٠) دینار بۆ (٣٠) دینار.
- هاندان و هەموارکردنەوەی سەرجەم یاسا و ڕێنمایەکان و گونجاندن و ئاسانکاری بۆ دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری و دڵنیایدان بە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت و پارێزگاری لەبەرهەمەکان.
- کوژاندنەوەی زەوی بۆ مەبەستی فراوانکردنی شارەوانی و وەبەرهێنان.
- دەست لێهەڵگرتن و تەرخانکردنی زەوی.
- زیادکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراك .
- هاوردەکردن و هەناردەکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی و دەرمانی ڤێتێرنەری و ڤاکسین و پەینی کیمیاوی و ماددەی قڕکەر و پێداویستییە کشتوکاڵییەکان بەگشتی .
- درووستکردنی بەنداو پۆند و پرۆژەی ئاودێری و لێدانی بیرو ئاسایشی ئاو.

- سەرپەرشتی کردنی بەنداوە ستراتیژیەکانی هەرێمی کوردستان و رێککەوتن و دانوستان لەسەر دۆسیەی ئاو.
- پێدانی مۆڵەتی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان و پاشکۆی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی کشتوکاڵی .
- رەخساندنی هەلی کار و پاڵپشتی دامەزراندنی بزنسی بچوك و مامناوەند لەبواری کەرتی کشتوکاڵدا .
- گرنگیدان بە توێژینەوە و رێنمایی و خولە کشتوکاڵییەکان.
- گرنگیدان بە دارستان و پاوان و نەمامگەکان و زیادکردنی رێژەی سەوزایی.

<u>بڕیارەکان و پڕۆژە گرنگەکانی بەرەو پێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ لەم کابینەیە</u>

- لەرووی کارگێڕییەوە دابەزاندنی (٩٠٪)ی دەسەڵاتەکانی وەزیر بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەت.
- لێخۆشبوونی گومرگی بۆ یەکەمین جار بەپێی بڕیاری ژمارە (٧٩)ی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پاڵپشتی پڕۆژەکانی کشتوکاڵی کە زیاتر لە ١٠٠ کۆمپانیا و خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵی سوودمەند بوونە لەم بڕیارە و کارەکانی ئەم لێژنەیە لە وەزارەت بەردەوامە.
- دەرچوواندنی رۆژژمێری کشتوکاڵی ساڵانە بۆ دانانی باج و رسومات بەمەبەستی پاڵپشتی جوتیاران و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و یەکخستنی رۆژژمێرەکە لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا.
- ئامادەکردنی (پۆلیسی پەیپەرێك)ی هاوبەش لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا وەك ستراتیژێکی درێژخایەن بۆ پەرەپێدانی زنجیرەی بەهای خۆراکی و کەرتی کشتوکاڵی بەگشتی.
- پڕۆژەی نیشتیمانی بەبازاڕکردنی گەنمی جوتیاران: بەدامەزراندنی کارگەی گەورەی ئاردی سفری پلە یەك و کارگەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی ساوار و مەعکەرۆنە و بروش و گەنمەکوتا و ئالیك و کەپەك.
- بەکارخستنەوەی هەردوو کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەریر و شارەزوور و مۆڵەت پێدانی کارگەی دۆشاوی تەماتەی هەڵەبجە.
- زیاتر لە (٣٠٠) جوتیاری خاوەن بیرۆکە و پڕۆژەی کشتوکاڵی مامەڵەی وەرگرتنی قەرزیان بۆ بەرزکراوەتەوە، بەمەبەستی دابینکردنی قەرزی کشتوکاڵی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەپێی گرێبەستی هاوبەشی نێوان وەزارەت و بانکی قورتاسی ئیسلامی کردووە و (١٧٠) کەس تا ئێستا وەڵامیان دراوەتەوە و سوودمەند بوونە.
- زیاتر لە (١٥٠٠) جوتیار و خاوەن پڕۆژەی کشتوکاڵ داوای وەرگرتنی ئامێر و کەلوپەلی کشتوکاڵیان کردووە، بە قیستی درێژخایەن بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەرێگەی وەزارتمان بەپێی یاداشتی رێکەوتنی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیای هارون.
- ئەنجامدانی رووپێوی زەوی کشتوکاڵی و ژمارەی جوتیاران بۆ یەکەم جار لە هەرێمی کوردستان، بە شێوازی (سەتەلایت داتا) بۆ دیاری کردنی رێژەی گەنمی جوتیاران.
- دابەزاندنی نرخی کارەبای  کشتوکاڵی لە (١٣٠) دینار بۆ (٣٠) دینار وەك پاڵپشتی جوتیاران بۆ یەك کیلۆوات.

- بەبازاڕكردن و ساغكردنەوەی بەرهەمە كشتوكاڵییەكان لەسەر ئاستی ناوخۆی و عێراق و دەرەوەی كوردستان.
- دانانی تاقیگەی عەلوەكان كە داهاتی (٢٠٪)ی حكومەتی هەرێمی كوردستانە.
- جێبەجێ كردنی ١٥ بڕیار و ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیرانی لە بوارەكانی خزمەتگوزاری كشتوكاڵی
- كردنەوەی چەندین تاقیگەی پێشكەوتووی پشكنین بە كوالێتی بەرز بۆ كۆنترۆڵی نەخۆشیەكان و پشكنینی بەرووبوومەكانی كشتوكاڵی بەهاوبەشی لەگەڵ كەرتی تایبەت.
- دابینكردنی زەوی بۆ پرۆژەكان و كوژاندنەوە و تەرخانكردن و دەستهەڵگرتن لەزەوی بۆ دامەزراندن و بونیادنانی پرۆژەی كشتوكاڵی و پرۆژەی وەبەرهێنان و پرۆژەكانی پاشكۆی كشتوكاڵی بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان.
- بەرزكردنەوەی ڕێژەی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانی كشتوكاڵی لە كۆی كابینەكانی پێشوو تەنیا (١,٨٪) بوو لە كابینەی نۆیەم گەیشتە نزیكەی (١٠٪).
- كردنەوەی گەورەترین ناوەندی توێژینەوەو بەرهەمهێنانی جیهانی (WHC) لە عەلوەی هاوچەرخی هەولێر.
- كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵ لە (ڕاپەرین و سۆران و زاخۆ) بۆ یەكەمجار، وكردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكانی ڤێتێرنەری و باخداری و ئاودێری .
- گرنگیدان بە كەرتی ڤێتێرنەری و پشكنینی گۆشت و كۆنترۆڵكردنی نەخۆشیەكان بەتایبەتی تای خوێن بەربوون و CCHF،FMD.
- ئەنجامدانی (٣١) گرێبەست و یاداشتنامەی لێك تێگەیشتن بەمەبەستی هەماهەنگی و پەرەپێدانی سێكتەری كشتوكاڵی لە هەرێم كە ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە لە بوژانەوەی ئابوری و پیشەسازی خۆراكی.

<u>ڕەخساندنی هەلی كار</u>

- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ ڕێژەی دەستی كاری پیشە و پرۆژەكانی تایبەت دەبێت لە (٧٥٪) كەمتر نەبێت، بەم پێیەش هەلی كار لە كەرتی كشتوكاڵ زیاتر رەخساوە و ژمارەی كارمەند و كرێكار لە كارگەكانی سەر بە وەزارەت گەیشتە (٤٤٢٠٣) كرێكار.
- ئەو كارگە پیشەسازییانەی لە كابینەی نۆیەم مۆڵەتیان وەرگرتووە، تا ئێستا (١٣,١٩٩) هەلی كاریان ڕەخساندووە.
- دامەزراندنی (٢٠٠) فەرمانبەر و پزیشك و كارمەند بەشێوەی هەمیشەیی و گرێبەست لە وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو.

<u>چالاكییەكانی یەكسانی جێندەری لە وەزارەتی كشتوكاڵ</u>

- ئەنجامدانی یاداشتێكی لێك تێگەیشتن لەگەڵ ئەنجومەنی بالای گەشەپێدانی كاروباری خانمان.
- دامەزراندنی كۆمەڵەی هەرەوەزی خانمان بۆ گەشەپێدانی كشتوكاڵی.
- كردنەوەی زیاتر لە ١٠ی ڕاهێنانی تایبەت و سوودمەند بوونی ٢٥٠ كەس لە ئافرەتانی دانەمەزراو و خانمانی خاوەنكاری كشتوكاڵی.

- ئامادەكردنی چەندین پڕۆژە و پرۆپۆزەڵی تایبەت بە پشتیوانی دەستی كاری خانمان.

دابینكردنی ئاسایشی خۆراك

یەكەم: بواری پڕۆژەكانی سامانی ئاژەڵ و پەلەوەری و بەرهەمهێنانی گۆشت

پڕۆژەكانی سامانی ئاژەڵی لە كۆی كابینەكانی پێشوو (١٨٧٠) پڕۆژە بووە بەگشتی لە ئێستا ژمارەیان گەیشتۆتە (٢٣٧٩) پڕۆژە، واتە تەنها لەم كابینیە (٥٠٩) پڕۆژە دروستكراو و مۆڵەت دراوە لە بوارەكانی (بەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك و پەلەوە، پڕۆژەكانی بەرهەمهێنانی هێلكە و گاوداری و شیرەمەنی)ئەم پڕۆژانە بە وزەی بەرهەمهێنانی زۆر بەرز و بە كوالێتی پێشكەوتوو كاردەكەن بەم شێوەیە:

١. پڕۆژەكانی بەرهەمهێنانی گۆشتی سپی: دامەزراندنی (٣٨٠) پڕۆژەی پەلەوەری بەرهەمهێنانی گۆشتی مریشك بەتەنها لەم كابینەیە زیادی كردووە، پێشتر پڕۆژەكانی پەلەوەری گۆشت (١٥٦٥) پڕۆژە بووە، بەڵام ئێستا ژمارەیان گەیشتووە بە (١٩١٥) پڕۆژە .كە لەئیستادا توانای بەرهەمهێنانی (٣٠٠) هەزار تەن ساڵانە گۆشتی مریشكمان هەیە كە لە (٥٠٪)ی پێویستی ناوخۆ زیاترە.
٢. پڕۆژەكانی بەرهەمهێنانی هێلكە: دامەزراندنی ٣٤ پڕۆژەی بەرهەمهێنانی هێلكەی خواردن بەتەنها لەم كابینەیە زیادی كردووە، پێشتر توانای بەرهەمهێنانی هێلكە تەنها (ملیارێك و دووسەد ملیۆن هێلكە) بووە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەیان (٤٥) پڕۆژەیە و توانای بەرهەمهێنانی (سێ ملیار و هەشت سەدو حەفتا ملیۆن) هێلكەیە لە ساڵێكدا.كە ڕێژەی (٧٥٪) ی لە بەرهەمی ناوخۆمان زیاترە.
٣. دامەزراندنی پرۆژەكانی بەخێوكردنی و قەڵەوكردنی گۆلك (گوێرەكە):دامەزراندنی(٤٠) پڕۆژەی بەخێوكردن و قەڵەوكردنی گوێرەكە (گۆلك)بەتەنها لەم كابینیە بە توانای نزیكەی (٥٠) هەزار سەر گوێرەكە.
٤. دامەزراندنی پرۆژەكانی بەخێوكردنی مەڕو بزن: دامەزراندنی(٣) پڕۆژەی بەخێوكردنی مەڕو بزن بەتەنها لەم كابینەیە ،كە زیاتر لە(٥) هەزار سەر مەڕ و بزن لەخۆ دەگرێت.
٥. دامەزراندنی پرۆژەكانی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی: دامەزراندنی (١١) پڕۆژەی مانگای شیر بەتەنها لەم كابینەیە بە وزەی بەرهەمهێنانی بەرز و كوالێتی پێشكەوتوو.
٦. دامەزراندنی سەربڕینخانەكان: دامەزراندنی (٥) سەربڕینخانەی پەلەوەری، بەوزەی بەرهەمهێنانی (١٠) هەزار مریشك لە یەک كاتژمێردا.
٧. ٧-دامەزراندنی (١٢) پرۆژەی هەڵهێنەری پەلەوەر و (٣) پڕۆژەی دایكانەی هێلكەی خواردن.
٨. پرۆژەكانی بەرهەمهێنانی ئالیك: كاركردنی (٤٤) كارگەی بەرهەمهێنانی ئالیك كە ساڵانە بری نزیكەی(٢,٥) دوو ملیۆن و نیو تەن ئالیك بەرهەمدێت بە وزەی بەرهەمهێنانی زیاتر لە (٩٠٠) لە كاتژمێرێكدا.بەتەنها لەم كابینەیە (٩) كارگەی پێشكەوتووی بەرهەمهێنانی ئالیك دامەزراون .كە ئاستی خۆبژێویمان بەرێژەیەكی بەرز دابینكردووە لە جۆرەكانی ئالیكی (ماسی و پەلەوەری و ئاژەڵی ).
٩. پرۆژەكانی سامانی ماسی: (٤١٣) پڕۆژەی بەرهەمهێنانی سامانی ماسی هەیە لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: بواری باخداری و دارستان و پاوان

١. بەرهەمهێنانی پەتاتەی خواردن و پیشەسازی:

- ڕێژەی بەرهەمهێنانی پەتاتە ساڵانە (٢) هەزار تۆن بووە لە کابینەکانی پێشوو .
- لەم کابینەیە ڕێژەی بەرهەمهێنان زۆر زیادی کردووە و گەیشتوتە زیاتر لە (٦٠٠) هەزار تۆن لە ساڵێکدا، لەسەر رووبەری ١٠٠ هەزار دۆنم زەوی پەتاتە دەچێنرێت.
- ژمارەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی پەتاتەی پیشەسازی بۆ بەرهەمهێنانی چپس و فینگەر (٧) کارگەیە کە مۆڵەتیان پێدراوە و ساڵانە زیاتر لە (٧٠) هەزار تەن پەتاتە بەکاردەهێنن.

٢. بەرهەمهێنان لەرێگەی خانووە پلاستیکیەکان و گرین هاوس و هایدرۆپۆنیك سیستەم:

- لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (٣٠) هەزار خانووی پلاستیکی و چەندین پرۆژەی پێشکەوتووی (هایدرۆپۆنیك سیستەم )هەن.
- زیاتر لە (٤) هەزار جوتیار کاری تێدا دەکەن لەسەر رووبەری زیاتر لە (٥٤٢٩) دۆنم زەوی کە رۆلێکی گرنگیان لەسەر دابینکردنی شەتلی سەوزە بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان
- بەتەنها لەشاری سلێمانی (٢٢) هەزار خانووی پلاستیکی هەن کە دەکاتە رێژەی زیاتر لە (٧٥٪) کۆی پرۆژەکانی خانووی پلاستیکی لەهەرێمی کوردستان.

٣. پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی قارچك:

ژمارەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی قارچك لە هەرێمی کوردستان (١١) پرۆژەیە بەگشتی بەرهەمهێنانی کە ساڵانە زیاتر لە (٣٥٠٠) تەن قارچك بەرهەمدێنن و زیاتر لە(٣٠٠) هەلی کاریان ڕەخساندیە. لەم کابینەیە(٥) کارگەی پێشکەوتوو دامەزراوە کە بەشێکی زۆری پێویستەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابین دەکەن.

٤. بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتون:

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان خاوەنی (٧)کارگەی گرنگی بواری بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتونە هەیە کە ساڵانە بڕی زیاتر لە(١٠٠٠) تۆن زەیتی زەیتوون بەرهەمندێنن و زیاتر (١٥٠٠) جوتیار کاری بەرهەمهێنانی باخەکانی زەیتون دەکەن.سەرجەم پرۆژەکان لەم کابینەیە دامەزراون.

٥. کۆگاکان و ساردخانەکان (خەزن):

بەتەنها لەم کابینەیە مۆڵەت بە (٦٠٠) ساردخانە و کۆگای ساردکەرەوە دراوە کە توانای خەزنکردنی زیاتر لە (٨٠) هەزار تۆن بەرهەمی سەوزە و میوەیان هەیە.

٦. هەنگ و هەنگەوانی:

لە هەرێمی کوردستان لەرێگەی (٥٠٠) هەزار پورەی هەنگ، ساڵانە (١٠) هەزار هەنگەوانی پیشەوەر ، بڕی زیاتر (١٠٠٠) تەن هەنگوینی سروشتی کوردستان بەرهەمدێنن.

سێیەم: بواری سەوزە و میوەی خۆماڵی بەرهەمهاتوو لە عەلوەکانی هەرێمی کوردستان

- ساڵانە ڕێژەی بەرهەمهێنانی سەوزەی خۆماڵی دەگاتە (٨٠٠-١٠٠٠) تەن ساڵانە .
- ڕێژەی بەرهەمهێنانی میوەی خۆماڵی ساڵانە بریتییە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار تەن .
- ئەو بەرهەمانەی کە ڕێژەی پێویستمان بەدەستهێناوە و گەیشتووین بە قۆناغی خۆبژێوی لەهەرێمی کوردستان بریتین لە گەنم و جۆ، تەماتە، گەنمەشامی، پەتاتە، گۆشتی مریشك، هێلکەی خواردن، هەنار، بەرهەمی ئالیك، سەوزەی وەرزی وبەرووبوومە گەڵاییەکان وەک تور، سلق، کەلەم و کاهو.

چوارەم: بواری بەرهەمهێنانی بنەتۆی گەنم لەماوەی ٤ ساڵی ڕابردوو

لەم کابینەیە (١٦،٢٧٩) تەن گەنمی بنەتۆ بەرهەمهاتووە ،کە زیاتر لە (١٠،٨٦٢) جوتیار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان سوودمەندبوون بە دابینکردنی بنەتۆ بە نرخی پاڵپشتی کراو لەسەر بودجەی (٢٪). لە هەرێمی کوردستان (٤) چوار کارگەی تۆپاکەرەوە هەن کە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاون، لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ئیدارەی گەرمیان) کە توانای پاکردنەوەیان بریتییە لە (٤٠،٠٠٠) چل هەزار تۆن لە وەرزێکدا. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو خاوەنی (٢٠) بیست تەرزی گەنمی پەسندکراوە بە ناوی وەزارەتەوە، ساڵانە ئەم تەرزانە زیاد دەکرین لە توێژینەوەی کشتوکاڵی پارێزگاکان و دابەشدەکرێن بەسەر جوتیاران.

بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی گەنم و جۆ

ساڵانە نزیکەی (٥٠) هەزار جوتیار لەبواری دانەوێڵە، کاری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دەکەن لەسەر ڕووبەری نزیکەی (٢،٥) دوو ملیۆن و نیو دۆنم زەوی لەسەر ئاستی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی یەك ملیۆن تەن گەنم و ٢٥٠ هەزار تەن جۆ.

مافی خۆراك بۆ هەموو تاکێك، بەتایبەتی کەسە بێبەشکراوە و پەراوێزخراوەکان

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان گرنگی دەدات بە دابینکردنی ژێرخانی ئاسایشی خۆراك و پێویستیەکانیان، هەروەها هەوڵدانی بەردەوام بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە پێویستە حکومەتی عێراقی وەك هاندان و پاڵپشتی (پەینی کیمیاوی و دەرمان و ڤاکسین و کەرەستە و ئامێرەکان لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژی بوژانەوەی ئاسایشی خۆراك، هاوشێوەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دابین بکات بۆ پاڵپشتی زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیارانی هەرێمی کوردستان.

ئالنگاری بەردەم جێبەجێکردنی دابینکردنی مافی خۆراك بۆ هەموو تاکێك، بەتایبەتی کەسە بێبەشکراوە و پەراوێزخراوەکان بە ڕادەیەکی زۆر جگە لە هۆکاری دارایی لە هەرێمی کوردستان حکومەتی فیدراڵ کیشەکانی هاووڵاتیان و جوتیاران تێکەڵ بە کێشە سیاسییەکانی هەرێم و عیراق دەکات و لەم نێوەندەدا جیاکاری بەدیهاتووە لە نێوان ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لە عێراق دابینی دەکات جگە لە هەرێمی کوردستان.

به‌بازاڕکردنی گه‌نمی جوتیارانی هه‌رێمی کوردستان

- رووبه‌ری زه‌وی چێنراو به‌ گه‌نم ده‌گاته‌ (٢،٥٩٩،٥٨٠) دۆنم.
- له‌سه‌ر ئاستی هه‌رێم (٣٨،٩٤٨) جوتیارانی سوودمه‌ند بوون له‌ پرۆسه‌ی به‌ بازاڕکردنی گه‌نمی جوتیاران.
- به‌ بازاڕکردنی گه‌نم له‌ کابینه‌ی نۆیه‌م له‌ سایلۆكان گه‌یشته‌ (١،١٨٩،١٠٢) ته‌ن.
- پڕۆژه‌ی به‌ بازاڕکردنی گه‌نم له‌ كه‌رتی تایبه‌ت كه‌ ده‌كاته‌ (٨٥٠٠٠) ته‌ن.
- سه‌رجه‌می گه‌نمی به‌ بازاڕكراو له‌كۆی کابینه‌ی نۆیه‌مدا ده‌كاته‌ (١،٢٧٢،١٠٢)ته‌ن.

دابینكردنی گه‌نم و دانه‌وێڵه‌

له‌ ئاسایشی خۆراک بۆ نموونه‌ دانه‌وێڵه‌ به‌ پله‌ یه‌ک دێت و هه‌ر وڵاتێک توانای هه‌بوو پێداویستی دوو ساڵ گه‌نم دابین بكات و شوێنی عه‌مباركردنی هه‌بێت ئه‌وا مانای وایه‌ ستراتیژی ئاسایشی خۆراک به‌ جێهێناوه‌. له‌ هه‌رێمی كوردستان گه‌نم، برنج و جۆ به‌ خۆراكی بنه‌ره‌تی ده‌ژمێردرێت بۆ دابینكردنی خۆراكی ڕۆژانه‌ و عه‌مباركردنی ئه‌م به‌رهه‌مانه‌ به‌پێی پێویست یه‌كێكه‌ له‌ ئه‌ركه‌كانی حكومه‌ت.

- له‌ ساڵی ٢٠٢٣ هه‌رێمی كوردستان توانای عه‌مباركردنی ٥٨٥،٠٠٠ هه‌زار تۆن دانه‌وێله‌ و په‌نكه‌ره‌كان توانای ٤١١،٠٠٠ هه‌زار ته‌نیان هه‌یه‌.
- گه‌نمی پێویست له‌ هه‌رێمی كوردستان ساڵانه‌ ٦٤٠،٠٠٠ ته‌ن خه‌مڵێنراوه‌.
- گه‌نمی وه‌رگیراو له‌ ١١ حوزه‌یرانی ٢٠٢٣ له‌ سایلۆكانی هه‌رێمی كوردستان گه‌یشته‌ (١٣٠٩٠٥٤٥)ته‌ن.

ڕێكاره‌كانی پاراستنی ژینگه‌

وه‌زاره‌ت كار ده‌كات به‌ ڕێنمایی ژماره‌ (٤) ی ساڵی ٢٠٢١ تایبه‌ت به‌ هه‌مواركردنه‌وه‌ی ڕێنمایی ژماره‌ (٨)ی ساڵی ٢٠١٣ تایبه‌ت به‌ جێبه‌جێكردنی حوكمه‌كانی یاسای دارستان له‌ هه‌رێمی كوردستان ژماره‌ (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١، وه‌زاره‌ت ئه‌ندامه‌ له‌ لیژنه‌ی باڵای ئه‌نجومه‌نی چاككردن و پاراستنی ژینگه‌، كه‌ ڕۆڵێكی باڵای گێڕاوه‌ له‌ به‌رهه‌مهێنانی نه‌مام و زیادكردنی ڕێژه‌ی سه‌وزایی و كه‌مكردنه‌وه‌ی كاریگه‌ری گه‌رمی و كه‌مئاوی و وشكه‌ساڵی.

له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ به‌رده‌وامه‌ له‌ په‌ره‌پێدانی به‌رهه‌مهێنانی نه‌مامگه‌كان و دابه‌شكردنی نه‌مام به‌سه‌ر جووتیاران و خاوه‌ن پڕۆژه‌كان و پارێزگاری كردن له‌ دارستانه‌ سروشتی و ده‌ستكرده‌كان به‌ هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ لایه‌نه‌ په‌یوه‌ندیداره‌كانی حكومه‌تی هه‌رێم.

- له‌ژێر دروشمی (په‌رژینی بكه‌ به‌ دره‌خت) له‌ ساڵی ٢٠٢٣ وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ و سه‌رچاوه‌كانی ئاو كه‌مپینێكی سه‌رتاسه‌ری ڕاگه‌یاند به‌ دابینكردنی بری (یه‌ک ملیۆن) دار و نه‌مام كه‌ (٣٥) جۆری له‌خۆگرتبوو.
- به‌ده‌ستهێنانی پاڵپشتی له‌لایه‌ن وه‌زاره‌تی كشتوكاڵی توركیا به‌ دابینكردنی بری (٥٠) هه‌زار نه‌مام له‌ ریگه‌ی كۆنسوڵگه‌ری گشتی توركیا له‌ چوار چێوه‌ی پرۆژه‌ی (نه‌فه‌س) بۆ سه‌وزكردنی ژینگه‌ی كوردستان.

- نوژەنکردنەوەی نەمانگەکان و دارستانەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی پەرەپێدانی توانا و کوالیتی بەرهەمهینان و پارێزگاری کردن لە رووبەری سەوزایی هەرێمی کوردستان.
- بەشداری کردنی شاندێکی وەزارەت لە کۆنگرەی لۆتکەی گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا (کۆپ ٢٨) لە ووڵاتی ئیمارات بەمەبەستی سەرنجدان و بەدەستهێنانی پاڵپشتی وڵاتانی بەشداربوو بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی روبەرووبونەوەی گۆڕانکاری و کاریگەریەکانی کەشو و هەوا و ژینگەی کوردستان.
- ئەنجامدانی یاداشتێکی لێك تێگەیشتنی تەکنیکی لەگەڵ پرۆگرامی خۆراکی جیهان (WFP)ی بەمەبەستی بواژانەوەی ئابووری و بەرزکردنەوەی خۆراگری گۆڕانکاری کەشوهەوا لەسەر ئاستی هەرێم.
- لەم کابینەیە لە ڕێگەی نەمامگەکانی دارستان و نەمامگەکانی باخداری نزیکەی (٢،٥٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن و نیو نەمام و شەتل بەرهەمهاتووە، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە سەوزکردنی ژینگەی کوردستان و ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشو هەوا لەماوەی چوار ساڵی رابردوو.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی نیشتیمانی پەرژینی بکە بە درەخت بە دابینکردنی نزیکەی ٥٠٠ هەزار نەمام بەخۆرایی
- رواندنی (٣) هەزار نەمام بەناونیشانی پێنجوێن شاری فێربوون لەلایەن ژینگەدۆستان.
- دابینکردنی نەمام بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت و جوتیارانی خاوەن باخەکان .
- دابینکردنی نەمام بۆ رێکخراوەکانی کشتوکاڵی و ژینگەدۆستی و کۆمەڵی مەدەنی بەگشتی .

<u>پارێزبەندییەکانی ئاژەڵی کێوی و پەلەوەرە کێوییەکان</u>

بەپێی یاسای ژمارە ٨ ی ژینگە لە ساڵی ٢٠٠٨ و بەپێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە دارستانەکان و پاراستنی دارستان، وەزارەت ئەندامە لە دارشتنی لێژنەی تایبەت بە پارێزبەندییەکانی ئاژەڵی کێوی و پەلەوەرە کێوییەکان و کاری لەسەر دەکرێت. لە ئێستادا لێژنەیەکی تایبەت مامەڵە دەکات لەگەڵ ئاژەڵە کێویەکان و چەندین رێکاری گرتۆتە بەر و بەردەوامە.

<u>پاككردنەوەی زەوی وزار لە مین و تەقەمەنی</u>

- وەزارەتی کشتوکاڵ هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی مین دەکات بۆ پاككردنەوەی باخە دێمیەکان لە ناوچە شاخاوییەکان و رادەستکردنی زەوییە مین رێژکراوەکان، لەناوبردنی تەقەمەنییەکان، پاككردنەوەی زەوییەکان، کارکردن بۆ بوژانەوەی زەوییەکان و کەمکردنەوەی هەرەشە و مەترسییەکانی سەر ژیان و بژێوی جوتیارانی هەرێمی کوردستان.
- تێکڕای ڕووبەڕی زەویی پاككراو لە مین و تەقەمنی گەیشتۆتە (٢،٣٢٦،٤٠٤) کیلۆمەتر دووجا کە خۆی لە ٤٧ کێلگەی مین و ٧ شەرگە دەبینێتەوە و لە ئێستادا شوێنەکان رادەستکراون کە دەتوانرێت بۆ بوارەکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری وبەرهەمهێنان بەکاربێت و هیچ مەترسیان نەماوە.

گەڕاندنەوەی کاڵا ماوە بەسەرچووەکان بۆ ئەو شوێنەی لێی هاوردەکراون

- بەپێی یاسای ژمارە (٦٨)ی ساڵی ١٩٣٧ تایبەت بە نەخۆشییە ئاژەڵی و ڤێتێرنیریەکان و یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٦٦ ی کەرەنتینەی کشتوکاڵی و هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ٢٠١٢ و دانانی میکانیزمەکانی تایبەت بە پشکنینی مەرزەکان و کوالێتی ئەو بەرهەمانەی لە دەرەوە هاوردە دەکرێن وەزارەت بەردەوامە لە چاودێریکردن و گەڕاندنەوەی ئەو بەرهەم و کاڵایانەی کە بەسەرچوونە و دەگەڕێندرێنەوە بۆ سەرچاوەی هاوردەکراو.
- لە مەرزەکانی هەرێمی کوردستان کەرەنتینەکانی کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری و سەوزە و میوەکان بەردەستن و هەموو جۆرە یەکەیەکی هاوردەرکراو پشکنینی بۆ دەکرێت.
- لیژنەکانی پشکینی و کوالێتی کۆنترۆڵ لە کەرەنتینەکان بەبەردەوامی چاودێری ئەو بەرهەمانە دەکەن کە شیاونین هاوردە بکرێن بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە راستەوخۆ ئەو بەرهەم و کاڵایانەی شیاو نین دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێهاتووە.

پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی لە کابینەی نۆیەم هەنگاوی زۆر گرنگی ناوە بۆ ستراتیژی بەرێوەبردن و مامەلەکردن لەگەڵ دۆخی ئاو بەگشتی لەسەر ئاستی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی بەم شێوەیەی خوارەوە:

- یاسای پاراستن و ستراتیژی بەڕێوەبردنی ئاو بە ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو.
- رێنمایی تایبەت بە درووستکردنی (پۆند و پرۆژەکانی ئاودێری) کە بەژمارە(٥) ی ساڵی ٢٠٢٢ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو.
- جگە لە (٣) بەنداوە ستراتیژییەکانی (دوکان و دەربەندیخان و دهۆک ) لەسەر ئاستی عێراقدا، لەماوەی رابردوو بریاردرا لەسەر دروستکردنی (١٣) بەنداو کە زۆربەیان لە قۆناغی تەواو بووندان و توانایەکی زۆریان هەیە لە گلدانەوە و خەزن کردنی ئاو.
- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم رەزامەندی دراوە بۆ دیزاینکردن و دروستکردنی (٤١) پۆند و پرۆژەی ئاودێری لە نێوان ساڵانی(٢٠١٩-٢٠٢٢)، بەڵام لە کابینەکانی پێشوو (١١٨) پۆند دروستکراوە، بەمەش لە ئاستی هەرێمی کوردستان (١٥٥) پۆند و پرۆژەی ئاودێری هەیە لەسەر رووبەری (٤٧٩٣٦٤) دۆنم زەوی هەیە، کە توانای گلدانەوەی (٢٢،٦١٣،٢١٥) مەتر سێجا ئاویان هەیە.
- جوتیاران و خاوەن پرۆژەکانی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی گوندەکان خۆیان هەڵساون بە دروستکردنی (پۆند) بۆ گلدانەوەی ئاو لەو شوێنانەی کە گونجاوە بۆ خەزنکردنی ئاو، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرچاوەکانی ئاو ئاسانکاری و رێنمایی پێویست پێشکەشی جوتیاران دەکات.
- وەزارەت لێژنەیەکی باڵا و ژوورێکی عەمەلیاتی پێکهێناوە بۆ دارشتنی پلان و بەرنامە و پێشنیار بۆ دۆخی وشکەساڵی و رووبەڕوبونەوەی دیاردەی کەمئاوی بۆ هەمان مەبەست (سێ) راپۆرتی زۆر ووردی ئامادە و

پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (پلاندانان و بەدواداچوون، بەنداو و کۆگاکانی ئاو، سەرچاوەکانی ئاو) کردووە.

- وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵیداوە کە کار بە سیستەمی (PPP) بکات بەشداری کردنی کەرتی تایبەت و دامەزراوەکان و وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکانی بواری دروستکردنی بەنداوەکان و پڕۆژەکانی ئاودێری بۆ دیزاین و دروستکردنی (٩) بەنداوی گرنگ و ستراتیژی زیاتر لە (٦٠) کۆمپانیای جۆراوجۆری وڵاتان پرۆپۆزەڵیان پێشکەشکردووە، لە ئێستادا لەلایەن لێژنەیەکی باڵای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت کار بۆ پۆلێنبەندی دەرکرێت.
- وەزارەت یاداشتێکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ گرووپی کۆمپانیاکانی جیهانی (پاوەر چاینا) ئەنجامداوە بۆ دروستکردنی (٤) بەنداوی گرنگ و ستراتیژی لە هەرێمی کوردستان.
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی عێراق یاداشتی لێکتێگەیشتنی هەیە بۆ هەماهەنگی کردن دەربارەی ستراتیژی بەرێوەبردنی ئاسایشی ئاو و دۆخی ئاو لە ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان.

بەنداوەکان پۆندەکان – بیرەکان

- لەم کابینەیە (٦) بەنداو تەواو بوون بە توانای گڵدانەوەی ٣٥،٨ ملیۆن مەتر سێجا ئاو.
- (١١) بەنداوی تر لە قۆناغی جێبەجێکردندان بە توانای گڵدانەوەی ٢٥٠،٦ ملیۆن مەتر سێجا ئاو.
- (١١٦) پرۆژەی دروستکردنی پۆند ئەنجامدراوە و(٣٩) پرۆژە لەژێر جێبەجێکردندایە و (١٣٧) پرۆژەش پێشنیارکراوە.
- تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ لە هەرێم (٢٧١٧١) بیری ئاو مۆڵەتی هەڵکەندنیان پێدراوە لەوانە (١٠٧٣٤) بیری ئاوی خواردنەوە و (١٢٥٦٣) بیری کشتوکاڵی و (٣٨٧٤) بیری پیشەسازی.

هۆکارەکانی کورتهێنانی بەرهەمی گۆشتی سوور ئالنگاری

١. نەبوونی بودجەی پێویستی پاڵپشتی کشتوکاڵی (اعانات زراعية) کە پێشتر هەبووە بۆ پاڵپشتی جوتیاران و سێکتەری ئاژەڵداری.
٢. بەرزبونەوەی تێچووەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتەی عەلەفی لە ئاستی جیهانی بەتایبەتی پریمێکس و سۆیا و زەیت و پرۆتینەکان.
٣. ناهاوسەنگی ئابووری و جولەی دراو و دۆلار و کاریگەری شەڕی نەخوازراوی روسیا و ئۆکرانیا.
٤. کاریگەری گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا و وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ئاستی ئاو.
٥. فراوانبوونی شارەکان و نەبوونی خزمەتگوزاری و بودجەی بەکاربردن.

دروستکردنی شەڵتەر و پەناگەکانی لەخۆگرتنی سەگی بێلانە

بۆ هەمان مەبەست لێژنەیەکی هاوبەش پێکهاتووە لە نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و سەرۆکایەتیی شارەوانییەکان بە مەبەستی درووستکردنی شەڵتەری و پەناگەکانی لەخۆگرتنی سەگی بێلانە بەتایبەتی کە لە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بڵاوبوونەوەی سەگی بێلانە لە سەنتەری شارەکاندا بۆتە دیاردە و هەندێ جار حاڵەت زیانی گیانی و پەلاماردانی لێکەوتۆتەوە لێکەوتووە بە هۆی نەبوونی پلانی چاودێری پێویست.

سەرەڕای نەبوونی سەرچاوە و ئیمکانیەتی پێویست بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و تیمەکانی سەرپەرشتی کردن و دابینکردنی شوێن، وەزارەت هەماهەنگیی کردووە بۆ ئەوەی سوود لە پاڵپشتی ڕێکخراوە جیهانییە ئاژەڵدۆستەکان وەربگیرێ.

<u>زەویەکانی هەڵەبجە</u>

پێویستە ڕێنمایی تایبەت بۆ زەویەکانی هەڵەبجە دەربچێت لەبەر ئەوەی زۆربەی زەویەکانی هەڵەبجە کشتوکاڵین، و لە کاتی دەست لەسەر هەڵگرتنی زەوییەکان ئیستیسنای بۆ بکرێت.

<u>هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان</u>

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەماهەنگی دەکات لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی و کردنەوەی خولەکان و ڕاهێنان و توێژینەوەکان هاوتەریبی پلان و بەرنامەکانی وەزارەت لەوانە:

(JICA – FAW- WFP – UNDP- USAID- GIZ – ZOA- COWATER – WHH- IOM- IFB – ILO)

<u>ئەو خول و ڕاهێنانەی ئەنجامدراون لەم کابینەیە بریتی بوون لە:</u>

- خولەکانی توێژینەوە (٩١) خول کە زیاتر لە (٣٩٦) جوتیار و فەرمانبەر سوودمەند بوونە.
- خولەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی (٣٢٩) خول کە (٨٢٧٠) جوتیار و فەرمانبەر سوودمەندن.
- سیمینارەکانی ڕێنمایی کشتوکاڵی (٢٤٨) سیمینار، کە (٤٨٢٥) جوتیار و فەرمانبەر سوودمەندن.
- گرنگیدان ئەنجامدانی ڕۆژی کێڵگەیی (٥) سیمینار کە زیاتر لە (١٣٠) کەس.
- ئەنجامدانی (٢٠) ۆرکشۆپ بە سوودمەند بوونی (٤٠٠) فەرمانبەر و جوتیار.
- ئەنجامدانی ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی کە نزیکەی (١٠) هەزار دەرچووی بەشەکانی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی و ڤێتێرنەری لە چوارچێوەی بەرکاربوونی یاسای ژمارە (٢٠)و ڕێنمایی ژمارە (٤)ی تایبەت بە دامەزراندنی سەرپەرشتیارانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی کەرتی تایبەت لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوە ئاوییەکان

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

- هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی بە مەبەستی بوژانەوەی ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە و پرسە هاوبەشەکان بە ڕەچاوکردنی سوود و بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان و جوتیارانی هەرێمی کوردستان.
- پێویستە حکومەتی فیدراڵی لە چوارچێوەی پلانی ستراتێژی هاوشێوەی جوتیارانی شارەکانی تری ناوەڕاست و خواروی عێراق پەینی کیمیاوی و دەرمان و ڤاکسین دابین بکات بۆ پاڵپشتی بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیاران لە چوارچێوەی بەرنامەی ئاسایشی خۆراک.
- دانانی سیستەم و فەرمانبەران و کادیرانی زیاتر لەسەر سنووری دەروازەکان و مەرزەکان بۆ کەرەنتیەنەکانی کشتوکاڵی و ڕووەکی و ئاژەڵی.
- دانانی رویایەکی هاوبەشی نێوان دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم وەك ستراتیژیەتێکی نیشتیمانی لەپێناو سەلامەتی خۆراکی هاووڵاتیانی هەریمی کوردستان.
- پەرەپێدان بە تواناى كێبركێ لە بواری بەرهەمهێنانی ڕووەکی و ئاژەڵی کە بۆتە مایەی لاوازبوونی ئاسایشی خۆراك.

تایبەت بە سێکتەری ئاو پێویستە ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێت:

- هەیکەلی کەرتی ئاو ڕێك بخرێتەوە، هەرسێ ئاستەکانی (خاوەن _ بڕیاردەر، بەڕێوەبەر و بەکاربەری ئاو) دیاری بکرێن و لەژێر یەك دەزگادا کۆبکرێنەوە.
- یاسای ئاو و یاسا و ڕێنماییەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە ئاوەوە هەیە، پێداچوونەوەیان پێدا بکرێت و هەموار بکرێنەوە.
- دەرکردن و هەموارکردنەوەی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە کرێی ئاودێری و (کاری غەسالەکانی چەو و لم).
- ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی سیستەمی کۆنی ئاودێری و پشتیوانیکردن بۆ ئەوەی سیستەمی نوێی ئاودێری و ئاودێری زیرك بەکاربهێنرێت بۆ زیاترکردنی توانستی ئاوی (الكفائة المائية).
- بایەخدان بە کۆکردنەوەی ئاو و لەگەڵ دروستکردنی هەر بەنداوێك پێویستە لانی کەم پرۆژەیەکی ئاودێریش دروست بکرێت.
- هەوڵبدرێت زۆرترین زەوی بە ئاوی سەرزەوی بەراو بکرێت.

- دروستکردنی زۆرترین ژمارەی پۆند چونکە پۆندەکان دەتوانن هەم ئاو کۆبکەنەوە هەم ئاوی ژێرزەوی پاراو بکەنەوە هەمیش ببنە پرۆژەی ئاودێری و جگە لەوانەش تێچووی دروستکردنیان کەمترە لە بەنداوەکان و پرۆژەکانی ئاودێری.
- لانی کەم لە چەند ساڵی داهاتوودا نزیکەی ٨٠٠ گوند لە هەرێمی کوردستان کوردستان دووچاری کێشەی سەختی کەمئاوی دەبنەوە تا رادەی چۆڵکردن، بۆ چارەسەری ئەوەش لانی کەم بۆ هەر گوندێك پێویستمان بە لانی کەمی پۆندێك هەیە.
- پاراستنی ئاوی ژێرزەوی و دانانی سنورێك بۆ ئەو هەموو بیرەی کە لێدراون و هەڵدەکەندرێن چونکە ئەوە زیانی گەورە بەو خەزانە ئاویانەی ژێرزەوی دەگەیەنێت کە بە ملیۆنان ساڵ دروستبوون بەڵام دەشێت بە چەند ساڵێك لەناوبچن.
- هێنانە ناوەوەی کەرتی تایبەت بۆ ئیدارەدانی بواری ئاو.
- بەکارهێنانی ئاو لەسەر بنەمای سوودە ئابووری و ژینگەییەکانی بێت، ئاو لە بەرهەمی کەم بەها بەکارنەهێنرێت.

<u>لەپێناو بەرژەوەندی جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان پێویستە:</u>


- دابینکردنی مافی جوتیاران لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە جوتیاران ودانیشتوانەکەی کوردن و مافەکانیان پێشێل دەکرێت لەسەر زەوییەکانیاندا.
- زۆربەی کات رێگری دەکرێ لە هەناردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەم شێوەیە جوتیارانی هەرێمی کوردستان زیانێکی زۆریان پێدەگات.
- پابەندنەبوونی وڵاتانی دەوروبەر (دراوسێ) بەتایبەتی ئێران و تورکیا لە هاوسەنگی مافی هاوسێیەتی و بەردانەوەی ئاوی زێی بچووک و زێی سیروان کە ئەمەش پێشێلی مافی جوتیارانی هەرێمی کوردستانە.

<u>لە پێناو بەرژەوەندی جوتیاران و برەودانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان پێویست بە:</u>

- دابینکردنی مافی جوتیاران لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کە جوتیاران ودانیشتوانەکەی کوردن و مافەکانیان پێشل دەکرێت لەسەر زەویەکانیاندا.
- زۆربەی کات رێگری دەکرێ لە هەناردن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق بەم شێوەیە جوتیارانی هەرێمی کوردستان ئێمە زیانێکی زۆریان پێدەگات.
- پابەندنەبوونی وڵاتانی دەوروبەر/ دراوسێ بەتایبەتی ئێران و تورکیا لە هاوسەنگی مافی هاوسێیەتی و بەردانەوەی ئاوی زێی بچووک و زێی سیروان کە ئەمەش پێشێلی مافی جوتیارانی هەرێمی کوردستانە، هەروەها بێبەشبوونی جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەهەموو ئەو پاڵپشتییە کشتوکاڵیانەی بۆ جوتیارانی شارەکانی تری ناوەراست و خوارووی عێراق کە دابیندەکرێت.


## وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

لە کۆی (٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٥) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان وەک خۆی ماوە کە (١) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٩١٫٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 1 | 5 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 1 | 1 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 6 | | |

هێڵکاری ٤٧ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی




هێڵکاری ٤٨ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٤٩ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودان بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی پەیوەست بە بوژانەوە و ئاسایشی خۆراك بۆ ساڵانی (٢٠١٨-٢٠٢٢).
٢. درێژەدان بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی ستراتیژییەتی خۆراك پێدان و سەلامەتی خۆراك (٢٠١٨-٢٠٢٢).
٣. گەڕاندنەوەی ئەو کاڵایانەی ماوەیان بەسەرچووە بۆ ئەو وڵاتانەی لێی هاوردەکراون، لەبری ئەوەی لە خاکی هەرێمدا لە ناو ببردرێن.
٤. دەستەبەرکردنی پاڵپشتی تەواو بۆ قوربانییە هەڵاتووەکان لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدا بوون، لە نێویاندا دەستەبەرکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی ئاوەڕۆ و دەستەبەرکردنی خۆراك و پاڵپشتیکردنی یەکە پزیشکییەکان لە نێو کەمپی ئاوارە و پەنابەراندا.
٥. رووبەڕووبونەوەی زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان و رێسایکڵ کردنیانەوە.

ئەو راسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردندان

١. چڕکردنەوەی هەوڵەکان لە چوارچێوەی پرۆژەی سیستمی دابەشکردنی گشتی، لەپێناو جێبەجێکردنی مافی خۆراك بۆ هەموو تاکێك، بەتایبەتی کەسە بێبەشکراوە و پەراوێزخراوەکان.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

هەموارکردنەوەی یاسا و رێنمایی تایبەت بە کەرتی بازرگانی و پیشەسازی

ئەو یاسایانەی کە هەموار کراوەتەوە:

- هەموارکردنەوەی یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢١ .
- هەموارکردنەوەی یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی ژمارە (٢٠) ی ساڵی ١٩٩٨ بە یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٢١.
- هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٠ بە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١.
- هەموارکردنەوەی یاسای بازرگانی عێراق و پەسەندکردنی یاسای ژمارە (٣٠) ی ساڵی ١٩٨٤ بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢١.

ئەم یاسایەی پێویستە کاریان لەسەر بکرێت:

- پرۆژە یاسای دامەزراندنی شارو ناوچەی پیشەسازی رێکخراو.
- پرۆژە یاسای ناوچەی پیشەسازی و بازرگانی خزمەتگوزاری ئازاد (المناطق الاقتصادية الحرة).
- پرۆژە یاسای کۆنترۆڵی جۆری.

- پرۆژە یاسای دامەزراوەی خۆراک و دەرمان.
- پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی بریکارنامەی بازرگانی.
- پرۆژە یاسای ئینفازکردنی پەیڕەوی لقی کۆمپانیا بیانییەکان.
- پرۆژە یاسای هاوردن و هەناردن لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای پشتگیری کردنی دارایی پرۆژە پیشەسازییەکان و پرۆژە بازرگانییەکان.

دامەزراندنی سەنتەرێکی زانیاری کارو بیزنس بە مەبەستی دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان لە کاتێک ڕێژەی بێکاری کەم دەبێتەوە ڕاستەوخۆ ئامارەکانی توندوتیژی و تاوان و پێشێلکردنی یاسا کەم دەبێتەوە.

<u>ئاسایشی خۆراک</u>

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دابینکردنی خۆراکی سەرەکی بۆ هاووڵاتیان، ئەوەش لە چوارچێوەی سیاسەتی زامنکردنی ئاسایشی خۆراک لەرێگای دروستکردنی زۆرترین ژمارە لە سایلۆ و کۆگای تایبەت بە خۆراک.

تاکو ئێستا هەرێمی کوردستان توانای عەمبارکردنی (٥٨٥) هەزار تەن دانەوێڵە (لەگەڵ ناوچە دابراوەکان)، هەروەها سێ سایلۆ بە توانای (١٢٠) هەزارتەن تەواو بووە لە (قوشتەپە، کەلار، رۆڤیا) تاوەکو ئێستا نەکەوتۆتە کار وپەنکەرەکان توانای عەمبارکردنیان (٣٦١) هەزار تۆنیان هەیە (لەگەڵ ناوچە دابراوەکان) و (١٠٠) کۆگا هەیە بۆ عەمبارکردنی خۆراک، لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوو لایەنی کەم سێ سایلۆی تر لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێن.

بۆ مەودای کورت و درێژخایەن وەزارەت ناوبراو هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان لە دەرئەنجامدا گشت هاووڵاتیان لە ڕووی ئابووری سوودمەند دەبن، ئەو هەوڵەش لەرێگای گەشەپێدانی چالاکی کەرتی پیشەسازی و ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی سەرجەمی داهاتی نیشتمانی، بەرزکردنەوەی دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان، هەروەها بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە کەسی.

ئەو هەنگاوانەش دەبنە هۆکاری ئەوەی کە هەناردە کردنی کەلوپەلی درووستکراو زیاتر بێت و جۆرێک لە هاوسەنگی درووست بێت لە نێوان هاوردە کردن و هەناردە کردن بۆ ئەوەی ئاماژەکانی ئابووری هەرێمی کوردستان دووچاری سستی و هەڵاوسان نەبن.

لە ئێستادا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی (١٠) پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە درووستکردنی سایلۆ و ناوچە پیشەسازی و نۆژەنکردنەوە و درووستکردنی تاقیگەی هەمەجۆر. لە ساڵی ٢٠٢٢ لە بەرنامەی وەزارەت دابوو بۆ

ساڵانی(٢٠٢٠ – ٢٠٢٤) نزیکەی (٢٩) پرۆژەی مام ناوەند و گەورە ئەنجام بدات وەک درووستکردنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە سلێمانی و دهۆک و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری ڕاهێنان و تاقیگە.

بۆ ٢٠٢٤ لە بەرنامەی وەزارەتدایە کە (٢٢) پرۆژەی مام ناوەند و گەورە ئەنجام بدات لەگەڵ درووستکردنی پێنج سایلۆ لە (هەڵەبجە، کفری، هەریر، کۆیە و زاخۆ) سەرەڕای درووستکردنی (١٢) ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری ڕاهێنان و تاقیگە.

پێدانی مۆڵەت بۆ کارگە و کۆمپانیاکان لە نێوان ساڵی٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

- لە ساڵی ٢٠٢٢ ژمارەی کارگە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان (٤٢١٢) کارگە بوو کە بڕی (٢) ملیارد و (٢٣٧) ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان تێداکراوە، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی کارگە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان (٤٤٩٨) کارگەیە بە بڕی (١،٠٦٤،٢٧٤،٠٠٠) دینار وەبەرهێنانی تێیداکراوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٢، کۆمپانیا تۆمارکراوەکان لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تا ئێستا (٣١٨٢٤) کۆمپانیایەو (٩٤٪)ی کۆمپانیای خۆماڵین و (٦٪)یان کۆمپانیای بیانین. لە ساڵی ٢٠٢٣، ژمارەی کۆمپانیاکان تۆمارکراو تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣ دا (٣٥،٠٤٨) کۆمپانیایە، کە (٩٠٪)کۆمپانیای خۆماڵین و (١٠٪)بیانین.
- زیاتر لە (٣٤٠٠) کۆمپانیای بیانی کار دەکەن، (٤٠٪) براندەکان بیانین کە تۆمارکراون لە بواری کەلوپەلی خۆراک، ئۆتۆمبێل...هتد.
- لە چوارچێوەی (١١) ملیارد دۆلار قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، پشکی هەرێمی کوردستان نزیکەی (٥) ملیار دۆلارە.

پەرەپێدان و دامەزراندنی سایلۆکان

- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ئیستادا (١٤) پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە دروست کردنی سایلۆ، ناوچە پیشەسازی و نۆژەن کردنەوە و دروستکردنی تاقیگەی هەمە جۆر.
- لە بەرنامەی وەزارەتدایە بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٤ دا (٢٣) پرۆژەی مامناوەند و گەورە ئەنجام بدرێت وەک دروستکردنی پێنچ سایلۆ لە کفری و هەلەبجە و هەریر و زاخۆ و کۆیە، سەرەڕای دروست کردنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری ڕاهێنان و تاقیگە.
- بەپێی بەرنامەکانی داڕێژراوی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبێت(٥) سایلۆی نوێ لە ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥ دروست بکرێت و بە بەگەڕخستنی ئەم سایلۆیانە توانای عەمبارکردنی گەنم دەگاتە (٧٨٥،٠٠٠) تەن لە کۆتایی ساڵی٢٠٢٥.

بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان و ریسایکل کردنیان

سەبارەت بە ڕووبەڕووبونەوەی زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان و ریسایکلیکردنیان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەرێگەی رێنماییەکانی وەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەت بۆ کەرتی بازرگانی و کەرتی پیشەسازی کە دەبێت بەلایەن کەمەوە (٢٠٪) زەوی تەرخان کراو ببێت بە سەوزایی، هەروەها پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی چەندین کارگەی ریسایکلکردنی پاشماوەی پلاستیکی کە دەبێتە هۆی خاوێن ڕاگرتنی ژینگە و دووبارە بەکارهێنانەوەیان

گەڕاندنەوەی کاڵا بەسەرچووەکان

سەبارەت بەو کاڵایانەی کە هاوورده دەکرێن لە خاڵە سنوورییەکان لە کاتێک بە پێ مواسەفاتی ستانداردی عیراقی نەبێت، کالاکان دووبارە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە لێی هاتووە و لەوێ لە ناو دەبردرێت.

درووستکردن و نۆژەنکردنەوەی سایلۆکان

- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ قەبارەی عەمبارکردنی کۆگاکانی مەوادی خۆراکی لە سایلۆکان، (٣٦١،٠٠٠) تەن بووە و بەپێی بەرنامەی وەزارەت و بە پەسەندکردن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پێشبینیکراو دەگاتە زیاتر لە (٤٤٨،٠٠٠) تەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥.
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە کاتی ئیستادا (٨) پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە دروست کردنی سایلۆ و ناوچە پیشەسازی و نۆژەن کردنەوە و دروستکردنی تاقیگەی هەمە جۆر.
- بۆ ساڵانی(٢٠٢٢-٢٠٢٤) لە بەرنامەی وەزارەتدایە (٢٧) پرۆژەی مامناوەند و گەورە ئەنجام بدرێت وەک درووستکردنی پێنج سایلۆ لە کفری و هەڵەبجە و هەریر و زاخۆ و کۆیە.
- درووستکردنی چوار ناوچەی پیشەسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە و چەندین کۆگای تایبەت و سەنتەری راهێنان و تاقیگە.
- بەپێی بەرنامەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبێت (٥) سایلۆی نوێ لە ماوەی ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٥ دروست بکرێت و بە بەگڕخستنی ئەم سایلۆانە توانای ئەمبارکردنی گەنم دەگاتە (٧٨٥،٠٠٠) تەن لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥.
- بە گوێرەی داتاکانی کۆبۆنی خۆراك ژمارەی دانیشتووانی هەرێم لە ٢٠٢٣دا دەگاتە (٥،٣٠٩،٢٩٣) ملیۆن کەس کە بەشە خۆراك وەردەگرن.

ڕەخساندنی هەلی کار لە نێوان ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣:

- لە ساڵی ٢٠٢٢، لە هەرێمی کوردستان (٤٢١٢) کارگە تۆمار کراوە، ئەم کارگانە (٤٤٢٠٣) هەلی کاریان رەخساندووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ بە هۆی زیادبوونی کارگەکان، ژمارەی هەلی کار بەرزبۆوە بۆ (٤٩،٧٥٧).
- لە کابینەی نۆیەم کارگەی پیشەسازی مۆڵەتیان وەرگرتووە کە (١٥،١٨٩) هەلی کاریان ڕەخساندووە.

- بۆ رەخساندنی هەلی کاری زیاتر ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ دەرکردووە، بەپێی ئەم بڕیارە پێویستە ڕێژەی کرێکار و کارمەندانی ناوخۆ (٧٥٪) کەمتر نەبێت.


هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

لە ماوەی نێوانساڵی ٢٠٢٢ تا کۆتایی ئازاری ٢٠٢٣ ژمارەیەک وۆرک شۆپ و خولی مەشق و لە نێوان وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNIDO) بەم شێوەیە ئەنجامدراوە:

- خولی بەرزکردنەوەی ئاستی یاسادانانی ناوچە پیشەسازییەکان بۆ عێراق و حکومەتی هەرێم تشرینی یەکەم- کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢
- وۆرک شۆپێک بە هەماهەنگی لەگەڵ ناوچە پیشەسازییەکانی ئوردن و ژووری پیشەسازییەکان ڕێکخرابوو، کە لەلایەن کۆماری ئیتالیا پارەدار دەکرێت ١٢-١٦ ئازاری ٢٠٢٣.
- خولی ڕاهێنانی بازرگانی ئەلیکترۆنی نیسانی ٢٠٢٢.
- خولی ڕاهێنانی ڕاوێژکاری بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنان بۆ فێرخوازان حوزەیرانی ٢٠٢٢.


# وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن

لە کۆی (٦) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٤) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (٢) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (١) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٣) ڕاسپاردە. بەمەش ڕێژەی جێبەحێکردن دەکاتە (٥٨٫٣٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 0 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 4 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 3 | 3 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 6 | | |

هێڵکاری ٥٠ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن




هێڵکاری ٥١ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان٢٠٢٣




هێڵکاری ٥٢ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. گرتنەبەری ڕێککارە پێویستەکان بۆ ڕێگریکردن لە مامەڵەکردن بە سیم کارتی مۆبایل بەبێ فۆرمی ئوسوڵی و بەبێ بەرایی یاسایی لە ڕێی پابەندکردنی کۆمپانیاکانی مۆبایلەوە.
٢. گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان خراپ بەکاردەهێنن, لەوانەش ئامێرە بەتەل و بێتەلەکان، ئەنتەرنێت، یان ئیمەیل بۆ هەرەشە کردن یان دەستدرێژیکردنە سەر مافی کەسانی تر, یانیش دروستکردنی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و مۆراڵی گشتی.

## ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. داڕشتنی ستراتیژیەتێك بۆ دەستەبەرکردنی تەکنیك و ئامرازی یارمەتیدەری ڕاستەوخۆ و ئەپڵیکەیشنەکانی مۆبایل و وەرگێڕە پیشەییەکانی زمانی ئاماژە و ئامرازەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە باڵاخانە و دامەزراوەکان و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی و بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیکردن.

## ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردندان

١. کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەی قوتابخانەکان، و ئامادەکردنی مامۆستایان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا و بایەخدان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە گەشەی منداڵان کە ئاڕاستەکرابن و گونجاو بن بۆ منداڵانی کەمئەندام، ئەویش وەك جێبەجێکردنی بڕگەی (٤) لە ماددەی (٤٠) لە میساقەکە.
٢. نەهێشتنی تاوانە تیرۆریستییە ئەلیکترۆنییەکان و بەرەنگاربوونەوەیان لە ڕێگەی دانانی شێوازی خۆپارێزی لەم تاوانانە بەهۆی دەرکردن یاسایەکی تایبەت لەبارەیەوە.
٣. کاراکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بۆ پێڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی بەشێوەیەك کە دەستەبەر بکرێت بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندامیش.

## لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

### پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بۆ منداڵانی کەمئەندام

پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە منداڵانی کەمئەندام بە مەبەستی کارئاسانیکردنی دەستڕاگەیشتنی منداڵانی کەمئەندام بە باڵەخانەکانی قوتابخانەکان لە بواری گواستنەوە، پێشنیار بکرێ بۆ کۆمپانیا و نووسینگەکانی گواستنەوەی قوتابیان کە مۆڵەتیان لەلایەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێدراوە، شوێنی تایبەت لە پاسەکانیان تەرخان بکەن بۆ کەمئەندامان بە شێوەیەکی گشتی و منداڵانی کەمئەندام بەتایبەت، و هاوکاریکردنیان لە تێچووی گواستنەوە لە ڕووی نرخەوە.

سەرەرای ئەمەش وەزارەتی ناوبراو پرۆژەی (سیتی پاس)ی دیزایین کردووە کە لە داهاتوودا لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە گرنگییەکی تەواو بە دابینکردنی کورسی و ئاسانکارییەکان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان دەدرێت.

سەبارەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ نەخۆشانی ئۆتیزم، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢) لە (٢٠٢٢/٢/٣) لە ئێستادا هەموو ئاسانکارییەک دەکرێت بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانی نەخۆشانی ئۆتیزم و خانەوادەکانیان لە فرۆکەخانەکان بە مەبەستی گەشت کردنیان، و لە ماوەیەکی کورتدا شوێنی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت تەرخان دەکرێت لە فرۆکەخانەکاندا.

<u>دەستەبەرکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ</u>

سەبارەت بە دابینکردن و دەستەبەرکردنی هێڵی پەیوەندی ڕاستەوخۆ (ژمارەی کورتکراو) بۆ ڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندام، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە کاتی بوونی هەر داواکارییەک لەلایەن وەزارەت و دەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دابینکردنی ژمارەی کورتکراو، لە دوای ئاڕاستە کردنی نوسراوی فەرمی، وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عێراقی فیدراڵ کاری پێویست ئەنجام دەدات و بەپێی ڕێنماییەکانی تایبەت بە (الخطة الوطنية للترقيم) و ژمارەی کورتکراوە دابین دەکرێت.

<u>خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان</u>

سەبارەت بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی کە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان خراپ بەکاردەهێنن، بۆ ئەم مەبەستە یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لە هەرێمی کوردستان دەرکرا، کە تیادا گشت سەرپێچییەکان و سزاکان دیاریکراون. بۆ جێبەجێکردنی یاساکە ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی میکانیزمی فرۆشتنی سیم کارت لە هەرێمدا دەرکرا و لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٢ لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٢٧٢) بڵاوکرایەوە. بەڵام پێویستە یاسای نەهێشتنی تاوانە تیرۆریستییە ئەلیکترۆنییەکان و بەرەنگاربوونەوەیان دەربچێت.

ئەرکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هاوکاری و هەماهەنگی کردنە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زانیاری تەواو لەسەر (IP)ی لایەنی گومانلێکراو، لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی گەیاندن لەکاتی بوونی هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی وەک هەڕەشەکردن یان تۆمەت هەڵبەستن، جنێودان هتد، هەروەک لە ماددەی دووەم لە یاسای ناوبراو ئاماژەی پێکراوە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا:

- لە رێکەوتی ١٢/ ٧/ ٢٠٢٣ لەسەر داواکاری بەرێز سەرۆکی داواکاری گشتی کۆبونەوەیەک رێکخرا لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی تایبەت بە هەماهەنگی دروستکردن لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و کۆمپانیاکانی (ئینتەرنێت و مۆبایل)، بە بەشداری وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، فەرمانگەی میدیاو زانیاری، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، دەزگاکانی ئاسایش، وەزارەتی ناوخۆ، کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت، بۆ ئەو مەبەستە گرفتەکان خرانە ڕوو، و سەرنج و بۆچوونی لایەنەکان باسکران سەبارەت بە خراپ بەکارهێنانی خزمەتگوزاری گەیاندن، بابەتی تەشەنەبوونی سایتەکانی قوماری ئەلیکترۆنی کە بۆتە هۆی درووستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی، لەم کۆبونەوەیەدا باس لەو کرا کە لە ئێستادا ئەو تاوان و هێرشانە کە دەکرێن زیاتر لە ڕێگای خزمەتگوزاری ئینتەرنێتەوەن.
- لە رێکەوتی ١٧/ ٧/ ٢٠٢٣ کۆبوونەوەیەکی تر ڕێکخرا سەبارەت بە داواکاری ووردی لایەنی ئاسایش بۆ خستنەڕووی زانیاری پێویست دەربارەی کۆمپانیاکان بە بەشداری (وەزارەتی گواستنەوە، دەزگای ئەمنیەکان داواکاری گشتی، مەبەستی لە کۆبوونەوەکە ئەوە بوو کە بە زووترین کات بتوانرێت زانیاری پێویست بگاتە دەستیان.

  لەم کۆبونەوەیە لەلایەن نوێنەری داواکاری گشتی باس لە بواری پۆستە کرا، و چۆنیەتی ڕێگری کردن لە گواستنەوی ماددەی هۆشبەر و کەلوپەلی قەدەغەکراو. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ڕوونکردنەوەی پێویستی خستەڕوو سەبارەت بەوەی کە لە ڕێنمایی پێشنیارکراوی بواری پۆستە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان، کۆمپانیاکانی مۆڵەتپێدراو پابەند دەکرێن بە دابینکردنی ئامێری سۆنار بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پشکنین بۆ هەر کەلوپەلێک یاخود هەر پۆستێک کە دەگوازرێتەوە.
- لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٦ کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر. لەم کۆبونەوەیەدا نوێنەرانی ئاسایش داوای ئەنجامدانی کۆبونەوەیان کرد لەگەڵ کۆمپانیاکانی مۆڵەت پێدراوی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بە سیستەمی (LTE) بۆ ئەوەی هەماهەنگی زیاتر لە نێوان دەزگا ئەمنییەکان و ئەو کۆمپانیایانە بکرێت تەواو دروست بکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لە کاتی پێویستدا بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
- لە رێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٩ لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو لە نێوان وەزارەت، داواکاری گشتی، دەزگاکانی ئاسایش و سەرجەم کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی ئینتەرنێت بە تەکنەلۆجیای .(LTE) بۆ ئەوەی کە داواکاری دەزگاکانی ئەمنی لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕاستەوخۆ باس بکرێت و کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکرێن. واتە کۆمپانیاکان هەماهەنگی و هاوکاری بکەن لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان. هەر لەم کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا لینکی ڕاستەوخۆی هەماهەنگی هەبێت لە نێوان دەزگای ئاسایش و کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی ئینتەرنێت بە تەکنەلۆجیای (LTE) هەروەها، جەخت لەوە کرایەوە کە سەرجەم داواکاریەکان پیویستی بە ڕەزامەندی دادوەر دەبێت و لە ڕووی یاساییەوە دەبێت سەرجەم ڕێکارەکان یاسایی بن.

- وەک وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن جەختمان لەسەر سێ خاڵ کردەوە لە کاتی هەماهەنگی لە نێوان دەزگای ئاسایش و کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی ئینتەرنێت بە تەکنەلۆجیای:
  - درووستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.
  - سەرجەم داواکاری و ڕێکارەکان یاسایی بن.
  - داواکاریەکان لە ڕووی تەکنیکیەوە توانای جێبەجێکردنیان هەبێت.

<u>نەهێشتنی دیاردەی فرۆشتنی سیمکارت بە شێوەی نایاسایی</u>

بەمەبەستی بنبڕکردنی دیاردەی فرۆشتنی سیمکارت لە بازاڕەکان بەدەر لە ڕێکارە یاساییەکانی فرۆشتن و تۆمارکردن، کە بوونەتە هۆکاری دروستبوونی چەندین کێشەی هەڕەشەکردن لەسەر هاوڵاتیان و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی نیشتیمانی، وەزارەتی ناوخۆ بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و نوێنەرایەتی ئاسایش و پۆلیس، ڕێنمایی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢١ دەرکرا بۆ مەبەستی بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٢٢١٣٥) لە ٢٠٢١/١/٢ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ، و لێژنەی تایبەت پێکهێنرا کە نوێنەرانی هەریەکە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ئاسایش، پۆلیس لە گشت پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان تیایدا ئەندامن.

ئەرکی ئەم لێژنەیە بەدواداچوونی بەردەوامە بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێنماییە. لە کۆتای ساڵی ٢٠٢٢ توانراوە دەستبەسەر (٩٩٥) سیم کارت بگیرێت کە بەدەر لە رێنماییەکان دەفرۆشران لەشاری هەولێر، کاری ئەم لێژنەیە بەردەوامە بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە. لە ساڵی ٢٠٢٣ لێژنەی تایبەت بەدواداچوون ناوبازاڕ چەندین هەڵمەتیان ئەنجامداوە بۆ دەست بەسەر داگرتنی ئەو سیم کارتانە کە بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکان دەفرۆشرێن و لە ئەنجامی هەڵمەتەکان (٢٥١٩) سیم کارت دەستیان بەسەردا گیرا.

لیژنەی باڵای سەرپەرشتی کردنی جێبەجێکردنی بڕیاری (١١٠) لە ١/ ٩/ ٢٠٢٣ تایبەت بە میکانیزمی فرۆشتنی سیم کارت و بەپێی ڕێنمایی (٨)ی ساڵی (٢٠٢١) و (٩) ساڵی ٢٠٢٢، چەندین کۆبونەوەی ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا ئەم ڕێکارانە جێبەجێ کراون:

- ئاگاداری کۆمپانیاکانی مۆڵەتپێدراوی پەیوەندی و ئینتەرنێت کراوە دەبێت لیستی گشت بڕیارەکانی (فەرمی و لاوەکی) ئامادە بکرێن بۆ مەبەستی ناردنی بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ ب.کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەتدان.
- دەبێت کۆمپانیاکانی مۆبایل و ئینتەرنێت پشتگیری گشت بڕیارەکانمان بکەن بۆ ئەوەی مۆڵەتی فەرمی وەرگرن بە فرۆشتنی سیم کارت.
- دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بڕیاردرا تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٣١ گشت ڕێکارەکانی تۆمارکردنی بڕیارەکان بە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان جێبەجێ بکرێن. و بەپێی نوسراوی گشتاندنی ژمارە (٣٠٤٤٩) لە ٢٠٢٣/١٠/٢٦ گشت بەشەکانی کاروباری ناوخۆ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆییەکان راسپێدراون بە ڕایی کردنی ڕێکارەکانی تۆمار کردنی بڕیارەکان تا قۆناغی وەرگرتنی پێدانی مۆڵەت و وەرگرتنی

ڕسومات، دواتر بەرز کردنەوەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ب.گ .دیوان/ ب.کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەتدان بەمەبەستی پێدانی مۆڵە ت بە پێی یاساو ڕێنماییەکان.

- بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوەکانیان ژمارە (٣٩٦١) (٣٩٦٢) (٣٩٦٣) (٣٩٦٤) (٣٩٦٥) (٣٩٦٦) (٣٩٦٧) لە ١٢/ ١١/ ٢٠٢٣، ئاگاداری گشت کۆمپانیاکانی کردەوە بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست بە ئاگادارکردنەوەی گشت بڕیارەکان و بەپێی شوێنیان بۆ سەردانی کردنی کاروباری ناوخۆ لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە مەبەستی ڕای کردنی ڕێکارەکانی تۆمار کردن. هاوکات، لیژنەکانی تایبەت بە بەدواداچوونی بریکارەکان و ڕێکخستنی میکانیزمی فرۆشتنی سیمکارت لە سەرجەم پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان پێویستە بە بەردەوامی کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.
- ڕۆژی چوارشەممە ٢٢/ ١١/ ٢٠٢٣ لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو لە نێوان وەزارتمان و داواکاری گشتی و دەزگاکانی ئاسایش و سەرجەم کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی خزمەتگوزاری پەیوەندی (مۆبایل). بۆ ئەوەی کە داواکاری دەزگاکانی ئەمنی لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕاستەوخۆ باس بکرێت و کێشەو گرفتەکان چارەسەر بکرێن.
- بەپێی کۆمپانیاکان هەماهەنگی و هاوکاری بکەن لەگەڵ دەزگاکانی ئەمنی بەمەبەستی دۆزینەوەی جێکەوتی ئەو لایەنانە کە لەڕێگای سیم کارت یاخود ئینتەرنێت کاری پێچەوانەی یاسا و هەرشە لەسەر کۆمەڵگا دەکەن، ودەبنە هۆی مەترى لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و کۆمەڵگا. و بڕیاردرا لینکی ڕاستەوخۆی هەماهەنگی هەبێت لە نێوان دەزگای ئاسایش و کۆمپانیا مۆڵەتپێدراوەکانی خزمەتگوزاری پەیوەندی (مۆبایل)، هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە سەرجەم داواکاریەکان پیویستی بە ڕەزامەندی دادوەر دەبێت و لە ڕووی یاساییەوە دەبێت سەرجەم ڕێکارەکان یاسایی بن.

<u>پێدانی زانیاری لەسەر (IP)ی لایەنی گومانلێکراو</u>

سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێدانی زانیاری لەسەر ( IP)ی لایەنی گومانلێکراو، هەروەها بوونی هەر هەڕەشەیەکی ئەلیکترۆنی، وەزارەتی گواستنەوە هەستاوە بە زیادکردن و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی سۆشیاڵ میدیا و سایبەر سیکیوریتی لە پەیکەری تازەی خۆیدا. هەماهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و پێدانی زانیاری لەسەر ئەم بابەتە.

هەروەها لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی دابونەریتی کۆمەڵگای کوردستان و ژیانی خێزانەکان و کەمکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی ئەنتەرنێت، وەزارەتی گواستنەوە هەستاوە بە پابەندکردنی کۆمپانیاکانی مۆڵەتپێدراوی بوارەکانی گەیاندن بۆ دروستکردنی پاکێچی ئینتەرنێتی خێزانی (Family Package) بە جۆرێک لەم پاکێچە چەندین سایتی نەشیاو فلتەر وبلۆککراون کە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرن:

- سووکایەتی کردن بە ئایین و پێغەمبەرەکان، کتێبە ئاسمانییە پیرۆزەکان، گشت ئایین و ئایینزاکانی کوردستان.

- تێکدانی ئاسایش و پێکەوەژیان و کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی ڕق و دووبەرەکی و توندوتیژی (ئایینی، نەتەوەیی، هتد...).
- پۆرنۆگرافی (سایتە سێکسیەکان).
- فرۆشتن و کڕینی چەک و تەقەمەنی.
- قومار بەهەموو جۆرەکانی (ئەلیکترۆنی و هەر بابەتێکی تری قومار).
- دراوی ئەلیکترۆنی (هەموو جۆرەکانی).
- هاندان و ڕێکلام بۆ جگەرەو خواردنەوە کحولییەکان.
- سەرجەم بابەتەکانی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان.
- هاندانی توند و تیژی خێزانی, توندوتیژی خێزانی بە هەموو جۆرەکانییەوە( Child Abuse) .
- توندوتیژی دژی ئاژەڵان.

<u>ئەو کۆمپانیایانەی کە (ئنتەرنێتی پاکێجی خێزانی)یان پێشکەشکردووە بۆ هاووڵاتیان:</u>

- تارین نێت.
- فاست لینک.
- نورتێل.
- تیشک نێت.
- سەڤن نێت لەیەرز.

<u>ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن</u>

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.


<u>تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت</u>

- دەستەبەرکردنی ئەپڵیکەیشنەکان لەسەر ئامێرەکانی تەلەفۆن و تابلێت و مۆبایل و پرۆگرامە خۆڕاییەکان بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێن لەلایەن کەم ئەندامە جۆراوجۆرەکان.
- دانانی نیشانەی ئاماژەکان بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت بۆ کەسانی کەم ئەندام لە کاتی سەردانکردنیان بۆ فەرمانگە حکومییەکان.
- مۆڵەتدان بە هاوردەکردنی ئۆتۆمۆبێلی گونجێنراو بۆ بەکارهێنانیان لەلایەن کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە.
- دابینکردنی پاسی تایبەت و گونجاو بۆ کەمئەندامان و کورتەباڵا و خاوەن پێداویستی تایبەت.

- کاراکردنی هێڵی پەیوەندی راستەوخۆ بۆ پێڕاگەیاندنی حاڵەتەکانی توندوتیژی بە شێوەیەك کە دەستەبەربکرێت بۆ سەرجەم کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتەوە.


## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

لە کۆی (١٩) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٣) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (١٥) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (١) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان (٣) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٨٦,٨٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 14 | 1 | 15 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 3 | 3 | 3 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 19 | | |

هێڵکاری٥٣ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی




هێڵکاری ٥٤ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەت بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٥٥ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. دەرکردنی یاسایەك بۆ ڕێکخستنی ئەو مافانەی لە ماددەی (١٢٥)ی دەستووردا هاتوون، لەبارەی ئیدارە مەحەلییەکانەوە "ئەم دەستوورە مافی کارگێڕی و سیاسی و ڕۆشنبیری و فێرکردنی نەتەوە جیاوازەکانی وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و پێکهاتەکانی دیکە دەپارێزێت و ئەو کارەش بە یاسا ڕێکدەخرێت ".
٢. ئاوێتەکردنێکی تەواوی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەکی ڕەگەزی لە سیستمە یاساییەکەدا، بە چەشنێك کە لەحاڵەتی پێکناکۆك بووندا ئەولەویەت بۆ ڕێککەوتننامەکە بێت بەسەر یاسا ناوخۆییەکانەوە.
٣. دەرکردنی یاساکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی کەمینە ئاینییەکان بۆ ئەوەی بتوانن مومارەسەی مافی خۆیان بکەن لە پەیوەندیدا بە ئازادی پەرستنەوە.
٤. پەسەندکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕێگری و سزای جیاکاری دەدەن لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ یان مەیلی جنسی.
٥. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبوردەیی، کە ڕەنگدانەوەی کارکردنە بە پرەنسیپی هاووڵاتییبوون و ڕێزگرتن لە فرەیی لە ڕێی زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە ئامانج لەم پرۆگرامانەش بڵاوکردنەوەی کەلتووری مافەکانی مرۆڤە لە ڕێگای پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە، بە چەشنێك ئەو پرۆگرامانە جێبەجێ بکرێن بە بەشداری دامەزراوە نیشتیمانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
٦. نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە ڕەگەزی-ئاینییەکان (پێکهاتەکان)، لە نێویان ئافرەتان کەمینەکان (پێکهاتەکان) بە شێوەیەکی گونجاو لە سەرجەم دەستە هەڵبژێردراوەکان و وەزیفە گشتییەکاندا، و ئەویش بە گرتنەبەری ڕێککاری پێویست، لە نێویاندا هەموارکردنەوەی یاساکانی هەڵبژاردن و زامنکردنی نوێنەرایەتیکردنی ئەو پێکهاتانەی سوود وەرناگرن لە سیستمی کۆتا.
٧. زامنکردنی پاراستنی کەلتوری ئایینی و کەلەپوری و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی.
٨. زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان، لە نێویاندا ئەوانەی سەر بە پێکهاتی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، لە پرۆسەکانی ئاشتی نێودەوڵەتی و میکانیزمەکانی دادپەروەری ڕاگوزەری و پرۆسەکانی ئاشتەوایی نیشتیمانی.
٩. تۆمارکردنی زانیاری و داتاکان لەبارەی سکاڵاکانی پەیوەست بە جیاکاری ڕەگەزپەرستی کە کۆمیسۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ و دادگای مەحەلییەکان وەریان گرتووە، لەگەڵ دەرئەنجامەکانی ئەم سکاڵایانە لە نێویاندا بڕیارەکانی ئیدانەکردن یان ڕێککارە بەرزەفتکارییە دەرچووەکان و ئەو قەرەبووانەی پێشکەش بە قوربانییەکان کراون.
١٠. گرتنەبەری سەرجەم ڕێککارە پێویستەکان بۆ زامنکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ ئەو ئەندامانی سەرجەم پێکهاتەکانن.
١١. کاراکردنی جاڕنامە و کارنامەی دیربان، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڵگەنامەی کۆتایی بۆ کۆنفرانسی دیربان.

١٢. زامنکردنی ئازادی ئایین و باوەڕ لە عێراقدا لە رووی یاسایی و مومارەسەی کردارییەوە بۆ شوێنکەوتووانی سەرجەم ئاینەکان.
١٣. برەودان بە دووبارە ئاوێتەکردنەوە و پاراستنی کۆمەڵە و تاکەکەسەکانی پێکهاتە رەگەزی و ئاینییەکان، و ئەوانەی بەهۆی شەڕەوە ئاوارە بوونە، و زامنکردنی ئەوەی خزمەتگوزارییە یاساییەکان بەدەست دەهێنن لە نێویاندا دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان.
١٤. درێژەدان بە برەودان بە لێبوردەیی و گفتوگۆ بە ئامانجی پاراستنی فرەیی زمانەوانی و ئاینی و رەگەزی و کەلتوری.
١٥. برەودان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە ئەنجامدراون دەرهەق بە ئێزیدییەکان لەپێناو سزادانی ئەنجامدەرانی، و زامنکردنی پاراستنی کەلتوری ئایینی و کەلەپوری و ماددییان.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ پرسی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە لە ڕووی ئاین و رەچەڵەکیانەوە و پارێزگاریکردنی ناکامی ناموسڵمان لە ئایینی خۆی تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. هەموارکردنەوەی ئەو ماددە دەستوورییانەی ناکۆکییان لەسەرە وەك ماددەی (٤١): عێراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە باری کەسێتییەکان بەپێی ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی خۆیان، ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت.
٢. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن لە رێگای زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان و بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامانجداردا.
٣. دانانی پرۆگرامی پێویست و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مەترسی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

<u>لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>خزمەتگوزاری ئیداری و یاسایی بۆ پێکهاتەکان</u>

- بوونی وەزارەتێک تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەت بە پرسی پێکهاتەکان. لە هەرێمی کوردستان بۆنە و یادی پێکهاتەکان بە پشووی فەرمی دادەنرێن. بوونی نوێنەرانی جو و بەهائییەکان لە کوردستان هەنگاوێکی بوێرانەیە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە هەرێمی

کوردستان هەموو پێکهاتەکان مافیان هەیە بەبێ جیاوازی. هەروەها ئافرەتانی پێکهاتەکان بەشداری سیاسی و ئابووری کارایان هەیە.

- سەبارەت بە ئازادی پابەندبوون بە باری کەسی بەپێی ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی تاکەکەسی، وەزارەتی ئەوقاف یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ پەیڕەو دەکات کە ڕەهەندێکی یاسایی دەستووریيە، لە ئێستادا ڕەشنووسێك ئامادەیە بۆ ڕێکخستنی باری کەسێتی ئێزیدییەکان.

- لەبارەی ئیدارە خۆجێییەکانەوە بە قەزاکردنی عەنکاوە و بە ناحیەکردنی خانکێ لە سنووری قەزای سمێل لە پارێزگای دهۆك ئەنجامدراون، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە شاری کەرکوك و قەزای مەخمور کرایەوە.

- لە هەولێر بەردی بناغەی کەنیسە و بارەگای سەرەکی پاتریارکی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان دانراوە.

- لە ئێستادا وەزارەتی ئەوقاف ڕەشنووسێکی یاسای نوێی ئامادەکردووە و ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە تاوەکو بەرزبکرێتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان. ئەم ڕەشنووسە زیاتر برەودانە بە ڕەوشی پێکەوەژیان و زامنکردنی مافی زیاتر بۆ پێکهاتە ئایینیەکان و خزمەتکردنیان لە هەموو کایەکانی ژیان.

- بۆ ڕێزگرتن لە پێکەوە ژیان مزگەوتێک هەیە کە بە زمانی تورکمانی وتاری ئایینیی تێدا پێشکەش دەکرێت.

- سەبارەت بە ئازادی پابەندبوون بە باری کەسی بەپێی ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕ و هەڵبژاردنی تاکەکەسی، وەزارەتی ئەوقاف یاسای ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٥ پەیڕەو دەکات کە ڕەهەندێکی یاسایی دەستوورییە.

<u>بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکاری نەکردن و ڕێزگرتن و لێبوردەیی</u>

- بۆ نەهێشتنی جیاکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە بە مەبەستی دیاریکردنی سزا لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ.
- وەزارەتی ئەوقاف کار دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکاری نەکردن و ڕێزگرتن لەوانی دیکە و لێبووردەیی لەڕێی پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە. وەزارەت گرنگی دەدات بە یەکخستنەوەی گوتاری ئایینی مزگەوتەکانی کوردستان لەلایەن بۆردی ئامادەکردنی وتاری هەینی لەسەرەتای کابینەی نۆیەم، کە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە لە پێشکەش کردن و دانانی وتاری میانڕەوی و قوڵکردنەوەی گیانی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن، هەروەها لە ڕێگەی مامۆستایانی ئایینی لە مینبەرەکانیانەوە وتاری میانڕەو و دژ بە جیاکاری پێشکەش دەکەن لەژێر چاودێری بۆردی وتاری هەینی کە یەکێکە لە تەوەرەکانی پلانی ستراتیژی وەزارەت.
- ڕۆژی (٢٧)ی ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێک یادی ڕۆژی جیهانی ئازادی ئایینیەکان دەکرێتەوە، بە بەشداری نوێنەر و کەسایەتییە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان. وەزارەتی ئەوقاف ئەم یادە بەرز ڕادەگرێت. چالاکییەکی تایبەتی

له ٢٠٢٢/٥/٢٢ ئەنجامدراوە بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی کەلتووری فرەچەشن بۆ گفتوگۆ و گەشەپێدان بە بەشداری گشت پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکەکان لە هەرێمی کوردستان.

- چاپکردنی پەرتووکێکی فەرهەنگی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و خستنەڕووی چەندین بەڵگەی زیندووی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان و پێشکەش بە قەداسەتی پاپای فاتیکان کرا لە کاتی سەردانە مێژووییەکەی بۆ هەرێم.
- وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ ئەو کەسانە سزا دەدات کە پێشێلکاری دەکەن و هەڵدەستن بە دیاردەی قێزەوەن و ناشەرعییانە لە پەنای ئایین و دەرهەق بە کۆمەڵگا و بەدواداچوونی ئەم بابەتانە.

<u>پاراستنی ئایین و کەلەپوور و ماددی پێکهاتەی ئێزیدی</u>

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاری کردووە لەسەر بە فەرمی کردنی چوار جەژنی تایبەت بە ئێزیدییەکان و پشووی جەژنی سەری ساڵ لە سەرتاسەری هەرێم، و بە فەرمیکردنی خوێندنی بابەتی ئایینی ئێزیدی لە قوتابخانەکانی ناوچە ئێزیدی نیشینەکان. بۆ ئاسانکاری پێویست لە کاری دەرهێنانی دۆکیومێنتی فەرمی، دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحیەکان و ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف کار دەکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەم پرسە. لە ڕێگای نوێنەرایەتی گشت ئایینەکانی تر لە وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی کارەکانی ئایینەکانی تر جێبەجێ دەکرێن.
- بە بەردەوامی پشتیوانی بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالش دەکرێت، و کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی مەزارگەی لالش و قوب لە شێخان و درووستکردنی ڕێگای جووت ساید بۆ مەزارگەی لالش و دروستکردنی عەمباری ئاو و کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆنی زەیتون لەسەر شێوازی کۆن بۆ ئەنجامدانی ڕێورەسمی تایبەت بە ئێزیدییەکان.
- پلان هەیە بۆ ئەنجامدانی (١٣) پرۆژەی تر بۆ نۆژەنکردنەوەی شوێنی پیرۆزی ئێزیدییەکان لە ناوچەکانی دێرەبون، شێخان، شێخکا، خانکین، باعەدرێ. بە هاوکاری کەسانی خێرخواز (چوار) شوێنی پیرۆز نۆژەنکرانەوە لە ناحیەی فایدە، هەروەها دانانی کەسایەتییەکی ئێزیدی وەك بەڕێوەبەری ناحیە لە سنوری پارێزگای دهۆك.
- حکومەتی هەرێم هاوکاری پێشکەش بە (٣٢١) پیاوی ئایینی کردووە وەك وتاربێژ و بەڕێوەبەری ڕێورەسمی ئایینی و خزمەتکردن و پاراستنی شوێنە ئایینە پیرۆزەکان.
- ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/١٢ لە هەولێر کۆنفرانسێك لەژێر ناونیشانی (کەمینە لە مێنتاڵێتی زۆرینە: ئێزیدیی وەك نموونە) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئێزیدییەکان لە وەزارەت ئەنجامدرا، تیایدا ئێزیدییەکان بە ڕاشکاوانە باسیان لە ئایینەکەی خۆیان کردو تیشکیان خستە سەر ئەو هەموو لایەن و ئاراستانەی کە سەبارەت بە ئایینەکەیان بەدی دەکەن لەنێو زۆرینەدا و بە چەند ڕاسپاردەیەکیش دەرکران بۆ ئەنجامدانی کارەکانی داهاتوویان گرنگ بۆ کاری داهاتوو.

چارەسەر کردنی پرسی منداڵانی داعش

سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ پرسی ئایینی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە، ئەم پرسە پێویستە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراق چارەسەر بکرێت و ئاسانکاری بکرێت بۆ تۆمارکردنی منداڵەکان لەژێر ئەو ئایینەی کە بەخێوکار خوازیارە ئەمەش لە یاسای عێراقی ڕێگەپێدراو نییە، چونکە بە موسڵمان تۆمار دەکرێن.

هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

- ئەنجامدانی وۆرکشۆپێك بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەگەڵ دامەزراوەی کایسیدی نێودەوڵەتی.
- بەشداریکردنی شاندی وەزارەت لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ئازادی ئایینی لە پراگ ووڵاتی کۆماری چیك بەمەبەستی برەودان بە گیانی لێبووردەیی.
- بەشداریکردنی شاندی وەزارەت لە بەخشینی خەڵاتی شێخ زاید لە ووڵاتی ئیمارات
- بەشداریکردنی شاندی وەزارەتمان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئازادی ئایینی لە ئەمریکا لە واشنتۆن.

سەبارەت بە ڕێکاری تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ

بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١ – ٢٠٢٥)، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی کردن بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤ ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کردووە، لەوانەش وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ئامانجی کارکردن بۆ کاراکردنی جێبەجێ کردنی یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە کوردستان ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٨، باشتر پاراستنی قوربانیانی تاوانەکانی بە نایاسایی بەخشینی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تاکە کەسی و بەکۆمەڵ دەربارەی مەترسیەکان.

ڕێکار بریتییە لە گرنگیدان بە ڕەهەندی ئایینی، کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت لە جێبەجێکردنی یاساکەدا، پێویستە مەرجعە باڵاکان ڕێکبکەون و ڕێگە بدەن بە ئەنجامدانی بە تایبەتی چارەسەرکردنی بابەتی وەرگرتنی بەشێک یان ئەندامانی جەستەی کەسی مردوو. بۆ کارکردن لەسەر ئەم ڕێکارەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە نووسراوی ژمارە (٥٢٤٤/لە ٢٠٢٣/١١/٢٢) سەبارەت بە حوکمی شەرعی (بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ)، داوای روونکردنی لە ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کردووە تایبەت بە (حوکمی گواستنەوەی ئەندامی جەستەی مروڤ و چاندنەوەی لە کەسێکی دیکە).

ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان بە پشت بەستن بە بەڵگە شەرعییەکان رایگەیاند

ئەم بابەتە زۆرترین رای جیای لە نێوان زانایانی هاوچەرخ لەسەر هەیە، هەندێکیان قەدەغەیان کردووە، بەڵام زۆرینەیان بە جائیزیان داناوە ئەگەر خۆبەخشی بێت ، نەوەك بە مامەڵە پێکردن و کڕین و فرۆشتن بێت. ئەنجومەنی باڵاش بەم مەرجانەی خوارەوە پێی دروستە:

١. دەبێت خۆبەخشەکە بالیغ و فامیدە -عاقڵ- بێت و شایستەی راسپاردن بێت و بە رەزامەندی خۆیشی بێت، دوور لە زۆرلێکردن و فرت و فێڵ.
٢. رەچاوی رێزی مرۆڤایەتی تێدا بکرێت، دووربێت لە سوکایەتی و گەیشتنی زیان بە کەسی خۆبەخش.
٣. دەبێت بەخشینەکە لەکاتی پێویست و زەرورەت بێت، هەروەها لە سنورێکی تەسك و سنورداردابێت، باشتریشە کە کەسی خۆبەخش لە خزم و کەسی نزیکی نەخۆشەکە بێت.
٤. نابێت ئەو ئەندام و بەشەی کە دەگوازرێتەوە لەجەستەی خۆبەخشەکەدا، سەرەنجام ببێتە هۆکاری مردنی خودی کەسی خۆبەخش، یان ببێتە هۆی ناتەواوی و کەموکورتی و نەخۆشکەوتن و تێکچوونی تەندروستیەکەی، یانیش ببێتە هۆی ئەوەی پەکی بکەوێت لە بەجێگەیاندنی فەرز و واجبەکانیدا، هەروەها نابێت گواستنەوەکە یارمەتیدەربێت بۆ کارێکی حەرام، یان بۆ کەسێك بێت کە رشتنی خوێنی حەڵاڵ بێت.
٥. دەبێت ژیانی کەسی وەرگر -نەخۆش- لە ئەگەری ئەنجامنەدانی گواستنەوەکەدا مەترسی مردنی لەسەر بێت و هەموو رێگا و هۆکارێك کۆتایی هاتبێت بۆ چارەسەرکردنی و تاکە رێگا کە مابێت بۆ رزگارکردنی ژیانی؛ گواستنەوەو چاندنی ئەندامی جەستەی مرۆڤێکی دیکەیە لە جەستەی نەخۆشەکەدا، ئەمەیش پەیوەستە بە بڕیاری لیژنەی تەندروستی تایبەت.
٦. نابێ مەبەستی پزیشك، لەم گواستنەوەو چاندنەدا تەنها تاقیکردنەوە و راهێنان و باری دارایی خۆی بێت.

مەرجەکانی گواستنەوە لە مردوو، تازە مردوو، بۆ مرۆڤێکی زیندوو

١. دەبێت مردووەکە ئەو کەسەی کە ئەندامێك و بەشێك لە جەستەی دەبڕدرێت و لێدەکرێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکەی زیندوو- بە تەواوی مردبێت، نەك تەنها مردنی پزیشکی.
٢. دەبێت پزیشکی پسپۆڕی متمانەپێکراو دانبنێت کە ئەو کەسەی ئەندامەکەی بۆ دەگوازرێتەوە و لەجەستەی دەچێنرێت؛ هیچ رێگا و چارەسەرێکی دیکەی پزیشکی نەماوە، تەنها ئەو چارەیە نەبێت.
٣. گواستنەوەو چاندنی دەبێت بێ بەرامبەر بێت، واتە کڕین و فرۆشتن بە جەستەی مردوو نەکرێت.
٤. دەبێت مردوو؛ پێش مردنی و لە ژیانیدا ببەخشێت و بە ویستی خۆی و بێ هیچ بەرامبەرێکی مەعنەوی یان مادی بێت و بەشێوەیەکی یاسایی، یان وەسیەت و راسپاردن بکات، بێ زۆر لێکردن بە بەخشین، هەروەها دەبێت میراتگرانیشی رازی بن لەدوای مردنی کەسەکە بە بەخشینەکە.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئەوقاف و کاروباری ئایینی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

- بەشداری پێکردن و هەماهەنگی زیاتر لەگەل کەسایەتییە ئاینییەکان سەبارەت بە داکۆکیکردن لە بابەتەکانی توندوتیژی خێزانی بە شێوەیەکی بەردەوام چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر کۆمەڵگا.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری پیاوانی ئایینی سەبارەت بە مافی ئافرەتان و ڕێگرتن لە جۆرە جیاجیاکانی توندوتیژی خێزانی لە ڕێگەی پێدانی ڕێنمایی و ئەنجامدانی ۆورکشۆپ و خولی ڕاهێنان.
- پەرەپێدانی پەیامی سەرەکی لەگەڵ کەسایەتییە ئاینییەکان سەبارەت بە خۆپاراستن لە توندوتیژی خێزانی و سوود وەرگرتن لە دەقە ئاینییەکان و دواتر هاوبەشی پێکردنی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕای گشتی.

تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ

گرنگیدان بە ڕەهەندی ئایینی، کە ڕۆڵەکی زۆر گرنگ دەگیرێت لە جێبەجێکردنی یاساکەدا، پێویستە مەرجعە باڵاکان ڕێکبکەون و ڕێگە بدەن بە ئەنجامدانی بە تایبەتی چارەسەرکردنی بابەتی وەرگرتنی بەشێک یان ئەندامانی جەستەی کەسی مردوو.

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان

پێویستە خولی تایبەت بۆ مامۆستایانی ئایینی بکرێتەوە بۆ باس کردنی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و کاریگەریی لەسەر تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، تا هۆشیاری لە مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر بڵاوبکەنەوە

تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە

- ڕێکخستنەوەی گوتاری ئایینی بەرەو ئاڕاستەیەکی دروست کە ببێتە هۆی چەسپاندنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و ڕێگرتن لە تێکدانی ئاسایش و خێزان  کە دەبێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا.
- چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بڵاوکردنەوی گوتاری میانڕەوی و بنبڕکردنی جیاکاری لە ڕێگەی دامودەزگا ئایینیەکان وەک مزگەوت، کڵێسا و پەرستگاکان، کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک و ڕێگریکردن لە جیاکاری.


بۆ جێبەجێکردنی ڕێکاری تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە لە چوارچێوەی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەم هەنگاوانەی ئەنجامداوە:

یەکەم: کردنەوەی پەیمانگای پێشنوێژ و وتارخوێن لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەوەی وتارخوێنان بە شێوەیەکی ئەکادیمی فێری وتار خوێندن ببن، وبە رەچاوکردنی لایەنی زانستی باس لەبابەتە هەستیارەکان بکەن لە هەمان کاتدا هۆشیاری لە کۆمەڵگە بڵاوبکەنەوە.

دووەم: تۆمارکردنی بەرنامەیەکی ٣٠ ئەڵقەیی کە لە هەموو مانگی رەمەزان بۆ بڵاودەکردێتەوە و بابەتەکانیشی تایبەتن بە هۆشیاری و پێدانی زانیاری لەسەر پرسە ناوخۆییەکان.


## وەزارەتی کارەبا

لە کۆی (٢) راسپاردە کە ئاڕاستەی وەزارەتی کارەبا کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (١) راسپاردە جێبەجێکراوە و (١) راسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (١) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان نەماوە، و ئەو راسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (١). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 1 | 0 | 1 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 1 | 1 |
| ژمارەی راسپاردە | 2 | | |

هێڵکاری ٥٦ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەتی کارەبا




هێڵکاری ٥٧ ڕێژەی هەوڵدانی وەزارەتی کارەبا بەپێی ژمارەی راسپاردەکان




هێڵکاری ٥٨ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. پاراستنی پەنابەرو ئاوارە ناوخۆییەکان و دابینکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکان بۆیان کە کارەباو ئاوو چاودێری تەندروستی و خۆراکی پێویست و خزمەتگوزارییەکانی دیکە دەگرنەوە، ئەویش بە هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسەکانی دیکە کە پەیوەستن بە کاروبارەکانی پەنابەران و ئاژانسە مرۆییەکانەوە.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. برەودان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بە پەلەو، داواکردن لەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و تەکنیکی بە ئامانجی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی رزگارکراون لە گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان لەپێناو زامنکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

بەرهەمهێنانی کارەبا لە نێوان ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

دابینکردنی کارەبا کاتی پێویستەو کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە دانانی تۆڕی کارەبا هەیە کە ئەمەش گوژمە و تێچوویەکی زۆری دارایی پێویستە، بڕی بەرهەمهێنان نێوان ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ زیادیکردوە، بەشێوەیەک کە تێکڕای بەرهەمهێنان لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (١٨٣) مێگاوات زیادی کردوە.

توانای بەرهەمهاتوو بۆ مانگەکانی ساڵی ڕابردوو ٢٠٢٢ بریتی بووە لە (٣٣٠٤) مێگاوات، و دابەشکراوە بەسەر پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان. هەروەها تێکڕای (٦٢٢) مێگاوات دراوە بە تۆڕی نیشتیمانی عێراق (کەرکوک و موسڵ)، ئەم بڕەش دەکاتە (١٩٪)ی بەرهەمی گشتی هەرێم.

توانای بەرهەم هاتوو دابەشکراو بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بریتییە لە (٣٤٨٧) مێگاوات، دابەشکراوە بەسەر پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان. هەروەها تێکڕای (٧٨٢) مێگاوات دراوە بە تۆڕی نیشتیمانی عێراق (کەرکوک و موسڵ)، ئەم بڕەش دەکاتە (٢٢٪)ی بەرهەمی گشتی هەرێم.

ژێرخانی بەرهەمهێنانی توانای کارەبا و توانای ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان لە هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٣

بەرزترین توانای بەرهەمهێنان لە هەرێمی کوردستان - وەک ژێرخان- نزیکەی (٧٠٠٠) مێگاواتە، بەم برەش دەتوانرێ (٢٤) کاتژمێر کارەبا دابین بکرێ، بەڵام بە هۆی دابین نەکردنی سووتەمەنی پێویست و نەبوونی بودجە بۆ جێبەجێکردنی پلان و پرۆژەکان، نەتوانراوە بگەینە ئەو ئامانجە.

لە ٢٠٢٣ دا، وێستگەی کۆمبایند سایکلی هەولێر بەرزترین ڕێژەی کارەبای بەرهەم هاتووی دابین کردووە. دوای ئەو وێستگەی بازیان و خورماڵە دێن. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هەندێك لەم وێستگانە توانای بەرهەمهێنانی چەندین هێندەی ئێستایان هەیە وەکو وێستگەی دهۆکی گازی، بەڵام بەهۆی نەبوونی سووتەمەنی و نەبوونی بۆڕی  گواستنەوەی گازەوە، نەتوانراوە وەکو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت.

هەندێکیان توانای فراوانکردنیان هەیە وەکو وێستگەی خورمەڵە کە لە ئێستادا کار لە کۆمباین سایکلدا دەکرێ، واتە (Steam Cycle)ی بۆ زیاد دەکرێ بە بڕی (٥٠٠) مێگاوات و پلان وایە بۆ ساڵی ٢٠٢٥ بکەوێتە کار . هاوکات هەمان پرۆسە لە وێستگەی بازیانی گازی ئەنجامدەدرێت بە بڕی(٢٥٠) مێگاوات کە پلان وایە مانگی ئازاری ئەمساڵ (٢٠٢٤) بکەوێتە کار، ئەم فراوانکردنانە لەسەر بنەمای سود وەرگرتن لە گەرمی بەکارهاتووی هەمان سوتەمەنی ئەنجام دەدرێت واتە هیچ سوتەمەنیەکی تری ناوێ و زیان بە ژینگە ناگەیەنێت.

گەورەترین ڕێژەی بەرهەمهێنانی توانای کارەبا لە ساڵی ٢٠٢٣،  لە هەولێر و سلێمانی بووە. کەمترین ڕێژەش لە شاری دهۆك بوو کە پێویستە چارەسەر بکرێ. لەگەڵ ئەوەی سلێمانی بە پلەی دووەم دێت لە دابینکردنی توانای کارەبا، بەڵام هەمەجۆری سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی توانای کارەبا لە شارەکەدا خاڵێکی ئەرێنی زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری بەرهەمهێنان، بۆ بەرجەستەکردنی جێگیری (Stability) سیستمی کارەبا، پێویستە توانای بەرهەمهێنانی ناوچەکان لە گەڵ خواستدا یەکسان بن، یان جیاوازیەکی کەمیان هەبێت کە هاوکات ڕێژەی وونبوونیش (Losses) کەم دەبێتەوە.

لە درێژەی هەوڵەکانی وەزارەتی کارەبا بۆ پاراستنی ژینگەو هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی وزەی پاک تا ئێستا چەند گرێبەستێک مۆر کراوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێی خۆرەوە. تەنانەت بەردی بناغەی وێستگەیەکی (٢٥) مێگاواتیش بەکرداری دانراوە.

تێکڕای ئاڵوگۆڕی توانای کارەبا لە نێوان ناوچەکانی هەرێم لە ساڵی ٢٠٢٣

- مەبەست لە ئاڵوگۆڕی توانای کارەبا لە نێوان ناوچەکانی هەرێمدا بریتییە لە بوونی ناهاوسەنگی لە نێوان توانای بەرهەمهێنان و پێداویستی ناوچەکە ( پشک) بۆ توانای کارەبا.
- ٢٢ % بەرهەمی توانای کارەبای هەرێمی کوردستان بۆ کەرکوك و موصڵ هەناردە کراوە لە ساڵی ٢٠٢٣.
- ٤٩% توانای کارەبای دابینکراو بۆشاری دهۆك لە دەرەوەی خۆی(هەولێر) بۆی دابینکراوە لە ساڵی ٢٠٢٣.

- هەناردەکردنی توانای کارەبا بۆ دەرەوەی هەرێم لە بەر نەبوونی سوتەمەنی پێویست و توانای دارایی جێبەجێ کراوە، لە بەرامبەردا داهاتێکە بۆ حکومەتی هەرێم.

<u>پەیوەندی کردن لە ڕێگای مۆبایل و هۆکارەکانی گەیاندنی ئینتەرنێت</u>

یەکێك لە هۆکارەکانی وەرگرتنی زانیاری سیستەمی گەیاندنی کارەبا لە ڕێگای (Mobile Number)ەوە لە نێوان کۆنترۆڵی ناوەندی هەرێم و سەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنان، وێستگەکانی گۆڕین، کۆنترۆڵی شارەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئیشوکاری ئیشپێکردن و چاکسازی.

<u>گرفتە تەکنیکیەکانی سیستم</u>

ڕۆژانەو بەبەردەوامی بەدواداچون بۆ دیاریکردنی گرفتەکانی سیستمی گەیاندن و گواستنەوەی زانیاری و چارەسەرکردنی خێرا دەکرێت، هەبوونی گرفت لەم سیستەمە دەبێتە هۆکاری گرفتی گەورە لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی سیستمی کارەبا.

- لە کار دەرچوونی یەکەکان لە وێستگەکانی بەرهەمهێنان Unit Outages.
- سیستمی پارێزگاری ژێر لەرەلەر و سەرو لەرەلەر Under and Over Frequency Protection System.

سیستمی Under Frequency لە تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستان بە سێ قۆناغ دانراوە کە بریتین لە:

خشتەی ٤٣ سیستەمی تۆری کارەبا

| | |
|---|---|
| Stage ١ | ٤٩,٤ Hz |
| Stage ٢ | ٤٩,٠ Hz |
| Stage ٣ | ٤٨,٧ Hz |

پاش دامەزراندنی ئەم سیستمە، سەرەڕای خراپی دۆخی سیستم و ڕوودانی گرفتی گەورە لە وێستگەکانی بەرهەمهێنان و تۆڕەکانی کارەبا (کوژانەوەی گشتی) زۆر دەگمەن بووە کە پێشتر زوو زوو توشی ئەم گرفتە دەبووین ئەمەش بە سەرکەوتنێکی گەورە هەژمار دەکرێ لە ڕووی تەکنیکی، ئابووری و خزمەتگوزاریەوە. ئەم سیستمە بە بەردەوامی لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتمەندی وەزارەت و سەنتەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم بەدواداچوونی بۆ دەکرێ بەپێی واقیعی ئیشپێکردنی سیستم گۆڕانکاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرێت .

<u>ژێرخانی سیستمی کارەبا لە هەرێمی کوردستان</u>

ژێرخانی سیستمی کارەبا لە هەرێمی کوردستان سەرباری قەیرانی دارایی و ئاڵنگارییەکان لە بارودۆخێکی باش دایە، لە ڕووی ژێرخانی بەرهەمهێنان نزیکە لە (٧٠٠٠) مێگاوات، ئەگەر وزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بەپێی ستانداردە

جیهانیەکان بۆ بەکارهێنانی وزەی کارەبا بۆ تاک (Per capita) بەکاربهاتایە، خزمەتگوزاری کارەبا (٢٤) کاتژمێرو بڕێک لەو توانای بەرهەمەش وەکو یەدەگ (reserve power) دەمایەوە.

لە ڕووی تۆڕی گواستنەوە خاوەنی (٢) وێستگەی (٤٠٠ KV)و سەدان وێستگەی گۆڕینی (١٣٢ KV) و مۆبایلی (١٣٢KV) و وێستگەی گۆڕینی (٣٣ KV)و هەزاران کیلۆمەتر لە هێڵەکانی گواستنەوەی (١٣٢ KV) و (٣٣Kv) و دەیان هەزار کیلۆمەتر لە تۆڕی دابەشکردنە.

لە ئێستادا لەو ژێرخانەی بەرهەمهێنان کە هەیە تەنها (٣٥٠٠-٤٠٠٠) مێگاوات لە کاردایە بەهۆکاری نەبوونی سوتەمەنی پێویست بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی گازی، پلان وایە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا تا ناوەڕاستی ساڵ بۆڕی گاز بگاتە وێستگەی دهۆکی گازی و هاوکات بەرهەمی گازی سروشتی لە کێڵگەی کۆرمۆڕ بەبڕی (٢٥٠) ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە واتە (٢٥٠ MMSCFD) زیاد بکات، بەوەش توانای بەرهەمهێنانی کارەبا بە توانای (٧٠٠) مێگاواتی تر لە ژێرخانی بەرهەمهێنان دەکەوێتە گەڕ .

هاوتەریب لەگەڵ ئەمانەدا قۆناغی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەک تەواو بووەو پلان هەیە قۆناغی دووەمی دەست پێ بکرێت کە ئامانج لێی کۆنترۆڵی خواست، کۆتایهێنان بە سەرپێچی یەکان و درووستی خوێندنەوەی وزەی کارەباو چەندین خەسڵەتی تری تەکنیکی یە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی تۆڕی دابەشکردن.

لە دنیای بەڕێوەبردنی وزەدا هێندەی کار لەسەر زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان دەکرێ دە هێندە کار لەسەر کۆنترۆڵ کردنی خواست دەکرێ. ئەوەندەی پەیوەندی بە وەزارەتی کارەباوە هەبێ، لە ڕێگەی جێبەجێ کردنی پرۆژەی پێوەری زیرەکەوە هەنگاوی دروست و پێویستی ناوە لەو پێناوەدا. هەروەها لە ڕێگەی دەرکردنی ڕێنمایی پێویست و ڕێگەپێدان بۆ سوودوەرگرتن لە وزە نوێبووەکان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەوەی پویوەندی بە وەزارەتی کارەباوە پێت کراوە، دواکەوتن و جێبەجێ نەکردنی ئەم پرۆژانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی وەزارەتی کارباوەیە.

سەرباری نەبوونی بودجە و پارەی پێویست هەندێ کاری گرنگ لە بواری گواستنەوە لە وێستگەکان و هێڵەکانی گواستنەوە کراوە، بەڵام هێشتا ئاستی خزمەتگوزارییەکانی کارەبا لە ئاستی ویستی وەزارەت و چاوەڕوانی هاوبەشەکانی کارەبادا نییە، چونکە چارەسەری بنەڕەتی گرفتی کارەبا تەنها ئەرکی وەزارەتی کارەبا نییە بەڵکو پێویستە سەرجەمی وەزارەت و دەستەو دامەزراوەکانی حکومەت، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ناوەندە ئەکادیمی یەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکارو هەماهەنگ بن لەگەڵ وەزارەتی کارەبا لە پێناوی گەیشتن بە خزمەتگوزاری (٢٤) کاتژمێری کارەبا بە شێوەیەکی ئابووری و بەهەند وەرگرتنی پاراستنی ژینگە .


<u>هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٣</u>

- وەزارەتی کارەباو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی هیلال و دانە غاز، بە تێچوونی ملیۆنێک دۆلار وێستگەیەکی دابەشکردنی کارەبایان لە ناحیەی قادر کەرەم کردەوە.

- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کۆمپانیای PSE ئەڵمانیی لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە بواری بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبا بەتایبەتی وزە نوێبووەکان.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کونسوڵی ژاپۆن دەربارەی کەرتی کارەبای هەرێم بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا لە وزەی خاوێن کە کۆمپانیای متسیوبیشی و تۆشیبا بە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو لە کەرتی کارەبا وەبەرهێنان دەکەن و لە وزەی خاوێنەوە کارەبا بەرهەم دەهێنن و جەختی لەسەر ئامادەیی بانکەکانی وڵاتەکەی بۆ پارەدارکردنی پرۆژەکانی کارەبای هەرێم و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کارەبا لە لایەن کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی کرد.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کونسوڵی ژاپۆن لەسەر قەرزەکانی ژاپۆن بۆ عێراق و ڕۆڵی ئاژانسی جایکای ژاپۆنی بۆ هاریکاریی نێودەوڵەتی و جەخت لەسەر گرنگی و پێویستی دادپەروەرانەی بوونی پشکی هەرێمی کوردستان لەم قەرزانەدا کرا.
- وەزارەتی کارەبا بەردەوام بووە لە کارکردن و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان کە هاتوون و دەستپێشخەرییان کردووە بۆ هەماهەنگی کردنی وەزارەتی کارەبا هەریەکەو بەپێی پسپۆڕی خۆیان ڕێکخراو و ئاژانسەکانی وەک: جایکا، کۆیکا، UNDP، USAID، GRD.


## دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

لە کۆی (٥) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان وەک خۆی ماوەتەوە کە (٤) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکانیش (١) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە(٨٠٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 4 | 0 | 4 |
| 1 1 1 | 1 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 5 | | |

هێڵکاری ٥٩ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە




هێڵکاری ٦٠ ڕێژەی هەوڵدانی دەستەی ژینگە بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٦١ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. درێژەدان بە گرتنەبەری ڕێککارەکانی پاراستنی ژینگە لە ڕێی پلانەکەیەوە کە پەیوەستە بە گەشەپێدانی بەردەوامەوە.
٢. کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا ژمارە (٨) بۆ ساڵی ٢٠٠٨.
٣. دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە پاراستنی ژینگە.
٤. کارکردن لەسەر مافی ژیان لە ژینگەیەك خاوێندا وەك مافێکی دەستوری تاکەکەس بە گوێرەی ماددەی (٣٣) لە دەستوری عێراق.

ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا ژمارە (٣) بۆ ساڵی ٢٠١٠.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

چوارچێوەی یاسایی پاراستنی ژینگە

- لە هەرێمی کوردستان یاسای (ستراتیژی پاراستنی دارستان) کاری پێدەکرێت. کە پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦) ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، لە ئەنجومەنی وەزیران خرایە ڕوو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٨) دا کە رۆژی ٢٠١٢/١٠/١٠ بەسترا، یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠١٢ یاسای دارستانی لەهەرێمی کوردستان دەرکرد.
- سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) بۆ ساڵی ٢٠٠٨، ڕێکارەکانی هەموارکردنەوەی یاساکە تەواوبوون و لەلای لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام بەهۆی کۆتایی هاتنی کارەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان نەتوانراوە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لەلایەن خۆیەوە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە تەواوی ڕێکارە پێویستەکانی تەواو کردووە.

دەرکردنی ڕێنمایی و بڕیاری پێویست بۆ پاراستنی ژینگە

دەستەی ژینگە ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەی دەرکردووە لە ساڵانی ٢٠٢٢-٢٠٢٤:

- ڕێنمایی ژمارە ١ ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەدانانی چاودێری ژینگەیی بۆ پرۆژەکان.
- ڕێنمایی ژمارە ٢ ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەبەخێوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

- ڕێنمایی ژماره ٤ ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەپاراستنی چینی ئۆزۆن.
- ڕێنمایی ژماره ٥ ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەسەرچاوە تیشکدەرەکان.
- ڕێنمایی ژماره ٦ ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بەخۆپاراستن لەتیشکی نائایۆنی.
- ژماره (١)ی ساڵی ٢٠٢٣، ڕێنمایی ڕێکخستنی ڕاوکردن.
- ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣، ڕێنمایی بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییەک ژینگەییەکان.
- سنووردارکردنی ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکەکان و دووباره بەکارهێنانەوەی.
- دیارکردنی نرخی کرێی پشکنینی تاقیگەیی لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.
- لە ڕێکەوتی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ٢٠٢٣/٢/١٤ کە هیچ ئۆتۆمبێلێک هاوردە ناکرێت ئەگەرهاتوو فلتەری (ئەگزۆزی)ی تایبەت بە ڕێگاگرتن لە گازە زیانبەخشەکانی لێکرابێتەوە.
- ڕێنمایی ژماره١ ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بەپۆڵێنی پرۆژەکان و ڕەزامەندیی ژینگەیی
- ڕێنمایی ژماره ٢ ساڵی ٢٠٢٤ ئاوی چارەسەرکراوی ئاوەڕۆکەکان و دووباره بەکارهێنانەوەی.

<u>بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی و هۆشیار کردنەوەی ژینگەیی</u>

- (٨) بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم بۆردانە نزیکەی (٢٢١) ڕێکخراوی ژینگەیی لە خۆدەگرێت.
- ڕێبەری ژینگەیی بۆ قوتابخانەکان ئامادە کراوە، مامۆستای وانەی زانست دەبێتە ڕێبەری ژینگەیی لە قوتابخانەکەی، بۆ ئەم مەبەستە دەستەی ژینگە کتێبێکی تایبەتی ئامادە کراوە کە مامۆستاکان پشتی پێ دەبەستن.

<u>پلانی ستراتیژی و ڕێگریکردن لە پیسبوونی هەوا</u>

لە ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی کوالێتی هەوا هەموارکراوەتەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بەرچاو نەندراوە بۆ مەبەستی پاراستنی هەوا لە پیسبوون، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە پلانێکی ستراتیژی دانا (٢٠٢٢-٢٠٣٠) کە تایبەتە بە پاراستنی دارستانەکان. کە گرنگی دەبێت بۆ پاراستنی هەوا، هەروەها چەندین پێشنیازو دەستپێشخەری بۆ لایەنە پەیوەندیدارە جێبەجێکارەکان ناردووە لەم ڕووەوە.

<u>پەیوەندی نێوان دەزگای مین و پاراستنی دارستان و ژینگە</u>

لە یاسای ستراتیژی پاراستنی دارستان پەیوەندی نێوان دەزگای مین و پاراستنی دارستان و ژینگە بەمجۆرە بووە:

- هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی ناوچە دارستانییەکان لە مین، لەبەرئەوەی مانەوەی ئەم مینانە ئەگەری تەقینەوەیان هەیە بۆیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان درووست دەکەن، هەروەها مەترسین لە ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکان.

- لەکاتی پاککردنەوەی دارستانەکان لە مین بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی (دارستان و پاوان، ژینگە، پۆلیسی دارستان) بە شێوەیەک کە کەمترین زەرەر بە دارستانەکان بکەوێت، بەتایبەتی لە کاتی ئاگرکردنەوە بۆ لابردنی پوش و پەڵاشی ناو دارستانەکان.

<u>ڕێکخستنی کاری دەستە و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشی ژینگە</u>

سەبارەت بە دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندنی دەرچووانی بەشی ژینگە لەسەر پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و بەپێی ڕێنمایی (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ چاودێر لەسەر پڕۆژەکان دانراوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ کۆی گۆشتی (٦٦) چاودێری ژینگەیی دەست بەکاربوونە، کە لەگەڵ دامەزراوەکانی ساڵی ٢٠٢٣ دا گەیشتە (٢١٧)دەرچوو وەك چاودێر دامەزران لە کەرتی تایبەت لە پارێزگاکان بەم شێوەی خوارەوە:

<u>ساڵی ٢٠٢٢ دا (٦٦) دەرچوو هەلی کاریان بۆ دۆزرایەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:</u>

- هەولێر (١٠٤) دەرچوو.
- سلێمانی (١٤) دەرچوو.
- دهۆك (١٨) دەرچوو.
- هەڵەبجە (٦) دەرچوو.
- گەرمیان (٥) دەرچوو.
- ڕاپەڕین (٤) دەرچوو.

<u>ئامارەکانی دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە بۆ ساڵی ٢٠٢٣</u>

یەکەم: پێدانی ڕەزامەندی بە (٢٨٥١) پڕۆژە بۆ سێکتەرەکانی (پیشەسازی، پیشەسازی خۆراک، خزمەتگوزاری، نیشتەجێبوون، بازرگانی، کشتوکاڵی، تەندروستی، هەروەها مۆڵەتی پێدانی نەشی تیشک) بەم شێوەیەی خوارەوە:

- هەولێر (٩٢٧) پڕۆژە.
- سلێمانی ( ١٠٠٦) پڕۆژە.
- دهۆك (٤٤١) پڕۆژە.
- هەڵەبجە (٢١) پڕۆژە.
- گەرمیان (٢١٧)پڕۆژە.
- ڕاپەڕین (٢٣٩)پڕۆژە.

<u>پێنەدانی ڕەزامەندی بۆ (٢٩) پڕۆژە، کە لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکانی تایبەت بەژینگە ناگونجێن، بەم جۆرەی خوارەوە:</u>

- هەولێر (٠) پڕۆژە.
- سلێمانی (١٦)پڕۆژە.

- دهۆك (٥)پرۆژە.
- گەرمیان (١) پرۆژە.
- ڕاپەڕین ( ٧) پرۆژە.

<u>کەیسە یاساییەکان</u>

دەستەی پاراستن و ژینگە بۆ سزادانی سەرپێچیکاران لەسەر ژینگە و لەبەر پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان چەندین سکاڵای دژی ئەو کەس و لایەنە داوەتە دادگا بەم شێوەیەی خوارەوە:

<u>هەولێر</u>

- کەیسەکانی دادگا و سکاڵا (٤٢) کەیس.
- ئاگادارکردنەوە (٤٥) کەیس.
- سزاو پێژاردن(٣٤) کەیس.
- بەڵێننامە (٦٧٣) کەیس.

<u>سلێمانی</u>

- کەیسی دادگا (١٨٢)کەیس.
- سزاو پێ بژاردن (٦)کەیس.
- بەڵێننامە (١٠٤٢)کەیس.
- ئاگادارکردنەوە (١٢٨).

<u>دهۆك</u>

- کەیسی دادگا و سکاڵا (٣٨) کەیس.
- بەڵێننامە (٣٢٠) کەیس.
- سزدان و پێبژاردن (١٠)کەیس.

<u>گەرمیان</u>

- کەیسەکانی دادگا (٠) کەیس.
- ژمارەی سکاڵا (٦) کەیس.

<u>هەڵەبجە</u>

- کەیسی دادگا و سکاڵا (٤٥) کەیس.
- بەڵێننامە (٤٤) کەیس.
- سزدان و پێبژاردن (٠) کەیس.
- سەپێچی (١٥) کەیس.

راپەڕین

- کەیسەکانی دادگا و سکاڵا (١) کەیس.
- بەڵێننامە (٧٣) کەیس.

چاودێری و بەدواداچوونی لیژنەکان ژینگەییەکان

بۆ چاودێری کردن و بەدواداچوونی ئەو پرۆژانەی ئەو پرۆژانەی ڕەزامەندی ژینگەییان وەرگرتووە لیژنەکانی تایبەت بەم پرســە ، سەردانی ئەو پرۆژانە دەکەن بە چاودێری کردنیان لە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان.

کۆی گشــتی ئەو پرۆژانەی لەو ماوەیەدا پشــکنین و بەدواداچوونیـان بۆ کراوە بریتی بووە لە (٥،١٢٤) پرۆژە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- هەولێر (٧٨٧) پرۆژە.
- سلێمانی (٢١٨٣) پرۆژە.
- دهۆك  (١٦٧٥) پرۆژە.
- هەڵەبجە (٣٠١) پرۆژە.
- گەرمیان (١٠٧) پرۆژە.
- ڕاپەڕین (٧١) پرۆژە.

پشکنینی تاقیگەیی

لە تاقیگەکانی فەرمانگەی شارەکان چەندین جۆرە پشکنین ئەنجام دەدرێت، لەوانە پشکنینی کیمیاوی خاک، پشکنینی بەکتریۆلۆجی ئو، پشکنینی کیمیاوی ئاو و چەندین جۆرێکی تری پشکنین، ئاماری پشکنینە تاقیگەییەکان بەم شێوەیە بوو:

١. تاقیگەی ژینگەی هەولێر

- ژمارەی نموونە : (١١٣٧).
- ژمارەی پشکنین : (١٤٤٥٢).

٢. تاقیگەی ژینگەی سلێمانی

- ژمارەی نموونە (١١٠٠).
- ژمارەی پشکنین (١٧٤٤٠).

٣. تاقیگەی ژینگەی دهۆك

- ژمارەی نموونە (١٧٢٤).

- ژمارەی پشکنین (١٠٢٥٢).
- کۆی گشتی ژمارەی نموونەکان: (٣٩٦١) نموونە.
- کۆی گشتی جۆرەکانی پشکنین: (٤٢١٤٤) پشکنین.

هەڵمەتەکانی هۆشیاری و پێدانی رێنمایی ژینگەیی بەمەبەستی پاراستنی ژینگەی کوردستان

رێبەری ژینگەیی بۆ قوتابخانەکان ئامادە کراوە، مامۆستای وانەی زانست دەبێتە رێبەری ژینگەیی لە قوتابخانەکەی، بۆ ئەم مەبەستە دەستەی ژینگە کتێبێکی تایبەتی ئامادە کراوە کە مامۆستاکان پشتی پێ دەبەستن، هەروەها دەستە کار دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

لەلایەکی دیکەوە بۆ هۆشیار کردنەوە و پێدانی رێنمایی ژینگەیی، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان چەند هەڵمەتێکی ئەنجامداوە بەم شێوەیە:

- دیوانی دەستە/ فەرمانگەی هۆشیاری (١١٤٨).
- هەولێر (٦٥).
- دهۆك (١٧٢).
- سلێمانی (٤٧).
- هەڵەبجە (٢٨).
- گەرمیان (٥٩).
- ڕاپەڕین (٢١٦).
- سۆران (١٤٠).
- کۆی گشتی (١٨٧٥) چالاکی.

زیاد کردنی ڕێژەی سەوزایی

ڕێژەی سەوزایی لەو کارگە و پرۆژانەی پێش یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم مۆڵەتیان وەرگرتووە و شوێنی سەوزەکردنیان نییە و اتە ناتوانن ڕێژەی سەوزایی زیاد بکەن بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

- هەولێر (٤٣٤٥٠) م٢.
- سلێمانی (٧٩٤٤٦٣) م٢، (٢١) کم.
- دهۆك (١١٢٦٠٠) م٢.
- هەڵەبجە (١٢٠٠) م٢ .
- گەرمیان (١٦٤٦٥) م٢ .
- ڕاپەڕین (١٦٧) م٢ .

- كۆی گشتی (٩٦٨٣٤٥) م٢ كه دەكاتە (٣٨٧٣٣٨) دۆنم و (٢١) كم.

<u>ڕێكاری پێویست بۆ جێبەجێكردنی ڕاسپاردەكانی تایبەت بە دەستەی ژینگە</u>


لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆركشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێكخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەكان ڕێكاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەكان كران لەوانە داواكاری گشتی بۆ ئەوەی بكەونە بوار جێبەجێكردن بەپێی ڕاسپاردە  نێودەوڵەتییەكان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە كە پلانەكە پێی پابەندە.

<u>تایبەت بە پاراستنی ژینگە</u>

- كاراكردنی ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ژینگە بە هەماهەنگی فەرمانگی ڕێكخراوە ناحكومییەكان، لەبەر ئەوەی (٢٢١) ڕێكخراوی تایبەت بە ژینگە هەیە بەڵام تەنها (٣) ڕێكخراو كارانە.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان تایبەت بە ژینگە بە مەبەستی دابینكردنی ئامێری چاودێریكردنی هەوا .
- هەماهەنگی كردن لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆ بەخت كردن لەسەر دیاریكردنی (٤٥٪) ڕووبەری سەوزایی لە نەخۆشخانەكان.
- هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری بۆ دامەزراندنی دادگایەكی تایبەتمەند بە ژینگە.
- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ بە مەبەستی داڕشتنی پلانێك بۆ پارێزگاریكردن لە دارستانە سروشتییەكان، هەرێمی كوردستان خاوەنی زیاتر لە دوو ملیۆن و (٣٧٢) هەزار دۆنم دارستانی سروشتی، و (٣٥) هەزار دونم دارستانی دەستكردە.


## دەستەی وەبەرهێنان

لە کۆی (٩) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەستەی وەبەرهێنان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٥) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان وەک خۆی مانەوە کە (٢) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٧). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٦١,١٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 0 | 2 |
| جێبەجێنەکراو | 2 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 5 | 7 | 7 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 9 | | |

هێڵکاری٦٢ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان




هێڵکاری ٦٣ڕێژەی هەوڵدانی دەستەی وەبەرهێنان بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٦٤ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی کارای ستراتیژییەتی کەمکردنەوەی هەژاری بۆ ساڵی ( ٢٠١٨-٢٠٢٢) و پلانی گەشەپێدانی نیشتیمانی بۆ ساڵی (٢٠١٨-٢٠٢٢)، و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان، لەپێناو بەدیهێنانی ئاستێکی گوزەرانی باشتر بۆ دانیشتوانەکەی، و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.
٢. بەردەوامیدان بە برەودان بە سیاسەتەکانی پلاندانانی شارستانی بۆ زامنکردنی گەشەی تەواوی سەرجەم دانیشتوان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان

١. درێژەدان بە ئەنجامدانی چاکسازییەکان لەپێناو باشترکردنی توانای دامەزراوەکان بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ پلانی پەرەپێدانی بەردەوام بۆ ساڵی (٢٠٣٠) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.
٢. گرتنەبەری سیاسەتێکی گەشەپێدان بە ئامانجی چالاککردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان وەك کارکردنێك لەسەر برەوپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.
٣. زامنکردنی تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی کارای پلانەکان و ستراتیژیەتەکانی پەیوەست بە گەشەپێدان و کەمکردنەوەی هەژاری.
٤. درێژەدان بە برەودان و جێبەجێکردنی سیاسەت و ستراتیژییەتەکانی پەیوەست بە کەمکردنەوەی هەژاری، لە رێگای گرتنەبەری ئەو پرۆگرامانەی سوود بە دانیشتوانەکە دەگەیەنن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو پەڕی راددەی گەشە و خۆشگوزەرانی.
٥. برەودانی زیاتر بە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ئاستی گوزەرانی خەڵك.
٦. باشترکردنی دۆخی ئاوارەکان و زیادکردنی سەرچاوەکان بۆیان و بە کێشەکانیان بە ئەولەویەت دابنرێت لە نێو پرۆگرامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتییدا.
٧. درێژەدان بە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی هەژاری، بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

مۆڵەتی پرۆژەکانی وەبەرهێنان

لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم تا کۆتایی ٢٠٢٣، نزیکەی (٣٣٣) مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە، هەموو پرۆژەکانیش دەستبەکار بوون و بەشێکیان بەرهەمیان هەیە و هیچ پرۆژەیەکیش لەکار نەوەستاوە، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (٨٣) مۆڵەتی وەبەرهێنان. لە هەمان کاتدا (١٢١٩) پرۆژە لە هەموو هەرێمی کوردستان پەسەند کراون و لە ساڵی ٢٠٢٤ مۆڵەتیان پێدەدرێت و بۆ خزمەتکردنی هەموو هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان دەبنە پرۆژە.

دروستکردنی (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین

لە هەرێمی کوردستان سەرووی (٢٠٠،٠٠٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون مۆڵەتی وەبەرهێنانیان وەرگرتووە، بەشێکی زۆری خەڵکی کەمدەرامەت یان خاوەت داهاتی مامناوەند سوودیان لێی وەرگرتووە، بەڕێز سەرۆک وەزیران دەستپێشخەریی کرد بۆ درووستکردنی (٢٠) هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون لە سەرتاسەری کوردستان بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، ئێستاش لە قۆناغی جێبەجێکردندایە. پرۆژەکە بە گشتی تەنیا خۆی لەم ژمارەیە نابینێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی چەند ساڵی داهاتووە بۆ ئەوەی خەڵکی کەمدەرامەت و کرێنشین لە هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەربگرن.

پێویستە لە ماوەی دوو ساڵدا تەواوبکرێت و بدرێت بە هاووڵاتیان بە یەک پێشەکی بە قستی درێژخایەن، بۆ هەر سێ توێژ دروست دەکرێت. لەپاڵ ئەوەشدا (٩) هەزار شوققە و(٤) یەکەی نیشتەجێبوون لەلایەن وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دابەشدەکرێن، بەڵام دەستەی وەبەرهێنان پێویستە تەمویلی بکات، بەشێکی زۆری بە ڕێژەی(٣٠٪ تا ٩٠٪) کاریان لەسەر کراوە، ئەمانیش پێویستییان بە بودجەیە و لەگەڵ ئەم (٢٠) هەزار شوققەیەی تەواو دەکرێن. بەو ئامانجەی بەشێکی زۆری هاووڵاتیان سوود لەم دوو پرۆژەی شوققەیە وەربگرن و بەسەر ئەواندا دابەش بکرێن، لەو (٢٠) هەزار یەکەیە، هاوتەریب هەموو خزمەتگوزارییە پێویستەکانی تێدایە.

ئەو پرۆژانەی کە کەموکوڕیی خزمەتگوزارییان

پرۆژە نوێیەکان پێویستە بەپێی ستاندارد بێت و هەموو خزمەتگوزارییەکانی تێدابێت. لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە چەندین قوتابخانە لەلایەن وەبەرهێنەرانەوە درووستکراون، ئەو پرۆژانەی پێشتر قوتابخانەیان نەبووە لەسەریان سەپێنراوە درووستی بکەن، بەشێکیش خۆیان وەک خۆبەخش قوتابخانەیان دروستکردووە.

خستنە ڕووی نەخشەی وەبەرهێنانی تەواوی پرۆژەکانی گەشتوگوزار

لە ساڵی ٢٠٢٣ تێکڕای پلانەکانی وەبەرهێنان گۆڕاوە، واتە پلانی وەبەرهێنان بەشبەش کراوە. سەرەتا لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزار نەخشەی وەبەرهێنانی تەواوی پرۆژەکانی گەشتوگوزار دەخرێتە دووتوێی نەخشەی وەبەرهێنانی گەشتیاری بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی گەشتوگوزار. ئەم پرۆژانە هیچ گرفتێکیان نییە تەنیا وەبەرهێنەر لە ماوەیەکی زۆر کەمدا مۆڵەتی پێدەدرێت و لە ڕۆتینی فەرمانگەکانی حکومەت دەردەچێت.

دەستەی وەبەرهێنان لە سەروبەندی دروستکردنی نەخشەیەکی وەبەرهێنانی بچووککراوە لە بواری کشتوکاڵ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی و لە بواری پیشەسازی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، هەنگاوەکان بۆ درووستکردنی ناوچە پیشەسازییەکان لە ٢٠٢٣ دەچەسپێن و دەستپێدەکرێن، کە ئێستا نزیکەی (٨) ناوچەی پیشەسازی ئامادەیە .

بەرنامە هەیە ئاستی وەبەرهێنان بە نزیکەی (٣٠٪ تا ٥٠٪) زیاد بکرێ بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگە و شوێنی ئیشکردنی نوێی دروستکردووە، کادیری نوێی بۆ دامەزراوە. بەرنامە هەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لە (٨) فەرمانگە یەکەی تایبەت بە ناوی (یەکەی خزمەتگوزاریی وەبەرهێنەران) بکرێتەوە.

<u>هێنانی وەبەرهێنەر بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان</u>

پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە تێکرای سێکتەرەکان، هاوتەریب لەگەڵ پڕۆژەکانی دیکە لە سێکتەرەکانی دیکەی ئابووری لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت. لە هەمووی گرنگتر بەستنەوەی شارەکانی هەرێمی کوردستانە بە هێڵی شەمەندەفەرەوە. لە ئێستادا چەند وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکەن و هەوڵەکان لە ئارادان بگاتە قۆناغی کۆتایی بۆ دانانی نەخشە و پلانی کارکردن و ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت و جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ بکرێن.

پڕۆژەی دیکەش هەن بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت بۆ نموونە لە سێکتەری بانک و ئاو و ئاوەڕۆ و غازی ماڵان، کۆمەڵێک پڕۆژەی تر هەیە ئیشی لەسەر دەکرێت؛ وەک بابەتی کشتوکاڵ و گەیاندنی ئاو بە زەویی کشتوکاڵی، ئەوانە هەمووی لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژانەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی پێ بدات و لە داهاتوودا کاری زیاتری لەسەر دەکرێت.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (٣٩٥) مۆڵەتی پڕۆژە دراوە لە سێکتەرە جیاجیاکان، هەروەها دەستەی کار بە شێوەی ڕاستەوخۆ (٣٠،٠٠٠) و بە شێوەی ناراستەوخۆ (٤٥،٠٠٠) هەلی کاری رەخساندووە.

تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٣ دا (١٤٥) مۆڵەتی وەبەرهێنان بە (١٤٥) پڕۆژە دراوە لە سێکتەرە جیاجیاکان، دەستەی کار (٨٥٠٠) هەلی کاری رەخساندووە. پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگای هەڵەبجە لاوازن بۆ ئەمە مەبەستە ئاسانکاری زیاتر بکرێت بۆ ئەو کۆمپانیایانەی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەڵەبجە ئەنجام دەدەن.

ئەو پرۆژانەی کە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان پێدراوە لە چوارچێوەی راسپاردەکان بە مەبەستی باشترکردن و چالاک کردنی وەبەرهێنان، کەمکردنەوەی هەژاری و بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی.

لەم رووەوە لە ساڵی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٣ دەستەی وەبەرهێنان (٤٠٥) مۆڵەتی داوە بە (٣٩٩) وەبەرهێنانی خۆماڵی، (٣) بیانی، (٣) هاوبەش، کە دابەشکراوە لەسەر ئەم سێکتەرانەی خوارەوە:

خشتەی ٤٤ ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان

| ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە ساڵانی ٢٠١٩ - ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| ٢٠١٩ | ١٥ |
| ٢٠٢٠ | ٧١ |
| ٢٠٢١ | ٧٠ |
| ٢٠٢٢ | ٩٤ |
| ٢٠٢٣ | ١٥٥ |
| کۆی پڕۆژەکان | ٤٠٥ |

سێکتەرەکان:

- لە سێکتەری بازرگانی (٩٤) پرۆژە.
- لە سێکتەری بانک و خزمەتگوزارییەکانی دارایی (٢) پرۆژە.
- لە سێکتەری تەندروستی (٢٦) پرۆژە.
- لە سێکتەری پیشەسازی (١٠٣) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری خزمەتگوزاری (٣) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری گەشتیاری (٥٥) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری فێرکردن (٣٨) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری کشتوکاڵ (١٧) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری نیشتەجێبوون (٥٧) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری هونەری (٢) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.
- لە سێکتەری وەرزش (٨) پرۆژە مۆڵەتی پێدراوە.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەستەی وەبەرهێنان

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە دەستەی وەبەرهێنان بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە  نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە پاراستنی ژینگە


- بەدواداچوونی زیاتر بۆ پرۆژە نیشتەجێبونەکان لەبەر ئەوەی پابەند نین بە ڕێنمایی ژینگەیی و چاندنی سەوزایی بەپێی پێویست.
- زیادکردنی سەوزایی لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون هەروەها لە مزگەوت و پەرستگاکان.
- گەڕانەوە بۆ بەکار هێنانی بەردی سروشتی بۆ دروست کردنی باڵەخانەکان، چونکە ئەو کەرەستانەی ئێستا بەکاردەهێنرێن لە ڕووی کوالێتییەوە شیاو نین.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بە قیستی مانگانەی دەرێژخایەن


## دەزگای گشتی کاروباری مین

لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەزگای گشتی کاروباری مین کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە لە پرۆسەی جێبەجێ کردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٤)، لێرەدا گشت ڕاسپاردەکانی جێبەجێکردووە و پێویستە بە بەردەوامی کار لەسەر ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بکات. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (١٠٠٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 1 | 4 |
| جێبەجێنەکراو | 0 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 0 | 0 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 4 | | |

هێڵکاری ٦٥ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەزگای گشتی کاروباری مین




هێڵکاری ٦٦ ڕێژەی هەوڵدانی دەزگای مین بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٦٧ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. درێژەدان بە هاوکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتە نیشتیمانییە پەیوەندیدارەکان بە کاروبارەکانی پەیوەست بە مینەوە لەو پرۆسە گشتگیرانەدا کە تایبەتن بە مین بۆ ئەوەی دۆخێکی سەلامەت و ئارام بەدی بهێنرێت بۆ کۆمەڵگە پێشوازیکارەکان و گەڕاوەکان.
٢. خستنەگەڕی هەوڵی چڕ بۆ لابردنی سەرجەم پاشماوەکانی جەنگ و هۆشیارکردنەوە لەبارەی جۆرە جیاوازەکانیان، بە گرتنەبەری رێککاری پاراستن و دەستەبەرکردنی چاودێری تەندروستی پێویست بۆ ئەو منداڵانەی دووچاری برینداربوون یان نەخۆش بوونەتەوە.
٣. داڕشتنی پلانێکی بە پەلە بە ئامانجی لابردنی ئەو مینانە و ئامادەکردنەوەی ناوچە زیانلێکەوتووەکان تاوەکو ژیانێکی ئارامیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، هەروەها ڕاسپاردەی ئەوە بۆ دەوڵەتە ئەندامەکە دەکات کە برەو بە هاوکاری بدات لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان بەم بوارە.
٤. ئەو کاریگەرییەی دروست دەبێت بەهۆی ناکۆکی چەکداری و کردەوە توندوتیژەکانی دیکەوە کە دژی دانیشتوانی مەدەنی ئەنجام دەدرێن و دەبێتەهۆی ئاوارەبوونیان لە دەوڵەتە ئەندامەکەدا زیاتر لەسەر کەمئەندامەکان رەنگدەداتەوە بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی دانیشتوان، لەگەڵ زیادبوونی رێژەی پێکرانی کەسانی کەمئەندامان بەهۆی ناکۆکییەوە و لە ئەنجامی کەمی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی دیکەوە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

پاککردنەوەی زەوی وزارەکان لە مین

دەزگای مین (٢٩) پرۆژەی لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم بەگەڕخستووە بۆ پاککردنەوەی زەویوزارەکان لە مین و گەڕاندنەوەی ئاوەدانی بۆیان. لە ساڵی ٢٠٢٢ تیمەکانی دەزگای ناوبراو بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان زیاتر لە (٢،٣١٦،٧٥٦) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە مین پاککردۆتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٣ (١،٠٠٥،٠١٥) مەتر دووجا زەوی پاککراوە.

زەوی پاککراو لە ساڵی ٢٠٢٣ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان:

خشتەی ٤٥ ئاماری زەوی پاککراو

| زەوی پاککراو لە ساڵی ٢٠٢٣ | کۆی گشتی |
|---|---|
| کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢ لە لایەن دەزگای مینەوە | ١،٠٠٥،٠١٥ |
| کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢ لە لایەن ڕێکخراوەکان | ٨٥٨،٠٥٧ |
| کۆی گشتی زەوی پاککراو بە م٢ لە لایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت | ٠ |
| کۆی گشتی | ٨٥٩،٠٦٢ |

خشتەی ٤٦ ئاماری ناوبردنی پارچەی تەقەمەنی

| کۆی گشتی | تەقەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٣ |
|---|---|
| ٥٤٨,٧٢٦ | کۆی گشتی ناوبردنی پارچەی تەقەمەنی لە لایەن دەزگای مینەوە |
| ٦٥٠ | کۆی گشتی ناوبردنی پارچەی تەقەمەنی لە لایەن ڕێکخراوەکان |
| ٥٤٩,٣٧٦ | کۆی گشتی |

## پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مین

دەزگای مین بە بەردەوامی مۆڵەت دەدات بە کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە مینەوە لە هەرێمی کوردستان، وەک کە خشتەیی خوارەوە هاتووە:

خشتەی٤٧ ئاماری مۆڵەت پێدان

| کۆی گشتی | ژمارەی مۆڵەتپێدان لە ساڵی ٢٠٢٣ |
|---|---|
| ٨ | نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا |
| ٠ | پێدانی مۆڵەت بۆ کۆمپانیا |
| ٥ | نوێکردنەوەی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو |
| ١ | پێدانی مۆڵەت بۆ ڕێکخراو |
| ١٤ | کۆی گشتی |

## هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لە مین و تەقەمەنییەکان

تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٢دا چەندین هەڵمەتی وشیار کردنەوەیان لە شار و شارۆچکە و گوند و کەمپی ئاوارەکان ئەنجامداوەکە، لەساڵی ٢٠٢٢ تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی(١٩٥،٨٦٩) پۆستەر، نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە و جۆری تری هوشیارکردنەوە، لە ساڵی ٢٠٢٣ دا تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی(١٥،٥٠٤) پۆستەر، نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە لیفایت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن، بەتایبەتی بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەی مەترسی مینیان لەسەرە. خولی هوشیارکردنەوە لە کەرەستەی تەقەمەنی، چاودێری سەلامەتی:

خشتەی ٤٨ ژمارەی خولی ڕاهێنان

| ژمارەی بەشداربووان | کۆی گشتی | ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان لە ساڵی ٢٠٢٣ |
|---|---|---|
| ٣٥ | ٣ | ژمارەی خولی ڕاهێنانی ئەنجامدراو لە لایەن دەزگای مینەوە |
| ١٣٩ | ١٢ | ژمارەی خولی ڕاهێنانی ئەنجامدراو لە لایەن ڕێکخراوەکان |
| ١٧٤ | ١٥ | کۆی گشتی |

خشتەی٤٩ ژمارەی سوودمەندان لە هۆشیاریکردنەوە

| هۆشیارکردنەوەی ناوچەکان لە تەقەمەنی لە ساڵی ٢٠٢٣ | کۆی گشتی |
|---|---|
| ژمارەی گوند/ کەمپە سەردانکراوەکان | ٣٥٣ |
| ژمارەی کۆبونەوەکان لەگەڵ سوودمەندان | ٥٤١ |
| ژمارەی سوودمەند ( پیاو ) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە | ٧,٦٩٨ |
| ژمارەی سوودمەند ( ئافرەت ) لە (١٨) ساڵی بەسەرەوە | ١,٨٩٣ |
| ژمارەی سوودمەند (گەنج - نێر) لە (١٣ - ١٧ )ساڵی | ١,٦٤٢ |
| ژمارەی سوودمەند (گەنج - مێ) لە (١٣ - ١٧) ساڵی | ١,٧٥٩ |
| ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - نێر ) لە (٦ - ١٢) ساڵی | ٣,٦٩٠ |
| ژمارەی سوودمەند ( منداڵ - مێ ) لە (٦ - ١٢) ساڵی | ٣,٩٨٥ |
| کۆی گشتی | ٢٠,٦٦٧ |

ژمارەی  قوربانییانی مین و تەقەمەنی لە نێوان ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣٦) کەس بەهۆی هەڵگرتنەوەی مینەوە گیانیان لەدەستاوە و بە شەهیدی سەنگەر هەژمارکراون و (٧٨) پیشمەگەری پەککەوتە هەیە کە مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە. لە ساڵی ٢٠٢٣، (٢٣) کەس بونە قوربانی مین لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان.

خشتەی٥٠ ژمارەی قوربانیانی مین و تەقەمەنی

| ژمارەی  قوربانییانی مین و تەقەمەنی  لە ساڵی ٢٠٢٣ | کۆی گشتی |
|---|---|
| ژمارەی بریندار | ١٣ |
| ژمارەی کوژراو | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٢٣ |

قەرەبووکردنەوە و خزمەتگوزاری


یارمەتیدانی قوربانییانی مین لەلایەن سەنتەری پەلی دەستکرد و راهێنانەوەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، و ICRC:

خشتەی ٥١ ژمارەی یارمەتیدانی قوربانیانی مین و تەقەمەنی

| یارمەتیدانی قوربانیانی مین له ساڵی ٢٠٢٣ | کۆی گشتی |
|---|---|
| ژمارەی نەخۆش | ٥,٣٩٦ |
| ژمارەی چارەسەری دەروونی | ٠ |
| ژمارەی چارەسەری سروشتی ئەنجامدراو | ٣,٨٥٢ |
| ژمارەی چاککردنەوەی پەلی دەستکرد | ٢,٤٨٣ |
| ژمارەی کورسی جوڵاو (wheel chair) ی پێشکەشکراو | ١١ |
| ژمارەی یاریدەدەری رۆیشتنی پێشکەشکراو | ٧٧٥ |
| ژمارەی کورسی WC پێشکەشکراو | ٥٣٧ |
| ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی چاککاری خانوبەرەیان بۆ کراوە | ٥ |
| ژمارەی وەرشەی یارمەتی بۆ کەمئەندامان | ٢ |
| پرۆژەی داهات بۆ کەمئەندامان سوودمەندی راستەخۆ | ١ |
| ژمارەی کەمئەندامان کە راهێنانی پیشەییان پێکراوە | ٠ |
| ژمارەی پاڵپشت (Orthosis) ی دروستکراو | ٦٠ |
| ژمارەی پەلی سەرەوەی دروستکراو | ٧٥ |
| ژمارەی پەلی خوارەوەی دروستکراو | ٣٧٠ |
| کۆی گشتی | ١٣,٥٦٧ |


## ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان

لە کۆی (٤٢) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣٠) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٢) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (٣٠) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەم بوونەوە بۆ (٩) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٣). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 30 | 0 | 30 |
| جێبەجێنەکراو | 12 | 9 | 9 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 3 | 3 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 42 | | |

هێڵکاری ٦٨ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان




هێڵکاری ٦٩ ڕێژەی هەوڵدانی ئەنجومەن بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٧٠ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. چوونە نێو ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژ بە ئافرەتان (پێشتر عێراق چۆتە نێو ئەم ڕێککەوتنامەیەوە).
٢. پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵی ئارەزوومەندانەی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژی ئافرەتان، و بە زووترین کات ئەو هەموارکردنە پەسەند بکرێت کە لە ماددەی ١/٢٠ کراوە لە پەیوەندیدا بە کاتی کۆبونەوەی لیژنەکە.
٣. کشاندنەوەی ئەو تەحەفوزانەی گوزارشتیان لێکراوە لە ئاست ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جیاکارییەك دژی ئافرەتان، لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاسا و پراکتیزە جیاکارییەکان و زامنکردنی یەکسانی لە سەرجەم ئەو پرسانەی پەیوەست بە پەیوەندییە خێزانی و هاوسەرگیرییەکان، و هەڵوەشاندنەوە ئەو حوکمە یاساییانەی کە لێخۆشبوون لەخۆدەگرن بۆ ئەو لاقەکارانەی هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانییەکانیاندا دەکەن.
٤. پەلەکردن لە پێداچوونەوەی یاسای سزادان و یاسا بەرکارەکان لەپێناو گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەتی یاسای نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك لە دژی ئافرەتان و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، هەروەها جاڕنامە و کارنامەی پەکین.
٥. هەڵوەشاندنەوەی ماددەکانی (١٢٨، ١٣٠، ١٣١) لە پەیوەندیدا بە تاوانەکانی شەرەفەوە (پاساوی سووککردنی سزا، پاڵنەرەی شەرفمەندانە).
٦. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو ئەحکامانەی یاسای سزادانی عێراق کە بوار بە توندوتیژی خێزانی دەدەن و هەموارکردنەوەی.
٧. هەموارکردنەوەی ماددەی (٩) لە یاسای باری کەسی لە پەیوەندیدا بە هاوسەرگیری زۆرەملێیەوە.
٨. هەڵوەشاندنەوەی یاسایی بوونی سزادانی جەستەیی بە گوێرەی ماددەی ٤١/بڕگە١ لە یاسای سزادان کاتێك کە سزادانی جەستەیی پیاوان لەسەر هاوسەرەکانیان یان باوکان و دایکان و مامۆستایان لەسەر منداڵان لەخۆدەگرێت، "ئەگەرچی لە سنووری ڕێپێدراو بە گوێرەی یاسا یان نەریت بێت".
٩. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتانی کەمئەندامی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینی یان زمانەوانی دەبنەوە.
١٠. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە ڕووبەڕووی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەبنەوە، و گرتنەبەری ڕێککاری کارا لەم ڕووەوە.
١١. جێبەجێکردنی تەواوی ڕێککارەکانی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاری فرلایەن، بەتایبەتی جیاکاری دژی ئەو ئافرەتە کەمئەندامانەی لە ناوچە گوندنشینەکاندا دەژین و ئافرەتانی کەمئەندامی نێو ئاوارەکان یان پەنابەران یان کۆچبەران، و ئافرەتانی کەمئەندامی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینی یان زمانەوانییەکان ( ئەم ڕاسپاردەیە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە).
١٢. گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی لەخۆگرتنی کەمئەندامێتی لە نێو پلانی کاری هەرێمایەتی لە پێناو جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٣٢٥ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لەبارەی ئافرەت و ئاشتی و ئاسایشەوە.

١٣. گشتاندنی لەبەر چاوگرتنی لەخۆگرتنی جێندەری لە سیاسەتەکانی پەیوەست بە پرسی کەمئەندامێتی و ئەنجامنەدانی گشتاندن بۆ لەخۆگرتنی پرسی کەمئەندامێتی لەو یاسا و سیاسەتانەی پەیوەستن بە پرسە جێندەرییەکانەوە، وەك ستراتیژییەتی نیشتیمانی بە برەودان بو دۆخی ئافرەتی عێراقی بۆ ماوەی نێوان (٢٠١٤-٢٠١٨)، و ستراتیژییەتی نیشتیمانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت ٢٠١٣، و پلانی کاری نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٣٢٥ بۆ ساڵی ٢٠٠٠ لەبارەی ئافرەت و ئاشتی و ئاسایشەوە بۆ ماوەی نێوان ٢٠١٤-٢٠١٨، و ستراتیژییەتی نیشتیمانی پەرەپێدانی بارودۆخی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی نێوان ٢٠١٣-٢٠١٩.

١٤. بڵاوکردنەوەی کەلتوری جیاکارینەکردن لە رێی زیادکردنی پرۆگرامە حکومییەکان بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

١٥. گرتنەبەری پرۆژە یاسای پەیوەست بە توندوتیژی خێزانی و گۆڕینی ئەو یاسایە پاساوی شەرەف دەهێنێتەوە وەك بەرگرییەکی یاسایی بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

١٦. پاراستنی ئەو ئافرەتانەی هەواڵ دەدەن لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژی خێزانی.

١٧. گرتنەبەری رێککاری کارا بە بەشداری راستەقینەی ئەو رێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی تێڕوانینی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جنسییەکانەوە، لە نێویاندا پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی روانگەی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەم ئەندامێتییەوە.

١٨. ئاوێتەکردنی پرەنسیپەکان/رێچکەی جێندەری لە یاسا و سیاسەت و پلان و پرۆگرام و بودجە نیشتیمانییەکاندا.

١٩. برەودان بە ژینگەیەکی پاڵپشت بۆ تواناداركردنی ئافرەتان و پەرەپێدانیان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییدا.

٢٠. زامنکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

٢١. زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان و منداڵان و کەسانی کەمئەندام لە دانانی یاسا و پرۆگرامەکانی پەیوەست بە گۆڕانی ژینگە و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی کارەساتە ژینگەییەکان.

٢٢. دارشتنی ستراتیژییەتێك بۆ رێگریکردن لە مەترسی جیاکاری و لەکەدارکردن و پەراوێزخستنی ئەو ئافرەت و منداڵانەی نێو ئاوارە ناوخۆییەکان کە سەر بە رێکخراوی داعشن، و رزگاربووان و گەڕاوەکان و ئاوارەبووەکان و ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ دووبارە ئاوێتەکردنەوەیان لە کۆمەڵگەدا.

٢٣. هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەگەزدا لە میانەی دامەزراندنی فەرمانبەران و بەخشینی پۆستی وەزاری و دامەزراندن لە پۆستە سیاسییە باڵاکاندا .

٢٤. زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان، لە نێویاندا ئەوانەی سەر بە پێکهاتی ئاینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، لە پرۆسەکانی ئاشتی نێودەوڵەتی و میکانیزمەکانی دادپەروەری راگوزەری و پرۆسەکانی ئاشتەوایی نیشتیمانی.

٢٥. گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی گشتگیر بۆ نەهێشتنی بۆچوونە چەق بەستووە جیاکارییەکان و سەرجەم نەریتە زیانبەخشەکان وەك هاوسەرگیری منداڵان و هاوسەرگیری کاتی.
٢٦. پشتبەستن بە جاڕنامە و کارنامەی پەکین لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی راستەقینە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا.
٢٧. دارشتنی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو ئافرەت و کچانەی بە زۆرەملێ هاوسەرگیرییان کردبوو لەگەڵ چەکدارەکانی داعشی تیرۆریستی، و ئەوانەی بە کۆیلەکرابوون یان لاقەکرابوون یان روبەڕووی شێوەی دیکەی توندوتیژی جنسی و جەستەیی بوونەوە، ئەم سیاسەتەش پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە بە ئامانجی ئاوێتەکردنیان لە کۆمەڵگەدا و دەستەبەرکردنی خانەی سەنتەری داڵدەدان بۆ ئەو قوربانییانەی بە دوای پەنایەگەیەکی سەلامەتدا دەگەڕێن و دەستەبەرکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ ئەو سەنتەرانە.
٢٨. بەهێزکردنی زیاتری ئەو میکانیزمانەی لەسەر ئاستی نیشتیمانی کاریان پێدەکرێت بۆ رێگریکردن لە توندوتیژی خێزانی و پاراستنی سەرجەم قوربانییەکانی.
٢٩. کۆکردنەوەی داتاکان لەبارەی سەرجەم شێوەکانی توندوتیژی جنسی دژی ئافرەتان، کە پۆلێنکرابێت بە گوێرەی تەمەنی و ناوچە و کەمئەندامێتی و پەیوەندی نێوان قوربانی و تاوانکار.
٣٠. چڕکردنەوەی هەوڵەکانی نەهێشتنی جیاکاری فرەلایەن کە روبەڕووی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەبنەوە، و گرتنەبەری رێککاری کارا لەم رووەوە، بە تایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان و ئافرەتانی ئاوارە یان پەنابەران یان کۆچبەران و ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئایینی یان زمانەوانییەکان.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. راگرتنی کارکردن بە دەقی ماددەی (٣٩٨) لە یاسای سزادان (هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەیدا) .
٢. رێگەدان بە لەباربردن بەپێی یاسا لە حاڵەتەکانی پەیوەست بە لاقەکردن و هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی یان تەندروستی ئافرەتە دووگیانەکە یان ئەگەر کۆرپەلەکە دووچاری شێواندنێکی زۆر بۆوە.
٣. پەسەندکردنی یاساکانی رێگریکردن و ریشەکێشکردنی نەریتە زیانبەخشەکان بە ئافرەتان و کچان، بەتایبەتی هاوسەرگیری پێشوەختە و شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە.
٤. هەموارکردنەوەی دەقی ماددەی ( ٢٨٧) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی بۆ زامنکردنی دواخستنی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان بەسەر ئافرەتێکی دووگیان یان شیردەر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رێککەوتنی لەدایکبوونەکەوە.
٥. پەلەکردن لە پرۆسەی پێداچوونەوە بە یاسای باری کەسی ژمارە (١٨٨) بۆ ساڵی ١٩٥٩ و یاسای مەدەنی ژمارە (٤٠) بۆ ساڵی ١٩٥١ و یاسا نیشتیمانییەکانی دیکە لەپێناو گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی رێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژی ئافرەتان و رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ، و هەروەها جاڕنامە و کارنامەی پەکین.

٦. هەمواركردنەوەی ماددەی (٧) لە یاسای باری کەسی لەبارەی شیاوبوون بۆ هاوسەرگیری-عەقڵ و تەواوکردنی هەژدە ساڵ لە تەمەن، میکانیزمە پەیمانکارییەکان پێیان وایە ئەم مەرجانە جیاکاری دژی کەمئەندامان لە خۆدەگرن.
٧. گرتنەبەری پرۆژەی یاسایەك لەبارەی ڕزگاربووانی ئەو تاوانانەی ڕێکخراوی داعش ئەنجامیداون، و زامنکردنی گونجانی لەگەڵ پێوەر و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە.
٨. هەڵوەشاندنەوەی هەڵاوێردکردنە یاساییە جیاکارییەکانی پەیوەست بە لانی کەمی تەمەنی هاوسەرگیری کردنی کچان کە لە یاسای باری کەسیدا هاتوون.
٩. گرتنەبەری ڕێککارە کاراکان، بە بەشداریکردنی راستەقینەی ئەو ڕێکخراوانەی نوێنەرایەتی ئافرەتان و کچانی کەمئەندام دەکەن، بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی لەخۆگرتنی کەمئەندامێتی لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسە جێندەرییەکانەوە، لە نێویاندا پڕۆژەی یاسای پاراستن لە توندوتیژی خێزانی، و بۆ گشتاندنی لەبەرچاوگرتنی پرسی جێندەری لە سەرجەم سیاسەت و یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسی کەمئەندامێتییەوە.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەی دەقە یاساییەکان لە یاسای سزادان و یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی، کە جیاکاری لە دژی ئافرەتان لەخۆدەگرێت و کەلتوری توندوتیژی جێندەری دەچێنێت.
٢. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی پرۆژە یاسای پاراستنی توندوتیژی خێزانی لە کۆمەڵگەدا.
٣. برەودان بە بەشداری ئافرەتان لە ژیانی سیاسی و گشتیدا لە نێویاندا گفتوگۆکان و بنیاتنانی ئاشتی و زامنکردنی دەستڕاگەیشتنیان بە سەنتەرەکانی دروستکردنی بڕیار.

<u>لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>گونجاندنی یاسا ناوخۆییەکان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان</u>

سەبارەت بە گونجاندنی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی ماددەکانی (١٥٦، ١٥٧، ١٨٩، ١٩٠، ١٩٥، ١٩٨، ٢١٩، ٢٢٣، ٢٢٤، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٢٨، ٢٠٤، ٤١، ٤٠٩، ١٢٨، ١٣٠، ١٣١، ٣٧٧) لە یاساکە هەڵپەسێردراون یان هەمواركراونەتەوە. ماددەکانی (١٢٨، ١٣٠، ١٣١) لە یاسایەکە کە پەیوەندیدارن بە کوشتن بە بیانووی شەرەفەوە، هەڵپەسێردراون و کاریان پێناکرێت.

سەبارەت بە هەمواركردنەوەی یاسای سزادانی عێراقی بە جۆرێک کە سزای دەستدرێژیکردن و دەستدرێژی سێکسی و لێپرسینەوە لە تاوانکار لەخۆبگرێت، لەمبارەیەوە لە هەرێمی کوردستان یاسای توندوتیژی خێزانی بەرکارە و ئەم بابەتە دەگرێتەوە.

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (٣٩٨)ی یاسای سزادانی عێراقی کە پەیوەستە بە هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەیدا، هێشتا جێبەجێنەکراوە. لەگەڵ ئەمەشدا ماددەکانی پەیوەست بە ڕێپێدان بە هاوسەرگیری زۆرەملێ، لێدانی ڕێگەپێدراوی ژن و منداڵ، و نەهێشتنی جیاکاری دژی ئافرەتان لەسەر بنەمای ئایینی و ئیتنیکی هەموارکراونەتەوە یان هەڵوەشێندراونەتەوە.

برگە پەیوەندیدارەکانی یاسای بنەماکانی دادگەری تا ئێستا هەموارنەکراونەتەوە لەوانەش یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ ی (١٩٥٩) بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئافرەتان و منداڵان. (٢٥) برگەی یاساکە هەموارکرانەوە لە ساڵی ٢٠٠٨، بەڵام لەوکاتەوە هیچ پرۆژەیەک نەدراوە بە پەرلەمان بۆ هەمواركردنەوەی برگەی تر.

وەک هەڵوەشاندنەوەی هەڵاوێردە یاساییە جیاکارییەکانی پەیوەست بە لایەنی کەمی تەمەنی هاوسەرگیریکردنی کچان بکرێت، کە لە یاسای باری کەسیدا هاتوون. بەگوێرەی یاسای ناوبراو، دادوەر لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگا بە هاوسەرگیری بۆ تەمەنی ١٦ ساڵی دەدات، بەڵام تا ئێستا جێبەجێنەکراوە. ماددەی (٧) ی یاسای باری کەسی کە پەیوەندیدارە بە کامڵبوونی عەقڵ وەک پێشمەرجێک بۆ هاوسەرگیری. پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بە بوونی جیاکاری دژی کەمئەندامان دەکەن لەم ماددەیەدا، بەڵام تا ئێستا ئەم ماددەیە هەموارنەکراوەتەوە.

<u>ڕێگری کردن لە هاوسەرگیری پێشوەختە و خەتەنەکردنی مێینە</u>

ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان هەڵمەتێکی بەرفراوان و دیالۆگ لەسەر ڕێگرتن، خزمەتگوزارییەکان و کۆتاییهێنان بە نەریتە زیانبەخشەکانی لە مانگی ٣ی ساڵی ٢٠٢١ ڕاگەیاند کە هەر یەکە لە کوشتن بە پاساوی شەرەف، هاوسەرگیری منداڵ، و خەتەنە دەگرێتەوە.

خەتەنەکردنی مێینە لە یاسای ژمارە (٨)ی (٢٠١١) وەک تاوان ناسێندراوە، بەڵام بە نهێنی ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەبێت مەترسییەکانی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە ڕوون بکرێتەوە و چەند تاوانبارێک لەسەر ئەم پرسە بە کردەیی سزا بدرێن. نەهێشتنی هاوسەرگیری پێشوەختە، دانانی یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژی سێکسی، و دانانی یاسایەک بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزیدی، تەریب لەگەڵ یاسای ژمارە ٨ی (٢٠٢١)ی پەرلەمانی عێراق، چەند ڕێگە چارەیەکن بۆ نەهێشتنی هەردوو دیاردەکە. هەروەها، جگە لە یاسای توندوتیژی خێزانی، هەوڵدراوە دادگایەکی تایبەت بە کەیسەکانی توندوتیژی دابمەزرێنێت.

<u>دواخستنی سزای لەسێدارەدان بۆ ئافرەتی دووگیان</u>

دەبێت ماددەی ٢٨٧ لە یاسای بنەماکانی دادگەری هەمواربکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا نەکراوە. لە دەقی ماددەکە (٤) مانگ دیاریکراوە بۆ ئەوەی ژن لەدوای منداڵ بوون سزای لەسێدارەدانی بەسەر جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە هەرێمی

کوردستان سزای له سێدارەدان جێبەجێ ناکرێت هەرچەندە بڕیاری دادگای پێ دەرچووبێت لەگەڵ ئەوەش دەکری له خولی داهاتووی پەرلەمان ئەم ماددەیه هەموار بکرێتەوە.

هەوڵەکانی رزگارکردنی ئافرەتانی ئێزیدی قوربانی دەستی داعش

پێویسته یاسایەک دابندرێت بۆ ئافرەتانی ڕزگاربووی ئێزیدی، هاوشێوەی یاسای ژمارە ٨ ی ساڵی (٢٠٢١)ی پەرلەمانی عێراق، یان یاسای ناوبراو بەرکار بکرێت. ڕاسپاردەکان جەخت له دانانی پڕۆگرامێک دەکەنەوە بۆ ئافرەت و منداڵه ڕزگاربووەکانی دەستی داعش، ئەنجوومەنی خانمان له هەوڵدایه و بەشێوەی ماددی و مەعنەوی قەرەبووی ئەم قوربانیانه دەکاتەوە.

هەروەها ڕاسپاردەکان جەخت دەکەنەوە له پاڵپشتیکردنی ئافرەتانی ڕزگاربوو له توندوتیژی سێکسی و لێپرسینەوە له تاوانکاران، له نێویاندا به نایاساییکردنی بەکۆیلەکردن و بازرگانی سێکسی. ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان ئەم بابەتانەی له ڕەشنووسی هەموارکردنەوەی یاسای توندوتیژی خێزانی جێکردۆتەوە و ئێستا ڕەشنووسەکه له پەرلەمانە.

لەلایەکی دیکەوە خزمەتگوزاری دەروونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانه دەستەبەرکراوە و بەردەوام کار لەسەر ئەم ئامانجه دەکرێت.

لەعێراق یاسای ئافرەته ئێزیدییه رزگاربووەکان به ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێنمایی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢١ بۆ کارئاسانی جێبەجێ کردنی دەرچووە، یاساکه کۆمەڵێک ماف و ئیمتیازات دەدات بەو ئافرەتانه که له دەست داعش ڕزگار دەکرێن، هەرێمی کوردستان وەک لایەنێکی سەرەکی هاوکارە لەجێبەجێ کردنی یاساکە.

پوختەی پلانی کردەیی جێبەجێکردنی بڕیاری (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

له بواری بەشداریکردن:

- بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرتان له کەرتی ئاسایش و کوموسیۆنی باڵای پێکەوەژیان و ئاشتی و کۆمەڵایەتی .
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرەتان بۆ کارکردن له پرۆگرامەکانی یارمەتییه مرۆییەکان و بیناتنانەوە.
- ئافرەتان توانا و توانستی کاریگەرییان هەبێت له دانوستانەکان و پرۆسەکانی بنیادنانی ئاشتی.

له بواری پاراستن:

- ئەو لایەنه فەرمییانەی که میکانیزم و ڕێکاری گونجاویان گرتۆته بەر بۆ پاراستنی ئافرەتان له کاتی جەنگ و وەڵامی ڕاپۆرتەکانی هەر کەیسێک دەدەنەوە.
- بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی که له کاتی ڕووبەڕووبۆنەوی توندوتیژی جێندەری ئامادەن ڕێکارو کەناڵەکانی بەکاربێنن بۆ گەیاندنی ڕاپۆرت لەم بارەوە.

- بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە وەڵام دەدرێنەوە و بەهانایەوە بچن.
- هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان سەبارەت بەو ڕێکار و میکانیزمانەی بەردەستن لە کاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکان بۆ گەیاندن راپورتەکانیان.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کومەڵگا سەبارەت بە گرنگی پاراستنی ئافرەتان و ئافرەتان لە کاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکان و دوای ئەم قۆناغەش

<u>لە بواری پێشگرتن:</u>

- بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی سودمەند دەبن لە خزمەتگوزاری و پرۆگرامەکانی پێشگرتن جا چ ئەوانەی لەلایەنە حکومی و فەرمییەکانەوە دابین دەکرێن یاخود ئەوانەی کومەڵگەی خۆیان بەردەستی دەخات.
- ژمارەی یاسا و ڕێنماییەکان لەگەڵ هەموار و ڕێکارەکانیان کە حکومەت کاریان پێدەکات بۆ پاراستنی ئافرەتان لە بارودۆخی شەڕ و ئاڵۆزییەکان.

<u>بڵاوکردنەوەی کەلتووری جیاکاری نەکردن بە ئافرەتان و ئافرەتانی کەمئەندام</u>

سەبارەت بەم پرسە ئەنجومانی باڵای خانمان و گەشەپێدان و لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە هەماهەنگیدایە، لەلایەکی دیکەوە ساڵانە چالاکی (١٦) ڕۆژە و ٨ی مارس ئەنجامدەدات، هەروەها توێژینەوە و کۆڕی ڕێکخستووە سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو نەریتانەی زیان بە مافەکانی ئافرەتان دەگەیەنێت. و کاری لەسەر بەشداری پێکردنی ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان لە پرۆگرامەکانی پەیوەست بە ژینگە کردووە، هاوکات هەوڵیداوە ژنە ڕزگاربووەکانی داعش پەراوێز نەخرێن، ئافرەتان پۆستی سیاسی لە ئاستی باڵا وەرگرن، ئافرەتانی پێکهاتەکان بەشداری سیاسی و ئابووری کارایان هەبێت، هاوسەرگیری منداڵان و هاوسەرگیری کاتی یاساغ بکرێن، و بە بەرنامە کار بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو بکرێت.

فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ تواناداركردنی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانەوە گرنگە، ئەم پرسە بەردەوام کاری لەسەر بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم ژینگەیە نەڕەخساوە. ئەنجوومەنی خانمان پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە لەمبارەیەوە.

<u>هەڵوەشاندنەوەی هەڵاوێردە یاساییە جیاکارییەکانی پەیوەست بە لایەنی کەمی تەمەنی هاوسەرگیری</u>

- ئامادەکردنی ڕەشنوسی هەمواری یاسای باری کەسی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەهاوسەرگیری هەیە لەخوار تەمەنی (١٨)ساڵی بۆ ئەوەی لەخولی داهاتوی پەرلەمان بکرێتە یاسا.
- هەڵمەتی وشیاری لەکۆمەڵگە بۆ خستنەڕووی لایەنە نەرێنیەکانی ئەم پرۆسەیە لەو تەمەنە لەڕووی (تەندروستی-کۆمەڵایەتی - پەروەردەیی).
- ڕێگری کردن لەمارە بڕینی کچانی خوار تەمەنی (١٨)ساڵی لەلایەن مامۆستایانی ئایینی لە دەرەوەی دادگاکان.

- هەڵمەتی وشیاری لەراگەیاندنەکان و قوتابخانە وزانکۆکان وبڵاوکردنەوەی برۆشور ونامیلکەی تایبەت بەزانیاری یاسایی وتەندروستی بۆ قوتابیان.

<u>برەودان بە تواناکانی ئافرەتان لە گوندەکان</u>

سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانە کە پێشکەش بە ئافرەتانی گوندنشین کراون و چەند ئافرەت لێیان سوودمەند بوون، هاوپێچ لە خشتەی خوارەوەدا ژمارەو بڕی سوودمەندان لە قەرزی وەرگیراو( بە دیناری عێراقی) کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) بۆ پاڵپشتی خانمان لە ناو شار و لە دەرەوەی شارو ناوچە گوندنشینەکان دابینکراوە.

خشتەی ٥٢ ژمارەی سوودمەندانی ئافرەتانی گوندنشین

| نووسینگە | سوودمەندانی ناو شار | قەرزی ڕەزامەندی وەرگیراو (ناو شار) | ژمارەی سوودمەندانی دەرەوەی شار | بۆیان قەرزی ڕەزامەندی وەرگیراو دەرەوەی شار | ژمارەی سوودمەندان | بۆیان قەرزی ڕەزامەندی وەرگیراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١٤٦ | ١,١٨٥,٠٠٠,٠٠٠ | ٢٢٩ | ٢,٢٠١,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٧٥ | ٣,٣٨٦,٥٠٠,٠٠٠ |
| سلێمانی | ٤٤٨ | ٢٨٨٤٥٠٠٠٠٠ | ١٣٤ | ١,٠٣٤,٥٠٠,٠٠٠ | ٥٨٢ | ٣,٩١٩,٠٠٠,٠٠٠ |
| دهۆك | ٧٦ | ٧٥٥٨٠٠٠٠٠ | ٧٦ | ٦٣٢,٩٠٠,٠٠٠ | ١٥٢ | ١,٣٨٨,٧٠٠,٠٠٠ |
| گەرمیان | ٨٩ | ٨٥٧٨٥٠٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٨٩ | ٨٥٧,٨٥٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٧٥٩ | ٥٦٨٣١٥٠٠٠٠ | ٤٣٩ | ٣,٨٦٨,٩٠٠,٠٠٠ | ١,١٩٨ | ٩,٥٥٢,٠٥٠,٠٠٠ |

<u>تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی</u>

•جەختکردنەوە لە دروست کردنی سیستەمێکی یەکگرتوو کە هەموو ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە بەیەکەوە ببەستێتەوە کە کار لەسەر توندوتیژی خێزانی دەکەن بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان، بەتایبەتی پتەوکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی خێزانی، دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاکان بۆ خێراکردنی لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردن لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی.

<u>ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئەنجوومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان</u>

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان


کران لەوانە ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

جەختکردنەوە لە دروست کردنی سیستەمێکی یەکگرتوو کە هەموو ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە بەیەکەوە ببەستێتەوە کە کار لەسەر توندوتیژی خێزانی دەکەن بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ بەدواداچوونی کەیسەکان، بەتایبەتی پتەوکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس، بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی خێزانی، دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاکان بۆ خێراکردنی لێکۆڵینەوەکان و دادگاییکردن لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی.


## دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان

لە کۆی (١٥) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٧) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٦) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٢) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (١١) ڕاسپاردەیە و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکانی نەماوە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردنیشدان گەیشتە (٤). بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٦،٧٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 7 | 4 | 11 |
| جێبەجێنەکراو | 6 | 0 | 0 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 2 | 4 | 4 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 15 | | |

هێڵکاری ٧١ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان




هێڵکاری ٧٢ ڕێژەی هەوڵدانی دەزگای ئاسایش بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٧٣ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. لیژنەکە راسپاردەی ئەوە بۆ دەوڵەتە ئەندامەکە دەکات کە هەموو رێککارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و قۆستنەوەی جنسی و رزگارکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش دیلی کردوون، و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی پزیشکی دەروونی پێیان. هەروەها لیژنەکە راسپاردەی زیادکردنی تەرخانکردنی سەرچاوە مرۆیی و تەقەنی و داراییە پێویستەکان دەکات بۆ سەنتەرەکانی چاودێری جێگرەوە و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکانی پاراستنی منداڵ لەپێناو دووبارە ئامادەکردنەوەی ئەو منداڵانەی پێیان سپێردراون و ئاوێتەکردنەوەیان لە نێو خێزانەکانیان و لە کۆمەڵگەدا.

٢. پاراستنی خێزانەکانی سەر بە داعش کە بەشدارییان نەکردووە لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا.

٣. قووڵکردنەوەی ئەو رێککارانەی ئامانج لێیان بەدیهێنانی رێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتوان، و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و سزادانیان.

٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەپەلە و گشتگیر و بێلایەنانە لە حاڵەتەکانی پێشێلکاری مافی ژیان و سەلامەتی جەستەیی کە روویاندا لە سەروەختی دەسەڵاتی رێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارییەکان بەسەر هەندێ ناوچەی دەوڵەتە ئەندامەکە و خێرا رەوانەکردنیان بۆ دادگا و قەرەبوونکردنەوە قوربانییەکان و دەستەبەرکردنی دادوەری تەواو بۆیان.

٥. گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی مەدەنییەکان لە کاتی ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارییەکان، ئەویش لەپێناو پاراستنی مەدەنییەکان وەك ئەلەویەتێکی باڵا، لەگەڵ رێزگرتن لە هەردوو پرەنسیپی جیاکاری و گونجاویی.

٦. نەهێشتنی چەکدارکردنی منداڵان و زامنکردنی بەشدارینەکردنییان لە ناکۆکییە چەکدارییەکاندا، و زامنکردنی بەدواداچوونی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان کردوە لەم بابەتەدا.

٧. رزگارکردنی ئەو منداڵانەی بە دیل گیراون لەلایەن رێکخراوی داعشی تیرۆریستی و شادکردنەوەیان بە خێزانەکانیان.

٨. گرتنەبەری سەرجەم رێککارە و رێوشوێنە پێویستەکان بۆ رزگارکردنی ئەو ئافرەت و کچانەی هێشتا لەژێر دەستی تیرۆریستییەکاندان و بۆ ئەوەی تاوانباران بدرێنە دەستی دادپەروەری.

٩. پێویستی لەبەرچاوگرتنی گرتنەبەری ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی لە دژی ئەشکەنجەدان و سزادانی ئەنجامدەرەکەی بە سزایەك کە بگونجێت لەگەڵ مەترسییەکەیدا، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی ئەوەی نابێت هیچ هەلومەرجی نائاسایی بکرێتە پاساو بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەشکەنجەدان، بەتایبەتی کە پاراستن لەبەرامبەر ئەشکەنجەداندا یەکێکە لەو مافانەی کە نابێت سنوردار بکرێت بە گوێرەی ئەحکامەکانی ماددەی (٤) برگەی (٢) لە میساقەکە. هەروەها لیژنەکە راسپاردەی چڕکردنەوەی پرۆگرامەکانی راهێنان دەکات بۆ فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی دیسپلینە یاساییەکانی

قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا، هەروەها ڕێساکانی تایبەت بە مەرجەکانی دەستبەسەرکردن.

١٠. دەستەبەرکردنی ڕاهێنان بۆ دەزگای دادوەری و فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێکردنی یاسا و پۆلیسی سنوور لە ڕێی دیاریکردنی ناسنامەی قوربانییەکانی بازرگانی پێوەکردن و زامنکردنی ڕەوانەکردنیان بۆ ئەو دەزگایانەی خزمەتگوزاری گونجاو پێشکەش دەکەن و جێبەجێکردنی تەواوی ئەحکامەکانی یاسای تاوانکاری پەیوەندیدار.

١١. درێژەدان بە هەوڵەکانی برەودان بە ڕۆشنبیرکردن و ڕاهێنانی فەرمانبەرانی جێبەجێکردنی یاسا لەبارەی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پەیوەندیدار بە بواری کارەکەیانەوە بۆ هەردوو بواری سەربازی و ئەمنی.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. گرتنەبەری سەرجەم ڕێککارە پێویستەکان بۆ ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان و ئەوانەی هێشتا چارەنووسیان نادیارە.

٢. توندکردنی چاودێری لەسەر کردارەکانی بە قاچاغبردنی مادده هۆشبەرەکان لە ڕێی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمدا.

٣. دانانی میکانیزمێك لەبارەی ئەوەی چۆن ڕۆژنامەنووسەکان زانیاری لە سەرچاوە بنەڕەتی و فەرمییەکانەوە بەدەست بهێنن.

٤. برەودان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییە تایبەتمەندەکان لە بواری چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی بە پەلە، و داواکردن لەلایەنە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی و تەقەنی بە ئامانجی دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی ڕزگارکراون لە گروپە تیرۆریستییە چەکدارییەکان لەپێناو زامنکردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

<u>لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:</u>

<u>بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی / هەولێر</u>

<u>پاراستنی مافەکانی تۆمەتبار:</u>

- لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تاوانباران یان گومانلێکراوان مافەکانیان پارێزراوە بەپێی یاسای بنەما دادگاییە سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ لەوانەش بوونی پارێزەر و پێڕاگەیاندنی مافەکانیان و ئاگادار کردنەوەی کەسوکاریان.

- پارێزەر سەردانی بەندکراوان دەکات بۆ وەرگرتنی بریکارنامە بۆ بەدواداچوون لەسەر کەیسەکانیان، لەسەر بڕیاری بەرێز دادوەری لێکۆڵینەوە خوێندنەوە بۆ کەیسەکان دەکەن بە سەرپەرشتی ئەفسەرێکی لێکۆڵینەوە، زۆر جار وا پێویست دەکات کە هەموو کەیسەکە نەدرێتە دەست پارێزەر لەبەر پاراستنی هەندێک نهێنی لە ناو کەیسەکان.
- کامیرای تایبەت لە ڕێڕەوەکانی بەندیخانەکان دانراوە بۆ چاودێری کردنی بەندکراوان و لەکاتی بوونی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو یان لە کاتی پێویست دەست بە لێکۆڵینەوە دەکرێت، هەروەها هەوڵ دەدرێت کە لێکۆڵینەوەکان پەلەیان تێدا بکریت و بە زووترین کات دۆسییەکانیان بخرێتە بەردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە بریار لە سەری بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش چەندین لێکۆڵەری دادی دەوام دەکەن و ژووری تایبەتییان هەیە کارەکانی دادگا رایی دەکەن.
- لێکۆڵەری دادی(محقق عدلی) لە دەزگا ئەمنییەکان هەیە کە لەلایەن وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەرییەوە دیاری دەکرێت.
- کەسوکاری تاوانباران یان گومانلێکراوان ئاگادار دەکرێنەوە لەسەر هۆکاری دەستگیر کردنیان تەنیا لە کەیسەکانی تیرۆر کەسوکاری ئاگادار ناکرێتەوە، ئەمەش لەبەر هۆکاری ئەمنی و ئاشکرا کردنی تۆڕ و شانە نووستووەکانی تیرۆریستان، هەروەها بەپێی بەرنامەی و خشتەی کەسوکاری بەندکراوان سەردانیان دەکەن بە هەمان شێوە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە کەسوکاریانەوە دەکەن.
- دەزگای ئاسایش هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراو، ئاژانسە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، لیژنەکانی پەرلەمان و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەیە بۆ هاوکاری و ڕێکخستنی چاوپێکەوتن و لێپرسینەوە لە کەیسی بەندکراوان.
- لە بەندیخانەی ئاسایش بنکەی تەندروستی هەیە بۆ چارەسەرکردنی بەندکراوان لەکاتی نەخۆشکەوتنیان، ئۆتومبێلی فریاکەوتن ئامادەکراوە ئەگەر پێویست بکات بەندکراوی نەخۆش بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەکان، لە حاڵەتی پێویست بوون بە نەشتەرگەری کەسوکاری بەندکراو ئاگادار دەکرێنەوە و ڕێگا بە بینینی دەدرێت.

<u>نەهێشتنی ئەشکەنجەدان</u>

- بە هیچ شێوەیەک لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە فەرمانی بڕیار بە دەستدان پەنا نابرێتە بەر ئەشکەنجەدان.
- ڕێگا نادرێت مامەڵەی خراپ و ئەشکەنجەدانی لەگەڵ بەندکراوان بکرێت، هەر کارمەندێکی ئاسایش بەندکراو ئەشکەنجە بدات تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە، بە ڕەچاوکردنی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨.
- لە کاتی بوونی هەر سکاڵایەک بە ئەنجامدانی ئەشکەنجەدان، داواکاری گشتی بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و لەم ڕووەوە ژمارەیەک کەیس جوڵێندراوە .

دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان

چارەسەر کردنی کێشەی قەڵەباڵغی

کردنەوەی گرتووخانەی کانی گۆمە لە پارێزگای سلێمانی کە بەپێی ستانداردی جیهانی درووستکراوەو هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤی تێدا ڕەچاوکراوە بەم شێوەیە خوارەوە:

- لە (١٥) هۆڵ پێکدێت هەر هۆڵێک (٣٠) کەس لە خۆ دەگرێت.
- بینایەکی تایبەت بۆ زیندانی تاکە کەسی (بە هەموو پێداویستییەکانییەوە)، لە (٦٥) ژوور پێکدێت.
- شوێنی تایبەت بۆ سەردانیکەران و چاوپێکەوتنی بەندکراوان دروستکراوە بەپێی ستانداردی جیهانی.
- هۆڵی تایبەت بە ئافرەتان لە گرتووخانەکەدا هەیە کە تەنانەت پاسەوان وسەرپەرشتیاری هۆڵەکەش ئافرەتن.

پاراستنی مافی تۆمەتبار لە کاتی لێکۆڵینەوە

بەشی مافی مرۆڤ دەزگای ئاسایش دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە کە سەردانی سەرجەم زیندانییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش بکات و لە کاتی بوونی هەر کەموکوڕییەک لایەنی پەیوەندیداری دەزگای ئاسایشی لێ ئاگادار دەکرێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی و لێپێچینەوە لەو کەسانەی کە کەمتەرخەم بون.

لە کاتی بوونی هەر پێشێلکاری و سەرپێچییەک ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە لە ناو دەزگا پێکدەهێنرێت پێش ئەوەی هەواڵەی دادگا بکرێت بە ڕەچاوکردنی یاسای سزادانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای بنەما دادگاییە سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجامدراون.

دروستکردنی بینایەکی سێ نهۆمی لە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە کە کامێرای چاودێری تێدایە بەپێی ستانداردەکا، چەند کارمەندێک لەبەر پێشێلکردنی یاسا ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە و چارەنووسیان پابەندە بە بڕیاری دادگا (ئامار).

پلانی کارکردن

- لە ئێستادا دوو بینای نۆی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لە دروستکردندایە بە مەبەستی باشترکردنی جێگاو ڕێگای لێکۆڵینەوە و زیندانیان.
- دوو خول لە ئەکادیمیای ئاسایش، بۆ ئەفسەرانی ئاسایش کراوەتەوە، وانەی مافی مرۆڤ کراوەتە بابەتێکی سەرەکی بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی زیاتر ئەفسەرانمان بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و کارکردن بەو میکانیزمانەی کە پەسەندکراون لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.
- جێبەجێکردنی ماددەی(٥١) لەیاسای بنەمای دادبینییە سزاییەکان ژمارە(٢٣)ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو بۆ سەرجەم لێکۆڵەرانی ئاسایش.

- دانانی سندوقی سکاڵا لە ناو زیندانیانی ئاسایش بە مەبەستی وەرگرتنی سکاڵا، و کلیلەکەی لای بەڕێوەبەر و بەرپرسی مافی مرۆڤ دەبێت.
- تایبەتمەندکردنی دۆسیەکانی ئاسایش بۆ ئەو کێشانەی کە لە یاسای ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١١، یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عیراق ئاماژەیان پێدراوە.
- داوا بکرێت دادوەر و داواکاری گشتی لە ناو دەزگای ئاسایش و بەڕیۆەبەرایەتییەکان دەوام بکەن لەپیناو سەلامەتی ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە و پاراستنی دۆسیەکان و تۆمەتباران.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ ریکخراوە نێوخۆی (حکومی و ناحکومی) و ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی کردنەوەی خولی هۆشیاری بۆ بەشی لێکۆڵینەوە، بە رەچاوکردنی پاراستنی نهێنی لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوە.
- دانانی پۆستەر بۆ هوشیارکردنەوەی کارمەندانی ئاسایش.

<u>ئالنگاری</u>

- نەبوونی پێداویستی تەکنیکی وەک ئامێری دیاریکردنی لۆکەیشن بۆ کەسانی بزربوو و تاوانباران.
- چارەسەری یاسایی بۆ ئەو حاڵەتانە بکرێت کە لە کاتی ڕوبەروبونەوەدا تومەتباران کە بریندار یان زەرەرمەند دەبن، سکاڵا لەسەر ئاسایش تۆمار دەکەن، ناکرێت لەم حاڵەتانە کارمەند و ئەفسەر ڕاپێچی دادگا بکرێت لە کاتێکدا بە ئەرکی فەرمی خۆی هەڵساوە.

<u>ئالنگارییەکانی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان:</u>

- نەبوونی ئامێری پشکنینی پێشکەوتوو، هەروەها نەبوونی هۆبەی (k٩) لە زۆرێک لە مەرزە فەرمییەکان، تەنانەت لە هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش.
- نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزە ئەمنیەکان بەتایبەتی لەگەڵ پاسەوانی سنور.
- نەبوونی پشتگیری مادی و مەعنەوی لەلایەنی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایش لە ڕووبەرووبونەوە و ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان.
- نەبوونی مەشق و ڕاهێنانی پێویست بۆ دادوەر و لێکۆڵەرەکان بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لە بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان.

<u>پێشنیارەکان</u>

- چارەسەرکردنی قەڵەباڵغی لەناو گرتووخانەو چاکسازییەکان، چونکە ئەمەش جۆرێکە لە ئەشکەنجەدان و پێویستە چارەسەر بکرێت لەلایەن حکومەتەوە.
- کەمی پێداویستی داو دەرمان بۆ بنکە تەندروستییەکان بە دابینکردنی لە ڕێگای وەزارەتی تەندروستی، دابینکردنی ئوتومبێلی فریاکەوتن بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر، چونکە تاکو ئیستا ئەمبۆڵانس نییە بۆ گواستنەوەی بەندکراوی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوە و دانانی کارمەندی تەندروستی ئێشکگر لە گرتووخانە و چاکسازییەکان.

- دابینکردنی ئامێری پشکنینی مادده هۆشبەرەکان بۆ ئەوەی کەیسی ئەو بەندکراوانە دوا نەکەوێت لە کاتی خۆی بڕواتە پێش دادوەر، ئێستا ئامێری (بی-سی-ماس) لە کوالیتی کۆنترۆڵ هەیە ماوەی یەک ساڵە ئیشی پێناکەن ئەمە پیویستی بە چارەسەرێکی جددی هەیە بۆ پەلە کردن لە کەیسەکان.
- جیاکردنەوەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەرەکان لە خەڵکی تر، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بابەتە چارەسەر بکات، تاکو بتوانریت خەڵک لە بەکارهێنانی دورکەونەوە هەرچەندە ئێستا (بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان) هەیە بۆ بنبڕ کردنی.
- وەرگرتنی هەموو ئەو سزادراوانە کە بڕیاری سزاییان بۆ دەرچووە لە چاکسازییەکان، چونکە هەر کەسێک بڕیاری سزای بۆ دەرچوو دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و پێویستە رەوانەی چاکسازی بکریت، بەڵام لە ئیستادا ژمارەیەکی زۆر سزادراو لە گرتووخانەکانی ئاسایش ماوە لە چاکسازییەکان وەرناگیرێن، هەرچەند بەپیی ئەو زانیاریەی هەمانە بەهۆی دابین نەکردنی کەلوپەلی پێویستە لە چاکسازی هەولێر تاکو ئیستا بەشی (C) نەکردۆتەوە، ئەمەش دەکریت چارەسەر بکرێت.
- پێویستە داو و دەرمانی زیاتر بۆ چاکسازییەکان دابین بکرێت و پزیشکیش پسپۆر لە گشت بوارەکان رۆژانە سەردانیان بکات.
- نەبوونی ئامێری پیویست و درەنگ هاتنی پەنجەمۆر لە بەڵگە و تاوان دەبێتە هۆی دواکەوتنی کەیسی راگیراوان لە رووی یاساییەوە، بەڵام زۆرجار لە دادگاش زۆر دوادەکەویت بەهۆی ئەوەی لە دادگای تاوان لەبەر زۆری کەیسەکان نۆرەی بۆ دادەنریت جاری وا هەیە (٢-٣) مانگ دوادەکەوێت پاشان ڕەوانەی دادگای پێداچوونەوە دەکرێت، لەوێش (٢-٣) مانگ دوادەکەوێت و پیویستە ئەوە لە رێگای ئەنجومەنی دادوەری چارەسەر بکرێت بە زیادکردنی دادوەری لێکۆڵینەوە و دادگای تاوان بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە کەیسەکان.

<u>رێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەزگای ئاسایش</u>

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان رێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە دەزگای ئاسایشی هەرێم بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

<u>تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو</u>

- لەژێر هیچ پاساوێکدا نابێت مامەڵەی نامرۆڤانە و توند و دڵڕەقانە و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە بە رامبەر هیچ تۆمەتبارێک یان سزادراوێک ئەنجام بدرێت لەلایەن کارمەندی ئاسایش و دژە تیرۆر لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیاندا.
- ڕاسپاردنی هەر لایەنێک کە هەڵدەستن بە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان بە تۆمارکردنی وتەکانی تۆمەتباران وەک پاراستنێک بۆ ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بانگەشەی تۆمەتباران بۆ ئەشکەنجە ئەگەر ڕوویندابێت،

هەروەها بۆ پاراستنی بەڵگەی تاوانەکە گەر تۆمەتبار بڵێت ئەم ووتانەی نووسراوەتەوە ووتەی من نیە یاخود گۆڕانکاری تێدا کراوە.

- ڕاسپاردنی گشت لایەنەکان کە هەڵدەستن بە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان بە پەرەپێدان بە تەکەنەلۆژیای تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری وپاراستنی زانیاری و بەڵگەی تاوان.
- ئامادەبوونی پارێزەر لە سەرەتای وەرگرتنی ووتەی تۆمەتبار و کارکردن لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ دارشتن لە جێبەجێکردنی میکانیزمێک بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چاوپێکەوتنی بەردەوامی ڕاگیراوان لەگەڵ پارێزەران کە پێویستە لە ساتەوەختی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە ئامادەبن بن و هیچ ووتەوەکی تۆمەتبار وەرنەگیرێت بە تایبەت لە سەرەتایی لێکۆڵینەوەدا.
- پێویستە کارمەندانی سەپاندنی یاسا ڕاستەوخۆ هۆکاری دەستگیرکردن بۆ گومانلێکراوەکان ڕوونبکەنەوە، و لە کاتی وتە وەرگرتن و لێکۆڵینەوە تۆمەتەکان بخرێنەڕوو و بەردەوام تۆمەتبار و پارێزەرەکەی لە دوایین گۆڕانکارییەکانی کەیسەکە ئاگاداربکرێنەوە.
- مسۆگەر کردنی سەردانی کەسوکاری تۆمەتبار و ڕاگیراو و بوونی پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوانیاندا بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە گرتووخانەکان و سەنتەرەکانی ڕاگرتن دایدەنێن.
- دامەزراندنی یەکەی چاودێری پزیشکی لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن و مانەوەی دەزگا ئەمنییەکان کە لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستیدا بێت.
- دڵنیابوونەوە لەوەی ڕاگیراوە مێینەکان دەستیان دەگات بە چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پاکوخاوێنیی گونجاو، چونکە نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە دەچێتە قاڵبی مامەڵەی نەشیاوەوە.
- تەرخانکردنی خولی تایبەتی ڕاهێنان لەسەر بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە بۆ لێکۆڵەرەوە دادییەکان و ئەندامانی نووسینگەی داواکاری گشتی و هەر لایەنێکی تر کە بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت، ئەنجامدانی ئەم خولە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان دەبێت.
- هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنیقەلەباڵغی لە بنکەکانی ڕاگرتن و وەکو ئەولەویەت دروست کردنی باڵەخانەی نوێ بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بخرێتە پلان و بەرنامەی کاری لایەنە پەیوەندیدارەکان کە تێیدا پۆلێن کردنی جۆری سزاکانی ڕەچاو بکرێت..
- ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی پەیوەست بەو پێشێلکارییە، یان سکاڵایانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی یەکەی کارگێری گرتووخانە.
- دڵنیابوون لەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەری دادوەری، ئەرکی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار دەگرێتە ئەستۆ لە ماوەی ٢٤ سەعات لە دوای دەستگیرکردنی، و کارمەندە ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەکان ئەنجام نەدەن.
- ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبارەکان لەو مافانەی کە یاسا پێی بەخشیون، لەوانەش مافی مانەوە بە بێدەنگی تا ئامادەبوونی پارێزەر و پێدانی وتە بەشێوەیەکی ئازادانە.

- هێزە ئەمنییەکان پێویستە لەوە ئاگاداربن کە تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە مافی خۆیەتی پارێزەر ببینێت، نەک تەنها کاتی دادگاییکردن.
- دڵنیابوون لەوەی ڕاگرتن (توقیف) تەنها لەلایەن دامەزراوە یاسایی و ڕێگەپێدراوەکان ئەنجام دەدرێت و تەریبە لەگەڵ یاسا عێراقی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوکات بە شێوەیەکی شەفاف ئاماژە بەو لایەنە ئەمنییانە بدرێت کە ئەرکی ڕاگرتنیان پێ سپێردراوە، ئەو هەلومەرجانەی کە وادەکەن ڕاگرتن پێویست بێت، و ناونیشانی ئەو سەنتەرانەی کە تۆماتباری تێدا ڕادەگیرێت.
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری هێزە ئەمنییەکان لەو ڕووەی کە دانپێدانانی تۆمەتبار تەنها سەرچاوەی ساغکردنەوەی تۆمەتەکەی نییە، دەتوانن کار لەسەر دەستخستنی چەند جۆرێک بەڵگە بکەن، لەوانەش وتەی شایەتحاڵ، بەڵگەی بەرجەستە (فیزیکی)، بەڵگەی وێنە و ڤیدیۆ، و بەڵگەی دۆکیومێنتاری.
- دڵنیابوون لەوەی ئەو ڕاگیراوانەی دووچاری ئەشکەنجەدان بوونەتەوە قەرەبوودەکرێنەوە.
- دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندی و هەماهەنگی زیاتر هەیە لە نێوان هەموو ئەو دەزگایانەی کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەوە پێسپێردراوە. ئەمەش دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەی ئاسۆیی، بەهێزکردنی چاودێری لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، زیادکردنی کارایی و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی دەستبەسەرکردنی درێژخایەنی نایاسایی پێش دادگاییکردن. ئەندامێتی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکان (لیژنە) دەبێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، دەزگا ئەمنییەکان، سەندیکای پارێزەران و کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیدار.

<u>تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ</u>

ڕاهێنان و بونیادنانی توانا بۆ ئەو ئەفسەرانەی کەلە خاڵە سنوورەییەکان ولە فرۆکەخانە و لە نەخۆشخانەکاندا کاردەکەن و بەرکەوتنی یەکەمیان هەیە لەگەڵ کەسانی بیانیدا.


<u>تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان</u>

- کارکردن لەسەر ستراتیژییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپارێزی لە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و بەرەنگاربوونەوەی لە هەرێمی کوردستان، کە لە دوو تەوەری سەرەکیدا دەبینێتەوە ئەوانیش: ڕێگا گرتن لە مادده هۆشبەرەکان و چارەسەرکردنی ئالوودەبووان بە دامەزراندنی سەنتەری دووبارە شیاندنەوەیان.
- داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی درێژخایەن لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە دەزگای ئاسایش، ئەویش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی یاسای تایبەت بەم بوارە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ماددەکانی یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

- ڕێوشوێنەکانی دەروازە سنوورییەکان توندتر بکرێن و هێزە ئەمنییەکانی ئەم دەروازانە هەماهەنگی ڕۆژانە و بەردەوامیان هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان.
- کەیسی ڕووبەڕوو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە سێ توخمی سەرەکی پێکدێت کە پێکەوە گرێدراون ئەوانیش بریتین لە فرۆشیار، کڕیار و بەرهەمهێنەر ئەم سێ تۆخمە گرووپێکی مافیایی پێکدێنن بۆیە پێویستە هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنیان چڕتر بکرێنەوە.
- دەستەبەرکردنی ژمارەی پێویستی دەرمانسازان لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بۆ دیاریکردنی ئەو ماددانەی دەبنەهۆی ئالوودەبوون.
- هەماهەنگی زیاتر لە نێوان کۆلێژەکانی یاسا و دەزگا ئەمنییەکان هەبێت لە بواری کردنەوەی خولی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و مامەڵە کردن لەگەڵ ماددەی هۆشبەر بۆ قوتابیان.


## بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر

لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٣) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە، (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان (٣)، ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکانیش (١) ڕاسپاردەیە. هۆی جێبەجێ نەکردنی ڕاسپاردەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەهەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام پێویستە لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 3 | 0 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 0 | 0 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 4 | | |

هێڵکاری ٧٤ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر




هێڵکاری ٧٥ ڕێژەی هەوڵدانی دژە تیرۆر بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٧٦ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودان بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.
٢. دڵنیابوونەوەی لەوەی هەر یاسایەکی بەرکار یان یاسایەکی نوێی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پابەندبوونی تەواو لەخۆ بگرێت بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ئەو ڕێککارانەشی کە دەگیرێنەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر تەواو یەك بگرنەوە لەگەڵ پەیماننامەکەدا.
٣. درێژەدان بە پاراستنی دانیشتوان لە تیرۆر کە سەرچاوەیەکی سەرەکی پێشێلکردنی مافە بە کۆمەڵەکانی مرۆڤە.

ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە چەشنێک کە هاوسەنگی لە نێوان مافەکانی تۆمەتبار لە ڕووی ڕاگرتن و پێویستی پاراستنی کۆمەڵگە لە تیرۆر بکرێت.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

یاسا بەرکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر فەرمانگەی لێکۆڵەرەوەی دادوەری هەیە و دوو لێکۆڵەری دادی (محقق عدلی) لە هەردوو ڕەگەز هەن کە سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین و بەپێی یاسا بەرکارەکان بەڕێزان دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش و داواکاری گشتی) سەرپەرشتی دۆسییەکان دەکەن لە دەرکردنی (یاداشتی دەستگیرکردن- القاء القبض)ەوە تا کۆتایی بە دۆسیەی تۆمەتبار یان تاوانبار دەهێنرێت.

لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/١٢/٣١) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر (٢٩١) بەند کراو هەبووە، بەم شێوەیەی خوارەوە بەپێی یاسا لەلایەن دادگاوە چارەنووسیان دیاریکراوە:

- (١٨٥) بەند کراو  ئازادکراون یاخود ڕەوانە کراون.
- (١٠٦) بەندکراو ماون.
- پەڕاوی (٥٥) بەندکراو لەژێر لێکۆڵینەوەیە.
- پەڕاوی (٢٢) بەندکراو لە دادگای تاوانی دووی هەولێرە.
- (٢٩) دوای تەواو بوونی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن دادگاوە سزادروان.

رووبەڕووبوونەوەی تیرۆری ئەلیکترۆنی

لە هەرێمی کوردستان یاسای تیرۆری ئەلیکترۆنی نییە، کە ئاستەنگێکی یاساییە، سەرەڕای ئەمەش بێوچان هەوڵدراوە کە تاوانبارانی تیرۆری ئەلەکترۆنی بدرێنە دادگا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی هەمووارکراو.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو


- لەژێر هیچ پاساوێکدا نابێت مامەڵەی نامرۆڤانە و توند و دڵڕەقانە و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی لە بەرامبەر هیچ تۆمەتبارێک یان سزادراوێک ئەنجام بدرێت لەلایەن کارمەندی ئاسایش و دژە تیرۆر لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیاندا.
- ڕاسپاردنی هەرلایەنێک کە هەڵدەستن بە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان بە تۆمارکردنی وتەکانی تۆمەتباران وەک پاراستنێک بۆ ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بانگەشەی تۆمەتباران بۆ ئەشکەنجە ئەگەر ڕوویدابێت، هەروەها بۆ پاراستنی بەڵگەی تاوانەکە گەر تۆمەتبار بڵێت ئەم ووتانەی نووسراوەتەوە ووتەی من نیە یاخود گۆڕانکاری تێدا کراوە.
- ڕاسپاردنی گشت لایەنەکان کە هەڵدەستن بە کاری لێکۆڵینەوە لە تاوان بە پەرەپێدان بە تەکەنەلۆژیای تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاری وپاراستنی زانیاری و بەڵگەی تاوان.
- ئامادەبوونی پارێزەر لە سەرەتای وەرگرتنی ووتەی تۆمەتبار و کارکردن لەگەڵ سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بۆ داڕشتن لە جێبەجێکردنی میکانیزمێک بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چاوپێکەوتنی بەردەوامی ڕاگیراوان لەگەڵ پارێزەران کە پێویستە لە ساتەوەختی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوە ئامادەبن بن و هیچ ووتەوەکی تۆمەتبار وەرنەگیرێت بە تایبەت لە سەرەتایی لێکۆڵینەوەدا.
- پێویستە کارمەندانی سەپاندنی یاسا ڕاستەوخۆ هۆکاری دەستگیرکردن بۆ گومانلێکراوەکان ڕوونبکەنەوە، و لە کاتی وتە وەرگرتن و لێکۆڵینەوە تۆمەتەکان بخرێنەڕوو و بەردەوام تۆمەتبار و پارێزەرەکەی لە دوایین گۆڕانکارییەکانی کەیسەکە ئاگاداربکرێنەوە.
- مسۆگەرکردنی سەردانی کەسوکاری تۆمەتبار و ڕاگیراو و بوونی پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوانیاندا بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە گرتووخانەکان و سەنتەرەکانی ڕاگرتن دایدەنێن.

- دامەزراندنی یەکەی چاودێری پزیشکی لە سەنتەرەکانی ڕاگرتن و مانەوەی دەزگا ئەمنییەکان کە لەژێر چاودێری وەزارەتی تەندروستیدا بێت.
- دڵنیابوونەوە لەوەی ڕاگیراوە مێینەکان دەستیان دەگات بە چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پاکوخاوێنیی گونجاو، چونکە نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە دەچێتە قاڵبی مامەڵەی نەشیاوەوە.
- تەرخانکردنی خولی تایبەتی ڕاهێنان لەسەر بابەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە بۆ لێکۆڵەرەوە دادییەکان و ئەندامانی نووسینگەی داواکاری گشتی و هەر لایەنێکی تر کە بە کاری لێکۆڵینەوە هەڵدەستێت، ئەنجامدانی ئەم خولە بە هەماهەنگی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان دەبێت.
- هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەرکردنیقەلەباڵغی لە بنکەکانی ڕاگرتن و وەکو ئەولەویەت دروست کردنی باڵەخانەی نوێ بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بخرێتە پلان و بەرنامەی کاری لایەنە پەیوەندیدارەکان کە تێیدا پۆلێن کردنی جۆری سزاکانی ڕەچاو بکرێت.
- ئاگادارکردنەوەی داواکاری گشتی پەیوەست بەو پێشێلکارییە، یان سکاڵایانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی یەکەی کارگێری گرتووخانە.
- دڵنیابوون لەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لێکۆڵەری دادوەری، ئەرکی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبار دەگرێتە ئەستۆ لە ماوەی ٢٤ سەعات لە دوای دەستگیرکردنی، و کارمەندە ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەکان ئەنجام نەدەن.
- ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبارەکان لەو مافانەی کە یاسا پێی بەخشیون، لەوانەش مافی مانەوە بە بێدەنگی تا ئامادەبوونی پارێزەر و پێدانی وتە بەشێوەیەکی ئازادانە.
- هێزە ئەمنییەکان پێویستە لەوە ئاگاداربن کە تۆمەتبار لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە مافی خۆیەتی پارێزەر ببینێت، نەک تەنها کاتی دادگاییکردن.
- دڵنیابوون لەوەی ڕاگرتن (توقیف) تەنها لەلایەن دامەزراوە یاسایی و ڕێگەپێدراوەکان ئەنجام دەدرێت و تەریبە لەگەڵ یاسا عێراقی و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوکات بە شێوەیەکی شەفاف ئاماژە بەو لایەنە ئەمنییانە بدرێت کە ئەرکی ڕاگرتنیان پێ سپێردراوە، ئەو هەلومەرجانەی کە وادەکەن ڕاگرتن پێویست بێت، و ناونیشانی ئەو سەنتەرانەی کە تۆماتباری تێدا ڕادەگیرێت.
- بەرزکردنەوەی هۆشیاری هێزە ئەمنییەکان لەو ڕووەی کە دانپێدانانی تۆمەتبار تەنها سەرچاوەی ساغکردنەوەی تۆمەتەکەی نییە، دەتوانن کار لەسەر دەستخستنی چەند جۆرێک بەڵگە بکەن، لەوانەش وتەی شایەتحاڵ، بەڵگەی بەرجەستە (فیزیکی)، بەڵگەی وێنە و ڤیدیۆ، و بەڵگەی دۆکیومێنتاری.
- دڵنیابوون لەوەی ئەو ڕاگیراوانەی دووچاری ئەشکەنجەدان بوونەتەوە قەرەبوودەکرێنەوە.
- دڵنیابوون لەوەی کە پەیوەندی و هەماهەنگی زیاتر هەیە لە نێوان هەموو ئەو دەزگایانەی کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا لە ڕێگەی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەوە پێسپێردراوە. ئەمەش دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی لێپرسینەوەی ئاسۆیی، بەهێزکردنی چاودێری لەلایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، زیادکردنی کارایی و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی دەستبەسەرکردنی درێژخایەنی نایاسایی پێش دادگاییکردن. ئەندامێتی

کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبردنی کەیسەکان (لیژنە) دەبێت بە ئەندامی ئەنجوومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، دەزگا ئەمنییەکان، سەندیکای پارێزەران و کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیدار.


## دەستەی دەستپاکی

لە کۆی (٤) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی دەستەی دەستپاکی کراوە لە ساڵی ٢٠٢٢، (٢) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (١) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٣) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان (١) ڕاسپاردەیە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٧٥٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 2 | 1 | 3 |
| جێبەجێنەکراو | 1 | 1 | 1 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 1 | 0 | 0 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 4 | | |

هێڵکاری ٧٧ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە دەستەی دەستپاکی




هێڵکاری ٧٨ ڕێژەی هەوڵدانی دەستە بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٧٩ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

راسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. برەودان بە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، بە چەشنێك کە بە تەواوەتی یەکبگرنەوە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی، ئەویش لەپێناو زامنکردنی یەکسانی لە بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا.
٢. درێژەدان بە هەوڵەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی.
٣. درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ برەودان بە سەروەری یاسا و زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە لە رێگای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی رێگریکردن لە پرسی دەربازبوون لە سزا.

راسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. پۆلێنکردنی ئاستەکانی گەندەڵی و دانانی ئەولەویەت بە گوێرەی مەترسییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی.

لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

پاڵپشت بە رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی ٢٠٠٥، جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ ١٩٤٨، دەستوری عێراق ٢٠٠٥، و لەسەر بنەمای یاسای دەستەی دەستپاکی هەموارکراو ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠١٤، و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەستن بە چاکسازی، لەبەر رۆشنایی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیجی نیشتمانی دەستەی دەستپاکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٥) پەسەند کرا.

ئەم ستراتیژە بەسەر سێ سێکتەر و پاشکۆیەک دابەش بووە، یەکەم: دامەزراوە فەرمییەکان هەڵسەنگاندییان بۆ کراوە کە بریتین لە پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێ. دواتە دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوە سەربەخۆکان کە دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، دەستەی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لەخۆ دەگرێت.

سێکتەری دووەم تایبەت کراوە بە پارتە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی کە پارتە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا لەخۆدەگرێ، سێکتەری سێیەم تایبەت کراوە بە کەرتی تایبەت. پلانی جێبەجێکردن بۆ هەر یەکێکیان پێشکەش کراوە. جێبەجێکردنی سیاسەتەکە چوار ساڵ دەخایەنێت لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ دەرئەنجامی پلانەکە دەخرێتە ڕوو.

فەرمانگەی خۆپاراستن وشەفافیەت لە دەستەی دەسپاکی، یەکەمین ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی ستراتیژی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە دامەزراوە فەرمیەکانی ئامادەکردووە، ولە ماوەیەکی نزیکدا

بڵاودەکرێتەوە. وهەر لەسەر ئەم پرسە سەرۆکی دەستەی دەسپاکی بانگهێشتی بەشداریکردن کراوە بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، تا لە نزیکەوە وردەکاریەکانی ڕاپۆرتەکە بخاتە ڕوو.

ڕۆژی ٢٠٢٤/٣/١٣ یەکەمین ڕاپۆرتی دەستەی دەستپاکی هەرێم سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ئاستی جێبەجێکردنی (ستراتیژی نیشتمانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان) کە پێشتر لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەند کرابوو لە پێناوی هێنانەکایەی چەند ئامانجێکی دیاریکراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و برەودان بە شەفافیەت و لێپرسینەوە، لە ڕێگەی چەند میکانیزمێکی دیاریکراو.

ڕاپۆرتەکە چەندین ڕاسپاردە و پێشنیاری دامەزراوە فەرمییەکانی لەخۆ گرتبوو لە چوارچێوەی ستراتیژەکە، لە ناویشیاندا بواری هۆشیارکردنەوە دژە گەندەڵیی و پەرەپێدان بە چاودێری ناوخۆیی و هەموارکردنەوەی چەند یاسا وڕێنماییەک و برەودان بە توانای فەرمانبەران وڕاهێنانیان، هەروەها هێنانەکایەی دادگایەکی تایبەت بە تاوانەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

ئەنجوومەنی وەزیران وێڕای دەستخۆشی لەبەرامبەر پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکە، هەڵوێستی خۆی دووپات کردەوە لە بەردەوامبوون لە ڕێکارەکانی پەرەپێدانی شەفافیەت و لێپرسینەوە و ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی و لە هەمانکاتدا وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردران بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە و پێشنیارانەی خرانەڕوو.

<u>پۆلێنکردنی ئاستەکانی گەندەڵی</u>

تا ئێستا کەیسەکان بە گوێرەی جۆر و ئاستی گەندەڵی پۆلێننەکراون، لەم ڕووەوە پێویستە هەنگاوەکان خێراتر بکرێن.

<u>هەوڵەکانی نەهێشتنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی</u>

دەستەی دەستپاکی لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی گەندەڵی دەکات، بەشی داواکان بەدواداچوون دەکات لە دادگا تایبەتمەندەکان (کەتن/تاوان) لە پارێزگاکانی هەرێم، و بەشداری دادگایی کردن دەبێت وەک داکۆکیکار لە مافی گشتی ئەوەی پەیوەندی بە گەندەڵی هەیە، هەروەها بەدواداچووندەکات بۆ ئەو داوایانە کە دەستەی دەستپاکی داواکان بەرز دەکاتەوە یان داواکە لەسەر دەستە بەرز دەکرێت بە مەبەستی داد بینی و تانە لێدان.

ژمارەی داوا هەواڵە کراوەکان بۆ دادگا تایبەتمەندەکانی (تاوان/ کەتن) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/١١/٣٠ بریتی بووە لە (٢١٩) داوا تۆمار کراوە، و (٢٧٩) داوا تایبەتە بە ساڵانی پێشووتر (خولاو) کە کۆی گشتی دەکاتە (٣٩٣) داوا.

خشتەی ٥٣ ژمارەی داواکان لە دادگا

| داوا هەواڵە کراوەکان بۆ دادگا تایبەتمەندەکانی (تاوان / کەتن) | |
|---|---|
| داوای تۆمار کراو تا مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ | ٢١٩ |
| داوای تایبەت بە ساڵانی پێشووتر (خولاو) | ٢٧٩ |
| کۆی گشتی | ٤٩٨ |

## سەرجەم داوا تانە لێدراو (تمییز) کراوەکان لە قۆناغی دوای دادگایی کردن لە ساڵی ٢٠٢٣ و خولاو:

خشتەی ٥٤ ژمارەی داوا تانە لێدراوەکان

| داوا تانە لێدراوەکان لە قۆناغی دوای دادگایی کردن لە ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| ژمارەی تانە لێدراوەکان لە دادگای تاوان | ١٠ |
| ژمارەی تانە لێدراوەکان لە دادگای کەتن | ٦ |
| کۆی گشتی | ١٦ |

## سزادراوان بەپێی پۆست لە ساڵی ٢٠٢٣، کەوا سزادراون و ئازادکراوەکان ناگرێتەوە:

خشتەی ٥٥ ئاماری سزادراوەکان بە پێی پۆست

| ئاماری سزادراوەکان بەپێی پۆست لە ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| پلەی وەزیفی | سزا دراو |
| وەزیری پێشوو | ١ |
| بریکاری پێشووی وەزارەت | ١ |
| بەڕێوەبەری گشتی | ٢ |
| بەرێوەبەر | ٨ |
| ئاسایش | ٤ |
| فەرمانبەر | ٣٨ |
| نقیب | ٢ |
| عقیدی پۆلیس | ٢ |
| پۆلیس | ١٠ |
| مبلغ | ١ |
| کاسب | ٧ |

| ئاماری سزادراوەکان بەپێی پۆست لە ساڵی ٢٠٢٣ | |
|---|---|
| خاوەن کۆمپانیا | ١ |
| کارمەندی کۆمپانیا | ٤ |
| خاوەن کافتریا | ٣ |
| خاوەن بەنزینخانە | ١ |
| بەڵێندەر | ٣ |
| ژمێریار | ٣ |
| وردبین | ١ |
| خاوەن نووسینگەی اخراجی گومرگی | ١ |
| موختار | ١ |
| زێرەڤانی | ١ |
| هاووڵاتی | ١ |
| شوفێر | ١ |
| کۆی گشتی | ٩٧ |

ئاماری لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٢:

خشتەی ٥٦ ژمارەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٢

| ئاماری ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراوە بۆ ساڵانی ٢٠٢٠ - ٢٠٢٢ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی لێکۆڵینەوەکان بە پێی سکاڵا تۆمارکراوان | ٦٧ | ٩٢ | ١٧٩ | ٣٣٨ |
| سکالا هەڵگیراوەکان | ٤٤ | ٥٢ | ٥١ | ١٤٧ |
| ئەو حاڵەتانەی کە ئیحاڵەی داواکاری گشی کراوە | ٢١ | ٣٨ | ٣٦ | ٩٥ |
| ئەو حاڵەتانەی لەژێر لێکۆڵینەوە دان لە لایەن داواکاری گشتی | ١٦٩ | ٢٣١ | ٣٨٨ | ٧٨٨ |
| ئەو کەیسانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوە داخراون لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو | ٤٥ | ١٣٢ | ٩٧ | ٢٧٤ |
| ئەم کەیسانەی لە داواکاری گشتی ئیحالەی دادگای تایبەتمەند کراون | ٧١ | ١٤٥ | ١١٨ | ٣٣٤ |

## ئاماری داوا تۆمارکراوەکان لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە تاوانی گەندەڵی:

خشتەی ٥٧ ژمارەی داوا تۆمارکراوەکان لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە کەیسەکانی گەندەڵی

| ژمارەی داوای تۆمارکراو لە ٢٠١٤ تا ٢٠٢٣ تایبەت بە تاوانی گەندەڵی (جريمة الكسب غير المشروع) | |
|---|---|
| داوا لە قۆناغی لێکۆڵینەوە | ٥٠ |
| ئیحالەی تاوانبار بۆ دادگای تایبەتمەند کراوە | ٢٨ |
| کەیسە داخراوەکان | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٩١ |

## دۆسیەی خانەنشین

ووردبین کردنی دۆسییەی خانەنشینی دادوەران، داواکاری گشتی، فەرمانبەری شارەزا، هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن دەستەی دەستپاکی:

خشتەی ٥٨ قۆناغەکانی بەدواداچوون بە خانەنشینی پێشمەرگە

| بەراوردی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەلایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ |
| خانەنشینی نایاسایی | هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی نایاسایی کردووە بە ڕێژەی ٤٠٪ | هەڵوەشاندنەوەی ١٦٣٠ مووچەی خانەنشینی نایاسایی کراوە | |
| مووچەی خانەنشینی دادوەران، داواکاری گشتی، فەرمانبەری شارەزا | ڕاستکردنەوەی مووچە ٤٣٧ خانەنشین ٣٥٠ ملیۆن دینار گەڕاوەتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت | ڕاست کراوەتەوە بە ڕێژەی ١٠٠٪ | |
| بەراوردی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەلایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
| بابەت | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ |
| خانەنشینی هێزەکانی پێشمەرگە | | | ٢٠٠٠ دۆسیەی خانەنشینی هێزەکانی پێشمەرگە کێشەی یاساییان نەبووە. سەبارەت بە دۆسیەی خانەنشینی هێزەکانی یەکەی ٧٠ و ٨٠ ڕەزامەندیان دەربڕیوە بۆ ڕادەست کرنی دۆسیەکانیان. |
| هێزەکانی پێشمەرگە | | | ووردبینی لەسەر٢٥٦٠ دۆسیەی کراوە و هیچ کێشەی نەبووە |

## ووردبینی دۆسییەی فەرمانبەران لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

خشتەی ٥٩ قۆناغەکانی بەدواداچوون تایبەت بە دۆسیەی فەرمەنبەران

| بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە لایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ |
| ژمارەی دۆسیەی فەرمانبەران | ٣٠٧٨٦٩ | ٤١٠٥٠٧ | ١٧٤٣٦٥ |
| ژمارەی دۆسیەی ووردبینکراو | ٢٢٢١١١ | ٣٥٥٥٤٩ | ١٥٧٣٧٣ |
| ژمارەی پلەی زیاد | _ | ١٧٧٥ | ١٠٥٤٨ |

## وردبینی دۆسییەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

خشتەی ٦٠ سوودمەدانی پاراستنی کۆمەڵایەتی قۆناغەکانی بەدواداچوون بە دۆسیەی کەمئەندامان

| بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە لایەن دەستەی دەستپاکی | | | |
|---|---|---|---|
| بابەت | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ |
| سودمەندانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت | لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی | لەکۆی ١٣٢٤٩ فەرمانبەری کەمئەندام، ٦٤٨جار کۆدی بایۆمەتری دوبارە بۆتەوە | ١٤٠٠٠ چواردەهەزار کەمئەندام موچەیان براوەو شایستە نەبونە |
| پاراستنی کۆمەڵایەتی | | | ٨٨٠٠٠هەشتاوهەشت هەزار کەس مووچەیان وەردەگرت کە زۆری شایستەی ئەو مووچە نین |

## وردبینی دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی سیاسی لەلایەن دەستەی دەستپاکی:

خشتەی ٦١ قۆناغەکانی بەدواداچوون بە دۆسیەی شەهیدان و زیندانی سیاسی

| دۆسیەی شەهیدان و ئەنفالکراوان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| جۆری دۆسیە | ژمارەی دۆسیە | وردبینکراو | پەسەندە | تێبینی لەسەرە | نایگرێتەوە |
| زیندانی سیاسی | ٢٣٧٦٩ | ١٠٢٩ | ٧٦٠ | ٢٦٩ | ٠ |
| بەرکەوتەی کیمیاوی | ٩٢٠٢ | ٢٠٣ | ٥٠ | ١٨٧ | ٤ |
| تاقانەکانی جینۆساید | ٣٦١ | ٣٦١ | ٢٩٥ | ١٤ | ٥٢ |
| سکاڵا | ١٠٤١ | ١٠٤١ | ٠ | ٠ | ٠ |
| فەرمانبەران | ١٣٥٩ | ١٣٥٩ | ١١٥٥ | ٢٠٤ | ٠ |

به دیجیتاڵیکردنی پرۆسەی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان

لەچوارچێوەی پرۆسەی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان کە بەگوێرەی یاسای ژمارە سێی ساڵی ٢٠١١ و یاسای هەموارکراوی ژمارە حەوتی ٢٠١٤ی دەستەی دەسپاکی، ئامانجەکانی دەستە خۆی دەبینێتەوە لە دەسپاکی وشەفافیەت ولێپرسینەوە، بۆیە دەستە پرۆسەی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان بەرەو هەنگاوی بەدیجیتاڵیکردن دەبات.

پرۆژەکە بە هاوکاری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە رێگەی "دەزگای هاوکاری تەکنیکی بۆ عێراق" دوای رێککەوتن لەگەڵ دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت و لە قۆناغی یەکەمیشدا شەش مانگ تا ساڵێک ئەزموونی دەبێت.

سوودەکانی بەدیجیتاڵکردنی فۆڕمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان دەبێتە هۆی خێراترکردنی پرۆسەکە و نەهێشتی خەرجی زۆر، سەرباری ئەوەی سیستەمەکە ئاشکرای دەکات لە کوێدا زیادەی سەروەت و سامانی پۆستە باڵاکانی کە راسپێردراون بەپێی یاسا بۆ پرکردنەوەی فۆڕمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان، هەیە. پێوەرەکانی شەفافییەتیش لە کوردستان بەرز دەکاتەوە کە تائێستا پرۆژەی وا لە عێراق جێبەجێ نەکراوە.

بە دیجیتاڵکردنەکە پێویستی بە هاوکاری زیاتری دامەزراوە پێوەندیدارەکان هەیە سەرباری راهێنانی فەرمانبەرانی سیستمەکە و هەمووواری رێنمایی ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە داراییەکان.

کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی

تێبینییەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی لەسەر جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت مافی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت

١. زامنکردنی مافی کەسانی کەمئەندام بۆ مومارەسەکردنی مافەکانیان لە پەیوەندیدا بە دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانەوە.

٢. کاراکردنی بەشداری کەسانی کەمئەندام لە هەڵبژاردنەکاندا و لابردنی ئەو کۆت و بەندانەی دێنە رێی بەشداری کردنیان.

٣. هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە تەمیزییەکان کە رێگری دەکەن لەوەی کەسانی کەمئەندام لە رووی عەقڵی یان دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە مومارەسەی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان بکەن، لەگەڵ زامنکردنی بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و گشتی.

٤. ئاسانکاریکردن بۆ بەشداریکردنی کەسانی کەمئەندان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی چوونیان بۆ نێو ناوەندەکانی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانیان بە ئاسانی و توانای بەشداریکردن و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکان و

دەستەبەرکردنی بابەت و کەرەستەی هەڵبژاردن و زانیارییەکان بە شێوەیەك کە بە ئاسانی بتوانرێت بخوێنرێتەوە وەك رێگەی برایل و زمانی ئاماژە و سیستمی خوێندنەوەی ئاسان.

زامنکردنی مافی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە دەنگدان

بەپێی پەیڕەوەکانی ئەنجومەنی کومسیاران و رێکارەکانی نوێکردنەوەی توماری دەنگدەران هەوڵ دەدرێت تیمی تایبەت پێک بهێنرێت لە هەموو ناوەندەکانی نوێکردنەوەی توماری دەنگدەران بۆ ئەوەی سەردانی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتن بکەن بۆ تۆمار کردنی ناویان لە نوێکردنەوەی توماری دەنگدەران و مافی دەنگدان و خو پاڵاوتنیان مسۆگەر بکەن.

لە کاتی خوپاڵاوتنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی رێکارەکان هیچ سانسورێکیان لەسەر دانانرێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە لەڕووی عەقڵییەوە شیاوی تەواوی هەبێت و ئەو تایبەتمەندییەی تێدا بێت کە بۆ پاڵێوراوێکی ئاساییە لە بارەی تەمەن و پلەی خوێندن.

لە روژی دەنگداندا هەوڵدەدرێت لە هەموو ئەو ناوەندانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت یان کەمئەندامیان تێدایە رێگای تایبەت بۆ چوونە ژورەوەیان دابین بکرێت.
لە کاتی قەڵەباڵغی هەوڵ دەدەرێت کە کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ڕانەگیرێن و کارئاسانییان بۆ بکرێت لە هەموو جورە چاوەڕوانییەک دەبەخشرێن بۆ چوونە وێستگەی دەنگدان.

لە کاتی دەنگدان دا ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت یان کەمئەندام نەیتوانی مافی خۆی ئەدا بکات لە دەنگدان خوی بدات و کەسێکی نزیکی لەگەڵدا نەبوو بۆ هاوکاری کردنیان، ئەوا سەرجەم بەڕێوەبەری وێستگەکان رادەسپێردرین کە یارمەتی پێشکەشی بکەن بە شیوەیەکی بێلایەنانە کە بوچوونی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت تەواو بەرجەستە بکات.

بەشداری کردنی کەمئەندامان لە پرۆسەی سیاسی

لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان ئەم بابەتە ئاماژەی پێکراوە وەك مافێکی سەرەکی، هەروەها لە یاساکە هیچ رێگریەك ئاماژەی پێ نەکراوە کە مافی دەنگدان یان خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا نەبێت. لە ماددەی ٢/برگەی یەکەم بە روونی باس لە مسۆگەرکردنی هەموو ماف وئازادییە بنەرەتییەکان شان بە شانی هاووڵاتیانی ئاسایی.

لە رووی پراکتیکییەوە پێویستە کەسانی کەمئەندام کارئاسانییان بۆ بکرێت لە بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن و لابردنی هەموو ئەو کۆت و بەندانەی دێنە سەر رێگایان، لەوانەش دابینکردنی کورسی و کەلوپەلی پێویست لە رۆژی دەنگدان بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن دەنگ بدەن، یاخود بنکەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندییان لە رووی جەستەییەوە.

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

ئاسانکردنی بەشداریکردنی کەمئەندام و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەڵبژاردن و دابینکردنی چوونیان بۆ ناوەندی دەنگدان، تا بە ئاسان دەنگی خۆیان بدەن، وێڕای توانای بەشداریکردن و خۆ پاڵاوتن لە هەڵبژاردن و دەستەبەرکردنی کەرەستەی هەڵبژاردن و زانیاری بە شێوەیەك کە ئاسان بدیترێت و بێتە دەست، وەك شێوازی برایل و زمانی ئاماژە و سیستەمی ئاسان خوێندنەوە.

## یەکێتیی سەندیکای کرێکارانی کوردستان

یەکێتی سەندیکای کرێکارانی کوردستان وەک لایەنێکی پەیوەندیدار بۆ پاراستن و جێگیر کردنی مافەکانی کرێکاران و باشترکردنی کارو بژێوی ژیانیان و بەرز کردنەوە وشیاری ڕێکخراوەیی و ڕۆشنبیری و پیشەییە لەلای کرێکاران لەپێناو و پاراستنی مافەکانی کرێکاران چەند هەنگاوی ناوە لەوانە:

- ڕەشنوسی یاسای کاری هەرێمی کوردستان.
- ڕەشنوسی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کردووە.
- بەشداری بەردەوامی مانگانە لە ئەنجومەنی کارگێری خەزنەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران هەیە.
- بەشداریکردنیان لە چەندین کۆبونەوە و دیبەیت و وۆرکشۆپی تایبەت بە کرێکاران.
- بەشداریکردنیان لە دیاریکردنی کرێ (دوو ساڵە ئەم لیژنەیە کۆبونەوەی ئەنجام نەداوە).
- بەشداریکردنیان لە لیژنەی داناسی (کەمترین کرێی کرێکاری ناکارامە).

<u>بەدواداچون و گەیاندنی سکاڵای کرێکاران</u>

بۆ مەبەستی داکۆکی کردن لە مافەکانیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە شوێنی کار چ لەناو بارەگاکانی سەندیکاکان و یاخود گەیاندنی بە دادگا، لێرەدا ئاماری ئەو سکاڵایانە دەخەینە ڕوو:

خشتەی ٦٢ ژمارەی کەیسی کرێکاران

| لق | کەیسی دادگا | لە ناو بارەگای سەندیکا چارەسەرکراون |
|---|---|---|
| هەولێر | _ | ٧٥ |
| سلێمانی | ١٦ | ٣٨ |
| دهوک | _ | ٣١٠ |
| هەڵەبجە | _ | ١١٠ |
| سوران | _ | ٥ |
| گەرمیان | ٣ | ١٠٠ |
| زاخۆ | ٧ | ١٣٩ |
| کۆی گشتی | ٢٦ | ٧٧٧ |

زیادکردنی کرێی کرێکاران

سەندیکا پێشنیاری کردووە کە کرێی کرێکاران زیاد بکرێت لە (٣٥٠,٠٠٠) بۆ (٥٢٠,٠٠٠) دینار، چونکە لە کاتی خانەنشین بوونی کرێکارەکە لە کەمی مانگانەکەی بۆ هەژمار دەکرێت.

کێشەکانی سەندیکا لەو لیژنە هاوبەشانەی تێیدا ئەندامە

- سەندیکای کرێکاران ئەندامە لەو لیژنەیەی کە بەپێی یاسای ژمارە (٣٩) ی ساڵی ١٩٧١ خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دامەزراوە و پێکهاتوون لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ژووری بازرگانی پیشەسازی، نوێنەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی موچەی مانگانەیان بۆ خەرج دەکەن لەسەر سندوقی دەستەبەری خانەنشینی کرێکاران، ئەو پارەیەی دەشیدەنەوە نوێنەرانی کرێکارانی سەندیکا زۆر کەمە. لەم بارەیەوەش چەندین جار نوسراوی فەرمیمان داوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی کار، ئەنجومەنی کارگێری لە ڕێگای وەزارەتی کارەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام تەوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی فەرمی نەبووە.
- لە یاسای کاردا تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لەبەرچاو گیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەت پێکهێنراوە، بەڵام لە واقیعدا لە هەرێمی کوردستان ئەم بەشە کارا نییە کە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەی لاوەکی پشکنینی کاری ڕاسپاردوون بە ئەنجامدانی کارەکان.
- لە کاتی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای کار سەندیکا پێشنیار کرد ناوەند یاخود سەنتەرێکی نیشتیمانی بۆ تەندروستی سەلامەتی پیشەیی دابمەزرێت، بەڵام پێشنیارەکەمان لەبەر چاو نەگیرا، بۆیە پێویستە ئەم سەنتەرە دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی لە حکومەتی ئیتحادی ناوەندێکی نیشتیمانی هەیە بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

ئاماری گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران

لە ساڵی ٢٠٢٣ ژمارەی گیان لە دەستدان و برینداربوونی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە (٥٣) کرێکار لەوانە (٢٥) بریندار و (٢٨) گیان لە دەستدان بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ٦٣ ئاماری گیان لە دەستدان و بریندار بوونی کرێکاران

| لق | ناوخۆ | دەرەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٦ | ٥ | ١١ |
| سلێمانی | ١٦ | ٨ | ٢٤ |
| دهوک | ٦ | ١ | ٧ |

| لق | ناوخۆ | دەرەوە | سەرجەم |
| --- | --- | --- | --- |
| هەڵەبجە | _ | _ | _ |
| سوران | _ | _ | _ |
| گەرمیان | ١٠ | _ | ١٠ |
| زاخۆ | ١ | _ | ١ |
| کۆی گشتی | ٣٩ | ١٤ | ٥٣ |

بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار

سەندیکای کرێکاران پێشنیار دەکات کە بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە هەرێمی کوردستان لە سنوری هەموو یەکە ئیدارییەکان وەکو نووسینگەش بێت بکرێنەوە کە لە ڕێگەیاندا زۆرترین خەڵکی بێکار هەلی کاریان دەستکەوێت دوای ئەوەی ناویان تۆمار دەکرێت، لە ئێستاشدا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی کردن ئەم بیرۆکەیە بە ئاسانی جێبەجێدەکریت، بەمەش ڕێژەی بێکاری بە ئاسانی دیاری دەکرێت.

یاسا بەرکارەکان تایبەت بە کرێکاران

لە هەرێمی کوردستاندا (٣) یاسای تایبەت بە کرێکاران بەرکارن:

- یاسای کار ژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧.
- یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە ٣٩ی ساڵی ١٩٧١.
- یاسای ڕێکخستنی سەندیکای ژمارە ٥٢ی ساڵی ١٩٨٧ بەڵام لە هەر سێکیان وەکو خۆی جێبەجێناکرێت چونکە هەرسێکیان پەیوەندیان بە ( کەرتی تایبەت، تێکەڵاو، هەرەوەزی) هەیە.

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ناساندنی فەرمانگە

- ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ئەنجومەنی وەزیران.
- ئەرکی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ و پەیرەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١.
- سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوەکان لە ڕووی کارگێری ،دارایی و هونەری .

داتای ڕێکخراوەکان

- کۆی گشتی ڕێکخراوە تومارکراوەکان : (٥٠٠١) ڕێکخراوە.

- ڕێکخراوی هەڵوەشاوە و بێ بەڵگە : (٣٣٥) ڕێکخراو.

ڕێکخراوی نوێی تۆمارکراو:

- لە ساڵی ٢٠٢١: (١٨٥).
- لە ساڵی ٢٠٢٢: (٢٥٢).
- لە ساڵی ٢٠٢٣: (١٧٥).

جێبەجێکردنی ئەرکەکان

ڕێنمایی و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی دیوان و فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکان سەبارەت بە ڕێکخستن و چاکسازی و بەدامەزراوەیکردنی فەرمانگە و کارەباری ڕێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١) پەیرەوی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

- کارنامەی کابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- راسپاردەکانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- راسپاردەکانی دیوانی چاودێری دارایی و پەرلەمانی کوردستان.
- راسپاردەکانی دەستەی دەستپاکی (پرۆژەی ستراتیژی نیشتمانی بۆ ڕووبەرووبوونەوەی گەندەڵی).
- داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان.

ئاماژە بە نووسراوی ئەم سەرۆکایەتییە ژمارە (٢٥٠٢) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٥، کە تایبەتە بە داواکاری کونسڵگەری وڵاتە بیانییەکان، هەروەها ئاماژە بە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٣/٦/١٤ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی و قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان.

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەیە کە لە بواری مرۆیی چالاکن، بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە بەشێوەی وەرزی و ساڵانە ڕاپۆرت بڵاودەکەنەوە لەسەر دۆسییە جیاجیاکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و بەدواداچوونمان هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکانیان.

لەلایەکی دیکەوە نووسینگەکەمان ڕاسپێردراوە بە سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لایەنێکی گرینگن لە هاوکاری و هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. تا ئێستا لەماوەی چوار ساڵی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم لە (١/١/ ٢٠٢٠) تاوەکو ( ٥/ ٢٠٢٣/٦) زیاتر لە (١٥٤٠)

ئیمێڵ ئاڵوگۆڕ کراوە لەگەڵ لایەنی نێودەوڵەتی و ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها زیاتر لە (٣٨) مێزگەرد و وۆرکشۆپ لە بابەتەکانی تایبەت بە پلانی هەرێمی ئەنجام دراون بە هاوکاری و هەماهەنگی لە ڕێگەی ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە و بە دەیان کۆبوونەوەشمان لەگەڵیان ئەنجامداوە لەمبارەیەوە.

بەپشتبەستن بەم هۆکارانەی سەرەوە و ناوەرۆکی نووسراوی کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٢٣/٦/١٤ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، گرینگە پەیوەندی باشمان هەبێت لەگەڵ ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا و ئاسانکاری پێویستیان بۆ بکەین و ڕۆتیناتی ئیداری کەم بکەینەوە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەرگایان بۆ بکەینەوە تا کار و چالاکییەکانیان زیاتر لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ بکەن بەتایبەت لە بواری هاوکاری ئاوارە و پەنابەران، هەروەها لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی و سود ببینین لە توانستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە گشت سێکتەرەکان لەمبارەیەوە.


<u>بەپێی نووسراوی ئاماژە پێکراو ژمارەیەک لە کونسوڵخانەی وڵاتان چەند داواکارییەکان پیشکەش کردووە بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت، داواکارییەکانیش بریتین لە:</u>

<u>یەکەم:</u> ماوە و پرۆسەی نوێکردنەوەی بڕیاری گارگێڕی ڕێکخراوەکان و ناڕوونی هۆکاری نوێنەکردنەوەیان.
<u>دووەم:</u> ڕێکخراوەکان پابەند کراون بە دابینکردنی گرێبەستی بەخشەرەکان وەک پیش مەرجی نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی.
<u>سێیەم:</u> ڕێکخراوەکان پابەندکراون بە پێشکەش کردنی ناوی سوودمەندبووەکان لە پرۆژەی ڕێکخراوەکان و پێشکەش کردنی ناوی بەشداربووان لە کۆڕ و وۆرکشۆپەکان.
<u>چوارەم:</u> ئاسانکاری بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان ئازاد بن لە کار کردن لە گشت ناوچەکانی هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی پارەی تەرخان کراو لەلایەن بەخشەرەکانەوە.
<u>پێنجەم:</u> یەکسانی لە نێوان ئافرەتان و پیاواندا هەبێت لە پرۆژە و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان.

<u>سەبارەت بە داواکارییەکانی هاتوو و بەپێی نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا بە:</u>


١. دروستکردنی پلاتفۆرمێک تایبەت بە وەرگرتن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی ڕێکخراوە بیانییەکان بەباشی دەزانین ڕێوشوێنەکان زیاتر ڕێکبخرێنەوە، لەبری ئەوەی کە ڕێکخراوەکە ناچاربێت پەیوەندی بە چەندین دام و دەزگا و فەرمانگەی جیاجیا بکات بۆ ڕاییکردنی کارەکانی.
٢. پشتگیری تەواو لە خاڵەکانی دووەم، سێەم و پێنجەم دەکەین لە نووسراوی سەرەوە.
٣. لەبارەی خاڵی چوارەم برگەی تایبەت بە هاندان و دیاریکردنی ئەولەویەت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە.

ساڵی ٢٠٢١: لە کۆی (٣٧) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، (٧) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (٣٠) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراون. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٨) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەمبوونەوە بۆ (٢٢) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردن دایە گەیشتە (٧) ڕاسپاردە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردنی دەکاتە (٣١،١٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 7 | 1 | 8 |
| جێبەجێنەکراو | 30 | 22 | 22 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 0 | 7 | 7 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 37 | | |

هێڵکاری ٨٠ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان




هێڵکاری ٨١ ڕێژەی هەوڵدانی پەرلەمان لەسەربنەمای ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٨٢ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. دانانی پڕۆژە یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
٢. دانانی پڕۆژە یاسای ڕێکخستنی بیمەی تەندروستی.
٣. دانانی پڕۆژە یاسایەکی نوێ یان دەستکاریکردنی یاسای کار لەپێناو پابەندکردنی کۆمپانیا و ئاژانسە ناوخۆیی و بیانییەکان بە تەرخانکردنی ڕێژەیەک بۆ دامەزراندنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان.
٤. هەموارکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٤١(١) لە یاسای سزادان، کە لێدانی ژن و منداڵ یاساغ ناکات و بە تاوانی دانانێت.
٥. پێشکەشکردنی پێشنیارەکان لەبارەی هەموارکردنەوەی یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ وەك ڕێزگرتن لە ئازادی و ئاسایشی کەسی تاکەکەس، قەدەغەکردنی پەنا بردنەبەر ئەشکەنجەدان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبار بەو تۆمەتەی ئاڕاستەی کراوە و خێرایی لە گرتنەبەری ڕێککارەکان، قەدەغەکردنی راگرتنی نادادپەروەرانە، بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا، بنەمای ئەوەی تۆمەتبار بێتاوانە تاوەکو تاوانەکەی بەسەردا دەسەلمێنرێت، پشتبەستن بە وەرگێڕ، پیرۆزی مافی بەرگریکردن، تانەدان لە حوکمەکان.
٦. خێراکردن لە گونجاندنی یاسای باری کەسی لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ئافرەتان و ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ.
٧. هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ئەو ماددە یاساییانەی یاسای سزادانی عێراقی، باری کەسی و یاسای سزای دادگەری کە جیاکاری دژ بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن، بەتایبەتی ئافرەتان و پێکهاتەکان.
٨. کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای ماف و ئیمتیازی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە ٢٢ بۆ ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمدا، بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ ڕێککەوتننامەی مافەکانی کەسانی کەم ئەندام و پێویستی توندکردنی سزاکان لە حاڵەتی قۆستنەوەیان و ئەنجامدانی تاوان دژیان.

## ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان

١. دانانی پڕۆژە یاسایەک بۆ جێکردنەوەی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ لە یاسا نیشتیمانییەکان و ناساندنی وەک تاوانێکی سەربەخۆ بە گوێرەی ماددەی ٢ لە ڕێککەوتننامەی پاراستنی گشت کەسەکان لە شوێنبزرکردنی زۆرەملێ.
٢. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسای زانینی ڕاستی بۆ قوربانیانی شوێنبزربوون.
٣. ئامادەکردن و پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسای دەستەی نیشتیمانی شوێنبزربووان.
٤. دانانی پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ئەلیکترۆنی.
٥. سەبارەت بە منداڵانی بێ باوک بە تایبەتی منداڵانی داعش، دانانی پڕۆژە یاسایەک کە منداڵەکە دەخاتە ئەستۆی خێزانی دایکەکە.

٦. گرنگی کاراکردنی یاسای تەندروستی خۆراکی و کاراکردنی ئەنجوومەنی پاراستنی جۆریەتی خۆراک.
٧. دانای پڕۆژە یاسایەک بۆ دەستەبەرکردنی دەرمان، بەجۆرێک کە هەندێک دەرمان بەردەست بێت بۆ تەواوی هاووڵاتییان لە نەخۆشخانە و یەکە تەندروستییەکان.
٨. ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ پاڵپشتی پێدانی قەرزی دارایی بە سوودێکی کەم بۆ ئافرەتانی گوندەکان وەك پاڵپشتێك بۆ کەرتی کشتوکاڵی.
٩. ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك کە کۆتا لەخۆبگرێت بۆ ئافرەتان لەو پرۆژە کشتوکاڵییانەی حکومەت لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا جێبەجێیان دەکات.
١٠. ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکی تایبەت بە قەرزی بانکی کشتوکاڵ و ناچارکردنی بانکەکە بە پێدانی پشکێکی تەفزیلی بە ئافرەتانی گوند.
١١. هەموارکردنەوەی ئەو بڕگە سزاییانەی کە ڕێ بە هێشتنەوەی تۆمەتبار دەدەن بۆ ماوەیەکی زۆر بەر لە دادگاییکردن، هاوکات دڵنیابوونەوە لەوەی تۆمەتبار هەموو مافێکی یاسایی هەیە لە کاتی ڕاگرتن.
١٢. هەموارکردنەوەی ماددەی ١٧٥ لە یاسای سزادانی عێراقی بۆ پاراستنی مافی هەموو تۆمەتبارێک لە قسەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەواهیدەرەکان یانیش لەڕێی پارێزەرەوە.
١٣. هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم دەقە یاساییەکان لە یاسای باری کەسی و یاسای سزادان و یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی کە جیاکاری لە خۆدەگرن دژی کەسانی کەم ئەندام، بە تایبەتی ئەوانەی ئافرەتن، و ئەوانەی سەر بە پێکهاتە ئیتنی یان ئاین یان زمانەوانییەکانن، بە چەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کە عێراق پەسەندی کردوون، بە تایبەتی دوای ئاڕاستەکردنی ڕاسپاردەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ هەرێمی کوردستان.
١٤. هەموارکردنەوەی یاسای بەخشین و چاندنەوەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٨.
١٥. هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ٣٨٠ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ بۆ ساڵی ١٩٦٩ ،کە دەڵێت هەر پیاوێک هانی خێزانەکەی بدات بۆ کاری بەدڕەوشتی و خێزانەکەی کارەکەی ئەنجامدا، ئەوا پیاوەکە بە ڕاگرتن (توقیف) سزا دەدرێت.
١٦. پێشکەشکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ راگرتنی کارکردن بە ماددەی ٣٩٨ (هاوسەرگیری قوربانی لەگەڵ ئەو کەسەی دەستدرێژی کردۆتە سەری( لە یاسای سزادان، کە باشترە بە تەواوەتی هەڵبوەشێنرێتەوە شانبەشانی ماددەکانی (٤٢٧ و ٤٠٩) کوشتنی ژن ئەگەر بەسەر ناپاکییەوە گیرا و ڕاگرتنی لێکۆڵینەوەکان ئەگەر دەستریژی کار هاوسەرگیری لەگەڵ قوربانییەکە کرد.
١٧. هەڵوەشاندنەوەی بڕگەکانی ١ و ٢ لە ماددەی ٨ لە یاسای باری کەسی ژمارە ١٨٨ بۆ ساڵی ١٩٥٩ ،و سزادانی ئەو کەسانەی ئافرەتان و کچان ناچار بە هاوسەرگیری پێشوەختە دەکەن، چونکە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ بۆ ساڵی ٢٠١١ و پێچەوانەی ماددەکانی ١٣-١٤-٢٩ یە لە دەستووری عێراقی.
١٨. هەموارکردنەوەی ماددەی ٧ لە یاسای باری کەسی کە تایبەتە بە هاوسەرگیری پێشوەختە.

١٩. چاوخشاندنەوە بە ماددەی ١٠٥ (بەندکردنی کەسی حوکمدراو لە نەخۆشخانەیەک یان یەکەیەکی چاودێری تەندروستی بۆ ماوەی شەش مانگ و پێدانی ڕاپۆرتی خولی بە دادگا، ئەگەر کەسەکە نەخۆشی دەروونی هەبوو، هەموارکردنەوەی بڕگەی ٤ لە ماددەی ٤٩٥ لە یاسای سزادان و هاوتاکردنی کەسانی خاوەن نەخۆشی دەروونی لەگەڵ گیانداری دڕندە).
٢٠. هەموارکردنەو دەستکاریکردنی نەریتی میرات بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەروەک لە بڕگەی ٢ لە ماددەی (٤٦) و ماددەی ١٠٤ لە یاسای مەدەنی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١دا هاتووە، هاوکات هەڵپەساردنی کارکردن بە ماددەکانی (٩٤، ٩٥، ١٠٧و ١٠٨) لە یاسای مەدەنی عێراقی و ماددەی (٧) لە یاسای باری کەسی چونکە جیاکاری بەرامبەر بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکات.
٢١. هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ٣ و ساڵی ٢٠٠٦ بەو شێوەیەی کە بگونجێت لەگەڵ ڕێبەری تەشریعی بۆ سیستمی یاسایی جیهانی پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ١٩٩٨/٤/٢٢ پەسەندیان کرد.
٢٢. هەموارکردنەوەی یاسای داواکاری گشتی و هاوتا بکرێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پڕۆسەی جێبەجێکردن دان

١. دانانی پڕۆژە یاسای ئەشکەنجەدان بە جۆرێک لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجە و سزای نامرۆڤانە و ئەتککردن بۆ ساڵی ١٩٨٧ بگونجێت.
٢. دانانی پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ ڕزگاربووانی داعش کە مافی تەواوی پێکهاتەکان لەخۆبگرێت و باس لە قەرەبووکردنەوە بکات و تەریب بێت لەگەڵ یاسای ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠٢١ی حکومەتی فیدڕاڵی، یانیش پەسەندکردنی یاسای ناوبراو لە پەرلەمانی کوردستان.
٣. دانانی پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتی تاوان بۆ دادگاییکردنی ئەندامانی داعش و هاوکارەکانیان.
٤. دانانی پڕۆژە یاسایەکی نوێ بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ئەنجامی تاوانەکانی داعش زەرەرمەندبوونە و قەرەبووکردنەوەیان، کە ئەمە تەریبە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و دەستووری عێراقی.
٥. دانانی پڕۆژە یاسای دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی.
٦. پاڵپشتیکردنی نوسینی رەشنووسی پرۆژە یاسایەك بۆ هەموارکردنەوەی یاسای توندوتیژی خێزانی لە کوردستان ژمارە ٨ بۆ ساڵی ٢٠١١ کە لە ئێستادا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت لە پەرلەماندا.
٧. دەرکردنی پڕۆژە یاسایەکی تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری.

لە خوارەوە ڕێوشوێن، یاسا، ڕێنمایی، ڕێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە ڕوو:

ئەو یاسانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر کراوە

- پرسەکانی گێچەڵی و سێکسی بەجۆرێك لە جۆرەکان لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ ڕێك خراوە. یاساکە ئێستا لە قۆناغی هەموارکردنەوەدایە و پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی ٢١-٩-٢٠٢٢دا خوێندنەوەی دووەمی بۆ هەمواری یاساکە کردووە و ئێستا لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕاپۆرتدایە.
- لەبارەی پابەندکردنی کۆمپانیا و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بە تەرخانکردنی ڕێژەیەك بۆ دامەزراندنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە میانەی دوو یاساوە ئەم کارەی کردووە، کە ئەوانیش یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان ژمارە (١٨)ـی ساڵی ٢٠٢١ و یاسای گەشتوگوزار ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢.

لەبارەی ئەو یاسا و پرۆژانەی کە دانایان بە گرنگ و پێویست زانراوە

- پرۆژە یاسای بازرگانیکردن بە مرۆڤ، پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨ یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردنی بە مرۆڤی عێراقی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ ی بەرکار کردووە و ئێستا کاری پێدەکرێت.

- سەبارەت بە یاسای تاوانی شوێنبزرکردن و بابەتە پەیوەندیدارەکان پێوەی (زانینی ڕاستی بۆ کەسوکاری قوربانیان و پێکهێنانی دەستەیەکی نیشتیمانی بۆ شوێنبزربووان) ئەوا بە شێوەیەك لە شێوەکان زۆرێك لە ڕەهەندە یاساییەکانی لە یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناو بردنی بە کۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩ و هەموارەکەی بە یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ ( کە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان ژمارە ٢٧٧ـدا بڵاو کراوەتەوە) چارەسەر کراون و ڕێکخراون.

- ئەوەی پەیوەندیشی بە ڕێکخستنی یاسایی بۆ ڕزگاربووان لە دەستی داعش و قەرەبووکردنەوەیان، بەپێی بڕگەی (دووەم) ماددەی (١٣٢)ـی دەستووری عێراق لە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی حکوومەتی فیدڕاڵییە، پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١١) لە ساڵی ٢٠١٩ـدا ئەمەی دووپات کردووەتەوە کە پێویستە حکوومەتی فیدراڵیی عێراق بە ئەرکی دەستوورییانەی خۆی هەڵسێت و ئەو ئەرکانەی کە دەستوور خستوویەتیە ئەستۆی، جێبەجێیان بکات .

- لەمەڕ پێکهێنانی دادگایەکی تایبەتمەندیش بە دادگاییکردنی سەرانی داعش و ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە، پاش ئەوەی کە پرۆژەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان کرا، پەرلەمانی کوردستان زنجیرەك کۆبوونەوەی چڕوپڕی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و نوێنەرانی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش، تیمی یونیتاد، پسپۆڕان و شارەزایان و ئەنجوومەنی دادوەری ئەنجام دا. بەڵام پرۆژەکە

به بڕیاری دادگای فیدراڵی ژماره (٧١) له ٢٠٢١/٦/١٣ به بیانووی نەبوونی پسپۆڕێتی و نادەستووریبوون، ڕەتکرایەوە. پەرلەمانی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (٣٨١٨/٣/٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٤ داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە ڕێوشوێنی نوێ بگیرێتە بەر و هەنگاوی بەدیل دیاری بکرێت، بەڵام وەڵامی ئەو داوایە نەدراوەتەوە .

- سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کردارە جەنگییەکان و هەڵە سەربازییەکانەوە، لە حکومەتی ئیتحادی ئەم بابەتە بە یاسای ژمارە (٧٥)ی ساڵی ٢٠١٥ ڕێکخراوە، لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا (٣) پێشنیازە یاسای بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش کراون، بەڵام بەو پێیەی ڕەهەندی داراییان هەیە بەگوێرەی خاڵی (٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کران، بەڵام پێشنیازە یاساکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە نوسراوەکانی ژمارە (٧٧٦٢) لە ٢٠٢٠ /١١/٢٤ و ژمارە ( ٥٥٠٠) لە ١٧ /٥/ ٢٠٢١ ڕەتکرانەوە.

- پرسی ڕێکخستنی پەنابەریی ئەوا بەپێی ماددەی (١١٠)ی دەستوور پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتە حەصرییەکانی حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەلایەن خۆیەوە ئەم پرسە ڕێکبخات.

- تایبەت بە بیمەی تەندروستیش دوو پێشنیازە یاسا پێشکەش کراون، بەڵام بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٩)ـی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەو پێیەی پێشنیازەیاساکان ڕەهەندی داراییان هەبوو، ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کران بۆ ڕەزامەندی، بەڵام پێشنیازە یاساکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە نوسراویان ژمارە (٢٣٠٧) لە ٢٠٢١/٢/٢٣ ڕەتکرانەوە.

- لە بابەتی قەرزی کشتوکاڵی تا ئێستا هیچ پێشنیاز و پرۆژە یاسایەك پێشکەشی پەرلەمان نەکراوە، بەڵام دەربارەی بیمەی کشتوکاڵی دوو پێشنیازە یاسا پێشکەش کراون، بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٢) لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٩)ـی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بەو پێیەی ڕەهەندی داراییان هەبوو، ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کران بۆ ڕەزامەندی، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە نوسراوەکانیان ژمارە ( ٤٦٢٤ ) لە ٢٠٢٠ /٨/١٢ و ژمارە ( ٧٨١٨) لە ٢٠٢١ /٦/٣٠ ڕەتکرانەوە.

- پێشنیازە یاسایەکیش بۆ (هاریکاری دارایی هەژاران) پێشکەش کرابوو، بەڵام ئەمیش بەهۆی لێکەوتە و ڕەهەندە داراییەکەیەوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بە نوسراویان ژمارە ( ١٣١٦٧ ) لە ١٢/ ٩ / ٢٠٢٢ ڕەتکرایەوە.

- سەبارەت بە یاسای کار، پرۆژە یاسایەك پێشکەش کراوە، پەرلەمانی کوردستان وێڕای خوێندنەوەی یەکەم بۆی و ڕاسپاردنی لێژنە تایبەتمەندەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ خوێندنەوەی دووەم، چەندین کۆبوونەوەی لەبارەوە ئەنجام داوە. هەروەها وۆرکشۆپێکی چوار ڕۆژەی بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی **(ILO)** لەشاری دهۆك ئەنجامداوە.

- لەبارەی پابەندکردنی کۆمپانیا و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بە تەرخانکردنی ڕێژەیەك بۆ دامەزراندنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە میانەی دوو یاساوە ئەم کارەی کردووە، کە ئەوانیش یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان ژمارە (١٨)ـی ساڵی ٢٠٢١ و یاسای گەشتوگوزار ژمارە (٩)ـی ساڵی ٢٠٢٢.

<u>دەربارەی ئەو یاسایانەی کە هەموارکردنیان بە گرنگ زانراوە</u>

- دوو پێشنیارە یاسا تایبەت بە (هەموارکردنەوەی یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان) پێشکەش کراوە، بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەتکراونەتەوە. ئەمانەش بەگوێرەی نوسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٢١/٣/١) لە ١/٦ /٢٠٢٠.

- لەمەڕ هەموارکردنەوەی یاسای ڕەگەزنامە، بەو پێیەی ماددەی ١١٠ی دەستوور ئەم بابەتە لە دەسەڵاتەی حەصرپیەکانی حکوومەتی فیدراڵە، لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نییە دەستکاری بکات.

- سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (١) لە ماددەی (٤١) و ماددەی (٣٨٠)ـی یاسای سزادانی عێراق ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، ئەوا لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ـەوە ئەو پرسە بە تاوان ناسێنراوە و دەبێتە دەقێکی تایبەتتر کە کۆت و بەندی دەقە گشتییەکەی یاسای سزادان دەکات.

- پێشنیارە یاسایەك بۆ هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ پێشکەش کرابوو، بەڵام لەلایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمانەوە ڕەتکرایەوە.

- لەبارەی هەمواری یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە ( ٢٢)ی ساڵی ٢٠١١، پێشتر پرۆژەی بۆ پێشکەش کراوە و پەرلەمانی کوردستانیش بە یاسای ژمارە (٨)ـی ساڵی ٢٠٢١ یاساکەی هەموار کردووەتەوە .

<u>تایبەت بە پرسی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ژمارەیەک یاسای دیکە دەرچوون</u>

- تایبەت بە یاسای مین، پرۆژەکە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، بەهۆی ڕەهەند و لێکەوتە داراییەکەیەوە، ڕەتکراوەتەوە. ئەمەش بەگوێرەی نووسراوی ژمارە ( ٧٧٦٤ ) لە ٢٤ / ١١ / ٢٠٢٠ ، بەڵام پەرلەمانی کوردستان نووسراوی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کردووەتەوە کە پێویست دەکات پرۆژەیەك بۆ ڕێکخستنی بواری مین و ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، دەربچوێنرێت، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە.

<u>ئەو یاسانەی لە ساڵانی ٢٠٢٠ – ٢٠٢٣ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوونە و پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ:</u>

- ساڵی ٢٠٢٠ (١) یاسا دەرچوو.

- ساڵی ٢٠٢١ (٩) یاسا دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٢٢ (١٠) یاسا دەرچوو.
- ساڵی ٢٠٢٣ (٢) یاسا دەرچوو.
- (٨) یاسا لە پڕۆسەی جێبەجێکردن دانە بۆ تەشریعکردن.
- (١٤) یاسا بەرکارە کە لە ساڵانی پێشووتر دەرچووە.

<u>ساڵی ٢٠٢٠</u>

١. یاسای مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١) بۆ ساڵی ٢٠٢٠ی دەرچووە و لیژنەیەکی باڵاش پێکهێنرا بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

<u>ساڵی ٢٠٢١</u>

١. یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.
٢. یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.
٣. یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٥) بۆ ساڵی ٢٠٢١ دەرکرا، هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشت هەزار ناوچەی شوێنەواری هەیە، و ئەم یاسایە گرنگی دەدات بە دیاریکردنی شوێن و ناوچە شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان و بوار بە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات بۆ ئەوەی کار و هەڵکۆڵین و رووماڵکردن بکەن.
٤. یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەت لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٨) لە ساڵی ٢٠٢١.
٥. یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای بەرکارکردن و هەمواری پیادەکردنی یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاوی عیراقی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو.
٦. یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری دووەمی یاسای دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١.
٧. یاسای بزربووەکان ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستان – عیراق دەرچووە.
٨. یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێم دەرچووە، بۆ جێبەجێکردنی یاساکە رێنمایی بۆ رێکخستنی میکانیزمی فرۆشتنی سیم کارت لە هەرێم دەرچوو و لە رێککەوتی ٢٠٢١/١٠/١٢ لە رۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٢٧٢) بڵاوکرایەوە.

سالّی ٢٠٢٢

١. یاسای چەک ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٢.
٢. یاسای یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٢٢.
٣. پرۆگرامەکانی خوێندن: یاسای ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
٤. کاڵای قاچاغ: یاسای ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٢٢ یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان.
٥. یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٩) ساڵی ٢٠٢٢.
٦. چاکسازی: ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢١ دەرچووە.
٧. یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠٢٢ هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.
٨. هەمواری یەکەمی یاسای یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٢.
٩. یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢.
١٠. دامەزراوە یاساییەکان: یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ یاسای هەمواری یەکەمی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان _عیراق دەرچووە.

ساڵی ٢٠٢٣

١. یاسای کار: لە ١ ئاداری ٢٠٢٣ خوێندنەوەی دووەم بۆ یاسای کار لە پەرلەمانی کوردستان کراوە، لە ئیستادا چاوەڕێ دەکرێ لەڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو بکرێتەوە تا بچێتە بواری جێبەجێکردن.
٢. سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان: لە ڕێکەوتی ١٢ نیسانی ٢٠٢٣ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرا کە بریتییە لە کۆمەڵێک بەرنامە و ڕێکار بۆ پاراستنی منداڵان لە توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و پشتگوێخستن لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

ياسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵانی پێشووتر پەسەند کراون و پەیوەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان:

١. یاسای سزای لە سێدارەدان: بە گوێرەی یاسای (٢١) بۆ ساڵی ٢٠٠٣ کارکردن بە ماددەکانی (١٥٦-٢٢٨) لە یاسای سزاکانی عێراقی راگیراوە کە تایبەتن بەو تاوانانەی سزاکەیان لەسێدارەدانە. هەروەها ماددە (٢٨٧) لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی کاری پێناکرێت کە ئەویش تایبەتە بە سزای لەسێدارەدان بەسەر ئافرەتی دووگیان یان شیردەر بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رێککەوتنی لەدایکبوونەکەوە.
٢. مافی دەستکەوتنی زانیاری: یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ژمارە (١١) بۆ ساڵی ٢٠١٣ دەرچوو لە هەرێمی کوردستان بۆ رێکخستنی پێشکەشکردنی زانیاری راست و درووست و دەستەبەرکردنی کەشێکی باشتر بۆ ئازادی رادەربڕین.
٣. رێکخستنی خۆپیشاندان: یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١) لە ساڵی ٢٠١٠ دەرچوو، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان گوزارشت لە را و بۆچوونی خۆیان بکەن و داواکارییە رەواکانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دوور لە پشێوی بخەنە ڕوو، هەروەها لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان ، لە یاساکەدا بنەما و رێسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانیش لەبەرچاو گیران.
٤. یاسای کاری رۆژنامەوانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان.
٥. یاسای چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە.
٦. یاسای پاراستنی پێکهاتەکان ژمارە (٥) بۆ ساڵی ٢٠١٥ دەرچووە لە هەرێمی کوردستان بۆ زامنکردن و پاراستنی مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوورییەکانی پێکهاتەکان بە گوێرەی یاسا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، لە ئێستادا ئەم یاسایە بەرکارە.
٧. لە ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان (لائحة حقوق القوميات و الاديان و الطوائف الدينية في اقليم كوردستان العراق)ی دەرکرد، کە بەڵگەنامەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەموو روویەکەوە.
٨. یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ: یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٨، تایبەت بە (انفاذ)ی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨) بۆ ساڵی ٢٠١٢ کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی دەرچووە.
٩. یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی: بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان یاسای بەڕەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨) ی ساڵی (٢٠١١) بەرکارە، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر لەگەڵ بارودۆخی ئێستا گونجاو بێت. لە ئێستادا کار دەکرێت بۆ هەموار کردنەوەی یاساکە و رەشنووسی پڕۆژە یاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ گفتوگۆ کردن و دەنگدان لەسەر  هەموار کردنی.

١٠. تاوانی کوشتن بە پاساوی بیانوی شەرەف: لە یاسای لێخۆشبوونی گشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٤) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ دا هاتووە کە ئەم تاوانانە لێخۆشبوونی گشتی نایانگرێتەوە.
١١. جیاکاری لە دژی ئافرەت: ئەو دەقانەی لە خۆدەگرن لە یاسای سزادان وەک مادده (٣٧٧) هەڵوەشاوەتەوە.
١٢. هاوسەرگیری زۆرەملێ: بە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان چارەسەری کردووە بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕگەی (١-٢) لە ماددەی (٩) و ماددەی (٦)ی لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو.
١٣. لەباربردنی کۆرپەلە بە شێوەیەکی یاسایی کە مەترسی بۆ سەر ژیانی دووگیان هەیە: هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە بۆ ڕێگەپێدانی بۆ لەباربردن، چونکە ئەم کارە قەدەغە کراوە بەپێی یاسای سزادانی عێراق و فەتوای ئەنجومەنی فەتوای هەرێم. بەڵام لە کاتێک کە سکپڕی مەترسی لەسەر دایک هەبێت لیژنەیەکی زانستی هەیە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان لە وەزارەتی تەندروستی کە پێکهاتووە لە پسپۆڕە جیاکان بڕیار دەدات لەسەر بەردەوامی دووگیانی یان لەباربردن.

<u>ئەم یاسایانە لە پرۆسەی تەشریعکردندان و پەیوەستن بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ:</u>

١. یاسای نەهێشتنی ئەشکەنجەدان: بۆ دانانی پێناسەیەك لە یاسای نیشتیمانیدا بۆ تاوانی ئەشکەنجەدان، لە ڕێکەوتی ١ ئاداری ٢٠٢٣ لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسای تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خەراپ کرا.
٢. پرۆژە یاسای بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ئامادەکردووە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی شورا کراوە.
٣. هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی پزیشکی بۆ ساڵی ١٩٨٥: پڕۆژەی تایبەت بە هەموار کردنی یاسای ئاکارەکانی پیشەیی پزیشکی لە هەرێم کاری لەسەر دەکرێ.
٤. زیادکردنی ڕێژەی تەرخانکراو لە بودجەدا بۆ کەمئەندامان: ئەم ڕێژەیە بە گوێرەی ڕاددەی کەمئەندامێتی دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی تایبەتمەند بە گوێرەی پێوەری تایبەت کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەری دەکات.
٥. نەهێشتنی جیاکاری: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە بە مەبەستی دیاریکردنی سزا لەسەر بنەمای ئایین یان باوەڕ.
٦. بیمەی تەندروستی: سەبارەت بە دەرکردنی یاسای بیمەی تەندروستی تایبەت بە هەرێم، وەزارەتی تەندروستی ڕەشنووسی یاسای بیمەی تەندروستیی ئامادەی کردووە و بەرزکراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی شورا.

٧. یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان: لێژنەی نیشتیمانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بە هاوکاری دادگای باڵای ئیتیحادی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، ڕەشنووسی یاسایەکیان ئامادەکردووە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. بۆ ئەم مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامدراوە و ڕەشنووسی یاساکە ئێستا لە ئەنجومەنی دەوڵەت (مجلس الدولة)یە بۆ دیراسەت کردنی.

٨. یاسای پاراستنی منداڵ: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پرۆژە یاسای پاراستنی منداڵی ڕەوانەکردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، ڕەشنووسی یاساکە لە (٨٢) مادده پێکهاتووە و باس لە دروستکردنی ئەنجوومەنێك دەکات بۆ دانانی ستراتیژ و پلان و سیاسەت بۆ پاراستنی منداڵ و دابینکردنی مافەکانی منداڵ.

<u>لیستی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکان یان لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ڕەتیان کردوونەتەوە:</u>

خشتەی ٦٤ یاسای پێشنیارکراوەکان

| ژ | ناوی یاسای پێشنیارکراو | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | مرۆڤسازی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە ولە ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن وەزارەتی پەروەردە ڕەتکرایەوە |
| ٢ | گەشە پێدانی خێزانی لە هەرێم | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەتکرایەوە |
| ٣ | چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت |
| ٤ | بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوک لە هەرێم | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەتکرایەوە |
| ٥ | پشتیوانی دارایی و کومەڵایەتی بۆ ئافرەتانی تەمەندار لە هەرێم | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت |
| ٦ | پاراستنی مامۆستا و ڕێبەری پەروەردیی و پرۆژە یاسای پاراستنی مامۆستایانی بنەڕەتی و ئامادەیی سەرپەرشتیارانی پەروەردە لە هەرێم | لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠١٩ ڕەتکرایەوە، هەروەها وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەم پێشنیارە یاساییە ڕەتراوەتەوە |
| ٧ | یاسای دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی دارایی نیشتەجێبوون بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتییانی کەم دەرامەت لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە، و یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتوان ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو بەرکارە. |
| ٨ | یاسای بیمەی کشتوکاڵی | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەسەر داوای وەزارەتی کشتوکاڵ بە هۆی قەیرانی دارایی |

| ژ | ناوی یاسای پێشنیارکراو | تێبینی |
|---|---|---|
| ٩ | پێشینەی خانووبەرە (السلفة العقارية) و بڕیاری پێدانی پیشەیی خانووبەرە و هاوسەرگیری بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەسەر داوای وەزارەتی دارایی |
| ١٠ | پێدانی قەرزی ئەهلی بۆ بکالوریوس لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە |
| ١١ | یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری ڕەتکرایەوە |
| ١٢ | دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرا و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندن لە دەسەڵاتی حکومەتە بە بێ بوونی یاسایی تایبەت |
| ١٣ | بیمەی تەندروستی | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت |
| ١٤ | پێدانی دەرماڵەی خوێندن بە قوتابیانی هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر نەبوونی بۆشایی یاسایی |
| ١٥ | دامەزراندی دەرچووە یەکەمەکان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندن لە دەسەڵاتی حکومەتە بە بێ بوونی یاسایی تایبەت |
| ١٦ | بەگەڕخستنەوەی کارگە لە کار کەوتووەکان لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠١٩ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر نەبوونی بۆشایی یاسایی |
| ١٧ | دەستکەوتی ناڕەوا | لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە و ئەم بابەتە لە یاسای دەستەی دەستپاکی بەشێکی تەرخان کراوە لە مادده (١٤ تا ٢٠) |
| ١٨ | هەموارکردنەوەی یاسای باج و دەرامەت | لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ١٩ | پەرەپێدانی چالاکیە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەکان | لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٢٠ | بەدامەزراوەکردنی هێزە چەکدارەکان لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ ئەم بابەتەی چارەسەرکردووە |
| ٢١ | پارکی نیشتیمانی | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە |

| ژ | ناوی یاسای پێشنیارکراو | تێبینی |
| --- | --- | --- |
| ٢٢ | قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان | لەساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە |
| ٢٣ | شەهید و کەم ئەندام و خانەنشینی کارمەندانی گرێبەستی کاروباری مین | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە |
| ٢٤ | دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری نەخۆشییە بۆماوەییەکان | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە |
| ٢٥ | بەرهەمهێنانی کارەبا لە رێگەی ووزە نوێبووەکان | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن وەزارەتی کارەبا ڕەتکرایەوە |
| ٢٦ | بەرەنگاربووەنەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان | لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٢٧ | هەمواری یەکەمی یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کورستان ژمارە(٤) ی ساڵی ٢٠٠٦ | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوی کاری لەسەر دەکرێت لە لایەن حکومەتەوە و هاوکات تەواو بێت ئاڕاستەی پەرلەمان دەکرێت |
| ٢٨ | راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە و ڕایانگەیاندووە کە حکومەت پرۆژە یاسایەکی تایبەت ئامادە دەکات و ئاڕاستەی پەرلەمانی دەکات |
| ٢٩ | دڵنیایی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و پرۆژە یاسای دڵنیایی حکومەت ئامادەی کردووە و پاش پەسەندکردنی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت |
| ٣٠ | کۆمپانیای کوردستان بۆ دڵنیایی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە |
| ٣١ | ڕێگریکردن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و بەدی هێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە |
| ٣٢ | قورەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووان بەهۆی ئەوەی کارەکانی ڕژێمی عیراقی پێشووکە بۆیە هۆی کەمئەندام بوونیان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە |
| ٣٣ | گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی دارایی ڕەتکرایەوە |
| ٣٤ | چەسپاندنی شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی دارایی ڕەتکرایەوە |

| تێبینی | ناوی یاسای پێشنیارکراو | ژ |
| --- | --- | --- |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی دارایی ڕەتکرایەوە | دروستکردنی هەژماری بانکی بۆ موچەخۆران و گێڕانەوەی مووچە پاشەکەوتکراوەکان | ٣٥ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕەتکرایەوە لەبەر بە پێویستی نازانن | هەمواری یەکەمی یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان | ٣٦ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە | یاسای هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان | ٣٧ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە | بڕیاری ڕێکخستنی هەنگەوانی لە هەرێمی کوردستان | ٣٨ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی دەستەی دەستپاکی کردووە بەمەبەستی دووبارە داڕشتنەوە لەسەر داوای لێژنەی دەستپاکی پەرلەمان | هەمواری یاسای دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان | ٣٩ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروبارۆ ئایینی ڕەتکرایەوە | یاسای بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی موڵك و ماڵی وەقفکراو لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | ٤٠ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر نەبوونی بۆشایی یاسایی | منداڵە وونبوەکان لە کۆچە بە کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان | ٤١ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر نەبوونی بۆشایی یاسایی | منداڵە وونبوەکان لە هەرێمی کوردستان | ٤٢ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ بەرکارە | قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و شێوەکانی لە هەرێمی کوردستان | ٤٣ |
| لیژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی هەمواری جێبەجێ کردن تەنیا بۆ یاساکانی ئیتیحادییە و یاساکانی هەرێم ڕاستەوخۆ حوکمەکانیان هەموار دەکرێتەوە. | هەمواری جێبەجێ کردنی یاسای ووزاروتی ئەوقاف و کاروباری ئاییني | ٤٤ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە | سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کشتوکاڵی | ٤٥ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر نەبوونی بۆشایی یاسایی | پاراستنی مافی منداڵان لە هەرێمی کوردستان | ٤٦ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت | ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەرانی یاسایی لە هەرێمی کوردستان | ٤٧ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٢ ڕەتکرایەوە | سزا جێگرەوەکان بۆ تاوانباران لە هەرێمی کوردستان | ٤٨ |
| لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢٢ ڕەتکرایەوە | بڕیاری پابەندکردنی کۆمپانیا نیشتیمانی و بیانییەکان بەهێزی کاری ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان | ٤٩ |

| ژ | ناوی یاسای پێشنیارکراو | تێبینی |
|---|---|---|
| ٥٠ | دادگای تاوانکاری تایبەتمەند بەتاوانەکانی داعش لەهەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ ئاراستەی حکومەت کراوە بۆ ئەوەی پەرلەمان بزانێت دوای بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە (٧١ لە ٢٠٢١/٦/١٣) تایبەت بە نادەستوری بوونی پرۆژەکە ڕایان چیە سەبارەت بە پرۆژەکە و پرۆسەی یاساکاری. |
| ٥١ | پابەندکردنی حکومەت لە ئەرك و پابەندییە داراییەکان | لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٥٢ | چاکسازی بەندیەکان لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لە ساڵی ٢٠٢١ لە لایەن وەزارەتی دادەوە ڕەتکرایەوە |
| ٥٣ | دانپێنان بە کۆمەڵکوژی سمێڵ | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە بە مەبەستی دووبارە داڕشتنەوەی. |
| ٥٤ | دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢١ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە یاسا نیە، و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان ئەو بڕیارە بدات. |
| ٥٥ | یاسای کاری خۆبەخشی | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت کە بابەتی کاری خۆبەخشی لە ئێستادا تا ڕاددەیەکی باش پیادە دەکرێت و ڕێکخراوە، هەروەها باپەندی یاسایی و بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت دروست دەکات. |
| ٥٦ | پشتگیری و ڕێزلێنان لە کارمەندانی تەندروستی و پزیشکی | لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٥٧ | یەکێتی نووسەرانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٥٨ | هەلی یەکسانی پەروەردە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت | لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە |
| ٥٩ | ناونانی چەمچەماڵ بە پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕەتکرایەوە |
| ٦٠ | ماف و ئیمتیازی بریندار و بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕەتکرایەوە |
| ٦١ | دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە و ڕایانگەیاندووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای (دەزگای خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستان )ی ئامادە کردووە و ڕیکارە یاساییەکانی تەواو بووە و بەم نزیکانە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی دەکەن. |
| ٦٢ | سندوقی خانەنشینی هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت |
| ٦٣ | سنوردارکردنی هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی پلاستیك لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە یاسایەکی سەربەخۆ نیە، و لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان دەتوانن ڕێنمایی پێویست دەربکەن. |

| ژ | ناوی یاسای پێشنیارکراو | تێبینی |
|---|---|---|
| ٦٤ | هاریکاری دارایی هەژارەکان لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و ڕەتکرایەوە لەبەر بارگرانی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەت |
| ٦٥ | دەزگای کوردستان بۆ پاراستن لە تیشك لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە و لە لایەن وەزارەتی تەندروستی و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ڕەتکرایەوە لەبەر ئەوەی بۆشایی یاسایی نیە، و یاسایەکی سەربەخۆ پێویست نیە و دەتوانن لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان ڕێنمایی پێویست دەربکەن لەو بارەیەوە. |
| ٦٦ | بەرگری میللی لە هەرێمی کوردستان | لە ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمان ئاڕاستەی حکومەتی کردووە ولەلایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕەتکرایەوە، داواکارن کە پێڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ پەرەی پێبدرێت و بکرێت بە پرۆژە یاسا. |

ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە پەرلەمانی کوردستان

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی بکەونە بوار جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

پەلەکردن لە هەمووارکردنی یاسای نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ی ساڵی ٢٠١١ لە پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەڵگە دەشارنەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردندا، هەروەها سزای یاسایی بسەپێندرێت بۆ هەرکەسێک کە ڕێگری لە دادپەروەری بکات لە بەرەوپێشبردنی کەیسەکانی نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی.

تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

دەرکردنی یاسایەك یاخود دانانی پێناسەیەك لە یاسای ناوخۆییدا بۆ تاوانی ئەشکەنجەدان کە هەموو جۆرە شێوەکانی سزادانی جەستەیی قەدەغە بکات، بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ڕێکەوتننامە پەیوەندیدارەکان بە بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان و شوێنبزرکردنی زۆرەملێیەوە.

تایبەت بە پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە زانیاری

- یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ پێویستی بەهەموارکردنە، بە جۆرێک هاوسەنگیەك بخاتەوە نێوان ستاندەرە نێودەوڵەتیەکان و هەلومەرجە لۆکاڵییەکان بە تایبەتی کە ئێستا لە سەردەمی جەنجاڵی سۆشیال میدیا و دیجیتاڵدا دەژین.

- پێویستە یاسای دەستگەیشتن بە زانیاری هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی یاساکە شەفافتر بێت لەڕووی میکانیزمی پێدانی زانیاری، و ئەو بووژانەوە و بەرەوپێشچوونە بەردەوامانەی کە هەن لە جۆرەکانی میدیای بینراو و بیستراو، بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە.

تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن

- دەرچوواندنی یاسای چاکسازی و شیاندەنەوەی بەندکراوان و ڕاگیراوان لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادە کراوە بۆ ڕێکخستنی چاکسازییەکان و پاراستنی مافەکانی راگیراو و سزادراوان.
- دەرچوواندنی یاسای سزای جێگرەوە (العقوبات البديلة) کە لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادە کراوە، وەک چارەسەرێک بۆ کەم کردنەوەی قەلەباڵغی چاکسازییەکان، دوای دیراسەتکردنی کەسایەتی تاوانبار لە لایەن پزیشکی و دەروونی و کومەڵایەتی، هەروەها نابێت تاوانبار پێشینەی تاوانی هەبێت.

تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ

- ئەنجامدانی بەدواداچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاساکە، مادده (١١)ی یاسای لە یاسای ناوبراو کاری پێناکرێت کە تایبەتە بەوەی لیستێک ئامادە بکرێت کە ناوی بەخشەران و وەرگران لەخۆی بگرێت.
- کار نەکردن بە مادده (٢٦)لە یاسای ناوبراو کە تایبەتە بە دامەزراندنی بانکێکی تایبەت بە هەڵگرتنی ئەندامەکانی جەستە و بەستنەوەی بە بانکە نێودەوڵەتییەکان، هەبوونی ئەم بانکە کاریگەری بەرچاوی دەبێت لە کەمکردنەوە و ڕێگرتی لە هەبوونی ناچارکردنی و هەرەشە بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری.

تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ

هەموارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٨ و پێداچوونەوە بە ئەحکامی یاساکە، بە تایبەت زیادکردنی چوارچێوەی تاوانی بازرگانیکردنی بە مرۆڤ لە پێناسەی یاساکەدا، و پێویستە سزاکان ڕێکبخرێت لە ماددەکانی (٥ و ٦)ی یاساکە، و بە قاچاخ بردنی پەنابەرانیش لەخۆی بگرێت.

تایبەت بە ڕێگرتن لە جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە

- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە کە لایەنی سزادان لە خۆ بگرێت جگە لە لایەنی ڕێگریکردن لە نەهێشتنی جیاکاری لەبەر ئەوەی یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان ژمارە (٥)ی ٢٠١٥ ئاماژەی بە هیچ جۆرە سزایەک نەکردووە.
- ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەک لەسەر بابەتی (ڕێکخستنی میدیا) کە میدیای ئەلیکترۆنی لەخۆ بگرێت.
- رۆژێک دیاری بکرێت وەک ڕۆژی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان.

تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان


- هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان ژمارە (١)ی ساڵی(٢٠٢٠) بەتایبەتی سزای بازرگانی کردن بە مادده هۆشبەرەکان، پێداچوونەوە بەحوکمەکانی نێو یاساکە تا ناکۆک نەبێت لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، هەروەها رێکخستنەوەی خشتەیکانی نێو یاساکە.
- پێویستە سزاکانی بەکارهێنان و بازرگانی کردنی مادده هۆشبەرەکان پۆلین بکرێن.
- دانانی پرۆژە یاسایەك بۆ ڕەوانەکردنی ئەو دەرمانانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت و ناردنیان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

- هەمواکردنی یاسای تەندروستی دەروونی ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٣.
- هەموارکردنەوەی سیستمی سەرپەرشتی کەسانی کەمئەندام لە رووی دەروونی - کۆمەڵایەتییەوە کە لە بڕگەی ٢ی ماددەی ٤٦ و ماددەی ١٠٤ لە یاسای مەدەنی ژمارە (٤) بۆ ساڵی ١٩٥١ هاتووە، هەروەها دانپێدانەنانی ماددەکانی( ٩٤ و٩٥و ١٠٧و١٠٨ ) لە یاسای مەدەنی و ماددەی ٧ لە یاسای ژمارە (١٨٨) بۆ ساڵی ١٩٥٩ بە شیاوبوونی کەسانی کەمئەندام لە رووی عەقڵی یان دەروونی _کۆمەڵایەتییەوە.
- بەشداریکردنی نوێنەری کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لە پێشنیار و بڕیارەکاندا.


## ئەنجومەنی دادوەری

ساڵی ٢٠٢٢: لە کۆی (٣٨) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی دادوەری کراوە، (١٧) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە و (١٣) ڕاسپاردە جێبەجێ نەکراوە و (٨) ڕاسپاردەش لە پرۆسەی جێبەجێکردندا مان. بەراورد بە ساڵی ٢٠٢٣ ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان بەرزبوونەتەوە بۆ (٢١) و ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان کەمبوونەتەوە بۆ (٨) ڕاسپاردە، و ئەو ڕاسپاردانەی لە قۆناغی جێبەجێکردندایە گەیشتە (٩) ڕاسپاردە. بەمەش ڕێژەی جێبەجێکردن دەکاتە (٦٧٫١٪).





| | 2022 | 2023 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جێبەجێکراو | 17 | 4 | 21 |
| جێبەجێنەکراو | 13 | 8 | 8 |
| لە پرۆسەی جێبەجێکردن دایە | 8 | 9 | 9 |
| ژمارەی ڕاسپاردە | 38 | | |

هێڵکاری ٨٠ ژمارەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەری




هێڵکاری ٨١ ڕێژەی هەوڵدانی ئەنجومەنی دادوەری بەپێی ژمارەی ڕاسپاردەکان




هێڵکاری ٨٢ ڕێژەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣

## ڕاسپاردە جێبەجێکراوەکان

١. سزای لە سێداران تەنها مەترسیدارترین تاوان بگرێتەوە.

٢. پەسەندکردنی یاساکانی ڕێگریکردن و ریشەکێشکردنی نەریتە زیانبەخشەکان بە ئافرەتان و کچان، بە تایبەتی هاوسەرگیری پێشوەختە و شێواندنی ئەندامی زاوزێ مێینەکان.

٣. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەپەلە و گشتگیر و بێلایەنانە لە حاڵەتەکانی پێشێلکاری مافی ژیان و سەلامەتی جەستەیی کە ڕویاندا لە سەروەختی دەسەڵاتی ڕێکخراوە تیرۆریستییە چەکدارییەکان بەسەر هەندێ ناوچەی دەوڵەتە ئەندامەکە و خێرا رەوانەکردنیان بۆ دادگا و قەرەبوونکردنەوە قوربانییەکان و دەستەبەرکردنی دادەوەری تەواو بۆیان.

٤. رەوانەکردنی تۆمەتباران بۆ دادگا و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان.

٥. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کارا و سەربەخۆ، کە لێکۆڵینەوە بگرێتەوە لەو ڕاپۆرتانەی پەیوەستن بە تاوانە ئەنجامدراوەکان دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و تاوانی کۆمەڵکوژی.

٦. لێپرسینەوە لەو تاوانانەی کە ئەندامانی ڕێکخراوی داعش ئەنجامی دەدەن.

٧. ناساندنی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ لە یاسای نیشتیمانیدا وەك تاوانێکی سەربەخۆ بە گوێرەی ئەو پێناسەیەی لە ماددەی (٢) لە ڕێککەوتنی پاراستنی سەرجەم کەسەکان لە شوێنبزرکردنی زۆرەملێ دا هاتووە، کە هەندێ لە کردارەکانی نێو یاسای سزادانی عێراق بە شوێنبزرکردنی زۆرەملێ وەسف کراون، لە نێویاندا دەستگیرکردن یان دەستەبەسەرکردن یان رفاندن و ئەم کردارانەش بە شوێنبزرکردنی زۆرەملێ دانراون کاتێك لەلایەن قەوارەیەکی نادەوڵەتییەوە ئەنجام دەدرێن.

٨. سزادانی هەر کەسێك کە مۆبایل یان هەر ئامێرێکی دیکەی وایەر و بێ وایەر یان ئەنتەرنێت یان ئیمەیل خراپ بەکاربهێنێت و ئەویش لە ڕێی هەڕەشەکردن یان دەستریژی کردن لەسەر مافەکانی کەسانی دیکە یان زیان گەیاندن بە ئاسایشی نەتەوەیی یان تێکدانی نیزام و ئادابی گشتی.

٩. گرتنەبەری ڕێککاری یاسایی دەرهەق بە کارمەندانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان ئەگەر هاتوو سەلمێنرا کە دەستگیراو و راگیراوەکانیان ئەشکەنجە داوە و ئەگەر دەستگیرکراوەکە دووچاری ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ بۆوە.

١٠. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و گشتگیر و بێلایەنانە لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی باس لە ڕوودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی خراپ دەکەن، لە نێویاندا حاڵەتەکانی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ لە ڕێی گرتنەبەری ڕێککاری کورتەوە.

١١. لێکۆڵینەوە لەسەرجەم شێوەکانی ئەشکەنجەدان (ئەگەر هەبوو) لە تێکڕای قۆناغەکانی داوای سزایی، چونکە ئەشکەنجەدان پێشێلکردنی مافی مرۆڤی تاکەکەسەکانە.

١٢. زامنکردنی دەستەبەرکردنی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بۆ تۆمەتباران.

١٣. پەلەکردن لە دادگاییکردنی تاوانبارەکانی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە دژ بە مرۆڤایەتی لە ڕێی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەرشیفی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو تاوانانە لەگەڵ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و ڕێساکانی مافەکانی مرۆڤ.

١٤. قووڵکردنەوەی ئەو ڕێککارانەی ئامانج لێیان بەدیهێنانی ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ سەرجەم دانیشتوان، و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامدەرانی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و سزادانیان.

١٥. ڕێگریکردن لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیری پێش تەمەنی یاسایی، هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری کاتی.

١٦. ڕێزگرتنی تەواو لەسەرجەم زەمانەتەکانی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە و ڕێککارە یاساییە پێویستەکان کە لە ماددەی ١٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هاتوون.

١٧. زامنکردنی بەهرەمەندبوونی تەواو لە مافی دەستەبەربوونی ڕێککارە یاساییەکان بەو شێوەیەی لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان هاتوون و پێویستە توانا ئەوە بۆ کەسانە دەستەبەربکرێت کە ڕاوێژکاری یاسایی بەدەست بهێنن و دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت کە بەرگری لە خۆیان بکەن.

١٨. بە نایاسایی دانانی بە کۆیلەکردنی جنسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بۆ مەبەستی قۆستنەوەی جنسی بەو پێیەی کە تاوانی سەربەخۆ لە تاوانی ڕفاندن یان دەستبەسەرکردن.

١٩. دانپێدانان بە یەکسانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لە بەردەم یاسادا.

٢٠. زامنکردنی لێپرسینەوەی تەواو و گرتنەبەری ڕێککارە یاساییە پێویستەکان لە پەیوەندیدا بە پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی مافەکانی مرۆڤەوە.

٢١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ و گشتگیر و بێلایەنانە لە سەرجەم ئەو هەواڵانەی باس لە ڕوودانی ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەکردن دەکرێت.

<u>ڕاسپاردە جێبەجێنەکراوەکان</u>

١. ڕاگرتنی کارکردن بە دەقی ماددەی (٣٩٨) لە یاسای سزادان (هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەیدا).

٢. پەسەندکردن و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی سەرجەم شێوەکانی توندوتیژی جێندەری قەدەغە دەکەن، و گۆڕینی ئەو ئەحکامانەی لاقەکاران دەپارێزێن ئەگەر هاتوو هاوسەرگیرییان لەگەڵ قوربانییەکانیاندا کرد.

٣. ڕێگەدان بە لەباربردن بە پێی یاسا لە حاڵەتەکانی پەیوەست بە لاقەکردن و هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی یان تەندروستی ئافرەتە دووگیانەکە یان ئەگەر کۆرپەلەکە دووچاری شێواندنێکی زۆر بۆوە.

٤. بەدواداچوونی تاوانکاری بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژی دژی کەمئەندامان ئەنجام دەدەن.

٥. بەردەوام بوون لە گونجاندنی پرۆژە یاساکان بە چەشنێك کە بگونجێن لەگەڵ ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان بە نەهێشتنی شوێنبزرکردنی زۆرەملێ.

٦. درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ برەودان بە سەروەری یاسا و زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕێگریکردن لە پرسی دەربازبوون لە سزا.

٧. درێژەدان بە هەوڵەکان بۆ برەودان بە سەروەری یاسا و زامنکردنی بەدیهێنانی دادپەروەری بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێلایەنانە لە ڕێی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕێگریکردن لە پرسی دەربازبوون لە سزا.
٨. دۆزینەوەی چارەسەرێکی ریشەیی بۆ پرسی ئەو منداڵانەی لە باوکێکی داعشی و دایکێکی ئێزیدی لەدایکبوونە لە پەیوەندیدا بە ئاین و ڕەچەڵەکیانەوە و پارێزگاریکردنی ناکامی ناموسڵمان لە ئاینی خۆی تا دەگاتە تەمەنی پێگەیشتوویی.

<u>ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان</u>

١. زامنکردنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و روون و بێلایەنانە لە کردەوەکانی توندوتیژی و کوشتنی دەرهەق بە مەدەنییەکان لە نێو هەلومەرجی خۆپیشاندنانە بەردەوامەکاندا.
٢. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ و روون لەو هەواڵانەی باس لە زیادەڕەوەیکردنی بەکارهێنانی هێزی دەکەن بۆ بڵاوەپێکردنی گردبوونەوە ئاشتیخوازەکان، و بە چەشنێك کە سەربکێشێت بۆ لێپرسینەوەی ئەو کەسانەی کە دەسەلمێنرێت تێوەگلاون لە دەستدرێژی جەستەیی یان پێشێلکردنی شکۆیی مرۆڤەکان لە کاتی بڵاوەپێکردنی گردبوونەوەکان.
٣. زامنکردنی ئەوەی تەنها پشتببەسترێت بە هێزی ئەمنی ڕاهێنراو لەسەر مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گردبوونەوەکان و بەرپرسیارکردنی ئەم هێزانە لەبەرامبەر زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی هێزدا لە دژی خۆپیشاندەران.
٤. زیادکردنی هەوڵەکان بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ.
٥. زیاترکردنی هەوڵەکانی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەی پیشەی ڕۆژنامەگەری بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی دیکە کە کاریگەری هەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەت و ڕێگریکردن لە دەربازبوونیان لە سزا.
٦. دەستەبەرکردنی ڕاهێنان بۆ دەزگای دادوەری و فەرمانبەرانی ڕاسپێردراو بە جێبەجێکردنی یاسا و پۆلیسی سنوور لە ڕێی دیاریکردنی ناسنامەی قوربانییەکانی بازرگانی پێوەکردن و زامنکردنی ڕەوانەکردنیان بۆ ئەو دەزگایانەی خزمەتگوزاری گونجاو پێشکەش دەکەن و جێبەجێکردنی تەواوی ئەحکامەکانی یاسای تاوانکاری پەیوەندیدار.
٧. پێداچوونەوە بە ئەحکامە یاساییەکانی تایبەت بە تاوانەکان بۆ زامنکردنی ئەوەی تۆمەتبارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی دادگاییکردندا نەبن، بە چەشنێك ئەو پێداچوونەوە زامنی ئەوە بکات کە حەپسکردنە ئیحتیاتیەکە نەبێتە ڕێسا گشتییەکە و پێشکەشکردنی بێ دواکەوتنی ڕاگیراوەکان یان دەستگیرکراوەکان بە تۆمەتی تاوانکاری لە بەردەم یەکێك لە دادوەران یان فەرمانبەرێك کە بە گوێرەی یاسا ڕێی پێدرابێت کاری دادوەری بکات. (دوای دەرچوونی دەستوری عێراق ٢٠٠٥ پێشکەشکردن ڕاگیراوان یان دەستگیرکراوان لە دەسەڵاتی دادوەرەکانە بە تەنها، نەك فەرمانبەرێك کە بە پێی یاسا ڕێی پێدرابێت کاری دادوەری بکات).

٨. گرتنەبەری پرۆژەی یاسایەك لەبارەی رزگاربووانی ئەو تاوانانەی رێکخراوی داعش ئەنجامیداون، و زامنکردنی گونجانی لەگەڵ پێوەر و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤەوە.
٩. زیادکردنی هۆشیاری دادوەر و پارێزەران لە رێی بەشدارییپێکردنیان لە خولی راهێنانی پەیوەندیدار بە بواری مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێکردنیان لە یاسا مەحەلییەکان و زامنکردنی پشتبەستن بە رێککەوتننامەکان لەبەردەم دادگا مەحەلییەکاندا.

<u>لە خوارەوە رێوشوێن، یاسا، رێنمایی، رێکار و هەنگاوی پراکتیزی کە گیراوەتە بەر لە جێبەجێکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەخرێتە روو:</u>

<u>راگرتنی کارکردن بە مادەی (٣٩٨) لە یاسای سزادان (هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانیەکەیدا)</u>

یاسادانەر لە بەرژەوەندی ئافرەتەکە ئەو مادەیەی داناوە تاوەکو تۆمەتبار (پیاوەکە) ناچار بکات بە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ئافرەتەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، چونکە ئەوە زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی عورف و دابونەریتەکانی باوی نێو کۆمەڵگاوە هەیە، کاتێك ئافرەت دەستدرێژی دەکرێتە سەر بابەتەکەش بڵاو دەبێتەوە، ئەستەمە ئافرەتەکە بە ئاسانی بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و کەسێك بە ئاسایی ناچێتە داخوازی ئەو ئافرەتە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتەکە.

بۆیە یاسادانەر تۆمەتبار ناچار دەکات بەپێی حوکمی ئەو ماددەیە دوای رەزامەندی ئافرەتەکە مارەی بکات بەمەش لەسەر ئافرەتەکە لادەچێت، لە هەمان مادەدا هاتووە ئەگەر ئافرەتەکە رازی بوو بە هاوسەرگیری لەگەڵ دەستدرێژکارەکە، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە سێ ساڵ تەڵاق درا کاتێك هەڵە لە پیاوەکە بوو ئەوە داوا دەکرێت ئەو سزایەی دەرهەق بە پیاوەکە دەرچووە جێبەجێ بکرێت لەسەری و ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەش لە بەرژەوەندی ئافرەتەکەیە بۆ پاراستنی کەسایەتی و ناوبانگی، بۆیە ئەگەر پیاوەکە بەو شێوەیە ناچار نەکرێت ئەوا کێشەی ئافرەتەکە زیاتر دەبێت.

<u>رێگەدان بە لەباربردن بە پێی یاسا لە حاڵەتەکانی پەیوەست بە لاقەکردن و هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانی یان تەندروستی ئافرەتە دووگیانەکە یان ئەگەر کۆرپەلەکە دووچاری شێواندنێکی زۆر بۆوە</u>

سەبارەت بە رێگەدان بە لەباربردن بەپێی یاسا و بە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی تاوانە بۆیە ناکرێ ئەو مادەیە هەموار بکرێتەوەو رێگە بدرێت بە لەباربردن.

<u>پاراستنی مافی تۆمەتبار</u>

لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تاوانبار و تۆمەتباران بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان مافیان هەیە بۆ نموونە دابینکردنی پارێزەر و لەم رووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بڕی یەک ملیار و حەوت سەد ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ پارێزەران.

سەبارەت بە پێداچوونەوە بە ئەحکامە یاساییەکانی تایبەت بە تاوانەکان بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی تۆمەتباران بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی دادگاییکردندا نەبن، ئەوەش دەکەوێتە چوارچێوەی کاری پەرلەمان و لە یاسای (اصول محاکمات الجزائیة) لە مادەی ١٠٩ و ئەحکامەکانیدا ئەو رێکارانەی کە سەبارەت بە توقیف(راگرتن) هاتووە نابێ بە هیچ شێوەیەك کۆی ماوەی راگرتنەکە لە چارەگی ماوەی ئەو تاوانەی کە ئاراستە کراوە زیاتر بێت و ئەگەر پێویستی کرد بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە، ئەوا پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە کە داوای مۆڵەت لە دادگای تاوان بکات بۆ درێژکردنەوەی راگرتنەکە بۆ ماوەی ٦ مانگ.

لە یاساکەدا ئەوەش دیاریکراوە کە کەسێك دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتێك بەپێی فەرمانی دەستگیرکردن پێویستە لەسەر لایەنی جێبەجێکار بەزوترین کات ئامادەی بکات لەبەردەم دادوەر بۆ وەرگرتنی رێکارە یاساییەکان. هەر سەبارەت بە بابەتی درەنگ یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان و دواکەوتنیان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (٢٣ ساڵی ١٩٧١) هەروەها لە یاسای دادبینی شارستانی ژمارە(٨٣ ساڵی١٩٦٩) هەموارکراو جەخت لەسەر بوونی سەقفی زەمنی داواکان دەکات بۆ یەکلایی کردنەوەیان، ئەوەشی دیاری کردووە کە نابێت ماوەکەی لە شەش مانگ تێپەر بێت، بەڵام تاکو ئێستاش لێکۆڵینەوە لە بنکەکانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت زۆر جار هۆکاری دواکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری کێشەکان و دابین نەکردنی پێداویستی راپەراندنی کارەکان و کەمیی دادوەر و فەرمانبەران کە چەندین ساڵە دامەزراندن راوەستاوە و هەندێک جار دەگەرێتەوە بۆ لایەنی داواکار کە دەبێتە هۆی دواخستنی دادبینیەکان و ئەگەر سەیرێکی ئاماری ئەنجامدراو بکەین ئەبینین کە رێژەی نێوان(٧٥٪ تاکو ٨٢٪) داواکان کە تۆمار دەکرێت لەماوەی ساڵێك یەکلایی دەکرێتەوە و ئە داوایانە کە دوادەکەون رێژەیان کەمە و ناکرێت گشتاندن بکرێت بەسەر هەموو داواکان.

<u>بەدواداچوونی تاوانکاری بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژی دژی کەمئەندامان ئەنجام دەدەن</u>

سەبارەت بەو برگەیە، لە یاسای سزادانی عێراقی بەبێ جیاوازی سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەعەدا لە کەسانی دیکە دەکەن و هەروەها لە یاسای (رعایة الاحداث) و یاسای (اصول محاکمات الجزائیة) لە مادەکانی ٢٣٣ تاکو ٢٤٢ کە ئەویش تایبەتە بە ناکامەکان و چۆنیەتی دادگاییکردنیان و تێیدا یاسادانەری عێراقی ئەو بابەتەی رەچاو کردووە. بە هەمان شێوە لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە(٢٢ی ساڵی٢٠١١) کە هەموارکراوەتەوە بە یاسای ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢١.

<u>داڕشتنی میکانیزمێکی چاودێری بۆ رێگریکردن لە ئەشکەنجەدان و شێوەکانی دیکەی مامەڵەی دڵڕەقانە یان نامرۆییانە یان سەرشۆڕپێکەرانە لە سەرجەم ئەو هەلومەرجانەی ئازادی لە کەسانی کەمئەندام زەوت دەکرێت، هەروەها داڕشتنی میکانیزمی پێشکەشکردنی سکاڵا کە کەسانی کەمئەندام بتوانن بە ئاسانی پەنای بۆ ببەن</u>

سەبارەت بە چاودێری کردن و رێگری کردن لە ئەشکەنجەدان و سەبارەت بە سکاڵای کەم ئەندامانیش دادگا دەرگای واڵایە بۆ هەموو کەسێك هەر کاتێك کەم ئەندام یان تۆمەتبارێك لەبەردەم دادگا بانگەشەی ئەوەی کرد کە تووشی

ئەشکەنجە هاتووە و دادگاش قەناعەتی بە بانگەشەکەی هات ئەوە دەنێردرێتە لێژنەی پزیشکی بۆ سەلماندنی ڕاستی وتەکەی.

دادگا ئەو بابەتە بە سەلماندنی یان نەسەلماندنی وتەکەی چارەسەر دەکات و کاتێك سەلمێنرا کە بانگەشەکەی ڕاستە ڕێکاری یاسایی لەدژی لایەنی ئەشکەنجەدەر دەگیرێتە بەر. هەروەها لایەنێکی دیکەی پەیوەست بەو بابەتە داواکاری گشتیە کە ئامادەیە لە داواکان و دەتوانێ ڕاستەوخۆ داوا بجۆلێنێ دژی ئەو لایەنەی ئەشکەنجەی تۆمەتباری داوە.

<u>دەستەبەرکردنی شێوازە کارا و سەلامەتەکانی دادپەروەری و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی دووچاری قوربانیانی ئەشکەنجەدان بوونەوە لە کاتی هەوڵدان لەبارەی هەر تاوانێکەوە.</u>

سەبارەت بەو بڕگەیە بۆ دەستەبەرکردنی شێوازە سەلامەتەکانی دادپەروەری و قەرەبۆکردنەوەی قوربانیانی ئەشکەنجە وەکو باسمان کرد لایەنی ئەشکەنجەدراو مافی تۆمارکردنی داوای هەیە بە تایبەت بەپێی یاسای (تعويض الموقوفين و المحكومين) ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠١٠.

سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، دەسەڵاتی دادوەری بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدات لەرێگەی بڕیارەکانییەوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیەو بەرەنگاربوونەوەی بەرێگەی یاساکان، بۆ ئەم مەبەستەش دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی (دەسپاکی) دانراوەو کارەکانی ڕادەپەڕێنێت.

<u>سزای لەسێدارەدان</u>

- لە هەرێمی کوردستان جێبەجێکردنی ئەم سزایە تەسککراوەتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٢ دا (٤٣٩) کەس لە چاکسازییەکانی هەرێم سزای لە سێدارەدانیان هەبووە لەوانە (١١) بیانین،  لە ساڵی ٢٠٢٣ دا ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی تاوانبار سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە گەیشتە (٤٤٢) لەوانە (٣٢) یان ئافرەت بوون، ئەم ئامارە بەپێی پارێزگاکان بەم شێوەیە بوو:
- هەولێر (١٦٣) پیاو (١٥٣) ئافرەت (١٠).
- سلێمانی (١٦٧) پیاو (١٥٤) ئافرەت (١٣).
- دهۆک (١١٢) پیاو (١٠٣) ئافرەت (٩).

- (٣) یان سزاکانیان لە لەسێدارەدانەوە کەمکراوەتەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی. بە شێوەیەکی گشتی لە پێنج ساڵی ڕابردوودا هیچ سزایەکی لەسێدارەدان جێبەجێ نەکراوە.

دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش

- پرۆسەی دادگایی کردنی تیرۆرستانی داعش بەپێی پرەنسیپە کارپێکراوەکان ئەنجام دەدرێت، دادگای لێکۆلینەوەی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە کارەکان و دادگای تاوانی تایبەتمەند هەیە بە بینینی داواکان و لە کاتی ئەنجامدانی دادبینی بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (حق التقاضي) بۆ تۆمەتبارەکان فەراهەمکراوە و پارێزەریشیان بۆ دابیندەکرێت و خەرجی پارێزەرەکانیش لە ئەستۆی حکومەتە و ئەنجومەنی دادوەری هەڵدەستێت بە پێدانی کرێی پارێزەران لە بودجەی تەرخانکراو بۆیان. سەبارەت بەو حوکمانەی بەسەر تیرۆریستانی داعش دەرچووە ژمارەیان (١٥٧) کەیسە بۆ ساڵی ٢٠٢١ و (١٢٢) کەیس بۆ ساڵی ٢٠٢٢.

- سەبارەت بە میکانیزمی تەسلیم کردنەوەی تۆمەتبارانی بیانی لە هەرێم دوو بەشن، بەشێکیان ئەوانەن کە تاوانیان لە هەرێم ئەنجامداوە و سزادراون و هەرێم وەکو بەشێک لە عێراق لە کاتی بوونی (رێککەوتنی دادوەری-اتفاقيات قضائية) هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو وڵاتانە دەکات کە تاوانبارەکە هاونیشتمانیەتی (مبدأ المعاملة بالمثل) و سەبارەت بە تاوانبارانەی کە تاوانیان لە دەرەوەی هەرێم و عیراق ئەنجامداوە و لە هەرێم دەستگیرکراون ئەوە دادگاکان بەپێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی (اصول محاكمات جزائية) لە ماددەکانی (٣٥٧ تا ٣٦٨) هەڵسوکەوتیان لەگەل دەکات.

- بە هۆی ئەندام نەبوونی عێراق لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و بەربەستەکانی حکومەتی فیدڕاڵی سێ تاوانە نێودەوڵەتییەکە (جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) ناتوانن بەرکاربن بۆ دادگاییکردنی داعش، بەڵام هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک لەگەڵ یونیتاد لە ئارادایە.

تێبینی دەربارەی دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش

- دامەزراندنی دادگای تایبەت و تایبەتمەند لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێچەوانەی ماددەی ٩٥ ی دەستوری هەمیشەیی عێراق نییە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە باس لەباری ئاسایی دەکات لە وڵاتدا. لەکاتی وڵات بە بارودۆخێ نائاسایدا تێپەڕ دەبێت وەک ڕووداوەکانی هاتنی داعش و پشێوی ڕوودەدات، لەم کاتانەدا ڕێگە دەدرێت بە پێکهێنانی دادگای تایبەت و تایبەتمەند.

- ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە حکومەتی فیدرال ویلایەتی هەیە لەسەر دادگا و پارێزگاکانی حکومەتی فیدرال، هەروەک ئەنجومەنی دادوەری هەرێمیش سەربەخۆیە و ویلایەتی هەیە لەسەر دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

- هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی کە یاسایەکی تایبەت بە دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعشی هەبێت لەبەر ئەوەی لەڕووی مرۆییەوە ڕووداوەکان و قوربانییەکان لە سنوری هەرێمی کوردستانن، هەروەها تیرۆریستانی داعشیش کاتی خۆی خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە.

- تیرۆریستانی داعش خۆشیان داواکارییان ئەوەبوو کە لە هەرێمی کوردستان دادگایی بکرێن لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم سەربەخۆیە و وەک بەغدا بەسیاسی نەکراوە و دادپەروەری زیاتر هەیە لە بڕیارەکانی دادگادا.

- ئەگەر شەرعیەتی ڕەها بدرێت بە حکومەتی فیدرال لە دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش ئەوا کێشەیە لە ڕووی پابەندی دەولی و پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، هەروەها هەرێمیش لە مافی خۆی بێبەش دەبێت کە ئەمە مافێکی دەستوری هەرێمی کوردستانە و تێکگیرانی نییە لەگەڵ هیچ دەقێکی دەستوریدا.

<u>سەربەخۆیی دادگاکان</u>

- دوای دەرچوونی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) کە دەسەڵاتەکانی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) تیا جیاکراوەتەوە و لەسەر هەمان بنەما دەسەڵاتی دادوەری لە ساڵی(٢٠٠٧) لە هەرێم دوای دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ساڵی ٢٠٠٧) جیابووە و لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

- دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە بە گوێرەی یاسای ئاماژەپێکراو دەسەڵاتی دادوەری دەستی بە کارەکانی کرد هاوشێوەی دەسەڵاتی (جێبەجێکردن و یاسادانان) بەردەوامە لەکارەکانی بە بێلایەنی. سەبارەت بە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە کە ژمارەیان (چوار) سەرۆکایەتییە و سەر بە ئەنجومەنی دادوەرین لەرووی کارگێری و دارایی و سەربەخۆن لە دەرکردنی بڕیار بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

<u>هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددانەی کە جیاکاری بەرامبەر ئافرەت دەکەن</u>

- ماددەی ٣٧٧ لە یاسای سزادانی عێراقی هەڵپەسێردراوە. کار لەسەر هەڵپەساردنی ماددەی ٣٨٠ لە یاسای سزادانی عێراقی دەکرێت (هەردوو ماددەکە جیاکاری لە دژی ئافرەت لە خۆدەگرن). ماددەی ٣٩٨ (هاوسەرگیری لاقەکار لەگەڵ قوربانییەکەی) لە یاساکە هەروادا.

- دادگاکانی کەتن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢١، ٥٨٥ داوا و لە ساڵی ٢٠٢٢، ٣٧٤ داواکارییان لەسەر توندوتیژی وەرگرتووە. سەبارەت بە گشت دادگاکانیش، ٢٢٠٤ حاڵەتی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٢١ و ١٦٢٧ حاڵەت لە ساڵی ٢٠٢٢ تۆمارکراون، و لەو دوو ساڵەدا ١٠ حاڵەتی کوشتن تۆمارکراون.

## ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

خشتەی ٦٥ ئاماری داواکانی بەردەم دادگا و یەکلاکراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| دادگا | دەرەنجام | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| دادگای تێهەڵچوونەوە | بەردەم دادگا | ٦٧٩٦ |
| | یەکلاکراوە | ٥٧٣١ |
| تاوان | بەردەم دادگا | ٨٠١١ |
| | یەکلاکراوە | ٣٩٠٤ |
| کەتن | بەردەم دادگا | ٥٠٢٠٣ |
| | یەکلاکراوە | ٣١٧٣٤ |
| نەوجەوانان | بەردەم دادگا | ٢٧١٦ |
| | یەکلاکراوە | ٢٣١٣ |
| لێکۆڵینەوە | بەردەم دادگا | ١٧٠٦٥٩ |
| | یەکلاکراوە | ١٢٦٨٧٣ |
| باری شارستانی | بەردەم دادگا | ٦٤٥ |
| | یەکلاکراوە | ٦٣٥ |
| باری کەسی | بەردەم دادگا | ٤١٣٨٧ |
| | یەکلاکراوە | ٣٢٥٧٨ |
| کار | بەردەم دادگا | ٧٨٤ |
| | یەکلاکراوە | ٤٩٧ |
| بەرایی | بەردەم دادگا | ٣٤٩٥٢ |
| | یەکلاکراوە | ٢٣٧٨٧ |
| بازرگانی | بەردەم دادگا | ٤٢١ |
| | یەکلاکراوە | ٢٤٨ |
| گومرگ | بەردەم دادگا | ١٢٣ |
| | یەکلاکراوە | ١١٦ |
| کاروباری کەسایەتی | بەردەم دادگا | ٣٨٨ |
| | یەکلاکراوە | ٣١٦ |
| بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی (کەتن) | بەردەم دادگا | ١٧٢٩ |
| | یەکلاکراوە | ١٠٧١ |
| بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی (لێکۆڵینەوە) | بەردەم دادگا | ١٢٨٧٠ |
| | یەکلاکراوە | ٩٧٦٦ |

## مامەڵەی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێم لە ١ کانوونی دووەم ٢٠٢٣ تا ٣١ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣

خشتەی ٦٦ ئاماری مامەڵە ئەنجامدراوەکان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان

| جۆری مامەڵە | کۆی گشتی |
|---|---|
| مارە برین | ٥٣٠٨٧ |
| رێپێدان بە ژن هێنانی دووەم | ٨٣ |
| پەسەندکردنی مارە بڕینی دەرەکی | ٣٦١٣ |
| تەڵاق و لێک جیابوونەوە | ١٤٣١٢ |
| پێسپێرنامە | ١٨١٧ |
| بەلگەنامەی باوانە | ١١٩ |
| راسپاردنامە | ٨٨٦ |
| سەرکارنامە | ١٣٥٣ |
| بەڵگەنامەی لێک دەرچوون | ٤٢٠ |
| بەڵگەنامەی لە دایکبوون | ٦٩١٨ |
| وەفاتنامە | ١٠٤٨٤ |
| دابەشنامەی شەرعی | ١٢١٧٥ |
| دەرخستنی وازلێهێنراو | ١٤٠ |
| لە ئەستۆگرتن | ٩ |
| بەڵگەنامەی تر | ٣٢٩٣ |
| نۆرینی بە پەلە | ٣١١ |
| گلڈانەوە | ٢١٨ |
| لەجیاتی دانان (الانابە) | ٤٢٠ |
| دابەشنامەی یاسایی | ٨١٨ |
| سەرپەرشتی هەڵبژاردن | – |
| مامەڵەی تر | ١٤٩ |
| بڵاوکردنەوەی موسڵمانیەتی | ٧ |
| باڵگەنامەی بەخێوکردن | – |
| کەم کردنەوەی مارەیی | ١١ |
| مامەڵەی پەرتەوازە | ٤٢ |
| کۆی گشتی | ١١٠٦٨٥ |

## نەهێشتنی جیاکاری بەرامبەر بە کەمئەندامان

- لە یاسای ماف و ئیمیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١، بە گوێرەی پێویست باس لە فەراهەمکردنی چاودێری تەندروستی نەکراوە، لەوانەش دەستنیشانکردنی پێشوەختە بۆ منداڵ و نەوجەوان و پیر بە یەکسانی، جەختکردنەوە لە گرنگی جێندەر لە کاتی چارەسەرکردن، و پێدانی بیمەی تەندروستی و قەرەبووکردنەوەیان بە گوێرەی پێویست. سەبارەت بە یاسای ژمارەی ٢٢ ی (٢٠١١) و یاسای ژمارە ٨ ی(٢٠١٣) کە تایبەتە بە تەندروستی دەروونی، بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەکان پێویستە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکانی تەندروستی و کار کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە، بە هاوکاری ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت. بە دیاریکراوی دەبێت یاسای ژمارە ٢٢ ی (٢٠١١) لەگەڵ ڕێککەوتننامەی پاراستنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بگونجێندرێت. هاوکات یاسای ژمارە ٢٢ ی(٢٠٢٠) بۆ دڵنیایی تەندروستی بۆ تەواوی چینەکانی کۆمەڵگە، لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەرچووە، بەڵام هێشتا لە هەرێم یاسایەکی لەم جۆرە نییە، بۆیە پێشنیار دەکەین لە پەرلەمان بە یاسا ئەم یاسایەی عێراق ئینفاز بکرێت یان یاسایەکی جیا دەربچێت.

- هیچ جیاکارییەک بەرامبەر بە کەمئەندامان لە بەردەم یاسادا نییە، دەربارەی بەهێزکردنی بەشداری سیاسی و مەدەنی کەمئەندامان وەزارەتی کار ٤٠ خولی ڕاهێنان و ۆورکشۆپی لەمبارەیەوە ئەنجامداوە، بەڵام تا ئێستا ئەم مافانە بە تەواوەتی دەستەبەرنەکراون.

## ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ دادوەران

دەسەڵاتی دادوەری بەردەوامە لەو هەوڵەی بۆ هۆشیارکردن و پەرەپێدانی زیاتری ئاستی توانای دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی و فەرمانبەرانی دادوەری بە گشتی ئەویش بەرێگەی بەشداری کردن لە خولە جۆراوجۆرەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم و بەرێگەی رێکخراوە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان. تا ئێستا (١١٣) دادوەر سوودمەند بوون لە خولەکانی مەشق و ڕاهێنان. ئەو خولانەش لەلایەن رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کراونەتەوە. چوارچێوەو بابەتی خولەکانیش یاسایی و پەیوەندیدار بە کاروباری دادگاکان بووە. بە تایبەت بابەتی تیرۆر و سپیکردنەوەی پارەو شەفافیەت و مادەی هۆشبەر و مافەکانی مرۆڤ و روبەروبوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان و بازرگانی کردن بە مرۆڤ بووە.

دەربارەی دامەزراندنی دادوەران کە دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ ساڵی ٢٠٠٧) کە تیایدا ئاماژە بە چونیەتی دامەزراندنی دادوەران لە دادگاکان کراوە و چەند مەرجێك دانراوە کە پێویستە لەو کەسانە بەدی بێت کە بکرێنە(دادوەر)، لەلایەکی دیکەوە یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێم ژمارە (٧ ساڵی ٢٠٠٩) تێیدا چۆنیەتی دامەزراندنی دادوەر دیاریکراوە، دوای وەرگرتنی لە پەیمانگای دادوەری بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو بابەتانە دەخوێنێت کە پەیوەستن بە ئیش و کارەکانی دادوەر لە رووی ئەکادیمی و پراکتیکی دوای دەرچوونیان لە تاقیکردنەوەکان،

دواتر بەپێی پێویستی دادگاکان دادەمەزرێن. هەروەها لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم (٢٣٢) دادوەر کار دەکەن کە (٤٨) یان ئافرەتن.

## پرسی دەستپاکیی دادوەری

دوای دەرچوونی یاسای دەستەی دەسپاکی ژمارە ( ٢٣ی ساڵی٢٠١١)ی هەموارکراو دەسەڵاتی دادوەری هەلسا بە دامەزراندن (استحداث) کردنی دادگای لێکۆڵینەوەی دەستپاکی بەردەوام بووە لە بینینی ئەو داوایانەی کە تۆمار کراون و دوای تەواوکردنی لێکۆڵینەوە بریاری لێدراوە بە رەوانە کردنی کەیسەکان بۆ دادگای کەتن و تاوان و ئەوەی بەلگەی تێدا کەم بووە داخراوە و بریاریش دەرچووە بە ئیدانە کردن و حوکم کردن و سزادانی ئەو کەسانەی کەوا تۆمەتەکەیان بەسەردا ساغ بۆتەوە. بەڵام کەیسەکان بەپێی جۆری گەندەڵی پۆلێن ناکرێن.

## ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەری

لە ئەنجامی ئەو زنجیرە وۆرکشۆپ و مێزگەردانەی ئەنجامدران نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکاری تایبەتی هەبووە و لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کران لەوانە ئەنجومەنی دادوەری بۆ ئەوەی بکەونە بواری جێبەجێکردن بەپێی راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک بەشێک لەو سەقفە زەمەنییە کە پلانەکە پێی پابەندە.

## تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی خێزانی

- جەخت لەوە بکرێتەوە کە زانیاری کۆکراوە لەسەر دۆسییەکانی لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی، لەڕێی میکانیزمێکی گونجاوەوە لە نێوان دادوەران و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت، هاوکات ئەفسەران ڕێگەیان پێبدرێت بەڵگەنامەی گونجاو و هەر زانیارییەکی تری بەردەست پێشکەش بە دادوەر بکەن.
- هەنگاوەکان خێراتر بکرێن بۆ ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری لە سەنتەری هەر پاریزگایەک دادگای لێکۆڵینەوە و کەتن دابمەزرێنێت تایبەت بە تاوانەکانی توندوتیژی خیزانی بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری هەرێم ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی سێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١ ئاماژە پێکراو.
- پێویستە ڕاهێنانی تایبەت لە بواری توندوتیژی خێزانی ئەنجام بدرێت بۆ ئەو دادوەرانەی کە مامەڵە دەکەن لەگەڵ کەیسەکانی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی، لەوانەش ئەو تاوانانەی بەناوی شەرەفەوە ئەنجام دەدرێن.
- ئەنجومەنی دادوەری پێویستە دادوەری پێویست دیاری بکات کە ئێستا لە دادگاکانی تاوانەکاندا کار دەکەن، بۆ دادگاییکردنی کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی کە ئاستی تاوانکارییان هەیە، بەو پێیەی لە دادگاکانی توندوتیژی خێزانی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا دادوەرە دیاریکراوەکان کە سەرۆکایەتی ئەو کەیسانە دەکەن پلەی تاوانکارییان وەرنەگرتووە.

تایبەت بە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نەشیاو

- دڵنیابوونەوە لەوەی ماوەی ڕاگرتنی پێش دادگاییکردن لە چوارچێوەی یاسا دەبێت و درێژکردنەوەی تەنیا بە گوێرەی ماددەی ١٠٩ لە یاسای بنەمای دادگەری سزایی دەبێت.
- لە کاتی بوونی بانگەشەی ئەشکەنجە لە دژی لایەنێکی لێکۆڵینەوە پێویستە سکاڵاکار و دۆسیەی سکاڵای ئەشکەنجەدانەکە دەستبەجێ بگوازێتەوە بۆ ژێردەستی دادوەری لێکۆڵینەوە یاخود لێکۆڵەری دادوەری تا ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوەی تێدا بکات بە سەرپەرشتی داواکاری گشتی تایبەتمەند تا مەترسی لەسەر ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دووربخرێتەوە، ولە کاتی بوونی سکاڵا نابێت پارێزبەندی هەبێت بۆ هیچ کارمەندێک کە پارێزبەندی هەیە بە حوکمی پیشەکەی.
- دڵنیابوونەوە لەوەی هەر وتەیەک لەژێر ئەشکەنجە وەرگیرابێت ڕاستەوخۆ لەلایەن دادگاوە ڕەتبکرێتەوە، و داواکاری گشتی ئەرکی سەلماندنی ئەوە لە ئەستۆ بگرێت کە وتەی تۆمەتبار بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە وەرگیراوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ڕۆڵی پزیشکی دادی لە یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکانی ئەشکەنجەدان.
- دابینکردنی خولی تایبەتی ڕاهێنان بۆ ئەفسەران و ڕێپێدراوانی لێکۆڵینەوە و چاودێرانی چاکسازییەکان، کە تێیدا لەپاڵ لایەنی تر دادوەرانی ئەنجوومەنی دادوەری و داواکاری گشتی وانەی فێرکاری چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکان و سزادراوان پێشکەش بکەن.

تایبەت بە پاراستنی مافی ئازادی ڕادەربڕین و دەستگەیشتن بە زانیاری

دادگاکان کار بە یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ بکەن. دەکرێت ئەنجوومەنی دادوەری گشتاندنێک یان ڕێنماییەک بداتە دادگاکان کە جەخت لە کارکردن بە یاسای ڕۆژنامەوانی بکاتەوە لە مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی ڕۆژنامەنووسان کە لە چوارچێوەی ئەرکی ڕۆژنامەگەریدا بێت.

- سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سیستەمی دادوەری فیدڕاڵی سەبارەت بە هەبوونی دادگایەکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان بۆ مەبەستی ڕێگریکردن لەوەی کە هەر دادگایەک بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان بکات.
- خێراکردنی پرۆسەی سەرەتایی بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو دۆسیانەی تایبەتن بە کاری ڕۆژنامەگەری و بە ڕەچاوکردنی ڕێنمایی ژمارە ٤ بۆ ساڵی ١٩٨٧ و پاشکۆی یاسای (المرافعات المدنية) ژمارە ٨٣ی ساڵی ١٩٦٩ کە جەخت لە یەکلاکردنەوەی کەیسەکان لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دەکەن.

تایبەت بە بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان و سەنتەرەکانی ڕاگیرکردن

- چارەسەرکردنی کەمی دادگاکان کە بویتە هۆی مانەوەی گیراوان بۆ ماوەیەکی زۆر  یان دواخستنی دادگایی کردنیان بۆ کاتێکی نادیار.
- ئازادکردنی سەرجەم ئەو منداڵانەی تۆمەتێکی فەرمییان نەدراوەتەپاڵ بە ئەنجامدانی تاوانێك، و جێبەجێکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دادوەری نەوجەوانان و زامنکردنی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا بەو شێوەیەی کە لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵدا هاتووە.

- بەرفراوانکردنی چوارچێوەی ئازادکردنی بە مەرج و بکرێتە نیوەی ماوەکە بۆ نەوجەوانان بە گشتی و دوو لەسەر سێی ماوەکە بۆ گەوران لە پەیوەندیدا بە تاوانە مەترسیدارەکانەوە.

<u>تایبەت بە بەخشین و چاندنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ</u>

یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان لە لایەن دادگاکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دەزگاکانی ئاسایش سەبارەت بەم کەیسانەی کە ساختەکاری و لاری نەبوونیان لەسەر هەیە.

<u>تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ</u>

- پێویستە دادوەری تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ دیاری بکرێت.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ لیژنەی مەرکەزی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، جەخت لەو کەیسانە بکرێتەوە کە بازرگانی سێکسین و ئەو کەسانە دادگایی بکرێن کە ئەنجامی دەدەن.
- دانانی ڕێبەری تایبەت بە جۆری تاوانەکان وپێوەرەکانی سزادان، چونکە هەندێ جار یاسای سزادانی عێراقی و یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی (البغاء) ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٨ عێراق کە لە هەرێمیش بەرکارە جێبەجێ دەکرێت. بۆیە پێویستە لە دادگاکان جیاوازی بکرێت لە نێوان کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و لەش فرۆشی وسواڵکردن و بەخشینی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ، چونکە لە زۆر ڕووەوە جیاوازن تەنانەت لە جۆری سزاکانیشیان.
- چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە ئافرەتان و کچان و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی خێرا و بێلایەنانە و سزادانی ئەو کەسانەی کە ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوە.
- سزادانی خولی ڕاهێنانی بونیادنانی توانا بۆ دادوەران، لێکۆڵەرانی داد بە مەبەستی دەستنیشان کردن و ناسینەوەی کەیسی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، هەروەها چۆنیەتی دەستنیشانکردنی تاوان لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدا.

<u>تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵیەکان</u>

- گرتنەبەری سزای قورس دەرهەق بە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە و پێویستە حوکمەکان بەپێی جۆری ماددەکان بێت، بۆ نموونە کریستال کە مەترسیدارترین ماددەیە لە پلەی (٦) دایە و سزای بەکارهێنانی تەنیا (٥) ساڵە کەچی هیرۆیین و کۆکایین سزاکەیان (١٦) ساڵە.
- پێویستە دادوەری تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان هەبێت، وە زوو نەگۆڕێن هەروەها خولی زیاتریان بۆ بکرێتەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بە کەیسەکان و دۆخی دەروونی تاوانباران.
- پێویستە سزای بازرگانی کردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆکان توندتر بکرێت.
- پێویستە ژمارەی لێکۆڵەران لە کەیسەکانی مادده هۆشبەرەکان زیاد بکرێن، بۆ ئەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنیان تێپەڕ نەکات لە ماوەی دیاریکراو لە یاسای بنەماکانی دادبینی سزایی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو.

- گرتنەبەری ڕێککاری دەستبەجێ و پێویست بۆ برەودان بە توانای بەڕێوەبردنی پزیشکی دادی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا.
- دادوەر و لێکۆڵەرانی هەرێمی کوردستان پێویستیان بە مەشق هەیە بۆ بونیادنانی تواناکانیان بەتایبەتی لە بابەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئالوودەبووان کە دەبێ وەک نەخۆش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت نەک تاوانبار.

تایبەت بە مافەکانی کەمئەندامان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

زامنکردنی دەستڕاگەیشتنی سەرجەم کەمئەندامانی دەروونی، کۆمەڵایەتی یان عەقڵییەکان و ئەوانەی کەمئەندامن لە ڕووی بینایی و بیستنەوە، بۆ ئەوەی پەنا بۆ دادگا ببەن بە لابردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێیان و دەستەبەرکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئاسان، بۆ زامنکردنی مافیان لە بەشداری راستەقینە لە سەرجەم ڕێککارە دادوەرییەکان بە یەکسانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.